خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی کتێبی
سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا.

**کۆمەڵە ووتار**

# خنکانی مەعریفە لە نێو شەهوەتدا

**چاپی یەکەم**

**٢٠٠٦**

*ناوی کتێب : خنکانی مەعریفە لە نێو شەهوەتدا
* سەرپەرشتیاری بەرهەم : فاتیح محەممەد سەنگاوی
* دیزاین : هیوا ڕەفعت محەممەد
* تیراژ : ١٠٠٠
*نۆبەرەی چاپ :یەکەم ـ ٢٠٠٦
* ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
* مافی چاپ پارێزراوە
* نرخی : ٢٠٠٠

# پێڕست

پێشەکی ...

فاتیح سەنگاوی . لا(٤)

ڕەخنە لە ئیسلام لە نێوان بابەتیبوون

و بڕیاری پێشوەختدا... هاوژین عومەر لا(٩)

سێکسەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و چەند سەرنجێك

دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی ... لا (٣٧، ٥٠، ٦١)

ئیشکالیەتەکانی خوێندنەوەی دەق و مێژوو لە...

هێمن خورشید لا(٧٢)

خنکانی مەعریفە لە نێو شەهوەتدا

توانا مەندی لا(١٠١)

موتعەی حەج: بەڵگەی نەخوێندەواری و ...

قانع خورشید لا(١١٧)

نەخوێندەوارێك تەفسیری قورئان دەکات

بورهان محمد ئەمین لا(١٤٤)

مشتێك لە خەرواری نەخۆشی و...

سەردارکەریم لا(١٦١)

مەریوان هەڵەبجەیی بۆزبڵدانی...

سۆما عەبدوڵا لا(١٦٨)

توو خوا مەریوان هەڵەبجەیی مەکوژن!

هەژار حاتەم . لا(١٧٥)

(بسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)

لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُبِينٍ) (آل عمران:١٦٤)

له ڕاستیدا خودا منەتی ناوەته سەر باوەڕداران، کاتێك پێغەمبەرێکی بۆڕەوانەکردوون، ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوەو پاکژیان دەکاتەوەو فێری قورئانو داناییان دەکات، لەڕاستیدا پێشتر لەگومڕاییەکی ئاشکرادابوون.

★ ★ ★ ★

"موحەممەد ئەوەندە شانازییەی بەسە کەنەتەوەیەکی ژێردەستەی خوێناوی لەچنگی شەیتانی خوونەریتە خراپەکان ڕزگارکردو بەرچاوی ڕۆشن کردن تاوەکو ڕێی گەشەکردنو پێشکەوتن بگرنەبەر، لەڕاستیدا شەریعەتی موحەممەد باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو جیهاندا لەبەر ئەوەی لەگەڵ ژیریو داناییدا تەبایە."

تۆڵستۆی

مرۆڤ ئازادە، ئازادیەکانیشی تائەو سنورەیە کەئازادی کەسانیتر پێشێل نەکا، بەوپێیەی مرۆڤەکانی تریش خاوەنی مافو ئازادینو پێشێل کردنیان کارێکی یاساغە.

ڕادەربڕینو نوسینو مشتومڕی فیکریو ڕەحنەگرتنو توێژینەوەو هەڵسەنگاندنو . . هتد، مافێکی ترەو کەس بۆی نییە سانسۆری بخاتەسەرو ڕێی لێبگرێ، چونکە لەبەرامبەردا دەکرێ بەهەمان شێوەو شێواز وەڵامی بدرێتەوە، بەڵام کاتێك چوارچێوەی زانستیو بابەتی بوون دەبەزێنێو دەگاتە ئاستی شێواندنو ناوزڕاندنو سوکایەتی پێکردنو بریندارکردنی هەستو سۆزو بیروباوەڕی نەك هەزارەها بەڵکو ملیۆنەها مرۆڤ بێ پاساوێکی شەرعیو یاسایی،

لەئاوا ساتێكدا ئەوەی بەدی دێ ووروژاندنو بڵاوكردنەوەی ڕق و كینەو ئامانجی نـەگریس و نادروسـتە، بەمـەش پیشـەی نوسـینو ڕادەربـڕین بەرپرسـیارێتی لەدەست دەداتو دەكرێتە هۆكارێك بۆ ئاژاوەگێڕیو لێكترازانی كۆمەڵگا . . .

بەڕای ئێمەش ئـەوەی مـەریوان هەڵبجەییو هاوشێوەكانی كردویانـەو دەیكـەن دەڕژێتـە ئـەم خانەیـەوەو ناچـێتە چوارچـێوەیەكی زانسـتیو بابەتیـەوە، قسـەكردن لەسـەر ئـەم شـێوازەی نوسـین زۆر هـەڵ دەگـرێ، وادەزانم لەچاوپێكەوتنەكەی كاك هاوژین دا تائەندازەیەكی باش تیشك خراوەتەسەر ئەم لایەنە . . .

من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم ئەم جۆرە نوسینانە بەوشێوەیە گەورەبكرێو بخرێتـە ئاستی گشتیو جەماوەریـەوەو لەكـەناڵی ڕاگەیاندنـەوە ئامـاژەی پێبـدرێ، بـەڵام دیارە ئەو بـارودۆخو هەلومەرجـەی لەوكاتـەدا ڕەخسابوو زەمینـەی خـۆش كـرد بۆئەوەی كتێبـی (سێكسو شـەرعو ژن) بـەو ئەندازەیـە بڵاوببێتـەوەو بناسـرێ، ئەوەی ئـەم زەمینەیـەی ڕەخساند هاوكـات بونیبـوو لەگـەڵ ئـەو خۆپیشـاندانو وروژاندنە جەماوەریەی لەجیهانی ئیسلامیو دەرەوەیدا لەئارادابوو بـەهۆی ئـەو ڕەسمـە كاریكاتێریانـەی وەك سـوكایەتیەك بەئیسـلامو پێغەمبەرەكـەی(د.خ) لەڕۆژنامـەو گۆڤارەكـانی دانیمـاركو هەنـدێ لـەوڵاتانی تـری ئەورووپیـدا یـەك لەدوای یەك بڵاوكرایـەوە، بەمـەش كتێبەكـەی (مـەریوان) هـەلی زێڕینـی دەسـت كەوت!!

ئـەوەش ناشـاررێتەوە كەجـەماوەری ئیسـلام دۆسـتو بەشـێك لەوانـەی خۆیـان بەخەم خۆری پەیامی ئیسلامی دەزانن زۆرجار لایەنی سۆزو عاتیفە بەڕادەیەك زاڵە بەسەریاندا لەجیاتی ئەوەی چاكیكەن خراپی ئەكەن، باشتربوو ئـەم كتێبـە بـەكتێبێك وەڵام بدرێتـەوە نـەوەك ڕەواجـی پێبـدرێو زیـاد لەقـەبارەی خـۆی بخرێتـەڕوو ، لـەم میانەیـەدا چـەندین دەزگـاو ناوەنـدیش ڕۆڵیـان بینیـوە

لەبرەوپێدانو بلاَوكردنەوەی ئەم كتێبەدا، هەریەكەی بەمەبەستێك، تەواوی ئەم هۆكارانە ڕۆڵیان هەبوو لەگەورەكردنی كتێبەكەدا.

لەبەرامبەردا چەندین نوسەرو ڕۆشنبیری ئیسلامخواز هەبوون (لەوانەی گفتوگۆمان لەگەڵ كردن) ڕایان وابوو ئەو كتێبە لەوئاستەدا نىیە بۆی دابەزیو گفتوگۆی لەبارەوە بكەی بەوپێیەی ئاخنراوە بەجەهلو نەزانیو ڕقو كینەو شێواندنو جنێوو . . . هتد.

بەلاَم بەبۆچونی ئێمەو بەشێكی تری نوسەران ئەم كتێبە هەر چەندە بێ ئەرزش بێو هەرئامانجێ لەپشتیەوەبێت، ناكرێ بێ دەنگبین لێی و بەبێ وەلاَم بە جێ بهێڵرێ، بەتایبەت پاش ئەوەی تیشكی خرایە سەرو بەژمارەیەكی زۆر بلاَوكرایەوەو جارجارەش ئاماژە بەوە دراوە كە ئیسلامیەكان ناتوانن بەنوسین وەلاَمی بدەنەوە..

ئێمە لەلای خۆمانەوە بڕیارماندا تەوەرەو دۆسیەیەكی تایبەت سەبارەت بەو كتیبە لەیەكێك لە گۆڤارەكاندا دابگرین، بۆ ئەم مەبەستەش داوامان لە چەند نوسەرێك كرد، پاش وەلاَم دانەوەی داخوازیەكەمان و گەیشتنی بابەتەكان،بۆمان دەركەوت بابەتەكان زۆرترن لەوەی ئێمە مەبەستمان بو،لێرەوە بڕیارماندا ئەو وتاروبابەتانە لە دوتوێی ئەم كتێبەدا بلاَوبكەینەوە بۆئەوەی بەشێوەیەكی باشتر كەڵكی لێ ببینرێو بابەتی هیچ كام لەوبەڕێزانەش پشتگوێ نەخرێ...

خستنەڕوی تەواوی كەلێن و كەم و كورتیەكانی كتێبەكەی مەریوان زیاتری دەوێ لەوەی كە لێرەدا ئەنجامدراوە، بەوپێیەی ئەم بابەتانە هەر یەكەی لەگۆشەنیگایەكەوە ڕەخنەی لە كتێبەكە گرتوەو توێژینەوەیەك نیە سەرلەبەری كتێبەكە بخاتە بەر نەشتەری ڕەخنەوهەڵسەنگاندن،ئەوە كارێكە بەچەند بەرگێك ئەنجام دەدرێ نەك لەچەند وتارێكدا، بەلاَم وەكو زانایانی ئسوڵی فیقە

دەڵێن (مالا یدرك کله لا یترك جله ) ئەوەی بە هەمویدا ڕاناگەین ناکرێ زۆربەی وازلێبێنین.
ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە هەریەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە،سەرەڕای بونی خاڵی لێك چون لەنێوانیاندا.
لەدیدارەکەی کاك هاوژین دا خوێندنەوەیەکی خێرای ئەم جۆرە نوسینانەبەدی دەکرێ بێ ئەوەی تایبەت کرێ بەکتێبەکەی مەریوانەوە، چونکە کتێبەکەی مەریوان تەنها نمونەیەکی ئەو بوارەیەو پرۆژەیەك هەیە لەم ڕوەوە کە کاك هاوژین ئاماژەی پێداوە، لەبەر ئەم هۆکارەش کردمانە یەکەم بابەتی ئەم کتێبە، چونکە خوێنەر لەسەرەتاوە ئاشنا دەکا بە مەنهەجیەتی ئەم جۆرە نوسینانە.
بابەتەکەی د.عوسمان هەڵەبجەییش کەلە سێ وتاردا دابەزێنراوە بابەتی یەکەمی پێشتر لە هاوڵاتی دابەزیوەو بەپێی مۆڵەتی خۆی لێرەدا داگیراوەتەوەو بابەتی دووەم و سێهەمیش بەجیاوبەم شێوەیەی ئێستا گەیشت بەدەستمان ئێمەش نەمانویست دەستکاری تێدا بکەین، چونکە هەریەکەیان پێشەکی تایبەتی خۆی هەیە، لەم بابەتانەدا بەڕێز د.عوسمان زۆر بەجوانی تیشکی خستوەتە سەر هەڵە زەق و دیارەکانی نێو کتێبەکەی مەریوان و ئەو شێوازە دوور لەمەسئولیەتەی پێی نوسراوە.
پاش ئەم بابەتەش بابەتەکەی کاك هێمن خورشید داگیراوە کە قسەکردنە لەسەر ئیشکالیەتە جۆراو جۆرەکانی ئەو کتێبەو لەدوانزە ئیشکالدا خستویەتیە ڕوو، خوێندنەوەکەی کاك هێمن تاڕادەیەکی باش گشت گیرانە نوسراوەو بەخێراییەکی زۆرچڕلەوئیشکالیەتانەی لەو کتێبەدا هەیە دواوە...
دواتر کاك توانا مەندی لەڕویەکی تری پڕ بایەخەوە کە بواری کۆمەڵناسی یە تیشکی خستوەتە سەر ئەو کتێبەو ئاماژەی زۆر بە پێزی خستووەتە ڕوو...

کاك قانع خورشیدیش تەنهایەك بابەتی لەنێوئەوکتێبەدا هەڵبژاردوەوو بـەقوڵی بـۆی داچـووە کەئـەویش باسـی (موتعـەی حـەج)ە، ڕونکردنەوەوتوێژینەوەکـەی مامۆستا قانع لێرەدا مەنهەجیـەتی مـەریوانمان بۆدەردەخـات کەبـەچ شـێوەیەکی نەزانانە مامەڵەی لەگەڵ دەق و بابەتەکاندا کردووە.

بابەتەکانی هەریەکە لە مامۆستا بورهان و کاك سەردار کەریمیش هـەمان لایـەن ڕوون دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی مامۆستا بورهان تـەنها پەیوەسـتە بـە ئایەتـەکان و کاك سەرداریش چەند چمکێکی تری لەو ڕووەوە ئاماژە پێداوە...

خوشـکە سـۆما عەبـدوڵڵاو، کـاك هـەژار حاتـەمیش ( کـە هەفتـە نامـەی ئاوێنـە بابەتەکـەی بلاّونـەکردبوەوە) هەریەکـەیان لەڕوویـەکی جیـاترەوە تیشـکیان خستووەتە سەر هەمان کتێب، ناوەڕۆکی تەواوی بابەت و وتارەکـان بۆخوێنـەران بەجێ دەهێڵین. لێرەدا جێی خۆیەتی هەوڵو مانـدوبون و خـەم خـۆری تـەواوی ئەو برایانە بنرخێنم کـە تـا ئامـادەکردن و چاپ کردنـی ئـەم کتێبـە هاوکاریـان کردم و بەبێ ئەوان ( پاش کۆمەکی خوای گەورە ) ئەم بەرهەمە بەو خێراییە نەدەکەوتە بەردەستی هەموو لایەك بەتایبەت کاك شوان مەدحەت و کـاك بـارام صبحی و کاك هیوا ڕەفعەت و کاك سەردار ڕەشید و چەندین بـرای تـر کـە هـەر یەکە بەپێی توانای خۆی هاریکارم بوون... لەگەڵ ڕێـزو پێزانینمـان بـۆ تـەواوی ئەوبەرێزانەی هاوبەشیان کردو خاکیانەو بێ بەرامبەر بەدەم داخوازیەکانمانەوە هاتن...خوای گەورە نمونەیان زۆر کا.

هیوادارین بەم هەوڵەمان گفتوگۆیەکی زانستیانەو بابەتیانەمان ئەنجام دابێ...

فاتیح سەنگاوی

چەمچەماڵ

١٥ /٤/ ٢٠٠٦

# ڕەخنە لە ئیسلام لە نێوان
# بابەتیبوون و بڕیاری پێشوەختدا .

**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ**

**هــاوژین عومەردا**

+ ئـەو ژمـارە کتێبانـەی لـە مـاوەی رابـردوودا بـڵاو کرانـەوە، دەکرێـت بـە بزووتنەوەیەکی ڕێکخـراو ناویـان بـەرین؟ یـاخود شـتێکی هەڕەمـەکی و بـە پێـی ئارەزوو بووە؟ مەبەست و ئامانجی ئەو کەسانە چییە؟..

ـــ بــەناوی خــوای بەخشــندەی میهرەبــان. ئەگــەر ئــەو زنجــیرە کتێبــە بــە بزووتنەوەیەك ناو بەرین، ئەوا دەڵێم بەڵێ، ئـەو زنجیرە "نووسین"ـەی لەسـەر ئیسلام، خوای پەروەردگار، موحەممەد پێغەمبەرو بەشێکی زۆر لـە پێغەمبـەران (علـیهم الصـلاة والسـلام)، هـاوەڵان و کەسـایەتییە مێژوویـیەکانی مسـوڵمانان و مێژوویی ئیسلامیی بڵاو دەبنەوە، کارێکی ڕێکخراو و نەخشەبۆدارێژراوە، هەروا و لە خۆوە سەری هەڵنەداوە، بگرە کاری ئەمڕۆ و دوێنێیەکی نزیکیش نییـە. بـا لە بنەڕەتەوە باس لە دیاردەی لەسەرئیسلامنووسین بکەین. دیـاردەی نووسـین و لێکدانەوەی نازانستی و بێئینسافانە لەسەر پیرۆزییـەکان و مێـژووی مسـوڵمانان، مێژوویەکی تـا رادەیـەك دیاری هەیـە، ئێمـە ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ نووسـینی رۆژهەڵاتناسـەکان، ئــەوا دەبێـت بڵـێین کـە ئــەو دیاردەیــە، یــان زۆرێـك لــە نووسینەکانی ئەوان لەسەر مسوڵمانان و هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیان و

کار و بیرکردنەوە و مێژوویانەوە هەیە، دەچنە ئەو خانەیەوە، کاری زۆرێك لە رۆژهەڵاتناسەکان کارێکی رێکخراو بووە بۆ شێواندنی مێژوو کەلتووری ئیسلامیی و، دژایەتییکردنێکی سەرسەختی ئیسلام و مسوڵمانان بووە لە ژێر ناوی کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییانەدا، لای زۆرێك لە رۆژهەڵاتناسەکان کاری رۆژهەڵاتناسی خزمەتکردن بووە بە پرۆژەی خاچپەرستی و شێوە جەنگێکی تری خاچپەرستی بووە لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان، هەر چەندە ئێمە ناتوانیین ئەو حوکمە بەسەر هەموویاندا وەکو کەس بدەین، چونکە تیایاندا هەبووە حەقیقەتی ئیسلام کاری تێکردووە و نەیتوانیوە راستییەکان پەنهان بکات و لە ئەنجامدا مسوڵمانبوونی خۆشی راگەیاندووە، یوسف ئەلعەزمی کەسایەتیی دیاری عەرەبی و ئیسلامیی لە کتێبێکیدا بەناوی "تأريخنا بين تزوير الاعداء وغفلة الابناء"، ناوی ژمارەیەك لەو رۆژهەڵاتناسانە دەهێنێت کە مسوڵمان بوون و هەندێکیش لە نووسینەکانیان بە نموونە دەهێنێتەوە، لەوانە: رایەکی ئەلفۆنس ئیتین دینیە لە بارەی رۆژهەڵاتناسەکانەوە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: "شێواندنی ژیانی موحەممەد (د.خ) و هاوەڵانی لە لایەن هەندێك لە رۆژهەڵاتناسەکانەوە گەشتۆتە ئاستێك کە وێنەی حەقیقیی ئەوانی شاردۆتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان بانگەشەی شوێنکەوتنی شێوازەکانی رەخنەی بەریئانە و یاساکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی بێلایەن دەکەن". ئەلفۆنس ئیتین دینیە نووسەرێکی فەرەنسی بووە و کاری بریتی بووە لە توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان ئایینەکاندا کە بەو هۆیەوە حەقیقەتی ئیسلامی ناسیوە و مسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووە. بە هەرحاڵ، سەرەڕای ئەو نموونە تاکوتەرایانە، ئێمە ناتوانین بڵێین کاری رۆژهەڵاتناسەکان کارێکی بێلایەنانە و زانستییانە بووە، کە میللەتی کوردیش یەکێکە لە قوربانییەکانی، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بابەتی

"نووسینەوەی مێژوومان" تاووتوێ بکەین و قسەی لەسەر بکەین، ئەوا بە بێ لێکۆڵینەوە لە رۆژهەڵاتناسی ناتوانین ئەو کارە بکەین.

لە لایەکی تریشەوە، دەتوانین بڵێین کە بەڵێ ئەم جۆرە نووسینانە هەر لە بنەڕەتەوە کارێکی بەرنامە بۆداڕێژراو بوون.

+ چۆن؟

ــ چۆن؟ کاتێك خیلافەتی عوسمانی وەکو رەمزی مسوڵمانان نەما و لابرا، رۆژئاوا، جیهانی ئیسلامیی وەکو میراتیی لە نێو خۆیدا بەشبەش کرد و بە تەواوی داگیری کرد، هیچ کاتێکیش دەوڵەتی داگیرکەر تەنها بە شێوەی سەربازیی لە نێو موستەعمەرەکەیدا حزووری نەبووە، بەڵکو بە فیکر و بە سەربازیەوە لەوێ ئامادە بووە. تۆ تەماشاکە، هەرچی بیرۆکە ناڕەواکانی نێو جیهانی ئیسلامییە، بە تایبەت لە دوای رووخانی خیلافەتی عوسمانی و داگیرکرانی جیهانی ئیسلامییەوە سەریان هەڵداوە، داگیرکەرانی رۆژئاوایی خاچپەرست دەیانویست کارێك بکەن کە ئەگەر بەهانەی بوونی عەسکەرییشیان لە نێو وڵاتانی ئیسلامییدا نەما، ئەمان بە شێوەی تر لەوێ هەبن. هەربۆیە لە دوای پاشەکشەی سەربازییان، چەندین بیرۆکەی وەکو عەلمانییەت و "ئازادیی ئافرەت" و چی و چییان لە دوای خۆیان بە جێهێشت و بڵاو کردەوە کە تا ئێستاش مایەی سەرگەردانبوونی زۆرێك لە رۆڵەکانی مسوڵمانانن، هەروەها هاتن هەر چی تائیفە و کۆمەڵە مونحەریفەکان هەن لە مسوڵمانانیان زیندوو کردنەوە و چەندین بنکە و رێکخراویان بۆ کردنەوە و دەکەنەوە، رۆژێك گرنگی بە قادیانی و رۆژێك گرنگی بە یەزیدی دەدرێت و رۆژێکی تر هەرچی خەیاڵات و کەڵکەڵەی خراپ هەیە لە نێو مسوڵماناندا زیندووی دەکەنەوە، بۆ نموونە لای کوردەکان وای بڵاو دەکەنەوە کە ئێمەی کورد زەردەشتی بووین و بە زۆر کراوین بە مسوڵمان، یان لای میسرییەکان نەوەی فیرعەونەکان زیندوو

دەکەنــەوە و ئەمانــە، بــۆ زیــاتر دەرکــەوتنی ئــەم راســتییەش، وەرە ســەیری بـارودۆخی ئێسـتای عـیراق و کوردسـتان بکـە کـە داگیرکـەر تیایانـدا سـەروەرە، چەندین ڕێکخراوی تەبشیری بە سەرپەرشتی دەسـەڵاتی داگیرکـەر کـار دەکـەن و بە سەدان و هەزاران بابەت و کتێب و کاسێتی تایبەت بەو بوارە بڵاو دەکەنـەوە، لـە هـەموو شـارەکانی کوردسـتاندا بنکـەیان هەیـە، کـە جاروبـاریش گوێبیسـتی دەنگوباسـی بـە گـاوربوونی کەسێك یـان کۆمەڵـە کەسێکی کـورد دەبـین، کـە بـە داخــەوە دەســەڵاتی کــوردییش لــەم مەســەلەیەدا هاوکــاریی تــەواویان دەکــەن. هــەروەها چــەندین ڕێکخــراوی ئــەمریکی و بیــانی بــە نــاوی بڵاوکردنــەوەی کەلتووری دیموکراسی و هەڵبژاردن و ڕێزگرتن و پاراستنی مافـەکانی مـرۆڤ و.. کــار دەکــەن و ئــەفکار و بیروبۆچــوونی خۆیــان بــۆ ســەرلەنوێ دارِشــتنەوەی عەقڵیەتی تاکی عیراقی بەو شێوەیەی مەبەسـتیانە بـڵاو دەکەنـەوە. ئەمـە جگـە لەو کەناڵانەی رادیۆ و تەلەفزیۆن بە ناوەکانی "نەوا، سەوا و ئەلحورِرِە" کە کـار بۆ ئەوە دەکەن.

هەروەها داگیرکەری رۆژئاوایی دوای چوونەدەرەوەی سـەربازییانە لـە دەوڵـەتانی ئیسـلامییدا، جڵـەوی کـاری فەرمانرِواییشـیان دایـە دەسـتی ئـەو کەسـانەی لـە بنەرِەتدا بەچکەی مسوڵمانان بوون بـەڵام بـە فیکـری غـەربی پـەروەردە ببـوون، بەو هۆیەشی ئەو فەرمانرِەوایانە ئینتیمایان بۆ ئـایین و هاووڵاتیـانی وڵاتەکـەی خۆیان نەمابوو تەنها داردەست بوون، بزانە کاتێك گەلەکانیان داوای گێرِانـەوەی سـەروەریی خۆیانیـان کـرد، چـییان لێ بەسـەر هێنـان، بـۆ ئەمـەش نموونـەکانی جەزائیر و تورکیا و چەندین ناوچەی ترمان لەبەر دەستدایە.

گەر بەتایبەتیش بێینە سەر باسی ئـەو زنجیرە کتێبـەی بـە تایبـەت لـەم چـەند ساڵە کەمەی رابردوودا لە کوردستان بڵاو بوونەتەوە، ئەوا دەبێت بڵێین ئەمەش بــە بەرنامەیــە و ڕێکخــراوە و دەســەڵاتی کــوردی و حزبــە باڵادەســتەکانی لــە

پشتەوەیە، ئامانجیش لە وەها کارێك، راگەیاندنی شەڕێکی تـرە لەگـەڵ ئیسلام و مسوڵمانان، پاش ئەوەی لە زۆر رووی تـرەوە و بـە زۆر شـێوەی تـر لـەو پێنـاوەدا شکستی تەواوەتییان هێنا و سەرجەم کـار و کـردەوە و بیرکردنـەوەیان لـە لایـەن خەڵکییەوە کەوتە ژێر پرسیارەوە. من کە لێرەدا ئامانجی ئەو دیاردەیـە دەدەمـە پاڵ دەسەڵات و حزبە باڵادەستەکان و نـاڵێم ئامـانجی نووسـەرەکانیان، مەبەسـتم ئەوەیە کە ئەو کەسانە، یـان ئـەو "نووسـەر"انە خۆیـان هـیچ نـین تـا ئامانجیـان هەبێت، بەڵکو وەکو مەقاشێك وان و ئەو لایەنانەی باسمان کـردن، بـۆ مەبەسـتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

+ باشە بە رای تۆ، ئەو کەسانەی ئەو کتێبانەیان نووسیوە، تا چەند لە ئاسـتێکی وادان کە بتوانن ئەو بەرهەمانە بنووسن؟

ـ من ئێستا وتم ئەو "نووسەر"انە خۆیـان هـیچ نـین تـا ئامانجیـان هـەبێت، یـان بیرکردنەوەیان هەبێت، ئەوەی بیر بکاتەوە، ئەو کارە ناکات، چونکە نووسـین بـۆ خـۆی پـیرۆزە و بـۆ کـارێکی پـیرۆز بـەکار دێـت، یـان وەکـو هەنـدێك بیریـاری بـەناوبانگ لـە بـارەی پێناسـەی روونـاکبیر و نووسـەرەوە دەڵـێن: "نووسـەر ئـەو کەسەیە کە بە دوای راستیدا بگـەڕێت و راسـتی بڵێـت، یـان راسـتی بـە دەسـەڵات بڵێـت". ئـەو کەسـانە ئەگـەر روونـاکبیر و نووسـەری راسـتەقینە بوونایـە، وەهـا کارێکیان نەدەکرد کە لە جێی خۆیدا نەبێت، خزمەت بێت بە لایەنێکی گەندەڵ و نیوەمردوو، لایەنێك یان دەسەڵاتێك کە نە خوا و نەخەڵکیش پێـی رازی نـین، کـە ئـەو لایەنـە بیـەوێت بـاری لاری خـۆی بـەوان راسـت بکاتـەوە و بـەهۆی بـەکارهێنانی ئەوانـەوە، رووی خـەڵکی بـە لایـەکی تـردا وەرچـەرخێنێت، وەکـو ئەوەی لەم ماوەیەی رابردوودا خەڵکیان بە هەندێك کتێبەوە سەرقاڵ کرد.

نووسـەری راسـتەقینە، بـە تایبـەت لـە ئێسـتادا دەسـت بـۆ بابـەتی وا نابـات، تـۆ بڕوانە بەرهەم و نووسینی ئەو نووسەرانە، هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەكان، بـە زمانێـك لـە زمانـەكان لـە بـارەی پـەڕپووتی و گەنـدەڵیی ئیـداری و دارایـی حكومەت و ئەزموونی تەسكی حزبایەتییـەوەن، چونكە ئـەوە بابـەتی پێویسـتی ئەمڕۆ و قۆناغەكەیە، نەك ئەوەی ئەو برادەرە هەڵوێستبازانە دەمی لێ دەكوتن!

جا كەسێكیش كە نووسەر و رووناكبیری راسـتەقینە نـەبێت، هـەرگیز ناتوانێـت نووسینی جددی بنووسێت، نووسینی جددیش بەو مانایە نا كە لەسەر ئیسلام و پیرۆزییـەكانی مسـوڵمانان بنووسـێت و بتوانێـت هـەڵیان بووەشـێنێتەوە، ئـەوە كارێكە بە كەس نـەكراوە تـا بـەو هەڵوێسـتبازانە بكرێـت. ئـەو كەسانەی ناویـان لەسەر ئەو كتێبانە نووسراوە كە لەم ساڵانەی رابردوودا بڵاوكراونەتەوە، هەیانە فڕی بە زمانی عەرەبییەوە نییە، كەچی ناوی سەرچاوەی عەرەبیی و ئیسلامیی وا دەبات كە عەرەبیزانیش لە هەموویان ناگات و بۆ تەرجەمـەكردنیان پـەنا بـۆ سەرچاوەكانی وەكو (المنجد) و فەرهەنگـەكان دەبات، هەیانـە نـاوی سەرچـاوەی ئینگلیـزی دەبـات و فـڕی بەسـەر زمـانی ئینگلیزییـەوە نییـە، مـن ئاگـادارم كـە یەكێك لەوانـەی بڵاوكردنـەوەی ئـەو جۆرە كتێبانـە بۆتـە پیشـەی و لـە كۆتـایی كتێبەكانیدا ناوی دەیان سەرچاوەی دەگمەنی عەرەبی دەنووسێت، خـۆی یـان بـە یەكێك لە منداڵەكانیدا، دەقی ئەو فەرموودەیەی پێویستیەتی بـۆ نـاو كتێبەكـە، دەنێرێت بۆ لای مەلای مزگەوتی گەڕەكەكەیان تا بۆی بكات بـەكوردی و لەسـەر لاپەڕەیەك بۆی بنووسێت، ئەویش بـەناوی ئـەوەی مامۆسـتا لـە قوتابخانـە داوای لێكـردووە!! ئـا بـەو شـێوەیە ئـەو جـۆرە كەسـانە زانیـاری كۆدەكەنـەوە و لـە پاشانیشدا كـە قسـە دەكـەن، تەحـەددای هـەموو نووسـەرانی جیهـانی ئیسـلامیی دەكەن كە بتـوانن وەڵامیـان بدەنـەوە، بـەڵام كـە دێـی پێیـان دەڵێیـت ئـەوەی تـۆ

باسـت كـردووه وانييـە، وەكـو بـەفرى بـەر هـەتاو لـە بەردەمتـدا دەتوێنـەوە و هەرەس دەهێنن!

+ لـــەو كتێبانـــەى رابـــردوودا، تـــا چـــەند رەچـــاوى ئـــەخلاقى نووســـين و بەرپرسيارێتيى نووسين كراوە؟

ـ عەرەب دەڵێت: "فاقد الشيء لايعطي". ئەوانە كـە نووسـەر نـەبن و فرِيـان بـە سەر نووسينەوە نەبێت، ئيتر ئەخلاق و بەرپرسـيارێتيى نووسـينى چييان لـە لا هەبێت؟! هەموو كارێك بەشى خۆى ئەخلاقى تێدا هەيە و دەبێت تيايدا بێـت و رەچاو بكرێت، هەر كاتێكيش سنوورى ئەخلاقى هەر پيشـەيەك، جا چ نووسـين بێت يان سياسەت يان هەر بـوارێكى تـر بـەزێنرا، ئـەوا چاوەڕێى كارەسـات بكـە. بێگومـان لـە ئاكـامى بەزانـدنى هـەموو سـنوورەكانى ئـەخلاقى نووسـين و رۆژنامەنووسـيى، كـە ئێسـتا لێـرە خەريكـە دەبێتـە ديـاردە و مۆديـل، بزانـە "نووسەر" و "رووناكبيرى" چۆن دروست دەبـن و سـەر دەردەهێـنن؟! ئێسـتا لـە هـەموو كـات زيـاتر يـارى بـە پيشـەى نووسـين دەكرێـت. ئـاخر كاكـە گيـان، كـە دەوترێت نووسين ئەخلاقى تيادايـە، مەبەسـت ئەوەيـە كـە پيشـەى نووسـين بـۆ كارى نادروست بەكار نەهێنرێت و نووسەر قەڵەمەكەى نەفرۆشێت، تۆ سەيركە، كێبوون ئەوانەى لە شەڕى ناوخۆدا رۆڵى سـەرەكييان دەبينـى؟ خـەڵكى بـە هـۆى پەخشـانى ورووژێنـەرى شـاعير و پەخشاننووسـەكان و بابـەت و بەياننامـەى نووسەر و رۆژنامەنووسە قەڵەمفرۆشەكانەوە كە لـە راديـۆ و تەلەفزيۆنەكانـەوە بە دەنگێكى زوڵاڵەوە دەخوێنرانەوە، دەچوون دەبوون بە پێشمەرگە و خۆيان بە كوشت دەدا، يان حەماسەتيان بەرز دەبوويەوە و ململانەى توندیان لە ناو كۆڵان و گـەڕەك و تەنانـەت لـەنێو خێزانيشـدا دروسـت دەكـرد. ئێسـتاش كـە تاكێـك، دەستە گـەنجێك يـان شـار و شارۆچـكەيەك لـەتاو گوێپێنـەدان و كەمتەرخـەميى

حکومەت بە خۆیان و ناوچەکەیان خۆپیشاندان ساز دەکەن و داوای مافی خۆیان دەکەن و بەو هۆیەوە حکومەت شەخسییەتی دەڕووشێت، کێن ئەوانەی بە تەنگ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی دەسەڵات و شاردنەوەی راستییەکانن لە هاووڵاتیان؟ خۆ نووسەران و رۆژنامەنووسانی دەربار لە سەرۆکی حکومەت و سیاسییەکان زیاتر بە تەنگ خەفەکردنی راستییەکانەوەن. پێم ناڵێی ئەو وێنە ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافییانە هی کێ بوون کە بە هۆیانەوە دەیان گەنج و هاووڵاتی لە لایەن دەزگای ئاسایشەوە لە هەڵەبجە دەستگیر کران؟ ئەگەر رۆژنامەنووس و پەیامنێرانی دەربار ئەوەیان نەکردبێت؟! بگرە نووسەری دەرباری وا هەبووە، کە قەڵەمفرۆشتن و لادان لە ئەخلاقی نووسین لای ئەو گەشتووەتە ئاستێك کە لە بەرانبەر بەرگرییەکی کوێرانەی لە دەسەڵاتێکی گەندەڵ، بابەتی نووسیوە و هەر لە ناونیشانەکەیەوە تەحەددای خوای پەروەردگاری تێدا بووە و رۆڵی خوایەتی داوە بە حکومەت، داخۆ کام حکومەتیش؟!

کاکە گیان، ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی لە شەڕی ناوخۆدا رۆڵیان هەبووە و قەڵەمیان فرۆشتبوو، هەر ئەوانەن کە ئێستاش لە قۆڵێکی ترەوە شەڕ لە پێناوی دەسەڵات و پارە و بەرژەوەندیدا دەکەن، یان بەرپرسەکانیان ئەم رۆڵەی ئێستایان پێ سپاردوون کە بریتییە لە نووسین لەسەر پیرۆزییەکانی مسوڵمانان. رووناکبیری حزبی وا هەیە کە شەرم لە پیشەکەی ناکات و رۆژێك قسە لە هەموو رێبازە فەلسەفییەکان دەکات، رۆژێك لە راپەڕین و خوێنی شەهیدان، رۆژێك سەرکردەی سوپایەکی حزبییە لە شەڕی ناوخۆدا، شەوێکیش میوانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنە و قسە لەسەر سینەمای کوردی دەکات، دواترین کارێکیش کە دەیکات دەبێتە سووری بەر لەشکری حزبەکەی و بەپشتیوانی جەماوەرە حزبییەکەی جاڕی مەرگی بەرانبەرەکەی دەدات و دژی داوا رەواکانی خەڵکی خۆپیشاندان دەکات!

+ به تایبەت رۆڵی دەسەڵات لەم بوارەدا چییە؟ پشتگیرە یاخود بێلایەن؟

ـ هەر چەندە لە میانەی وەڵامی پرسیاری یەکەمدا وەڵامی ئەم پرسیارەش هەیە، بەڵام پێم خۆشە بە یەك دوو زانیاریی ترەوە ئەم پرسیارە جارێکی تر وەڵام بدەمەوە. دەسەڵات نەك لەم بوارەدا رۆڵی هەیە، بەڵکو خۆی خاوەنی پرۆژەکەیە و ئەو رۆڵ بە خەڵکانی دی دەبەخشێت. من بەرپرسی باڵای حزبیی وا دەناسم خۆی چاپخانەی دانابوو هەرچی کتێبە گەندوگووەکانە لای ئەو چاپ و بڵاو دەکرانەوە، بەرپرسی باڵای حزبی هەیە کە خۆی بە شەخسی تەدەخولی کردووە بۆ وەرگرتنی ژمارەی سپاردنی یەکێك لەو کتێبانەی هەستی هەموو مسوڵمانێك و نووسەرێکی راستەقینەشی بە ئیسلامیی و عەلمانییەوە بریندار کردووە. یەکێك لەو نووسەرانەی نووسینی زۆر نامافوڵ و نازانستی لەسەر کەسایەتیی پاکی پێغەمبەر (د.خ) بڵاوکردۆتەوە، کاتێك لە هەندەرانەوە بە میوانی هاتۆتەوە کوردستان، لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستان، لە یەکێك لە ئوتێلە بەناوبانگەکاندا میوانی بەرپرسێکی هەرە باڵای حزبێکی دەسەڵاتدار بووە، لە ماوەی ئەو چەند رۆژەی لەوێ مابوویەوە، وەکو بۆ یان گێڕاومەتەوە، نزیکەی حەوت هەزار دۆلار بڕی خەرجییەکەی بووە، خزم و کەسە نزیکەکانیشی چوون لەسەر حسابی ئەو لەو ئوتێلە مەسرەفیان کردووە! ئەمە ئەگەر دەسەڵات خۆی خاوەنی ئەو پرۆژانە نەبێت، ئەی کێ دەتوانێت ئەو کارانە بکات و پارەیەکی زۆریان بۆ خەرج بکات و چەندین ناوەندی بەناو رووناکبیرییان بۆ بکاتەوە؟ دەسەڵات بۆ ئەو رووناکبیرانەی سەر بە خۆین و ئامانجەکانی پێیان دێتە دی، باڵەخانەی وا گەورەی کردووەتەوە کە رەنگە لە داهاتوودا خەڵکی وا بزانن ئەوە باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیرانە یان باڵەخانەی وەزارەتە! من ئاگادارم سەنتەری وایان هەیە بە سەدان هەزار دۆلاریان بۆ داوە

به چاپخانەی ئەخیر مۆدێل و لە وڵاتانی ئەورووپییەوە بۆیان دەهێنن، کەچی سەنتەر و خانەی واش هەیە کە سەربەخۆیە و کاری جددی دەست داوەتێ، خاوەنەکەی چەند ژوورێکی ماڵەکەی خۆی بۆ تەرخان کردووە.
دەسەڵات یان حکومەت هەرگیز لەم مەسەلەیەدا نەیتوانیوە بێلایەن بێت، بەڵکو ئایدیۆلۆجیایەکی تەبەننی کردووە کە ئایدیۆلۆجیای حزبی دەسەڵاتدارە، ئەگەر نا، دەبوایە وەزارەتی رۆشنبیری لانیکەم لە پێدانی ژمارەی سپاردنی ئەو کتێبانەدا سەیری بکردایە کە کامەیان یاسای چاپەمەنییەکان پێشێل دەکات و لە ئادابی عاممە و ئەخلاقی نووسین لای داوە، ئەوا ژمارەی سپاردنی نەداتێ، با بەرپرسی باڵاش تەدەخولی تێدا بکات، ئەوەش نەك وەکو دانانی سانسۆر لەسەر نووسینەکان، نەخێر، بەڵکو لە پێناوی پاراستنی پرۆسەی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی و جددی. بەڵام بە داخەوە کە وانییە.

+ لە ئاستی جیهانییدا (لە وڵاتانی عەرەبی بێت یان ئەورووپی)، لە لایەن کۆمەڵێك نووسەر و بیرمەندەوە قسەکردنێك هەیە لەسەر ئیسلام، ئەمەی کوردستان کۆپی و لاساییکردنەوەی ئەو رەوتەیە یاخود جیاوازترە؟ ئەی جیاوازییەکان چین؟
ـ بەڵێ، لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامییدا قسەکردن لەسەر ئیسلام هەیە، حاڵەتەکە زۆر کۆنتریشە لەوێ لە چاو کوردستاندا، ئەوەی ئێرەش لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی ئەوانە، لە لایەك نووسینەکانی ئێرە هەمووی وەرگێراو و دزراوی ئەو نووسینانەی ئەوانن، لە لایەکی تریش گەر نووسەرێکی عەرەبی بە پاڵنەری لێکۆڵینەوە ئەو کارە بکات، ئەوا ئەوەی ئێرە بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و حزبی ئەوە دەکات، خۆزگە ئەوانەی ئێرە نیو هێندەی ئەو نووسەرە عەرەبی و عەجەمییانە شتیان پێ بایە و شتیان بخوێندایەتەوە و

کەسایەتییان هەبوایە، مـن بیسـتوومە کـە هـادی عەلـەوی لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو هەموو نووسینە ناڕەوا و ناشایستانەی هەیە، لە کاتێکدا بێپارە و سامان بـووە و بـە پـێ هاتوچـۆی کـردووە، ئامـادە نـەبووە پـارەی براکـەی وەربگرێـت، چـونکە براکەی دەسەڵاتدار و پیاوی دەسەڵات بووە، کە چی ئەوانەی ئێرە هـەر کـە پـارە و سامانیان دی، خۆیانی بە قوربان دەکەن!

+ لـە هـەر یـەك لـەو کتێبانـەدا نـاوی ژمارەیـەکی زۆر سەرچـاوەی جۆراوجـۆر نووســراوە، تاچــەند ئــەو نووســەرانە راســتگۆیانە مامەڵــەیان لەگــەڵ ئــەو سەرچاوانەدا کردووە؟ مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی چین؟

- زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانە، ئەگەر نەڵێم هەموویان، خاوەنی کتێبەکە هەر نەیبینیون، ئەمەش قسەیەك نییە لە خۆوە فڕێی بدەم، ئەمە بۆتـە مۆدیلێـك و زۆرێك لەو فس فس پاڵەوانانە ئەمە پیشەیانە. رسواییەکە بە تەنها لەوەدا نییە کە ئەو جۆرە کەسانە ناوی سەرچاوەکان دەهێنن بـە بـێ ئـەوەی نـەیان دیبـێتن، بـەڵکو ئـەو نموونانەشـی دەیهێننـەوە و بـۆ پـۆز لـە پـەراوێزی لاپەڕەکـەدا نـاوی سەرچاوەیەك دەهێنن و یەکێك لەو بەڵگانـەی دەدەنـە پـاڵ، بـە هـیچ شێوەیەك لـەو سەرچـاوانەدا ئـەو بەڵگەیـە نـە هـاتووە و نـە ئاماژەشـی پێکـراوە، دیسـان ئەمەش قسەیەك نییە کە من لە خۆمەوە بیکەم، بەڵکو زۆر بـە جـوانی لـە زیـاد لە چەند نووسیندا تاقی کراوەتەوە، بۆ نموونەش دەتوانن بچن سەیری یەکەمین بەرهەمی پرۆژەی (تیشك) بکەن بەناوی (بـە ئیسلامکردنی کـورد، ماسـتەرنامە یان هەڵەنامە؟) لەنووسینی برای بەڕێز کاك فازڵ قـەرەداغی، هـەروەها بڕواننـە کتێبەکەی تری نابراو لە ژێر ناوی (مێژووی دێرینی کوردستان، بەشێکی کەم لە هەڵەکانی کتێبی (ظهور الكرد في التأريخ). ئەمە وەکو دوو نموونـەی بەردەسـت،

ئەگینا دەیان نموونەی ترمان لە بەردەستدایە، کە من خۆشم چەندین حاڵەتی وام بەرچاو کەوتووە و لێرەدا جێگەی باسکردنی هەموویان نییە.
ئەوەی پیشەی ئەو کۆلکە نووسەرانەیە ئەوەیە کە سەرجەمی نووسینەکەیان (کە جاری وا هەیە لە سێسەد لاپەڕە تێدەپەڕێت!) لە یەك دوو کتێبەوە وەردەگرن و بە سەقەتی وەریان دەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بەناوی خۆیانەوە و لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوەی ورد و بە پێزدا بۆیان بڵاو دەکرێتەوە. لەو مەیدانەشدا کە ئێمە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین و بریتییە لە نووسین لەسەر پیرۆزییەکانی مسوڵمانان، بەتایبەت پشت بە نووسینی چەند نووسەرێکی فارسی و عەرەبی و بیانی دەبەسترێت، بۆ نموونە؛ کتێبەکانی: حسێن مەروە (بە تایبەت هەر دوو بەرگی "النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية")، خەلیل عەبدولکەریم (بە تایبەت کتێبی "مجتمع يثرب، العلاقة بين الرجل والمرأة في عهدين المحمدي والخليفي")، نەسر حامد ئەبوزەید، دکتۆر کامیل ئەلنەجاڕ، هادی ئەلعەلەوی، تەسلیمە نەسرین، نەوال سەعداوی، دکتۆر شاکر نابولسی و موحەممەد ئارکون، ئەمە لەگەڵ چەندینی تردا کە من لێرەدا ناوەکانیانم لە خەیاڵدا نییە.
ئەو کۆلکەنووسەرانەی لای خۆمان دێن و بەرهەم و نووسینەکانی ئەوان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە، ئیتر خۆتان ئەمە ناو دەنێن چی بینێن، ناوی دەنێن دزی ئەدەبی یان لادان لە ئەخلاقی نووسین یان خراپبەکارهێنانی سەرچاوە، خۆتان وەکیل بن، گرنگ ئەوەیە ئەمە پیشەی ئەو کەسانەیە. دیاردەی دزینی ناوەڕۆکی نووسینی خەڵکانی تریش دیاردەیەکی تازە نییە، هاوڕێیەکم کە دەرچووی یەکێك لە زانکۆ دیارەکانی وڵاتێکی رۆژئاوایە، رۆژێکیان پێکەوە گفتوگۆمان لە بارەی ئەو دیاردەیەوە دەکرد، وتی ئێستا لە رۆژئاوا باس لەوە دەکرێت کە شکسپیر

نووسـینی کەسـانی تـری دزیـوە. هاوڕێیـەکی تـرم وتـی لـەو کتێبـەی جـۆرج تەرابیشیدا کـە وەکـو وەڵامێـك بـۆ نووسـینەکانی موحەممـەد عابیـد ئـەلجابری نووسیویەتی، ئاشکرای کردووە کە جابریش پەنای بۆ دزینـی نووسـینی کەسـانی غەیری خۆی بردووە و ئەمەشی بە بەڵگەوە سەلماندووە. تا ئەو رادەیەی من بۆ خۆم چەند مانگێك بەر لە مردنی پاپا یوحەننا پۆڵسی پاپای پێشووی ڤاتیکان، لە کەناڵێکی راگەیاندنەوە گوێبیستی هەواڵێك بووم کە ناوەرۆکەکەی بریتیبـوو لەوەی کاتێك پاپای ناوبراو گوتاری بۆ ژمارەیـەك لـە ئافرەتـان داوە، لـە میانـەی ئـەو گوتارەیـدا دێڕێکـی وتـووە، کـە دواتـر یـەکێك لـە نووسـەرە رۆژئاواییـیەکان چووە لـە دادگـا شـکاتی کـردووە بـەوەی پاپـا ئـەو دێـڕەی لـە کتێبێکـی ئەمـەوە بردووە و ئاماژەی بە ناوی خاوەنەکەی نەکردووە!

سەبارەت بەو بەشەی تری پرسیارەکەت کـە دەڵێـیت: مەرجـەکانی لێکۆڵینـەوەی مێژوویی چین؟ من ناتوانم لێرەدا هەموویانت بە شێوەیەکی زانستیانە بۆ بەیان بکـەم، بـەڵام ئـەوەی بـە پێویسـتی دەزانم بیڵـێم ئەوەیـە کـە دەبێـت بێلایـەنی یەکـەمین خاسـیەتی نووسـینی مێـژوویی بێـت و بابـای مێـژوونووس نابێـت بـە لایەنگیری و بڕیاری پێشوەختەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات، کە بێگومان ئەمە یەکەمین خاڵێکی رەشە لەسەر ئەو کەسـانە تۆمـارکراوە کـە لـە کوردسـتان کتێـب و نووسـین لەسـەر مێـژووی ئیسـلامیی (بـە بـارە سـلبییەکەیدا) بـڵاو دەکەنەوە.

من هێندەی موتابەعەی ئەو نووسینانەو ئەو دیاردەیەم کردبێت، چەند خاڵێکم لەسەریان تۆمار کردووە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموویانـدا بـەدییان دەکـەم و بوونەتـە خاسـیەتەکانی ئـەو جـۆرە نووسـینانە و پێچـەوانەی مەرجـەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویین، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: ئەم نووسینانە بە بڕیارێکی فیکریی پێشوەختەوە دەنووسرێن و نووسراون و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و گەشتن بە راستییەکان و یەکلاییکردنەوەیان نانووسرێن، بڕیاری پێشوەخت بەرانبەر ئیسلام و خواو پێغەمبەر (د.خ) و مێژووی ئیسلامیی.
دووەم: خوێندنەوەی ماددییانە بۆ مێژوو، بە تایبەت بۆ مێژووی ئیسلامی، کە ئەمەش لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئیسلامییدا دەبێتە کارێکی نازانستی و نامافوڵ، چونکە مێژووی ئیسلامیی ئەو مێژووە نییە کە مارکس و کێ و کێ باسی دەکەن، یان ململانەی چینەکان نییە، بەڵکو ئەو مێژووە لایەنی غەیبی و نادیار چەندین رووداوی تیا خولقاندووە و کەسێك باوەڕی بە غەیب نەبێت، ناتوانێت خوێندنەوەی زانستیانە بۆ مێژووی ئیسلامیی بکات. من کە لێرەدا دەڵێم خوێندنەوەی ئەو نووسەرانە بۆ مێژوو، مەبەستم زیاتر لە نووسەرە غەیرە کوردەکانە، چونکە ئەوانەی لای خۆمان زۆر لەوە کەمتر و بێتواناترن کە بتوانن خاوەنی خوێندنەوەی خۆیان بن بۆ مێژوو، بەڵکو مەبەستم لە بیری فارس و عەرەب و بیانییەکانە کە هەندێکیان خۆیان بە مارکسی و هەندێکی تریشیان خۆیان بە "چەپی ئیسلامیی" ناو دەبەن.
سێیەم: ئەو کەسانە خوێندنەوەی مۆدێرنانە بۆ مێژوو دەکەن، واتە رووداوەکان نابەنەوە سیاقی خۆی و حوکمی ئێستاییانەیان بە سەردا دەدەن. ئەمەش وای لێکردوون رووداوەکانیان زۆر لە لا گەورە ببێت، یان کە باسی کۆڕ و کۆمەڵەکان یان بیری زانایەکی ئیسلامی لە بەرانبەر زانایەك و بیریارێکی تردا دەکەن، هێندەی ئاسمان و رێسمان نێوان و جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە. مێژوونووسی لێهاتوو پێچەوانەی ئەم کارانە دەکات، ئەو رووداوەکان بە شێوەی بابەتییانە دەخوێنێتەوە و کە باسی بیر و نووسینەکانی زانایەك دەکات، یان کە باس لە رەوتی فیکریی کۆمەڵێك دەکات لە مێژووی ئیسلامییدا، یان کە دێت و بابەتی

پەیوەندیی نێوان عەقڵ و نەقڵ دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینـەوە، نایـەت و بڵێت ئـەوە هێنـدەی ئاسمـان و ڕێسمان لـە نێـوان فیکـری موعتەزیلـە و فیکـری ئـیبن حەزمی زاهیریدا هەیە، ڕەوتی موعتەزیلە بەو پێیەی عەقڵ پێش نەقڵ دەخات و ئـیبن حـەزمیش پێـی وایـە کـە واجبـە دەقـەکانی قورئـانی پـیرۆز بـە شـێوە زاهیرەکەی وەر بگیرێن و لە تەئویلکردن بەدوور بگیرێن. لێکۆڵەری زانستی دێت و دەڵێـت: "دەبێـت ئـەو هەڵوێسـتەی موعتەزیلـە بـەپێی ئـەو هەلومـەرج و بارودۆخە لێی تێبگەین کە تیایدا ژیاون، ئەگەر شێوازی بەرگرییکردنیان بریتی بـووە لـە شـێوازی عـەقڵی، ئەمـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بەرانبـەرەکانی موعتەزیلە پابەند نەبوون بە نەقڵەوە و پێویست بووە کە لەسەر بنەمای عەقڵ گفتوگۆیـان لەگـەڵ بکرێـت.."، هـەروەها "لای موعتەزیلـە پێشخسـتنی عـەقڵ بەسـەر نەقڵـدا پێشخسـتنێکی تەشـریفاتی نییـە، بـەڵکو پێشخسـتنێکی تەرتیباتییـە.. چـونکە خـوای گـەورە موخاتەبـەی عـەقڵ دەکـات و بـە هـۆی عەقڵیشـەوەیە کـە قورئـان و هـەروەها سـوننەت و ئیجمـاعیش حوججـەتن. کەسێکیش کـە لـە دەرەوەی مزگەوتـەوە دەچێت بـۆ مزگـەوت، بێگومـان دەبێت بەهۆی ڕێگەوە بگاتە مزگەوتەکە، بە ڕۆشـتنیش بـە ڕێگەدا بـۆ مزگـەوت مانـای وانییـە کـە ڕێگەکـە بـە فـەزڵ و تەشـریفترە لـە مزگەوتەکـە، بـەڵکو ئەمـە تەرتیبکردنێکی مەنتیقییانەی کارەکانە". هەر ئەو لێکۆڵـەرە جدییـە لـە بـارەی بیری ئیبن حەزم و زاهیرییەکانیشەوە دەڵێت: "ئەو هەڵوێستەی ئـیبن حـەزم لـە کاتێکدا بووە کە دەعوەی فاتمی - کە هەندێکجار بە دەعوەی باتنی یان دەعـوەی ئیسماعیلی ناو دەبرێـت- لـە ئەوپـەڕی هێـز و بڵاوبوونەوەیـدا بـووە لـە وڵاتـانی مەغریبی عەرەبی و ئەفریقای باکووردا.. بێگومـان بـاتنییش یەکێکـە لـە فیرقـە دەرچووەکان لـە ئیسلام و ئەوانـەی بناغـەی ڕێبـازی باتنییـان دانـاوە نـەوەکانی مەجووس بوون و مەیلیان بۆ دینـی پێشـینەکانی خۆیـان هـەبووە و ئایەتـەکانی

قورئــان و فــەرموودەكانی پێغەمبــەر (د.خ)یــان لەســەر رەزامەنــدیی بنــەما ئەساسـییەكانی خۆیـان تـەئویل دەكـرد.. ئـیبن حـەزمیش ئەمـەوی بـووە و ئینتیمایەكی زۆری بـۆ دەوڵـەتی ئەمـەوی هـەبووە.. هەربۆیـە، ئـەم هەڵوێسـتەی زاهیرییەكان و ئیبن حەزم لە دژی ئـەو رەوتـە لادەرە كـە بنـەماكانی ئیسلامیان لەسـەر بناغـەی شـیرك لێكداوەتـەوە، جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە و لـە جێگـەی خۆیدا بووە، هەروەها نابێت وا لە هەڵوێستی حەقیقیی ئـیبن حـەزم بگـەین كـە بەهۆی دەستگرتنی بـە زاهـیری دەقەكانـەوە، ئـیتر عـەقڵی ئیلغا كردۆتـەوە، ئـەو وەكو بیریارێكی مسوڵمان هیچ كات ئینكاری عەقڵی نەكردووە..". كەواتە ئەگـەر لێكۆڵەر ئاوا لە رووداو و كۆمەڵ و رەوتە فیكرییەكان بكۆڵێتـەوە و توێژینـەوەی وردیان بۆ بكات، نەك هەر لێكۆڵینەوەیەكی زانستی و بـەپێز دەهێنێتـە دەرەوە، بەڵكو دەگاتە ئەو دەرئەنجامەشی كـە دەبێـت بـە تێڕوانینێكـی نزیككارانـەوە بـۆ رەوتە فیكرییـەكان بـڕوانین و رووداوەكـانیش لـە شـوێنی خۆیانـدا بخەینـە بـەر بــاس. یــەكێكیش لــەو كتێبــە نایابانــەی لــەو بــوارەدا بەرچــاوم كــەوتوون و خوێندوومەتــەوە، كتێبــی "القــرآن والنظــر العقلــي"ی فاتیمــە ئیســماعیل موحەممەد ئیسماعیلە، كە لە بنەڕەتـدا نامـەی ماسـتەرە و بـە كتێبێكـی قـەبارە ٣٥٢ لاپەڕەیی، "پەیمانگای جیهانیی بۆ فیكری ئیسلامیی" بڵاوی كردۆتەوە، ئەو قسـە و باسانەشـی لەسـەرەوە لەسـەر موعتەزیلـە و زاهیرییەكانـەوە وتوومـە، بیروڕای نێو ئەو كتێبەن.

چـوارەم: ئـەم نووسـینانە، بەڵگـەكانیش بـە ئەمانەتـەوە بـە كـار نـاهێنن و بـە شێوەیەك دەیانخەنە روو كـە چەواشـەی خوێنـەری پـێ بكـەن. بۆنموونـە كاتێـك بـاس لـە فەرمایشـتێك دەكـەن كـە هەنـدێك كـردەوەی ناشـرینی بـەر لـە هـاتنی ئیسلام لـە نیـوە دورگـەی عەرەبیـدا بـاس دەكـات و پاشـانیش دەڵێـت كـە كاتێـك ئیسـلام هـات، هـەموو ئـەو دیاردانـەی بنـەبڕ كـرد، كـاكی نووسـەر ئـەو بەشـەی

کۆتـایی فەرموودەکـە دەقرتێنێـت و ئـەوەی باسـە لـە مـەزنی و کاریگەرییـە ئیجابییـەکانی ئیسلام ، ئـەو زۆر بـە ویژدانبیمارانـەوە دەیقرتێنێـت، بـە دەیـان نموونـەش لـەم حاڵەتـە لـەو جـۆرە کتێبانـەدا هـەن، بـە تایبـەتیش لـە کتێبـە پەڕپووتەکـەی "سـێکس و شـەرع و ژن"دا. یـان ئەگـەر بێیـت و سـەرجەم ئـەو حاڵەتە سلبییانەی ئـەوان باسـی دەکـەن، کۆ بکەیتـەوە و سـەرژمێرییان بکـەیت، دیسانەوە پەڕپووتی نووسینەکانیانت بۆ دەردەکەوێت، با من یەك نموونـەی زۆر گرنگـت بـۆ بهێنمـەوە: نووسـەرێکی عـەرەبی بـە نـاوی موحەممـەد نـاهیزەوە بابەتێکی لەسەر کتێبەکەی خـەلیل عەبدولکەریم (مجتمع یثرب، العلاقة بين الرجل والمرأة في عهدين المحمدي والخليفي) نووسـیوە، یـەکێك لـەو رەخنـە جدییانـەی لەسـەر نـاوەرۆك و بەڵگـەکانی نێـو کتێبەکـە دەیگرێـت ئەوەیـە کـە سەرجەمی ئەو نموونانەی خەلیل هێناونیەتەوە، کەمتر لە پەنجا ڕووداوە لەسەر ئاستی هەر دە ساڵەکەی ئەزموونی دەسەڵاتی ئیسلامیی لە مەدینە لە سـەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، واتە کەمتر لە پێنج ڕووداو لە ساڵێکدا، لە کۆمەڵگەیەکدا کـە هەر خەلیل خۆی لەو کتێبەدا دەڵێت زیاتر لە سەدو چل هەزار کەس بووە، واتە ڕێژەی مومارەسە نادروستەکان کەمتربوون لە ٠.٠٠٥٪!! کەواتە چۆن دەتوانرێـت بەو ڕێژە زۆر کەمە حوکم بدەیت بەسـەر ٩٩.٩٩٥٪ی کۆمەڵگـەدا، ئـەم ئسلوبەش پێچەوانەی ساناترین بنەماکانی کۆمەڵناسی و زانستی ئامارە، ئەمە کە لەسەروو هەمووشیانەوە پێچەوانەی مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویـە. لـە کاتێکدا تـۆ گـەر ڕێـژەی ئـەو تاوانانـە وەر بگریـت کـە لـە کۆمەڵگەیـەکی ئـەمریکی یـان ڕۆژئاواییـدا نـەك سـاڵانە، بـەڵکو سـەعاتانە ڕوودەدەن، ئـەوا تـف لـە هـەر بێویژدانییەك دەکەیت کە بەرانبەر ئـەزموونی دەوڵـەت و دەسـەڵاتی ئیسلامیی دەکرێت.

+ میدیای کوردی (بە ئەهلی و ڕەسمییەوە) لەم بوارەدا ڕۆڵی گەورەکردن یاخود بچووککردنەوەی ئەو سەرچاوانەی بینیوە؟ کاریگەرییان چۆن بووە لەسەر جەماوەر؟

ـ جارێ ئەو کتێبانەی باسیان دەکەین سەرچاوە نین، بەڵکو تەنها پەیوەندیی نێوان ئەوان و سەرچاوەکان هەر کاغەز و مرەکەبە، کە هەردووکیانی پێ نووسراو و چاپکراون! پاشانیش لە کوردستان میدیای ئەهلی زۆر زۆر کەمە، ئەوەشی هەیە تەنها لەسەر ئاستی نووسراوە. جا ئەوەی بە ڕاستی ئەهلی بووە یان ئەو نووسەر و رووناکبیرانەی تاراددەیەك نەوعین و بابەتییانە دەنووسن، ڕۆڵی گەورەنەکردنی ئەو جۆرە نووسینانە و خاوەنەکانیان داوە. ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکان لە خزمەت ئەو جۆرە نووسینانەدا بوون، بگرە یەکێك لەو هۆکارانەی شانبەشانی ئەم هەڵمەتی نووسین و بڵاوکردنەوەیە خراوەتە گەڕ، پڕوپاگەندەیە، هەر ئەو پڕوپاگەندەیەیە کە دەزگا و دامەزراوە ڕەسمییەکان بۆ پێکانی ئەو مەبەستانەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن و نووسەری ئەو کتێبانەمان لێ دەکەنە فریادڕەس و "فریشتەی ئازادی"، هەر ئەوان ماشێنی پڕوپاگەندەیان بۆ پاڵەوانەکانی ئەو مەیدانی جەهلە خستۆتە کار و بە پارە و زەمینەسازیی ڕاگەیاندن، بگرە بە بە کارهێنان و ئیستیغلالکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بە زۆر بە بیرکردنەوەی خەڵکیدا دەیان نووسێنن و دەیان کەنە مەرجەعێکی باڵای نووسین و لێکۆڵینەوە، ئەم حاڵەتەش تەنها بەرۆکی مێژوو کەلتوور و کەلەپووری ئیسلامیی نەگرتووە، بەڵکو لە پێشدا بەرۆکی هەموو نووسینێکی جددی گرتووە. پڕوپاگەندە ڕەسمییەکان کارێکی وایان کردووە، هەندێك کەسیان هێندە گەورە و فوو تێکردووە، بچووککردنەوەیان، یان خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆیان دەبێتە مایەی دۆشدامانێکی گەورە، با من بۆ ئەمەش نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە کە پێشتریش لە یەکێك لە نووسینەکانمدا پشتم پێ

بەستووە: دکتۆر موحەممەد بن حامید ئەلئەحمەری لە نووسینێکیدا بەناوی"محمد اركون و معالم أفكاره" دەڵێت: یەکێك لە ژنە ڕۆژهەڵاتناسەکان، وەکو سکاڵایەك لە حاڵی ڕۆشنبیریی عەرەبی دەڵێت: "تا ئێستا ئەدۆنیس هیچی نەوتووە، بەڵام لۆبیی ئەدۆنیسی ئەو گرنگییەیان پێدا (واتە گەورەیان کرد)"! من بۆ ئەم قسەیەم نموونەی زۆرم لە کوردستاندا لە بەردەستدایە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك نموونەی دەرەوەی کوردستان دەهێنمەوە، دیارترینی ئەو هۆکارانەش ئەوەیە، ئەوەی من لێرەدا ناویم هێناوە، پاڵەوانەکانیی نەفامیی لە کوردستان خۆیان بە قوتابیی قوتابییەکەی دەزانن.
بێگومان ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە کاریگەریی خۆیان لەسەر جەماوەر بەجێ دەهێڵن، بەڵام کە کار هاتە سەر دەستبردن بۆ پیرۆزییەکانی مسوڵمانان و زۆرینەی زۆری دانیشتوان، ئەوا کارەکە پێچەوانە دەبێتەوە و تووڕەیی جەماوەری مسوڵمان ئەو ڕاگەیاندنانە شەرمەزار دەکات.

+ ئایا نەبوونی دەزگای باڵای زانستی و جددی و کەمیی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر، هۆکار نین بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە نووسینانە؟
ـ بێگومان هۆکارن، دەبێت ئەوەش بپرسین کە ئایا کێیە وا دەکات دەزگای باڵای زانستیمان نەبێت؟ یان ئەوەشی هەمان بووە کێ لە کاری خستووە؟ بێگومان ئەوەش هەر دەسەڵات و حزبە باڵادەستەکان کردوویانە، چونکە ئەوان کاریان بە کەسانی جاهیل دەڕوات و نانیان لە بازاڕی جەهلدایە، خۆ ئەو لایەنانە بە تەنها مەکتەب و ڕێکخراوە حزبییەکانی خۆیانیان بەو دەردە نەبردووە، بەڵکو تۆ بۆ زانکۆکان بڕوانە، هێندەی بوونەتە شوێنگەی حزبایەتییکردن و خەتخەتێن و دامەزراندنی ئەم مامۆستا و دەرکردنی ئەو مامۆستا لەسەر بنەمای تەسکی حزبی، نیو هێندە و بگرە زۆر کەمتریش نەبوونەتە جێگەی بە دەستهێنانی

زانست و زانیاریی، جاری وا هەیە سەرۆکی زانکۆیەک بە شێوەیەک رەفتار و مامەڵە لەگەڵ قوتابیانیدا دەکات، رەنگە کەم پۆلیس و ئاسایش هەبن بەو شێوەیە کاردانەوەیان هەبێت، تۆ زانکۆکەت کە بە بالاترین دامەزراوەی ئەکادیمی دادەنرێت، بەو شێوەیەی لێ بەسەر بێت، ئیتر دەبێت ئاییندەی کاری ئەکادیمی و زانست و زانیاریی بە کوێ بگات؟! دەبێت چ دڵێکت پێی خۆش بێت کە قوتابیی ماستەر بتوانێت مامۆستاکان و سەرپەرشتیارەکەی خۆی هەڵخەڵەتێنێت و بە نامەیەکی ساختە پلەی نایاب وەر بگرێت و دوای ئاشکرابوونیشی، زانکۆ بڕوانامەکەی لێ نەسەنێتەوە؟! کە دامەزراوەی زانستی و ئەکادیمی ئاوا سووک و رسوا کرا، ئیتر هەموو کەس دەبێتە مامۆستا و موشریفی خۆی و بە ئارەزووی خۆی نووسین بلاو دەکاتەوە و گوتار دەدات و کەسێکیش نییە لێی بپرسێتەوە، ئەوانەشی بە حەقیقەت خولیای خوێندن و دەستخستنی زانست و مەعریفەیان هەیە، تووشی شۆک و رەشبینی دەبن و نازانن بۆ خوێندن و دەستخستنی زانست روو لە کوێ بکەن. هەروەها تۆ بۆ یەکێتیی نووسەران بڕوانە، پاش ئەوەی شەڕی ناوخۆ و حزبایەتی دوو کەرتی کرد، هیچ یەکێکیش لە کەرتەکان بۆ خۆیان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە شوێندەستی خۆیان دیاری بکەن و لە ئاست بەرپرسیارێتیی خۆیاندا بن. لەم ماوەیەی رابردوودا هاوڕێیەکم وتی بۆ کارێک چەندین رۆژ رووم کردە بینایەی یەکێتیی نووسەران، دەبینم کەس دەوامی لێناکات و دەرگاکەی قوفڵێکی گەورەی پێوەیە!! ئەوە تۆ باسی کۆڕی زانیاریی کورد هەر مەکە، کە کەسێکی وەکو فەرهاد شاکەلی ناوی لێناوە "گۆڕی زانیاریی کورد"!!

+ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نووسینانە (کە لەسەر هێما و کەسایەتییە مسوڵمانەکان و مێژووی ئیسلام دەنووسرێن) شتێکی نوێیە یان بە درێژایی

**مێژووی ئیسلام هەر هەبووە؟ ئەگەر هەبوون، هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی چۆن بووە لە ئاستیاندا؟**

ـ لە سەرەتای وەڵامەکانمدا کورتە باسێکی کاتی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە نووسین و دیاردەیەم کرد، وابزانم پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵام گەر تۆ مەبەستت لە مێژوویەکی کۆنترە و دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی قەوارەی ئیسلامیی و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی، ئەوا ناتوانین بڵێین کە بەم شێوەیەی ئێستا نووسین لەسەر هێما ئیسلامییەکان هەبووە، بۆ نموونە کە نووسینێك یان کتێبێك لەسەر کەسایەتییەکانی وەکو خەلیفەکانی راشدین و ئەوانەی دواتریش نووسرا بێت، یان لەسەر زانایانی ئیسلامیی کۆن، بەڵام دەتوانین بڵێین کە لە میانەی بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانانندا، خەلیفەکان رەخنەیان لێ گیراوە، ئەویش زیاتر لە لایەن مسوڵمانان خۆیانەوە بووە و بە مەبەستی راستکردنەوەی هەڵەیەك یان بڕیارێکی هەڵە بووە. بە تایبەت ئەگەر سەیری کاردانەوە و هەڵوێستی خەلیفەکانی راشدین بکەین، نموونەی زۆر سەرسوڕهێنەر و پرشنگدار دەبینین، یەکەمین رێنماییەك کە ئەو خەلیفانە لە گوتاری دەستبەکاربوونیاندا بە مسوڵمانانیان راگەیاندووە، بریتی بووە لەوەی ئەگەر هەڵەیەکیان کرد راستیان بکەنەوە و ئاگاداریان بکەنەوە، زۆربەشمان ئەو گوتە بەناوبانگەی خەلیفە ئەبوبەکرمان لە بیردایە کە فەرموویەتی: "رحم الله لمن أهدى اليّ عيوبي". پێم وایە نموونە لەم بارەیەوە زۆر زۆرن و هەموو کەسێکیش بەشێکی زۆریانی بیستووە، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم زۆر لەسەری بڕۆم.

**+ ئەی باشە سنوورەکانی ئازادیی رادەربڕین لە یاسای ئیسلامییدا کامانەن؟**

ـ له ئیسلامدا بابەتی ئازادیی رادەربڕین بە تەنها نەهاتووە، بەڵكو لە كتێبە ئیسلامییەكاندا، بە تایبەت ئەوانەیان كە لەسەر سیستمی سیاسی و فەرمانڕەوایی ئیسلامیی نووسراون، لە میانەی باسێكدا هاتووە كە پێی دەڵێن "ئازادییە گشتییەكان". لەو باسەدا، هاوشانی ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی بیروبارەڕ، موڵكداری و نیشتەجێبوون و چی و چی تر هاتوون. ئیسلام بەر لەوەی مافی بە مرۆڤ دابێت كە رای خۆی دەربڕێت، مافی هەڵبژاردنی بیروباوەڕی داوەتێ، (وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ..) (الكهف: ٢٩)، كە بەڕای من ئەم جۆرەی ئازادی، بناغە و بنەڕەتی هەموو ئازادییەكانی ترە، بە تایبەتیش ئازادیی رادەربڕین، چونكە گەر مرۆڤ خاوەنی بیروباوەڕ نەبێت، ئەی بە هۆی چییەوە خاوەنی را دەبێت؟ پاشانیش كە تۆ مافی بیر و عەقیدەی جیاوازت دایە، بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی مافی ئەوەشت داوەتێ رای خۆی لە بارەیەوە دەر ببڕێت.

دواتر ئیسلام ئەو سنوورەی بۆ ئازادیی رادەربڕینی داناوە، پێم وابێت زۆر كەمترە لەوەی ئەمڕۆ غەیرە ئیسلامییەكان و غەیرە مسوڵمانەكان دایان ناوە.

شێخ راشد غەننوشی لە كتێبی "الحريات العامة في الدولة الاسلامية"دا رایەكی ئەبولئەعلای مەودودی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەو بارەوە دەهێنێت، ئەبولئەعلای مەودودی بە یەكێك لە فوقەهاكانی قانونی دەستووریی ئیسلامیی دادەنرێت، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: "لە دەوڵەتی ئیسلامییدا نا مسوڵمانەكان وەكو مسوڵمانەكان، ئازادیی گوتاردان و رادەربڕین و بیركردنەوە و كۆبوونەوەیان هەیە، هەروەها ئەو كۆت و ئیلتیزاماتانەشیان لەسەرە كە لەسەر مسوڵمانان هەن.. هتد". سنووری ئیسلام بۆ ئازادیی رادەربڕین ئەوەیە كە هەستی گشتیی مسوڵمانان بریندار نەكرێت و بێڕێزیی بەرانبەر پیرۆزییەكانیان نەكرێت. ئەم سنوورەش یەكسەرە نییە، واتە تەنها بۆ نامسوڵمانان بێت، بەڵكو

لەسـەر مسـوڵمانانیش پێویسـتە کـە هەسـتی بەرانبـەریان را بگـرن و بێرێزیـی بەرانبەر پیرۆزییەکانیان نەکەن، (وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ) (الأنعام: ١٠٨).

هەروەها لە دەوڵەتی ئیسلامییدا رێگە دەدرێت کە نامسوڵمانەکانیش رەخنـە لـە حکومەت و کاروباری دەوڵەت و فەرمانڕەواکان بگرن. جا کـە مـن لـەم وەڵامـەدا بـەراوردی نێـوان مسـوڵمان و نامسـوڵمانم هێنـاوە، مەبەسـت ئەوەیـە کـە ئەگـەر نامسوڵمان ئازادی تـەواوی لـە ژێـر سایەی دەسـەڵاتی ئیسلامیی یـان لای کەسـی مسوڵمان هەبێت، ئەوا ئەولاترە کە مسوڵمانێك دەتوانێت خوێندنەوەی جیاوازی بـۆ رووداو و بابەتـەکان هـەبێت، بـەو مەرجـەی لـە سـنووری دەقـە نـەگۆڕەکان دەرنەچێت.

+ ئایا لە دەستووری وڵاتانی رۆژئـاوادا، چوارچـێوەیەك بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین و نووسین هەیە؟

ـ بێگومان هەیە، یاسا و دەستوورەکانی زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا بەشی خۆیان بە زیـادەوە چوارچـێوەیان بـۆ رێکخسـتنی کـاری نووسـین و رۆژنامەنووسـی و رادەربڕین تێدایـە، بگـرە نووسـەران و روونـاکبیرانی زۆرێـك لـەو دەوڵەتانـە زۆر زیاتر لەوانـەی لای خۆمـان بـەو یاسایانەوە پابەنـدن و لێـی دەرناچـن، هـەروەها حکومەتیش بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە ئـەو یاسایانە بەسـەر ئـەو نووسـەرانەدا دەسەپێنێت کە لێی دەردەچن، من باسی ئەوە ناکەم کە تا چـەندێك لـەو یاسـا و بەندانەی دەستووری وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوادا دووفاقییەت و ئیزدیواجییـەت سەبارەت بە پیرۆییەکانی هەموو میللەتان و زۆر بە تایبەتیش بەرانبەر ئیسلام نوێنراوە، چونکە ئەوەش بۆ خۆی جێگەی مشـتومڕە و ئێمـە لێـرەدا زۆر بـواری

باسکردنیمان نییە، کە بە تایبەتیش لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکان لەسەر کەسایەتیی موحەممەد پێغەمبەر (د.خ) لە بەشێك لە ڕۆژنامە ئەوروپییەکاندا ئەو ئیزیواجییەتە دەردەکەوێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو چوارچێوانە بۆ کاری نووسین و ڕادەربڕین هەن و کەسیش لەوێ نەیوتووە کە یاساکانیان ڕەجعین! ئەو نووسەرە بێسەروبەرانەی لای خۆمان هەم یاسا بە گشتی و هەم یاسای چاپەمەنی بە تایبەت بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕینەوە پێشێل دەکەن و هەم کاتێکیش دادگا فەرمانی لێپرسینەوە و دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکات، ئەوان لە یاسا هەڵدێن، بۆ شاردنەوەی ئەم ڕسواییەشیان، پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو بەوەی "فەتوای کوشتنیان بۆ دەرکردوون"!!

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەتان، من لێرەدا هەوڵ دەدەم لەو بارەیەوە یەك دوو نموونەتان بدەمێ کە لە نووسینەکاندا بەردەستم کەوتوون:

یاسای فەرەنسی هەر نووسین و لێدوانێکی ئاشکرای قەدەغە کردووە کە بە هۆی هەندێك هۆکاری عیرقی یان ئاینییەوە دەبێتە مایەی دروستبوونی ڕق و کینە، هەروەها هەر ئەو یاسایە بە درۆخستنەوەی ڕووداوی "هۆلۆکۆست"ی قەدەغە کردووە. هەمووشمان ڕووداوی تۆمەتبارکردنەکەی ڕۆجێ گاروودیمان لە لایەن دادگای فەرەنساوە سەبارەت بە "هۆلۆکۆست" لە بیرە.

هەروەها یاسای کەنەدی هەموو گوتار و فیکرێکی ڕق و قینئامێزانەی دژ بە کۆمەڵە ئاینیی و عیرقییەکان قەدەغە کردووە، هەروەها ئەو ئەفکار و وتە و وێنانەشی قەدەغە کردووە کە لە ڕووی جنسییەوە بە بەدئەخلاقی دادەنرێن.

تا ئەمڕۆش لە یاسای پۆڵەندادا بێڕێزییکردن بەرانبەر کەنیسەی کاتۆلیکی و سەرۆکی دەوڵەت بە تاوان دەژمێردرێت و ئەنجامدەرەکەی سزا دەدرێت.

هەروەها لە دەوڵەتەکانی تریشدا هەم بەندی دەستووری و یاسایی لەوبارەیەوە هەن و هەم حاڵەتی تۆمارکراوی سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو سەرپێچییانەش هەن، کە باسکردنی هەموویان لە دووتوێی کتێبدا نەبێت جێگایان نابێتەوە.

+ کاردانەوەی جەماوەری مسوڵمان لە لایەك و رۆشنبیرانی مسوڵمان لە لایەکی دیکەوە دەبێت چۆن بێت؟

ـ من ئەو رایەم تا رادەیەکی باش قەبووڵە کە دەڵێت "دەبێ کتێب بە کتێب دادگایی بکرێت نەك بە شتی تر". لە لایەکی تریشەوە پێموایە ناکرێت بڵێین کە جەماوەر نابێت هەڵوێستی ئاشکرای هەبێت و دەبێت بە تەنها رۆشنبیرانی مسوڵمان ئەو کارە بکەن، هەر کەسە و بە ئەندازەی خۆی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام قسە لەوەیە کە رۆڵی ئەو لایەنانە چۆن بێت، من لەگەڵ ئەوە نیم کە دەیان هەزار مسوڵمان لە دژی تەنها نەفەرێك یان زیاتر بچنە سەر جادە، بەڵکو دەبێت ئەوان بە ئاراستەی ناڕەزاییدەربڕین بەرانبەر دیاردەکە بەگشتی و فشارخستنە سەر حکومەت و پەرلەمان بۆ بەرگرتن لەو کارە نایاسایی و نادەستوورییانە رێپێوان بکەن، کاردانەوە بەرانبەر تاکەکەس، ئەو کەسە بە ناهەق گەورە دەکات، گەر کەسێکی زۆر گەندەڵ و بێمستەواش بێت، نموونەی زۆریشمان لەسەر بە ناهەق گەورەکردنی ئەو کەسانە هەیە. هەروەها سەرجەمی مسوڵمانان رێگەی تریان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی لە دژی ئەو نووسینانە خزمەتی پێ بکەن، بۆ نموونە؛ ئەوان، بە تایبەت پارەدار و دەوڵەمەندەکانیان، دەتوانن لە رێگەی بەخشینی سەرمایە و کۆمەکی دارایی بەو پرۆژانەی بە شێوەی زانستی و دروستتر لە دژی ئەو نووسینانە کار دەکەن، خزمەتی گەورە بکەن و بەرپرسیارێتیی ئاینیی خۆشیان بە جێبهێنن.

پێموایە کاری سەرەکی کە دەبێت بکرێت، کە هەم بەرپرسیارێتیی سەر شانی ڕۆشنبیرانی مسوڵمانیشە، ئەوەیە بە شێوەی نووسین و زانستی وەڵامی ئەو نووسینانە بدرێتەوە، ئەمە پڕ بە پێستی حاڵەتەکەیە، چونکە زۆر بە ئاسانی هەموو ئەو نووسینە نازانستی و هەڵەشانە هەڵدەوەشێنێتەوە، بگرە دروستبوونی کار و کاردانەوەی لەو جۆرە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بەر لەو دیاردە و شاڵاوەش بگرێت کە خەڵکانی نەزان و نەفام دەستیان پێکردووە، چونکە ژمارەیەکی کەمی نووسەری جددی و زانستی دەتوانن دەیان لەو کۆلکە نووسەرانە دەمکوت بکەن و وایان لێ بکەن لەو کارانە بچنەوە، ئەم حاڵەتەش تاقی کراوەتەوە و بەرهەمیشی هەبووە، بۆ نموونە؛ من ئاگادارم کە مامۆستای زانکۆ هەیە پەنای بۆ یەکێك لەو نووسەرە جددییانە بردووە تا لە ڕایی خودا لەسەری نەنووسێت بۆ ئەوەی سومعەی پێی نەشکێت! هەروەها فس فس پاڵەوانی وا دەزانم کە تا دوێنێ خەریکی بڵاوکردنەوەی کتێبی زل بوو، ئەمڕۆ لە رووی نایەت جگە لە وتاری ڕۆژنامە هیچی تر بنووسێت، چونکە چەند نووسەرێکی جددی، کە لە بازنەی ڕۆشنبیرانی مسوڵمانیشدا نەبوون و نین، لێی ڕاست بوونەوە و بە نووسین پەڕ و باڵی خۆی و نووسینەکانیشیان برد بە ئاسماندا!!

هەر ئەو تێڕوانینەش بوو کە بووە هۆی لە دایکبوونی پرۆژەیەك بە ناوی پرۆژەی (تیشك)، کە لەسەر دەستی کۆمەڵێك ڕۆشنبیری مسوڵمان، کە بەندەش یەکێکە لەوان، دروستبوو، من پێموایە ئەو ڕێبازی وەڵامدانەوە و قسەلەسەرکردنەی ئەو پرۆژەیە تەبەنی کردووە و پەیڕەوی دەکات، باشترین هۆکارێکە بۆ پووکانەوەی ئەو دیاردەیە و نووسینی نازانستی و ناڕەوا لەسەر ئیسلام و پیرۆزییەکان. ڕێبازی پرۆژەکەش بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە لێدان لەو کتێب و نووسینانە لە میانەی ئەو سەرچاوە و بەڵگانەی کە خۆیان بە

ساخته ناویان بردوون و دەستنیشانکردنی هەڵە زەقەکانیان، پاشانیش ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و تەنزیری ئیسلامییانە بۆ ئەو بابەت و باسانەی لە نێو ئەو کتێبانەدا تەرح کراون. سوپاس بۆ خوای پەروەردگار، هەر لە ئێستاشەوە ئەو ڕێبازەی پرۆژەی (تیشك) گرتوویەتیە بەر، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبی، بەرهەم و شوێندەستی دیار بووە.

+ چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا ئەو کتێبانە زۆرتر بن یاخود کەم بنەوە؟
ـ ئەوە دەکەوێتە سەر جۆری ئەو کار و کاردانەوانەی ڕۆشنبیرانی مسوڵمان دەیان بێت، من لە وەڵامی پرسیاری پێشوومدا وتم ئەو ڕێبازەی کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی نووسینی نازانستی بە نووسینی زانستی، سەرکەوتووترین ڕێگەیەکە بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوی جەهلەی ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان دەستی پێکردووە، ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بڕوات، بێگومان ئەگەر بنەبڕی نەکات، ئەوا زۆر کەمی دەکاتەوە. جاران کە هێشتا ڕۆشنبیرانی مسوڵمان نەکەوتبوونە سەر ئەو خەیاڵەی بەو ڕێگە زانستییە وەڵامی ئەو نووسینانە بدەنەوە، یان لەسەر ئاستی تاك ئەو کار و خەیاڵاتە هەبوو شێوەی دەستەجەمعی وەر نەگرتبوو، جار لە دوای جار نووسەری ئەو کتێبانە لە خۆیان بایی دەبوون و تا دەهات زمانی تەحەدداکردنیان بەرانبەر ڕۆشنبیرانی مسوڵمان تیژتر دەبوو. من هیوام زۆرەی بەوەی هەوڵی ڕۆشنبیرانی مسوڵمان وا بکات بە تەواوەتی ئەو کتێبانە کەم بکاتەوە، چونکە ئێستا خەریکە ئەو مۆدیلی وەڵامی نووسین بە نووسینە بە تەواوەتی لە نێو عاممەی مسوڵماناندا پەرە بسەنێت و ببێتە جێگەی بیرکردنەوەی هەموویان، ئەویش نەك بەو مانایەی هەموویان دەست بدەنە قەڵەم و بنووسن، نەخێر، بەڵکو هەموویان دەستبار بۆ یەك بگرن و هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی، جا چ توانای دارایی بێت یان نووسین یان

هـەر شـتێکی تـر، کـار بـۆ سەرخسـتنی ئـەو پرۆژانــە بکـەن. بـەڵێنی خـوای پەروەردگاریشە کە فەرموویەتی: (.. فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ) (الرعد: ١٧).

# سێکسەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و چەند سەرنجێك

(١ـ٣)

دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی

وەك ئاشــــكرایە ئـــادەمیزاد بەعـــەقڵ و هـــۆش لەهـــەموو بونـــەوەرەكان جیادەكرێتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچون و ناسینی كێشەكان و ڕێگەچارەیان دەگەیەنێت.

جیاوازی ئایدۆلۆژیاش دەتوانرێت وەك كارێكی پۆزەتیڤ(ایجابی) سوودی لێـوەربگیرێ، بەشـێوەیەك هـەموو ئایدۆلۆژیـەكان بەچـاك و خراپیانـەوە تەواوكەری یەكدی دەبن، چونكە وەك فەیلەسوفێك ئاماژەی بۆدەكات: گەر خراپ نەبێت چاك ناناسرێت، بەواتایەكی كە: دژبە دژ دەناسرێت، بۆنمونە گەر تاریكی و ناشرینی نەبن، لەڕووناكی و جوانی ناگەین.

لەمڕووەوە دەبێت سەیری ئازادی بیروڕا دەربڕین بكرێت، وەك مافێكی ڕەواو یاسایی، كەسیش دەسەڵاتی قەدەغەكردنی نەبێت.

بـەڵام ئـەبێ ئـەوەشمان لـەیاد بێـت كەئازادی وبـەرەڵڵایی دووجەمســەری سالب و موجەبی دژبەیـەكن، لـەهیچ خاڵێكدا یـەك ناگرنـەوەو وەك ئاسمان و ڕێسمان لەیەكەوە دوورن.

هەروەكوچـۆن ئـازادی ئـەوە ناگەیـەنێت شـۆفێرەكان بـەئارەزووی خۆیـان هاتووچۆبكەن، بەبێئـەوەنی پەیوەسـتی هـیچ یاسـاو دەسـتورێكی تایبـەت بوە هاتوچۆوەبن، دەسەڵاتداران بەئارەزووی خۆیان حوكمڕانی بكەن و تەنها مـن(Ego) یـاخود منـی بـاڵا(Super Ego) بكەنـە خوایـەك، خـەڵكی پەرستشـی بۆبكەن.

هەر بەمشێوەیەش نووسەران و ڕۆشنبیران نابێت لەیاساو ڕێسای تایبەت بەم بوارەوە لادەن و چۆنیان بوێت وابنوسن و بڵاویبکەنەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کەزیانی هەڵەی پزیشکێك کەبەئارەزووی خۆی بەبێ پەیوەستبوون بەئەخلاقیاتی پزیشکیەوە، کاربکات و ببێتە هۆی لەدەستدانی گیانی کەسێك، زۆر کەمترە لەزیانی هەڵەیی نووسەرێك چەند ئایدۆلۆژیایەکی نەخۆش و بۆگەن و ئایدزێکی فیکری بڵاوبکاتەوە لەکۆمەڵدا.

ماوەیەك لەمەوپێش مەریوان هەڵەبجەیی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بەناو( سێکس و شەرع و ژن لەمێژووی لەئیسلام دا)بڵاوکردەوە، منیش هەربەم تێڕوانینە ئیجابیەیە بۆئازادی بیروڕا دەربڕین، بەسنگێکی فراوانەوە وەك عەودالێکی ڕاستی سەیری ئەم بەرهەمەی جەنابی کاك مەریوانم کرد.

بەڵام سەد ئەفسوس و هەزار مەخابن، هەرلەبەرگ و پێشەکی بەرهەمەکەیدا نووسەر خۆی دەردەخات، کەهیچ پەیوەست نیيە بەیاسای بیروڕا دەربڕینەوە. ئەم سێکسەی مەریوان باسی لێوە دەکات، بریتیيە لەگاڵتەو سووکایەتی کردن بەهەموو شتێکی پیرۆزەوەو بەس، هیچ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی تازەی تێدا نیيە، ستەمە ناوی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی لێبنرێت.

گاڵتە بەملیارەها باوەڕداری مسوڵمان و گاورو جو دەکات، گاڵتە بەملیۆنەها کوردی مسوڵمان دەکات، لەڕێگەی سوکایەتی بەخواو پەیامبەران و قورئان و بیروباوەڕی کوردی موسڵمانەوە، گاڵتە بەبیروڕای شاعیران و ئەدیبان و زانایان و شۆڕشگێڕان و سەرکردەکانی کوردەوە دەکات.

گاڵتە بەمەولەوی و نالی و مەحوی و بێخودو بێسارانی و حاجی قادرو مەلای جەزیری و فەقێ قادری هەمەوەندو باباتاهیرو وەفایی و جەفایی و مەولانا خالیدو کاك ئەحمەدی شێخ و پیرەمێردو سەیدی هەورامی دەکات.

سوكايەتی بەشێخ سەعیدی پیران و عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ محمودی حەفیدو قازی محمدو شێخ عدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی و هەموو ئەوسەرکردەو بەرپرسانەی کەخۆیان بەموسڵمان دەزانن، دەکات.

مام جەلال بەڕاشکاوی دەڵێت "من بەموسڵمانم و زیارەتی کەعبەی پیرۆزو گڵکۆی پەیامبەری ئازیز دەکەم." کاك مەسعودیش دەڵێت "کەس موزایەدە بەسەر ئیسلامەوە نەکات، ئێمەلەهەمووکەس مسوڵمانترین."

بەڵام مەریوان گاڵتە بەخوای هەموان و گشت پەیام بەران و ئاینەکان و پەرتوکە ئاسمانی یەکان دەکات و دەیەوێت مێژووی کوردی هەزاروچوارسەد ساڵەی موسڵمانەتی بۆگەن بکات، ئەم هەموو ناودارانەو هەزارەهای دیکەی وەك ئەمانە وەلاوەدەنێت سوکایەتی بەوەدەستورە نوێیەی عێراقیش دەکات، کەئیسلامی بەئاینی فەرمی داناوەو لەوەدەچێت مەریوانیش دەنگی بۆدابێت.

بەڕواڵەت نوسینی ئم کتێبە لەئافرەت و ئازادی (سین)ە لاقەکراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بۆبەرگری لەوان لەدایك دەبێت.

بەڵام لەڕاستیدا دیاردەی سوکایەتی جگە لەخواو پەیامبەران و ئایینەکان ئافرەتیش دەگرێتەوە.

کاتێك باس لەپەیوەندی سێکسی دەکات ، زاراوەی "پیاو سواری دەبیٚ و سواربونو تێکوتن و گاندان بەکاردێنێت و بەکارێکی دەسەڵاتی یەك لایەنەی پیاو باسیدەکات.

گەرمەبەستی سوکایەتی بەئافرەت نەبێت، لەبری ئەم زاراوە ناشرینانە ئەیتوانی چەن زاراوەیەك بەکاربێنێت کەدەلالەت لەبەشداری نێرومیٚ بکات لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە سوکایەتی ئافرەتیان تێدا نەبێت و زمانی کوردیش ئەوەندە هەژار نی‌یە لەم بوارەدا.

سوكايەتی بەملیۆنان ئافرەتی مسوڵمانی كوردی سەرپۆش بەسەر دەكات‌و بەتورەكە بەسەر ناویان دێنێت، وە لەل٣٢دایە.

بەرلەوەی هەڵەو درۆكانی جەنابی نوسەرو هاوەڵانی بخەمەڕوو بەپێویستی دەزانم كە ئامارژە بۆڕاستی‌یەكی ڕوون‌و ئاشكرا بكەم.

یاسایەكی فیزیكی دەڵێت"هەموو كارێك كاردانەوەیەكی یەكسانهێزو ڕووجیای هەیە."، لەیاسایەكی‌كەدا هاتووە "بۆهەموو فشارێك تەقینەوەیەك هەیە."، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم" ئەم كتێبەی مەریوان‌و هاوەڵانی یاریدەدەری فشارێك لەسەر ملیۆنەها گەنجی مسوڵمان دروست دەكات‌و، فاكتەرێكی زۆر كاریگەرە بۆخولڨاندنی كێشە گەلێك، كەئەگەر چارەی یاسایی‌یان نەبێت ئەوا ناچاری پەنابردنە ڕێگە نایاسایی‌یەكان دەبن‌و، بەقەدەرهەڵەو فشاری درۆ زەقەكانی مەریوان تووشی هەڵەو توندڕەوی دەبن.

جالێرەوە پێش ئەوەی لۆمەی چەند نەخۆشێكی ئایدۆلۆژی وەك ئەم نوسەرە بكرێت، لۆمەی دام‌ودەزگا ڕۆشنبیری‌یەكان‌و دەسەڵات داران دەكرێت، بەبڵاوكردنەوەی هەرنەخۆشی‌یەكی فیكری، لەبەرئەمە پێویستی سەرشانی سەرۆكی حكومەتی هەرێم‌و سەرۆك كۆماری عێراق‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیری ڕۆشنبیری‌و وەزیری ئەوقافە كەلێپرسینەوەیەكی جیددی لەمەریوان‌و یاریدەدەران‌و ئەو چاپخانەو لایەنانەی كەیارمەتی بڵاوكردنەوەیان داوە بكەن، چونكە وەك باسمانكرد، جیاوازی‌یەكی گەورە هەیە لەنێوان ڕەخنەو سوكایەتی، ئازادی بیروڕاو گاڵتەكردندا. ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی كەشەوە لەبەرئەوەی – وەك بڕوام وایە – كە هەروەكوچۆن هێزوبازوو بەئایدۆلۆژیا بەرەنگاری ناكرێت، هەربەم شێوەیەش ئایدۆلۆژیا بەهێزو بازو تیرۆرو تۆقاندن چارە ناكرێت‌و چارەی

**قەڵەمی لار تەنها قەڵەمیڕاستە( هەرچەندە ئەم کتێبە ئایدۆلۆژیو لۆجیکی ذییە).**

**بۆیە منیش هانام بۆقەڵەمەکەم برد، بەڵام لەبەر زۆری تێبینییەکان، ئەم ئەڵقەیە تایبەت دەکەم بەبەرگی کتێبەکەو پێشەکی نووسەر، بەوهیوایەی ئەڵقەکانی ئەم زنجیرە یەك لەدوای یەك بخەمە پێش چاوی خوێنەران.**

**یەکەم: بەرگی کتێبەکە:**

**١. لەیەك چونی ناوو ناوەڕۆکی هەر کتێبێك مەرجێکی سەرەکییە بۆسەرکەوتنی نووسەر لەکتێبەکەیدا، ئەگەر بەم تێڕوانینە ئەکادیمیانە سەیری کتێبەکەی مەریوان بکەین، دەردەکەوێت نووسەر لەناونانی کتێبەکەیدا کەوتووەتە هەڵەیەکی ئەکادیمیەوە، ناوی کتێبەکەی (سێکسو شەرعو ژن لەمێژووی ئیسلامدا)یە، واپێویست بوو بەدرێژی باسی سێبڕگەی سێکسو شەرعو ژنی بکردایە، لەمێژوی ئیسلامدا ، بەڵام تەنها باسی (سێکس لەمێژووی ئیسلامدا)ی کردووەو باسی شەرع ناکات لەمێژووی ئیسلامدا، کەباسی ژنیش دەکات تەنها لایەنە سێکسییەکەی دەگرێتەبەرو لایەنە ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی و . . یەکانی پشتگوێ خستووە.**

**٢. لەیەك نەچونێکی ئاشکرا بەدی دەکرێت لەناونانی کتێبەکەیدا، هەروەك لەبەرگو لاپەڕەی یەکەمدا دەبینرێت. ناوی کتێبەکەی لەبەرگەکەیدا بەگشتیو ڕەهایی باس لەمێژووی ئیسلام بەگشتی دەکات، بەڵام لەلاپەڕەی یەکەمدا ئاماژە بۆئەوە دەکات، کەباس لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلامیش دەکات، مێژووی ئیسلامیش بەگشتی ناگرێتەوە بەر ، بەڵکو تاساڵی ١٣ی کۆچی واتە دووساڵ دوای تاوەفاتی پێغەمبەر(د.خ).**

خوێنەریش نازانێت کامەیان بەڕاست بزانێت، ئەگەرتەنها باسی ئیسلام دەکات، بۆچەند لاپەڕەیەکی زۆری تەرخان کردووە بۆپەیامبەرانی پێشوو لەڕوانگەی تەوراتەوە؟! ئەگەر باسی ئەمانیش دەکات بۆلەبەرگی کتێبەکەیدا باسیان نی‌یە؟!

ئەگەر وەك لاپەڕەی یەکەمیش بێت و خوێندنەوەکەی تاساڵی ١٣ی کۆچی‌بێت کەدووساڵ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) دەکات، بۆباسی خولەفای ڕاشدین و تەڵحەو زوبەیرو کارەساتی حەرەمی شەستەکانی کۆچی و یەزیدو متوەکل و وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان دەکات ؟!

٣. ئەحمەد ستاری نیگارکێشی بەرگەکە، لەبەرگی پشتەوە وێنەی ئافرەتێکی سەروملڕووت و دوومنارەی مزگەوت دەکێشێت، منارە کورتەکەیان بریتی‌یە لەسەری عەورەتی پیاوێك و بەسمتی ئافرەتەکەوە دەینوسێنێت و لەژێریاندا ئاگرێك وەك هێمایەك بۆدۆزەخ دەگرێنێت.

ئەم سوکایەتی‌کردنە بەمزگەوت و ئافرەت، جەنابی مەریوان لەناوەڕۆکی کتێبەکەیدا بەئاشکرا لە( ل٢٢)دا ئاماژە بۆئەوە دەکات کەئیسلامی‌یەکان بەوێنەی عەورەتێك و جوتێك گون منارەی ماڵی‌خوا بەرزدەکونەوە.ئەم ڕاڤەکردنە فرۆیدی‌یە سێکسی‌یە لەهەموو لایەکی کتێبەکەیدا بەدی دەکرێت.

دووەم پێشەکی کتێبەکە:-

پێشەکی ئەم کتێبە تەنها پێنج لاپەڕەو نیوە، لەگەڵ ئەمەشدا نوسەر کەوتۆتە ناو گۆمی چەندەها هەڵەو دۆری زەقەوە

١/ نوسەر باسی کچێکی کوردی موسڵمانی نوێژکەری لەخواترس دەکات، کەبەهێمای(س) ناوی دەبات، لە ساڵی ١٩٨٦ز، لەلایەن ڕژێمی

گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە گیراوەو دەستدرێژی کراوەتەسەر کەرامەتی و دوای چەند ساڵێك بەمنداڵێکەوە ڕەوانەی کەس وکاری دەکرێتەوە.
نوسەر لەپاشان دەڵێت"چونکە لەکۆمەڵگایەکدا دەژی کەگوتارێك بەسەریدا زاڵە، کەلەلایەکەوە ژنانی لەم شێوەیە بەچاوێکی سوك تەماشا دەکەن"، بەڵام لەبەرئەوەی کورد وتەنی – کرۆ گومرگی نیە – چەند درۆ لەگیرفانی خۆیدا دەردێنێت و بەرگی ڕاستیان دەکات بەبەرداو دەڵێت"(س)ەکانی بەدرێژایی مێژووی ئاین بەتایبەت ئاینی ئیسلام، بەبەردەوامی بەم ڕەوتەدا تێپەڕبوون، کارەسات و خەتەرناکیەکەش لەوەدایە، ئەم کارە هەتاسەر بەردەوام دەبێت."، لەپاشان باسی موجاهیدەکانی ئیسلام دەکات(کەلەکاتی پاڕانەوەیاندا فرمێسك دەڕێژن و لەپێناو دامرکاندنەوەی هەوەسی سێکس و نیشتنەوەی عەرەتی ڕەپیاندا ئینسان دەکوژن).
من لێرەوە وەك خوێنەرێکی عەودالی بەڵگەو ڕاستی ڕوودەکەمە مەریوان و دەڵێم"پەتی درۆ کورتە، جالەبەرئەوە بەدرێژی بگەڕێ بەناو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزداو فەرمودەکانی پەیامبەری ئیسلام لەسەرچاوەی دروست و ڕیوایەتی ڕاست، یەك بەڵگە لەسەر سووکایەتی ئیسلام بەئافرەتی لاقەکراو بۆڕۆشنبیرانی کورد پێشکەش بکەو پێیان ڕابگەبەنە ئەم فەرمایشتەی جەنابت لەقوتوی چ عەتارێکدایە"؟!
زانایانی ئیسلام بەگشتی لەسەر ئەوەن کە ئافرەتی لاقەکراو بەهیچ شێوەیەك سزانادرێت، چونکە پەیامبەری ئیسلام دەفەرموێت ( إن الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه)[(١)] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەخوای گەورە مرۆڤی زۆرلێکراو بەبەرپرس نازانێت.
جگەلەمەش ئافرەتی لاقەکراو بەهەموو سەربەرزیەکەوە مارەیی تەواوی دەکەوێت لەسەر کابرای لاقەکەر[(٢)]، زیاد لەمەش ئەگەر ئافرەتێك بەویست و

ئارەزووی خۆی کەوتبێتە داوی زیناوە، پاش تەوبەکردن، بۆهیچ کەسێك نیـیە سوکایەتی پێبکات.
لەپێش ئیسلامدا ئاغایانو دەسەڵاتداران زۆریان لەئافرەتان دەکرد، کەڕێگەی بەرەڵلایی بگرنەبەرو سێکس بکەنە پیشە، بەمەست پڕکردنی گیرفانی حەزرەتی ئاغاو جەنابی دەسەڵاتدار، ئالەو بوارە ناهەموارەدا کەهیچ یاسایەك نەبوو پشتی ئافرەت بگرێت، قورئانی پیرۆز بەتوندی دادەبەزێتە سەر ئەوانەی کەستەم لەئافرەتان دەکەنو دەفەرموێت (وَلا تكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ)(النور: من الآية٣٣).
٢/ لەلاپەڕە چواردا نووسەر باسی ووتاری ناسیۆلیستانەی ئاینی عەرەب دەکات. گەرنوسەر مەبەستی ئەوەبێت زۆرێك یاخود کەمێك لەعەرەب ئاینی ئیسلامیان تێکەڵ بەناسیۆنالیستی عەرەب کردووەو ئەوە ڕاستەو ئێمەش هەزار نەفرەت لەخاوەنی ئەم ووتارە بۆگەنە دەکەین.
بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوەبێت – وەك دەردەکەوێت – کەوتاری ئیسلامی وتارێکی ناسیۆنالیستی عەرەبیـیە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو زۆر لەڕاستی دوورەو دەیەها ئایەتو فەرموده ئەم بۆچونە پوچەڵ دەکەنەوە، بۆنمونە ئایەتی (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ) (الانبياء:١٠٧)و ئایةتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات:١٣).
٣/ لەلاپەڕەچواردا باسی موجاهیدەکانی ئیسلام دەکات، کەلەپاڕانەوەیاندا فرمێسك دەڕێژنو لەپێناوی دامرکاندنەوەی هەوەسی سێکسیو نیشتنەوەی عەورەتی ڕەپیاندا ئینسان دەکوژن، ئایینزاکانی ئیسلام بەناوی ناموسو شەرەفەوە کچو ژنو خوشكو دایکی خۆیان دەکوژن، تەنها بۆئەوەی بەخەڵکی بڵێن بەشەرەفین.

هـــەروەك ئاشـــكرايەو نووســـەر لەيەكـــەم لاپـــەڕەی كتێبەكەيـــدا ئامـــاژەی بۆدەكات، ئـەم بـەناو لێكۆڵینـەوەی مـەریوان، خوێندنەوەیـەكی ڕەخنەییـیـە لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلام تاسالی (١٣)ی كۆچی، واتـە تادووسالێ دوای وەفاتی پەیامبەری ئیسلام(د.خ).

بەمەش دەردەكەوێت كەمەبەستی لە(موجاهیدەكانی ئیسلامو ئاینزاكانی) پەیامبـەرو هاوەڵەكانیـەتی، لەگـەڵ ئەمەشدا یـەك نمونـەی ڕاستو دروست بۆئـەم (بـراءة الإخـتراع)ەی جـەنابی نابینێتـەوە. منـیش لێـرەوە مـژدەی دەدەمـێ، كەئەگـەر جنۆكـەی نـاو فانۆسـە سـیحرییەكەی عەلائەدینیشـی پێبێـت، ناتوانێـت یـەك نمونـەی ڕاسـت لەپەیامبـەرو سـەحابەكان بێنێـت، كەئافەرتێكی لاقەكراویان كوشتبێت .

٤/ هەرلەهەمان بڕگەدا دەڵێت "كارێكیان كردووە خۆیان وتەنی، ژن هەمیشـە تاوانبـارو هێمـای گونـاهو وێنەیـەكی فۆتۆكـۆپی شـەیتان بێـت."، ئەمـەش درۆیـەكی زەقـی دیكەیـەو دەدرێتـە پـاڵ زنجـیرە درۆكـانی تـری، بابزانین لە چ ئایەتو حەدیسێكدا هاتووە، ژن هەمیشە تاوانبارە؟! لەكوێـدا هاتووە ژن هێمای گوناهو وێنەیەكی فۆتۆكرپی شەیتانە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، تەنها بەناو بەڵگە بۆئەم پرسیارەی دواییە دێنێـتو لەپـەراوێزی ژمـارە یـەكی لاپـەڕە چـواردا نمونەیـەك دێنێتـەوەو دەڵێـت "جارێكیـان پەیامبــەر لــەكاتی ڕۆشــتندا چـاوی بـەژنێكی جـوان دەكەوێو عەورەتیڕەق دەبێ، خۆی پێناگیرێو بەپەلـە خۆی دەگەیەنێتـە ماڵــەوەو لەزەینەبــدا خــۆی خــاڵی دەكاتــەوە .. . كەدەگەڕێتــەوە بــۆلای سـەحابەكان، پێیـان دەڵێـت ." ژن لەوێنـەی شـەیتاندا ڕوولـەمرۆڤ دەنـێو لەوێنەی شەیتاندا پشت دەكات، لەوەرگێڕانی ئـەم ڕوداوەشـدا چـەند هەڵـەو درۆیـەكی شـاخدارمان بەرچـاو دەكـەوێت، یەكـەم: ڕستـەی (عـەورەتی ڕەق

دەبێ و خۆی پێناگیرێ.) درۆیەکی ئاشکرایەو جەنابی ڕۆشنبیرو لێکۆڵەر بەدەم پەیامبەرەوە دەیکات، کەلەدەقی عەرەبی‌یەکەدا، کەجەنابی نوسەر هێناویەتی، بونی نی‌یەو بەدووریین و زەڕڕەبینیش نابینرێت.دووەم: وادیارە مەریوان هەرچەندە خۆی بەشارەزاو پیتۆڵی عەرەبی دەزانێت، بەڵام لەزمانی عەرەبیدا موفلیسەو لەسەر ساجی عەلی دانیشتووەو نازانێ کە(ال)ی سەر (المرأة) تیستیغراقی نی‌یە، کەهەموو ئافرەتێك بگرێتەوە، بەڵکو (ال)ی عەهدی‌یەو فەرمودەکەش ئەوە دەگەیەنێت کەهەر ئافرەتێك بەمەبەستی فریودانی پیاو خۆی بڕازێنێتەوەو خۆی پیشان خەڵکی بدا وەك شەیتان وایە لەفریوداندا.سێیەم: نازانم چ تاوانێکە ئەگەر یەکێك ئافرەتێکی بینی پەلاماری نەداو لاقەی نەکاو لەبری ئەوە بگەڕێتەوە لای خێزانی خۆی؟! گەر ئەم هەڵوێستە بەڕەخنە باس کرێت، ئەبێ کاك مەریوان چ ڕێگایەك بۆخەڵکی دابنێت، جگەلەو ڕێگەیەی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) دایناوە ؟! ئایا جگەلەبانگەشە بۆپەلاماردان و لاقەکردن هیچی تری پێیە ؟!

٥/ لەلاپەڕە پێنجدا حەدیسی کەمیی عەقڵ و دین دێنێت، ئەم حەدیسەش قسەوباسی زۆری لەسەرەو ئەگەر سەیری نوسەینەکانی محمد موتەلیب و محمد غەزالی و قەرزاوی و شەعراوی و سەعید بۆتانی و دەیەها نوسەری ئیسلامی بکردایە، وەك ڕەخنە سەیری ئەم حەدیسەی نەدەکرد، لێرەدا لەبەرنەبوونی کات و تەسکی دەرفەت، تەنها ئەوەدەڵێم شایەتی ئافرەت لەهەندێ جێدا وەك شایەتی پیاو وایەو لەهەندێ جێدا شایەتی پیاو وەرناگیرێت، بەڵکو تەنها شایەتی ئافرەت قبوڵە، لەهەندێ جێدا شایەتی ژن بەنیوەی شایەتی پیاودەبێت، جالەبەرئەمە ستەمە تۆ تەنها سەیری ئەم بڕگەی دوایی‌یە بکەیت و بڕگەکانی‌تر پشت گوێ بخەیت.

٦/ لەلاپەڕە شەشدا جەخت لەسەر ڕاستگۆیی و ڕاستگۆیانەتر دەكات،بەڵام پاش نۆ دێڕ دوو درۆی گەورە دەكات، یەكەم: دەڵێت" وەرگێڕمان هەن لەزمانی عەرەبیدا زۆر شارەزان، بەڵام بەهەموویانەوە نەیانتوانیوە كتێبە گەورەكەی بوخاری بكەنە كوردی"، ئەم قسەیەی مەریوان درۆیەكی گەورەیەو خۆی چاك دەزانێ كە مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان هەردوو سەحیحی بوخاریو موسلیمی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی كوردیو بەلێكۆڵینەوەی م.محمد عەلی قەرەداغی لەنۆ بەرگی گەورەدا چاپكراوەو مەریوانیش سودی لەم كتێبە وەرگرتووەو لەلیستی سەرچاوەكانیدا ژمارە(١٨٠) ناوی بردووە. بەڵام مەریوان تەنها لەبەرئەوەی ناوی زانایانو مامۆستایانی كورد بزڕێنێت بەترسنۆكو بێتوانا ناویان ببات، خۆی لەم ڕاستیە گێل دەكاتو بەڕاشكاوی دەڵێت" بەهەموویانەوە نەیانتوانیوە بوخاری بكەنەكوردی."

جگە لە م.مەلا ڕەشید، مامۆستا مەلا حسێن شێخ سەعدی لەپەنجاكاندا سەحیحی بوخاری وەردەگێڕێتە سەرزمانی كوردی لەحەوت بەرگدا بەناوی (پرشنگی ڕۆژی كوردەواری لەشەرحی بوخاری)، لەچاپخانەی (الجاحض) لەبەغداد چاپكراوە.

هەروەها مامۆستا نوری فارس حەمەخان كتێبی (تاج) و(ریاض الصالحین) ی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی كوردیو بەچاپی گەیاندووە.

هەروەها سەدەها كتێبی كوردیتر كەسەبارەت بەئیسلام نوسراون، خۆزگە مەریوان سەیری زنجیرە كتێبی ( بوژانەوەی مێژووی زانایانی كورد لەڕێگەی دەست خەتەكانیانەوە)ی م. محمد علی قەرەداغی بكردایە، ئەوكات ئەیزانی زانایانی كورد ناتواناو ترسنۆك نەبوون لەوەرگێڕانی كتێبی مێژوونوسانو نوسەرانی تایبەت بەشارستانیەتی ئیسلام.

دووەم: دەڵێت:ئەگەر ئیسلام وەك ئەوەی كە هەیە بڵاوبكرێتەوە بێ داپۆشین و پەردە بێ ئەو سانسۆرە و وەكو خۆی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی كوردی، كاریگەری ئیجابیەكەی زۆر زیاتر دەبێت لەوەی كە چاوەڕێی دەكەین. منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بەڕاست و دروست دەزانم، بەڵام ئەوەی جێی داخ و نیگەرانیە جەنابی نووسەر خۆی ئیسلام وەك خۆی بێدەستكاریكردن وەرناگێڕێت، هەروەك لەمەوپێش نمونەمان بۆهێنایەوەو نمونەی كەیش بە دواوەیە.

٧/ لەلاپەڕە حەوتدا بەسەرهاتێك لەڕاڤەكاری بەناوبانگی ئیسلام (ابن كثیر) دەگێڕێتەوەو ئاماژە بۆسەرچاوەی ( تفسیرابن كثیر١/٢٧٨) دەكات. بەڵام ئەم ڕووداوە نەك هەرلەو لاپەڕە ئاماژەپێكراوەدا نیە بەڵكو لەهەرچوار بەرگی تەفسیرەكەدا بەدی ناكرێت.

٨/ بۆهەمان بەسەرهات دەڵێت"بەهیچ شێوەیەك باسی ناكرێ و هەتا ئێستا لەهیچ مینبەرو كەناڵەكانی ئیسلامیەوە بڵاویان نەكردۆتەوە." ئەمەش درۆیەكی زەق و گەورەی تری جەنابی نووسەرە، چونكە كەس نیە لەم گەردوونە فراوانەدا بتوانێت ئاگای لەهەموو مینبەرو كەناڵە ئیسلامیەكان بێت، بەتایبەت یەكێكی بێباوەڕی نوێژنەكەری وەك مەریوان، كەناچێتە مزگەوتەكانەوەو گوێ لەووتاری مینەبەر ناگرێت.

٩/ لەلاپەڕە حەوتدا نووسەر باس لەودێڕە ڕاستی و ڕەهایانە دەكات كەلەمێژووی ئیسلام دا نوسراون و بەپێویستی دەزانێ وەك خۆیان وەر بگێڕرێن، باسی (ڕەیحانە) دەكات، كەلەدەوڵەمەندترین هۆزی ناوچەكەو یەكێك لەژنە جوانەكانی عەرەب بووە، بەڵام وەرگێڕە ترسنۆكەكان و عەمامە

بەسـەرەكان واباسـی دەكـەن كـەبێوەژنێكی هـەژارو ناشـرین بـووەو كـەس نەیویستووە.

نازانم ئەگەر ڕاست دەكات بۆئەو هەموو وەرگێڕە عەمامە بەسەرە درۆزنانەی باس نەكردووە، بۆ ناوی ئەو هەموو وەرگێڕە ترسنۆكانە بەبەڵگەوە ناهێنێت؟!

پەراوێزەكان:-

١/ بڕوانە سەحیحی موسلیم .١٦٩٦

٢/ مەزهەبی شافیعی كەكورد لەسەرین ئەمەی بەڕاست داناوە.

بڕوانە المجموع شرح المهذب للنووي – دار الفكر – بيروت :٣١٣/١١.

# سێکسەکەی مەریوان هەڵەبجەیی و چەند سەرنجێکی تر

**(٢ــ٣)**

**دکتۆر عوسمان هەڵەبجەیی**

زۆر جار دەبینیت لەبەیەکدادانی شارستانیو ئایدۆلۆژیدا خاوەن قەڵەمێك هەڵدەسێت بەنوسینی پەرتوکێکی قەبارە زلی چەند بەرگی لەسەر شارستانیەتی بەرامبەر بەشێوەیەکی ڕاست و دروست وەك خۆی بلاَویی دەکاتەوە، بەلاَم چونکە مەبەستی سەرەکی نوسەر تێکدانی ئەو شارستانیەت وهەڵوەشاندنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە چەند ڕەخنە یاخود چەند هەڵە ودرۆیەکی شاراوەی کەمی تێکەڵ دەکات بەشێوەیەك کەزۆربەی خوێنەرانی پێبخەڵەتێنێت و وایان لێبکات بەچاوی متمانە سەیری بەرهەمەکەی بکەن، وەزۆرجاریش نوسەر تەنها بەیەك ڕخنە یاخود بەیەك درۆ وازدەهێنێت ودەگاتە مەبەستی خۆی.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا سیاسەتێکی زیرەکانەیە هەرچەندە دروست نیەو پێچەوانەی شەرع ویاساو ئەخلاقیاتی نوسینە. بەلاَم گەر سەیری کتێبی(سێکس وشەرع وژن لەمێژووی لەئیسلامدا)ی مەریوان هەڵەبجەیی بکەی دەبینیت کەنوسەر لەم بوارەدا گرەویی دۆڕاندوەو کتێبەکەی پڕ لەدرۆو هەڵە کردووە و وای لەخوێنەری موسڵمان کردووە کەمتمانەی پێ نەبێت و بەگومانەوە سەیر بەرهەمەکەی بکات.

لەلایەکی دیکەوە نوسەر لەڕونکردنەوەیەکدا بۆڕۆژنامەی(چاودێر)ی ژمارە(٦٤)ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٦ هەروەك ڕۆژنامەی(ڕۆژین)ی ژمارە(٢٦)ی

یەکشەممەی٢٠٠٦/٢/١٢ ئاماژەی بۆ کردووە دەڵێت (وادەرکەوتووە نەیانتوانیوەو ناتوانن یەك لەسەرچواری کتێبەکەم بەدرۆبخەنەوە، چەنکە تەواوی سەچاوەکانم لەسەرەکیترین وموعتەبەرترین سەرچاوەوە وەرگرتووە کەسەرەکیترینیان قورئانە).

ئەم فەرمایشتەی جەنابی مەریوان ئەوە دەگەیەنێت کەنوسەر متمانەی بەکەمتر لەیەك لەسەر چواری کتێبەکەی نیەو ئەکرێت ئەم ڕێژەیەی کتێبەکەی بەدرۆ بخرێتەوە.

ئەمەش ئەوەمان پێ دەسەلمێنێت کە جەنابی ئاگای لەزانستی لۆژیك نیەو فەرمایشتەکەی لۆژیکیانە نیە، چونکە زانستی لۆژیك دەڵێت(ئەتوانرێت بەتەنها پۆزەتیڤێك بنەماو یاسایەکی گشتی نەگەتیف پوچەڵ بکرێت، هەروەها تەنها نەگەتیڤێك بەسە بۆ پوچەڵ کردنەوەی بنەماو یاسایەکی گشتی پۆزەتیف بۆ زیاتر زانیاری لەم بوارەدا سەیری کتێبە لۆژیکیەکانی وەك ئیساغوجی و گەلەنبەوی بورهان وشەمسیە بکە.

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت بۆ بەدرۆ خستنەوەی کتێبەکەی مەریوان تەنها یەك بەدرۆ خستنەوەی نەگەتیڤی بەسەو پێویست بەیەك لەسە چواری ناکات .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەناتوانرێت یەك لەسەر چواری یا زیاتری کتێبەکەی بەدرۆ بخرێتەوە،بەڵکو ئەمە بۆ یەکێك کە کەمێك شارەزایی هەبێت ئاسانەو وەك بیستومە چەند کەسانێکیش سەرقاڵی ئەم کارەن.

جا لەبەر ئەوەی بەئاسانی ئەم کارە بۆ خوێنەران ئاشکرا ببێت دەڵێم: تەنها لە بەرگ وپێشەکی پێنج لاپەڕەو نیوی کتێبەکەیدا زیاترلە(١٠)لاپەڕەی خورشیدی هەڵەو درۆی نوسەرم ئاشکرا کردووە و بەکورتکراوەیی بۆڕۆژنامەی(هاولاتی)م ناردووە، هەرچەندە لەبەر چەند هۆیەك کە خۆیان دەیزانن بلاو کردنەوەی چەند ژمارەیەك دواخرا، بەلام لە ژمارە(٢٦٣)ی ٢٠٠٦/٣/١، هەرچەندە لەبەر

چەند هۆیەك كە خۆیان دەیزانن بلاّو كردنەوەی چەند ژمارەیەك دواخرا بەلاّم لە ژمارە ٢٦٣ی ١ـ٣ـ٢٠٠٦ بلاّو كرایەوەو دوو هەڵەی نوسینەوەی تێدا بوو .

یەكەمیان:دەربارەیسالّی(١٣)ی كۆچی كە دوو سالّ پاش وەفاتی پێغەمبەر(د.خ) دەكات و بەسالّی وەفاتی نوسرابویەوە .

دووەمیان: ناونیشانی ئیمەیڵەكەم، كە بووە هۆی دابڕینی پەیوەندی زۆر لە خوێنەران و ڕاستیەكەشی بەم شێوەیە kharpani@yahoo.com

هەروەها دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر بەشی دووەمیشیان دواخست لەبەر نەبونی ئازادی ڕەهاو بوونی سانسۆر یاخود هەر هۆیەكی دی بلاّویان نەكردەوە.

ڕۆژنامەی (ئاوێنە) كە ڕیكلام بۆ خۆی دەكات بەجورئەت و ئازادی و بێلایەنی و لە ژێر ناوی(ئاوێنە)دا دەنوسێت: (بۆ هەموو حەقیقەتێك شوێنێك، بۆ هەموو جیاوازیەك دەرفەتێك)

بۆیە منیش بەئومێدی ئەوەی كە بێئومێد نەبم لە ڕوژنامەی كوردی لە لایەك و لە لایەكی دیكەوە جەنابی مەریوان هەرشتێك بنوسێت بۆی بلاّو دەكەنەوەو لە ژمارەی(١٠)ی سێشەمە ١٤/٣/٢٠٠٦دا دەڵێت: (با بەقەڵەم نوسینەكەم بكوژن) بەم ئومێدەوە پەنام بردە ڕۆژنامەی ئاوێنە، بەلاّم ئەمیش دوای بەدواخستنێكی زۆرو پاش ئەوەی بڕیار بوو بلاّوبكرێتەوە بلاّو نەكرایەوە ، بەم شێوەش حەقیقەت و جورئەت بێشوێن و، جیاوازی ئایدیۆلۆژیاش بێدەرفەت مایەوە!.

بۆیە حەز دەكەم لەم مینبەرەوە چەند سەرنجێكی دیكە لەسەر سێكسەكەی مەریوان بلاّو بكەمەوە، هەرچەندە زوتر باوباپیرانمان فەرموویانە:مشتێك نمونەی خەروارێكە.

یەكەم:ئەوەی سەیری ئەم كتێبەی مەریوان بكات بێ شەرمی نوسەری بۆ دەردەكەوێت لە دوو بواردا:

١ـ بەكارهێنانی چەندەها زاراوەی سێكسی بازاڕی لەكاتێكدا زمانێكی گەورەی دەوڵەمەندی وەك كوردی لە بەردەستدا بوو و ئەیتوانی لەبری ئەو زاراوانە چەند زاراوەیەكی دیكە بەكاربێنێت.

٢ـ بیركردنەوەو تێڕوانینی سێكسی مەریوان بۆ دەق وڕوداوەكان وای كردووە مەریوان فرۆیدیانە سەیری دەق وڕداوەكان بكات و بەرگی سێكسیان بەبەردا بكات لەكاتێكدا كە هیچ پەیوەندیەكیان بەسێكسەوە نیە.

هەروەك چۆن (فرۆید)لە كتێبی(لێكدانەوەی خەونەكان)دا بەچاوێكی سێكسی سەیری هەموو خەونێك دەكات وهەرواش لێكیان دەداتەوە، هەموو درێژێك لەخەوندا وەك گۆچان ومارو منارەو بورج و...هتد عەورەتی پیاوەو، هەموو بازنەو كونێك وەك چاڵ وتایە دۆڵ و...هتد عەورەتی ژنەو، هەموو جوڵیەكیش وەك ڕۆشتن وڕاكردن و فڕین و مەلەو بازدان و...هتد كاری سێكسیە.

وە ئەگەر سەیری (گرێی ئۆ دیب)بكەین لای فرۆید ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە فرۆید پەیوەندی منداڵ دایك بە پەیوەندی سێكسی دەزانێت، هەر لەبەر ئەمەیە ئەم منداڵە ڕقی لەباوكی دەبێت وحەز دەكات رزكاری بێت لە دەستی و تەنها خۆی لەگەڵ خۆشەویستەكەیدا بێت و بەتەنها دەست لەگەردنی بنێت و مەمكی بمژێت و ماچی بكات و بچێتە كۆشیەوە.

هەموو نەخۆشیەكی دەروونی و هستیریا لە ئەنجامی كەتم كردن و كوشتن و لادانە لەحەزو ئارەزووە سێكسیەكانی منداڵی بەبیروبۆچونی فرۆید.

هەرچەندە ئەم تیۆرە لە لایەن (ادلر)و لەپاشان (یونج)ەوە پوچەڵ كرایەوە بەڵام تازە یەكێكی وەك مەریوان فرۆیدیانە بیر دەكاتەوەو دەق و ڕوداوەكان شی دەكاتەوە(١)

بۆ جوانتر تێگەیشتنی ئەم راستیە ئەم چەند نمونەیە دێنینەوە:

یەکەم: لە ل(٢٢) دەڵێت"ئیسلامیەکان بە وێنەی عەورەتێك و جوتێك گوون منارەیەکیان بەرز کردۆتەوە و لەملاو ئەولایەووە دوو قوببەشیان بۆ داچەقاندووە"وە لە بەرگی پشتەوەی کتێبەکەیدا نیگارکێش وێنەی منارەیەکی لەشێوەی عەورەتدا دروست کردووە.

ئەمەش تەنها قسەی گیرفانی خۆیەتیو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بەخۆیو هەموو هاوەڵان و خاوەن بیرەکانیەوە ئاماژە بۆ تەنها یەك سەرچاوەی ئیسلامی بکەن لەم بوارەدا.

دووەم: لە ل(٥٠)دا باسی (ابو جحيفة) دەکات کە لەوەسفی ڕوخساری پێغەمبەردا دەڵێت:(پەیامبەرم بینی مووی سەری لێ شپی بوو بوو، لەچەناگەشیدا سپێتیم بینی)ئەوەی گوێبیستی ئەم قسەیە بوو گومانی لەڕاستیەکەی هەبووە چونکە لەتەمەندا نەبوو، بۆیە پرسیاری لێکرد: ئەو ڕۆژە تەمەنت چەند بوو؟ ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت:تیرم ئەتاشیو ئەکرد بە پەڕدا؛واتا:(سەری کێرم ڕق وتیژ دەکردو دەمکرد بە قوزدا).

مەریوان بۆزیاتر چەواشە کردنی خەڵکی ناشارەزا لەزمانی عەرەبیدا سەرچاوەی ڕوداوەکە دێنێت و لە پەراوێزەکەیدا دەقی عەرەبیەکە دەنوسێت کە ئەمەیە:صحيح مسلم،باب شيبة صلى اللة علية وسلم.عن ابى اسحاق عن ابى جحيفة قال:ثم رايت رسول اللة(ص) هذة منه بيضاء ووضح زهير بعض اصابعه على عنفقتة قيل له مثل من انت يومئذ؟ قال: ابرى النبل واريشها.

هەر شارەزایەك لە زمانی عەرەبیدا گەر بەوردی سەرنجی ئەم دەقە عەرەبیەو وەرگێڕانە کوردیەکەی مەریوان بکات بۆی دەردەکەوێت کەجەنابی پیتۆڵ و شارەزای زمانی عەرەبی جەنابی مەریوان چەند لە ڕاستیەوە دورە.

مەریوان لێرەدا کەوتۆتە گۆمی چەند هەڵەو درۆیەکی زەقەوە.

١ـ ڕستەی(مووی سەری لێی سپی بوو بوو) لەم دەقە عەرەبیەدا بوونی نیە.

٢ـ ووشەی(عنفقة) چەناگە ناگرێتەوە، بەڵكو چاڵایی چەناگەیە.
٣ـ رستەی(ابری النبل واریشها) ئەو دوو مانایە ناگرێتەوە كەجەنابی نوسەر نووسیونی، مانای ئەم ڕستەیە ئەمەیە: تیرم ئەتاشی و پەڕم بۆ دەكرد بەلاْم جەنابی مەریوان لەبەر ئەوەی خزمەتی مەبەستە سێكسیەكەی بكات لەبری (پەڕم بۆ دەكرد)دەڵێت:ئەمكرد بە پەڕدا، ئەمەش خیانەتێكی گەورەی دەقەكەیە لە لایەكەوەو، لەلایەكی دیكەوە تیر گەورەترە لە پەڕو ناكرێت بە پەڕدا.
بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە ڕاستی ئەم مانایە سەیری فەرهەنگە عەرەبیەكان و ئەو كتێبانەی شەرحی حەدیسەكەیان كردووە بكە، بۆ نمونە
ا ـ لسان العرب لابن منضور ـ داراحیاء التراث العربی ـ نشر ادب الحوزة ـ الطبعة الاولی سنة ١٤٠٥ه: ج٦/٣٠٩.
ب ـ النهایة فی غریب الحدیث لابن الاثیر ـ تحقیق طاهر الزاوی و محمود الطناحی ـ مؤسسة اسماعیلیان رقم ـ ط١ سنة ١٣٦٤ه.ش: ج١/١٢٢
ج ـ شرح صحیح مسلم للامام النووی ـ دار الكتاب العربی ـ بیروت ـ ط٢سنة١٤٠٧:ج١٥/٩٦.
د ـ الدیباج علی صحیح مسلم للسیوطی ـ تحقیق:ابواسحاق الاثری ـ ط١سنة١٤١٦ـ دار ابن عفان ـ السعودیة:ج٥/٣٣٤.
ه ـ مسند ابی یعلی ـ تحقیق حسین سلیم اسد ـ دارالمامون للتراث ـ دمشق ـ بیروت:ج٢/١٩٤.
٤ـ جەنابی نوسەر بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت سەرچاوەیەكی فەرهەنگی عەرەبی و شەرحی حەدیس بێنێت كە بەو شێوەیە لێكدانەوە سێكسیەیەی مەریوان شەرحی حەدیسەكەی كردبێت.

٥ ـ ئـەوەی زیـاتر ئـەم بۆچـوون و لێکدانـەوە سێکسـیەیەی مـەریوان بـەدرۆ دەخاتەوە ئەوەیە کەکاتێك پێغەمبەر(د.خ) کۆچی دوایـی کـردووە خـاوەنی ئـەم قسەیە هێشتا باڵغ نەبووە و منداڵ بووە بەڵام منـداڵێکی زیـرەك و بـەفام بـووە، ئـیتر چـۆن منـداڵێکی ئـاوا ئـەتوانێت پـێش بـاڵغ بـوونی کـاری سێکسـی ئـەنجام بدات.(٢)

سێیەم: لە ل(٦٥)دا باس لەنێر بازی نەتەوەی لۆوت دەکات و دەڵێت(لۆوت بۆ ئەو مەسەلەیە لە لایەن خواوە نێردرا بوو، بەڵام هیچی پێناکرێ وتەنانـەت ژنەکـەی خۆیشی لە دەست دەداو ئەویش فێری هـەمان ڕەوشـت دەکات)ئەمـەش درۆیـەکی شـاخداری دیکـەی مەریوانـە دەخرێتـە پـاڵ زنجیرە درۆ شـاخدارەکانی، چـونکە لەقورئاندا بەهیچ شێوەیەك تانە لە شەرەف و ناموسی خێزانـی لۆوت نـادرێتو، ڕاڤەکارانی قورئان لەسەر ئەوەن کە ژنی هـیچ پێغەمبـەرێك بـەرەڵاو بێئـەخلاق نـەبووە.(٣) ئـەو ئایەتـەش کـە مـەریوان بـە بەڵگـەی دانـاوە هـیچ یـەکێك لـە ڕاڤـەکارانی قورئـان بـەو شـێوە ڕاڤەیـەی جـەنابی موفەسیر ڕاڤەکـەری گـەورە جـەنابی مـەریوانیان نـەکردووە. بـەڵکو هـەموو لەسـە ئـەوەن کەبڕگـەی (انـة مصیبها مـا اصـابهم)ی ئایـەتی (٨١)ی سورەتی هـود مانـای ئەوەیـە کـە هەرچـی توشی ئەوان بێ لـە سزای خـوای گـەورە توشـی خێزانەکەیشی دەبێـت، ئەمـەش لەبەر ئەوەی بێ باوەڕو کـافر بـووە، نـەك لەبـەر ئـەوەی وەك جـەنابی مـەریوان دەڵێت:(وەك ئەوان توشی هەمان شێوە جنس بووە).

هەروەها گەر سەیری کتێبەکەی مەریوانیش بکەین دەبینین کە جەنابی نوسەر خۆی بە درۆ دەخاتەوەو لە ل(١٣٤)دا کە باس لـە چونە لای ژن دەکات لـە کـونی دواوە وەك خۆی ئاماژە بەچیرۆکی لۆوت دەکـات و دەڵێـت:(ئـەو ئایەتانـەی بـاس لەنەتەوەی لووت دەکەن مەبەستی نێربازی کوڕانە، ئەمەش جیاوازی هەیە)واتە

له چونه لای ژن له دواوه، له پاشان دەڵێت:(ئەم نەتەوەیە له کونی دواوه سێکس بازیان کردووه بەلام نەك لەگەڵ ژنان بەڵکو لەگەڵ کوڕاندا).
بەم ڕاڤەیەی جەنابی مەریوانەش ئەو ڕاڤەیەی پێشوی بەدرۆ دەخاتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەڵگە لەسەر ئەوه کە سزادانی خێزانی لۆوت لەبەر کوفر بووه نەك لەبەر شتی تری سێکسی ئایەتی تری دەی سورەتی (التحریم)ە کە تیایدا خوای گەوره نمونه بۆ کافران بە ژنی نوح و لۆوت دێنێتەوەو هەموو ڕاڤەکەران لەسەر ئەوەن کە خیانەتی ئەم دوو ژنه خیانەتی سێکسی نەبووه، ئەم لەیەك نەچونەی نوسینی مەریوان لە چەند شوێنێکدا بەدی دەکرێت و یەکێك لەو بەڵگانەن کە ئەوه دەسەلمێنن کە ئەم کتێبە نوسراوی بە تەنها مەریوان نیەو چەند کۆلکە خوێنەوارێکی دیش یارمەتیان داوه، هەروەك لە لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکەیدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ محەمەد موکری و ئازاد ئەحمەدو (ر.ا.ل) و (م.ر.د)و ئەحمەد ستاری نیگارکێش دەردەبڕێت گەر جەنابی نووسەر ڕاست دەکات با ئامارژه بوئەو ڕاڤەکەرانە بکات کەوەك جەنابی مەریوان سێکسیانە سەیری ئەو ئایەتەیان کردبێت و تۆمەتی خراپی وابدەنە پاڵ ژنێك کە قورئان بە پیرەژن ناوی بردووه .
هەڵەی گەورەی مەریوان ئەوەیە کە ناگەڕێتەوه بۆ ڕاڤەی ڕاڤەکەران و شەرحی زانایان بۆ فەرمووده پیرۆزەکان، بەڵکو خۆی بەڕاڤەکەرو شارحی دەقە پیرۆزەکان دەزانێت لەکاتێدا هیچ مەرجێکی ڕاڤەو شەرحی تێدا بەدیناکرێت.
زانایان ڕێکن لە سەر ئەوه کە ڕاڤەکەر و شارحی دەقە پیرۆزەکان پێویستە شارەزایی تەواوی لە زمانی عەرەبی بە نەحو سەرف و بەلاغەوه هەبێت ، هەروەها شارەزایی تەواوی لە أصولی الفیقه و حەدیس و ڕای زانایان و مەککی و مەدەنی و هۆی دابەزین و ...هتد هەبێت .

بـەکورتی زانایـان نزیکـەی(٣٨٠) یاسایان دانـاوە بـۆ ڕاڤـەکردنی قورئـان ، نـازانم جـەنابی مـەریوان چـەندیان دەزانێـت و چـەندیانی بیسـتووە وا پشـتی بـەخۆی بەستووە لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکان و شەرحی فەرموودەکاندا ؟!.

بۆ ئەوەی خوێنـەر بزانێت کـە جـەنابی مـەریوان تـا چ ڕادەیـەك شـارەزایی لـەم زانسـتە پێویستانە بـۆ ڕاڤـەو شـەرح هەیـە داوا لـە جـەنابی نووسـەر دەکـەم کـە جیاوازی ( سبر و تقسیم و شبه و دوران وطرد و تنقیح المناط و تحقیق المناط و تخریج المناط ) بکات .

ناشـارەزایی مـەریوان و نەگەڕانـەوی بـۆ تەفسیرەکان وای کـردووە لـە مـەریوان بکەوێتـە ئـەم هەڵـەوە لـە ڕاڤـەی ( انـه فصـیبها مـا اصـابهم ) چـونکه نازانێـت یاسایەکی ئوصوڵی و نەحوی هەیە دەڵێت : ( أسم الفاعل حقیقة فی الحال ) (٤) ، ئەمەش ئەوە پوچەڵدەکاتەوە کە باسی شتێکی ڕابردوو بکات .

چوارەم :لە ل ( ١٤٠ ) دا دەڵێت :(پەیامبەر لە شـەوی زاوایەتیـدا کاتێـك ژنەکـەی (عالیة بنت ظبیان ) بە ڕووتی دەبینێت و بـۆی دەردەکـەوێت تووکەبـەری سـپی بووە یەکسەر تەڵاقی دەدات ، بەڵام مارەییەکەی لێناسێنێتەوە ) .

لێـرەدا مەبەسـتی پـێش دەسـتپێکی نووسـەر بەامبـەر ئیسلام و ناشـارەزایی و بێئاگایی جەنابی مەریوانمان بۆبەرجەستە دەبێت .

ئەگرا گـەر مـەریوان عـەودالی ڕاستی و مێژوونووسێکی کارامـە بووایـە ڕووداوە مێژووییەکانی لە بێژنگی ڕاستی بدایە و ڕاست و درۆی لە یـەك جـودا بکردایـە. .بەڵام چونکە بیری سێکسی زاڵبووە بە سەریدا و ماوەی ئـەوەی نـەداوە کـە وەك مێـژووزانێك ڕەخنـە بگرێـت و زۆر دووری خسـتوەتەوە لـە هونـەری مێـژوو خوێندنەوە ڕووبەڕووی چەند هەڵەیەکی گەورە بووە .

ئەوەی جێی سەرەنجە و بیرکردنەوەی سێکسی نووسەرمان بۆ دەردەخات ئەوەیە لە ڕیوایەتەکاندا بەگشتی و لەم ڕیوایەتەدا بە تایبەتی بە هیچ شێوەیەك (توکـە

بەری سپی بووە) بوونی نیەو تەنها قسەی گیرفانی نوسەر نەبێ هیچی کە نیە، هەر بۆیە لێرەدا یاساکەی خۆی شکاندووەو لەبەرئەوەی خەجاڵەت نەبێت دەقە عەرەبیەکەی بەسەنەدەوە نەنوسیوە.

ئەم نمونەو نمونە گەلێکی دیکەش چەند بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوونن لە ناشارەزایی جەنابی نوسەر لە زمانی عەرەبی و زانستی مێژوو هونەری ڕەخنەدا.

ئەوەی لەڕیواتەکەدا هاتووە ووشەی(بیاض)ە کە مەبەست لە نەخۆشی بەڵەکیەو هیچ پەیوەندیەکی بە توکە بەرەوە نیە هەروەك لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (بیاضا من برض) هەر چەندە هیچ یەکێك لەم ڕیوایەتانە دروست نین بەڵکو دروست کراوو هەڵبەستراون .

لەمە سەیر تر ئەوەیە نوسەر لە زۆر لە لێدوانەکانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەو ڕادیۆکاندا سەبارەت بەم کتێبەی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەپشتی بە ڕاسترین و موعتەبەرترین سەرچاوەی ئیسلام بەستووە بۆ بیروبۆچونەکانی.

ئەمەش تەنها بۆ چەواشە کردنی خوێنەرو بیسەرەو بەس، نمونەش زۆرن بۆ بەدرۆ خستنەوەی نوسەر، ئەم ڕیوایەش لێرەدا گەورەترین نمونەیە چونکە نە لەقورئاندا هاتووە نە لە بوخاری و مەسلیم و حەوت کتێبە سەرەکیەکانی حەدیسدا، هەر بۆیە نوسەر ئاماژەی تەنها بۆ کتێبی(الحجابی) عقیلی کردووە کە بەهیچ شێوەیەك وەك سەرچاوەیەکی حەدیسی و مێژوویی دانانرێت، بەڵکو بە هیچ شێوەیەك سەر چاوەیەکی موعتەبەر دانانرێت.

دووبارە دڵنیای دەکەمەوە کە ئەم ڕیوایەتە بە هیچ شێوەیەك ڕست نیەو مەریوان ناتوانێت بە سەنەدێکی ڕاست و دەقێکی عەرەبی و سەرچاوەیەکی حەدیسی سەرەکی موعتەبەرەوە بیهێنێت.

جگە لەوەی کە ئەم ڕیوایەتە هەڵبەستراوو دروست کراوە گەر بەوردی سەیری بکەین چەند پرسیار گەلێکی بێوەڵامان بۆ دروست دەبێت ! ئەم ڕوداوە باسی شەویی زاوایەتی دەکات، ئایا کێ ئەم ڕوداوەی بینی؟ کێ لەگەڵیاندا بوو؟ کێ گێڕایەوە؟ سپیبوونی تووك دەلالەت لەپیر بوون دەکات، ئایا هەستی نەکردبوو کەپیرە پێش گواستنەوەی ؟ لێرەدا دەست لەقەڵە هەڵدەگرین و بۆبەش و دەرفەتێکی کە، بەلاّم ئەوەش ڕادەگەیەنم کە هەموو ئەو ڕیوایەتانەی کە دەڵێن(عالیة بنت ضبیان) یەکێك بووە لە خێزانەکانی پێغەمبەر(د.خ)ڕاست نین و بە هیچ شێوەیەك کەس ناتوانێت بوونی بە خێزانی پێغەمبەر بسەلمێنێت چونکە زانایان ڕەخنەیان لەسەر ئەو هەموو ڕیوایەتانە هەیەو بەندەش هەموویانی شیکردووەتەوەو، هەڵیان دەگرین بۆدەرفەتێکی کە.

**پەراوێزەکان:**

١. بۆزیاتر شارەزایی لەم بوارەدا سەیری کتێبی(لغز الحیاة)ی د.مصطفی محمود۔ دارالعودة ۔ بیروت ۔ ١٩٧٠ بکە

٢. لەم کتێبە مێژوویانەدا هاتووە کە (ابو جحیفة) لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(د.خ) باڵغ نەبووە.الطبقات الکبری لابن سعد ۔ دار صادر۔ بیروت:٦٣/٦ تاریخ بغداد للخطیب البغدادی ۔ تحقیق مصطفی عبدالقادر عطا ۔ دار الکتب العلمیة ۔ بیروت ۔ ط١۔١٤١٧ە:٢١٣/١، اسد الغابة لابن الاثیر ۔ انتشارات اسماعیلیان ۔ ایران :ج١٥٧/٥.

٣. فتح القدیر للشوکانی:٢٥٥/٥، تفسیر القرطبی:ج٢٠٢/١٨،تفسیر ابن کثیر:٤١٩/٤،تفسیر الطبری ٢١٧/٢٨،الدر المنثور للسیوطی ٢٤٥/٦.

٤۔ البحر المحیط للزرکشی ۔ وزارة الاوقاف بالکویت ۔ ط١ ۔ ١٤١٠:ج٩٣/٢.

# سێكسەكەی مەریوان هەڵەبجەیی و چەند سەرنجێكی تر

(٣- ٣ )

دكتۆر عوسمان هەڵەبجەیی

جارێك كابرایەكی داماوی كۆلكە خوێنەواری كوڵ لەعەرەبیدا لەكاتی ناشتنی مردویەكدا ڕوودەكاتە خەڵك و دەڵێت:( سوننەتە بەشیر گۆڕ ڕێك بخرێت و داوا لەوخەڵكە دەكات مەنجەڵێكی گەورە شیر بێنن و بیكەن بەسەر گۆڕەكەداو، گۆڕەكەی پێ ڕێك بخەن، خەڵكی نەخوێندەواری داماوتر لەكۆلكە خوێنەوار مەنجەڵەشیر دێنن، لەم كاتەدا مامۆستای دێكە دێت و حاڵی وەزعیان دەپرسێت و ڕودەكاتە كۆلكە خوێنەوارو پرسیاری لێدەكات: ئەم شیرەت بۆچیە ؟! ئەویش دەڵێت :( ئەی مامۆستا لەشەرعدا نەهاتووە (ویسوّى القبر باللبَن)واتە گۆڕ بەشیر ڕێك دەخرێت، مامۆستاش دەڵێت: كاكە ئەوە لەبەن( لَبَن) نیەو لەبینە (لَبِن)ە، شیعرەكەی شێخ مارفی نۆدێی بۆدەخوێنێتەوە كەلەئەحمەدیەكەیدا دەڵێت :

(مَتین) قاییم (مَتن) پشتە – (لَبَن) شیرە (لَبِن) خشتە[1] .

جیاوازی ئەم دوو وشەیە لە خوێندنەوەدا تەنها سەرو ژێرێکە (فتحة، كسرة)، بەڵام لەمانادا جیاوازیان وەك توورو فیقەنەی کابرای تور فرۆش وایە کەهاواری دەکرد : تورو فیقەنە.

زمانی عەرەبی زۆر قوڵە، کەسێك مەلەوانی نەبێت تیایدا دەخنکێت، لێرەدا نمونەیەکی سەردەمتان بۆدەگێڕمەوە : ساڵی ڕابردوو لەکۆڕێکی تایبەت بەدەستوور جەنابی دکتۆر (فوئاد معصوم) باسی دەستوورو گرنگی زمانی عەرەبی کردو کێشە گەلێکی لەوبارەوە وەك نمونە هێنایەوەو ووتی :( ئێمە لەلیژنەی دانانی دەستوردا ماوەیەك سەرقاڵی کێشەی (مع)و (و) بووین لەڕستەیەکدا کامیان هەڵبژێرین؟ ئەم کێشەیە چەند ڕۆژێکی خایاند بۆیە ناومانبوو (معمعة).

بەڕاستی ئەم لیژنەیە دوانی وەك دوکتۆر فوئادی تێدانەبوایە ئەوکاتە عەرەب گۆڵی خۆیان ئەکردو گرەوەکەیان دەبردەوەو واژۆیان بەئەندامان لەسەر هەندێ بڕگە دەکرد کەبەزەرەرو زیانی گەلەکەمان تەواو دەبوو.

هەموو کوردێکی ڕەسەن هەست بەشانازیو سەربەرزی دەکات کاتێك چەند لێپرسراوو نوێنەرێکی کورد دەبینێت لەکەناڵەکاندا بەزمانێکی پاراوی جوان دەدوێن لەناو ئەو هەموو لێپرسراوە بەناو عەرەبانەی کەدوو ڕستەی زمانەکەی خۆیان بەجوانیو دروستی ناخوێننەوە.

بەپێچەوانەشەوە هەموومان هەست بەنیگەرانیو دڵتەنگیو خەجاڵەتی دەکەین کاتێك نوێنەرێکی کورد نەتوانێت بەزمانێکی عەرەبی ڕەسەن ئازاری گەلەکەمان بەخەڵکی ڕابگەیەنێتو دەمی تەتەڵە بکات لەلێدوانو چاوپێکەوتنەکاندا. ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێت ، باللەمە زیاتر لەسەری نەڕۆینو بگەڕێینەوە لای کاك مەریوان هەڵەبجەییو دامو دەزگا ڕۆشنبیرییەکان.

كـاك مــەريوان لەپێشــەكی كتێبەكەيــدا لــە ل(٨)دا دەڵێــت :( ئەوەنــدە بەســە كەئيسلام وەك خـۆی وەربگێڕينـە سـەرزمانی كوردیـو ئـەم كتێبـەو كتێبـەكانی ديكەشم چەند دانەيەكن لەوهەولانە).

بەڵام – باوەڕ بفەرموون – كاتێك ئـەم كتێبـەو وەرگێڕانـی دەقـە عەرەبيـەكانو ئەوهەموو هەڵە زەقانەی كـاك مـەريوان كـە لـەوەرگێڕانی دەقەكانـدا كردويـەتی دەبيـنم زەردەخەنەيـەك دەمگرێـتو كـابرای مەنجەڵـە شـيرەكەم دێتـەوە يـاد . لەمــەش سـەيرتر ئەوەيـە كـاك مـەريوان زۆرجـار دەقـە عەرەبيـەكان دێنێـتو نازانێت خۆی دەكاتە بەڵگە بەسەرخۆيەوە.

سەيرترينيش ئەو دامو دەزگا ڕۆشنبيری يانەيە كە بەڕۆشـنبيرو ڕوناكبيريانـەوە كتێبێكـی وەهـا چـاپ دەكـەنو سـوپاسو پێزانينـی خۆيـان دەردبـڕن بەسـازدانی كۆڕێك بۆئەم كتێبە بەم هەموو هەڵانەوە، بەڕاستی ئەمانيش ئەوخەڵكە دامـاوە نەخوێندەوارەی لای مەنجەڵە شيرەكەم دەخەنەوە ياد.

بۆڕوونكردنەوەی ئەم چـەمكە لەكتێبەكـەی كـاك مـەريوان ئـەم چـەند نمونەيـە بۆخوێنەران دەخەينەڕوو، هەرچەندە لەبەشەكانی پێشوودا چەند نمونەيـەكمان هێناوەتـەوە، لـە كـاك مـەريوان داواكـارم بەسـنگێكی فـراوانو ڕۆحێكـی رياضـی ڕەخنەكان وەربگرێت.

يەكەم: لە ل(٦٩)دا وەك ڕاڤەكەرێكی شارەزای قورئان ڕاڤەی ئايەتی ( كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَكْنُونٌ)(الطور: ئايەتی٢٤) دەكاتو دەڵێت :( وەك هێلكەيـەكی كـوڵاوی پـاككراوی داخـراوی دەسـت لێنـەدراو ) لەكاتێكـدا لـەهيچ ڕاڤەيەكـدا ئـەم مانايـەی كـاك مەريوان بەدی ناكرێـتو هـەركتێبێكی زمـانيش بكەيتـەوە دەبينيـت كـە (لؤلؤ) مرواریيە نەك هێلكە، كاك مەريوان، ئابەم شێوەيە ئەتەوێت ئيسلام وەك خـۆی وەربگێڕيت ؟ .

دووەم : لە ل(١١٦)دا دەقێکی عەرەبی لەبوخاریەوە وەردەگریتو لەپەراوێزی ١٩٢ی تایبەت بەدەقەکە ئاماژە بۆسەرچاوەی ( صحیح البخاری ، وعن محمد بن کعب القرضي عن رجل من الانصار عن أبي هريرة) دەکات،لێرەدا ئەم چەند ڕەخنەیەم لەکاك مەریوان هەیە :-

١/ کاك مەریوان لێرەدا فرِوفێڵ لەخوێنەر دەکات کەسەحیحی بوخاری بەسەرچاوەی دەقەکە دادەنێت، بەلام کتابو بابو ژمارەی فەرمودەکەو لاپەڕەو بەرگەکە نانوسێت لەبەرئەوەی گەرخوێنەر ویستی بگەڕێتەوە بۆدەقە عەرەبیەکە لەبوخاریدا زۆرماندوو دەبێتو وازدێنێت.

نازانم ئێستە خوێنەر هەست دەکات بۆکاك مەریوان ماندوی دەکات ؟! تەنها وەلام ئەوەیە من بەگەڕانەوەم بۆهەر هەشت بەرگەکەی بوخاری بۆم دەرکەوت کەبەهیچ شێوەیەك لەصەحیحی بوخاریدا نیە.

ئافەرین کاك مەریوان ! ئائەمەیە ئەمانەتی زانستیو وەرگێڕانی ئیسلام کەهاوارو بانگەشەی بۆدەکەیت ؟!

٢/ کاك مەریوان لەوەرگێڕانی ئەم دەقە عەرەبیەی کە دەیداتەپاڵ بوخاریو لەبوخاریدا نیە چەند هەڵەیەکی نمونە شیری کابرای کۆلکە خوێندەوار دەکات :-

أ- لەبەشێك لەدەقە عەرەبیەکاندا هاتووە ( فيدخل الرجل منهم على أثنين وسبعين زوجة مما ينشيء الله ، وثنتين من ولد آدم ........ ).

کاك مەریوان لەوەرگێڕانی ئەم بەشەدا دەڵێت :( لەبەهەشتدا هەر پیاوێك دەچێتە لای (٧٢) ژن لەوانەی کەخوا بەتایبەتی دروستی کردوون، هەروەها دووکوڕی جوانو لوسیش لەکوڕانی ئادەم ........ )

بەمەش ئیسلام تۆمەتبار دەکات بەنێربازی کەلەبەهەشتدا هەر موسڵمانێك دووکوڕی جوانو لوسی هەیە بۆڕابواردنو کاری سێکسی.

ئـەم جـارەش دەستخۆشـی لەجـەنابی وەرگێـڕ دەکـەمو سـەد ئافـەرین بۆئـەم شارەزاییەی کـە (ثنـتین مـن ولـد آدم)ی بـەدوو کـوڕی جـوانو لـوس لـەکوڕانی ئـادەم وەرگێـڕاوەو نازانێـت لەلایەکـەوە (ثنـتین) (مؤنـث)ەو بۆمـێ نـەبێت بەکارنایـەتو لەلایـەکی تـرەوە ووشـەی (ولـد) لـەزمانی عەرەبیـدا تایبـەت نیـە بەکوڕ تابەکوڕ مانابکرێت.

لەزمانی عەرەبیدا جیاوازی هەیە لـەنێوان (ابـن)و(ولـد)، یەکـەمیان بـەمانا کـوڕ دێت، بەڵام (ولـد) بـەمانا لـەدایك بـوو، کـوڕو کچیش دەگرێتـەوە[٢] ، لـەقورئانو حەدیسیشـدا بەهـەمان شـێوە بۆکـوڕو بۆکچـیش بـەکارهێنراوە، ئـەوەتا کاتێـك عەرەبـەکان کچـیان زیندەبەچـاڵ دەکـرد خـوای گـەورە ئـەم کارەیـان لێ حـەرام دەکـاتو دەفـەرموێت (وَلا تقْتلُـوا أوْلادكُـمْ)[٣] بـەڵام کاتێـك فیرعـەون کـوڕ سەردەبڕێت خوای گەورە بۆمانی دەگێڕێتەوە دەفەرموێت (يُذَبِّحُ أبْنَاءَهُمْ)[٤].

بەڵام وادیارە مەریوان بەعەرەبی جلفەی عیراقی کەبـەکوڕ دەڵێن (ولـد)و بـەکچ دەڵـێن (بنیـة)، دەقـەکان وەردەگێڕێـتو نازانێـت دەقـەکان کـۆنترن لـەم مانـا جلفانەو بەهیچ شێوەیك دروست نیە دەقی عەرەبی ڕەسەن بەمانای جلفی لێـك بدرێتەوە.

ئەم نمونە وەرگێڕانە ئەو کابرایەم دێنێتەوە یاد کـەوتبوی لـەزەمانی پێغەمبـەر یوسف(ع.س)دا ئۆتۆمبێل هەبووە چونکە لەقورئاندا هـاتووە (وَجَاءَتْ سَيّارَة)[٥]، ئەم داماوە نازانێت (سيارة) واتە کاروان ، بۆیە توشی ئەم هەڵە گەورەیە بووە.

لەوهـەمووە سـەیرتر ئەوەیـە لەدەقەکـەدا چـەند بەڵگـە هـاتووە کـە ئـەم مانـا وەرگێڕانەی مەریوان پوچەڵ دەکاتەوە، هەرچەنـدە کاك مـەریوان لەهەمووپانـدا تووشی هەڵە بووەو ماناکانی ئاوەژوو کـردون، بۆنمونـە وشـەی (ثنـتین) کەتـەنها مێ دەگرێتەوەو بەس، وە ئەگەر کوڕی مەبەست بوایە (اثنين)ی بەکاردەهێنا.

هەروەها ووشەی ( الأولى منهما، عليها، كتفها، صدرها، ثيابها، جلدها، لحمها، ساقها، لها، كبدها، عندها، لايملها، لاتمله، لايأتيها، وجدها، عذراء، ولاتشتكي، قبلها، غيرها ) کەهەموویان تایبەتن بەمێ ، وە ئەگەر مەبەستی کوڕ بوایە ئەوا وشەکان بەم شێوەیە دەبوون ( الأول منهما، عليه، كتفيه، صدره، ثيابه، جلده، لحمه، ساقه، له، كبده، لايمله، لايمله، لايأتيه، وجده ) و(عذراء) يشى باس نەدەكرد، بەمەش دەردەکەوێت کەزیاتر لەحەڤدە هەڵەی کردووە، لەمەش سەیرتر ئەوەیە جەنابی مەریوان لەبڕگەی کۆتایی وەرگێڕانەکەیدا دەڵێت : هەرجارێك کەدەچێتەوە سەری دەبینێت هێشتا هەرکچەو کەس نەچووە بەلایدا.نازانم، گەر مەبەست کوڕە بۆدەبینیت هێشتا هەرکچەو، گەرکچە بۆکوڕە ؟!

ب- لەبەشێکی دیکەی دەقەعەرەبیەکەدا هاتووە :( ينظر إلى يده من صدرها. . ) مەریوان لەوەرگێڕانی ئەم بەشەدا دەڵێت :( لەسەر سنگیەوە تەماشای جەستەی دەکات).

ئەمەش هەڵەیەو ڕاستیەکەی ئەمەیە ( لەسنگیەوە تەماشای دەستی خۆی دەکات)، ئەم مانایەش ئەوە دەگەیەنێت کەلەشی وەك بلوری بێگەرد وایە گەرپیاوەکەی دەست بخاتە نێوان هەردوو شانیەوە لەسنگیەوە دەستی خۆی دەبینێت.

ئەم دومانایەش لەیەکەوە دوون.

ج- لەبەشێکی دیکەی دەقەکەدا هاتووە ( لينظر إلى مخ ساقها كما ينظر أحدكم إلى السلك في قصبة الياقوت ) کاك مەریوانیش بەم شێوە وەریگێڕاوە :( وەك ئەوەی کەئێوە تەماشای ناوکی یاقوت دەکەن ئاوا مۆخی ئێسقانەکەشی دەبینێت) ئەمەش هەڵەیە چونکە (سلك) ناوك نیە بەڵکو پەتە[٦] و لێرەدا بەمانای ئەو پەتەی دەنکە یاقوتەکانی پێ دەهۆنرێتەوە هاتووە . .

د- مەریوان لەوەرگێڕانی دەقی ( كبده لها مرآة، وكبدها له مرآة)دا دەڵێت :( ناوقەدو كەمەریان بۆیەكتر دەبێت بەئاوێنە). ئەمەش هەڵەیە چونكە (كبد) واتە جگەرو بەمانای قەدوكەمەر نەهاتووە .

كاك مەریوان دوای تۆمەتباركردنی ئیسلام بەنێربازی بەم وەرگێڕانە سەروگوێلاك شكاوەی خۆی دەڵێت :( لەڕاستیدا ئەم ڕیوایەتە كەپڕە لەدیمەنی خرۆشاندنی سێكس‌و وەك فلیمێكی دیكۆمێنتی سێكسی وەهایەو نوكتەیەكمان بیردەخاتەوە كەمەسعود محەمەد لەكتێبەكەی خۆیدا دەیگێڕێتەوەو دەڵێت :( كەسێك لەكۆڕێكدا لەڕووی زانستی و تەندروستی‌و كۆمەڵایەتی‌یەوە زیانەكانی نێربازی باس كردووە، یەكێك لەمیوانەكان كە نێرباز بووە هەستاوە لەجیاتی ڕوونكردنەوە یەك جڕتی نایابی بۆلێداوە).

لەسەر ئەم بڕگەیەش ئەم دوو تێبینی‌یەم هەیە :-

١/ بۆهەموو ئەوانەی كەمێك شارەزاییان لەئیسلامدا هەیە دەزانن كەنێربازی لەئیسلامدا حەرامەو بەهیچ شێوەیەك‌و لەهیچ كاتێكدا حەڵاڵ نەكراوەو چەند فەرمودەیەك لەسەر حەرام بوونی هەیەو لەقورئانی پیرۆزدا بە ( فاحشة وعدوان و جهل وإسراف و فساد  وإجرام و سوء وسيئة وفسق و خبيثة و ظلم) دانراوە، گەرلەبەر نەبوونی كات‌و دەرفەت نەبوایە لەلایەكەوەو لەلایەكی دیكە چونكە مەبەستی سەرەكیمان لەم بەشەدا هەڵەی وەرگێڕانە ئەوكاتە بەدرێژی باسی ئەو ئایەت‌و دەقانەمان دەركرد كەئەم كارەیان قەدەغەكردووە.

٢/ سوپاسی كاك مەریوان دەكەم بۆزمانی دیالۆگی‌و جڕتە نایابەكەی، بەڕاستی من لەخێزانێكدا پەروەردە نەبووم زمانی جڕت بزانێت، و پێشەواو سەروەرو مامۆستاكەشم كەپێغەمبەری ئازیزە(د.خ) فێری ئەم جۆرە دیالۆگەی نەكردووم، بۆیە بێدەنگی لێرەدا جوانترین وەڵامەو، هەریەكێك لەمامۆستاكەی خۆی شت فێرئەبێت.

٣ :- له ل(٢٠٣)دا ريوايەتێك دێنێتەوە كەبەم شێوەيەيە (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف) لەوەرگێڕانی ئەم دەقەدا دەڵێت :( بەشێك لەنەتەوەكەم عەورەتی ژنە ئازادەكانو قوماشی ئاوريشمو مەشروبو ئامێری مۆسيقا حەڵاڵ دەكەن).

پاشان جەنابی كاك مەريوان داوامان لێدەكات بەچاوێكی وردبينانەوە بڕوانينە ئەم فەرمودەيە كەدەڵێت ( يستحلون الحر) واتە ژنانی ئازاد بۆخۆيان حەڵاڵ دەكەن ، بەڵام نەك هەموو ژنێك بەڵكو تەنها ژنە ئازادەكان(الحر) . . !! ئەمەش نائينسانيەتی كەنيزەكەكانمان لەئاينی ئيسلامدا نيشان دەدات كەپێی وايە كەنيزەك لەهەرحاڵو بوارێكدابێت ناچێتە پلەو پايەی ژنە ئازادەكانەوەو كەنيزەك لەهەموو دەمێكدا حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر ژنە ئازادەكان حەڵاڵ كران ئەوە ڕۆژی قيامەت ڕوو ئەدات، لێرەشدا كاكی وەرگێڕو شارحی بوخاری جەنابی كاك مەريوان ئەكەوێتە گۆمی هەڵەوەو پەلەقاژەيەتیو نازانێت چۆن خۆی ڕزگار بكات.

ووشەی (الحر) حائەكەی مەكسورەو ، لەبنەڕەتدا ( حَرِحَ)ەو كۆيەكەی (أحراح)ەو بەمانا فەرجە[٧]، فەرجيش تايبەت نيە بەژنانی ئازادەوە بەڵكو كەنيزەكيش دەگرێتەوە.

بەڵام مەريوان چونكە بەچاوێكی ووردبينانەوە سەيری ئەم دەقە ناكات — وەك خۆی دەڵێت — بە(الحُر) دەيخوێنێتەوەو مائەكەی بۆردار (مضموم) دەكاتو بەمانای (ئازاد) لێكی دەداتەوە.

لەدوای ئەم هەڵەيە دەكەوێتە هەڵەيەكی سەيرترو ئەم (حُر)ە بۆرداره بەژنانی ئازاد مانادەكات، ئەمەش هەڵەيەكی ديكەيەو نازانێت (حُر)نيەو (حِر)ە، وەئەگەر (حُر)يش بێت بەمانای ژن نايەت چونكە نێرە(مذكر)ەو مێ نيە، گەر مەبەستی ژنانی ئازاد بوايە دەيفەرموو (الحرة) .

بەکورتی مانای فەرمودەکە ئەوەیە کەئەوکەسانە فەرج حەڵاڵ دەکەن واتە زینا بەحەڵاڵ دادەنێن‌و ئەمەش هیچ پەیوەندی‌یەکی بەژنی ئازادو کەنیزەکەوە نی‌یە.

گەر مەریوان‌و دارو دەستەکەی کەمێك نەحویان بزانیایە شیعرەکەی (ابن مالك)یان بەرچاودەکەوت‌و تووشی ئەم ڕوزەردی‌یە نەدەبوون:-

ابن مالك لەئەلفیەکەیدا دەڵێت :-

وإنما تلزم فعلَ مضمرٍ متصلٍ أو مفهومٍ ذاتَ حِر [٨]

٤ :- لە ل(٢١٥)دا ئەم دەقە عەرەبیە دێنێت :( خطب علي بن أبي طالب فقال : يا أيها الناس أقيموا على أرقائكم الحد من أحصن منهم ومن لم يحصن . . . . ) لەدوایی‌دا پەراوێزێکی بۆدادەنێ‌و ئاماژە بۆسەرچاوەی ( صحيح البخاري : باب تأخير الحد عن النفساء ) دەکات‌و بۆ وەرگێڕانی دەقەکە دەڵێت :( . . . . کۆی ڕیوایەتەکە لەزمانی عەلی یەوە دەڵێت : ئەی خەڵکینە داری حەد جێ‌بەجێ‌بکەن لەسەر ئەو کەنیزەکانەی کەداوێن‌پاکیان هەڵبژاردو زینایان نەکرد، وەبۆئەو کەنیزەکانەشی داوێك پاکیان هەڵنەبژارد . . . . . )، لێرەشدا مەریوان ڕووبەڕووی چەند هەڵەیك دەبێتەوە:-

١/ مەریوان ئاماژە بۆ سەرچاوەی سەحیحی بوخاری دەکات، بەڵام ئەبێ ببورێت لەسەحیحی بوخاریدا نیە .

٢/ ووشەی (أرقاء) کەنیزەك نی‌یە، بەڵکو کۆی (رقيق)ەو ئەم وشەیەش چونکە لەسەر وەزنی (فعيل)ەو بەمانا مفعولە بۆنێرو مێش بەکاردێت، واتە بەمانای کۆیلەو کەنیزەك دێت نەك تەنها کەنیزەك وەك مەریوان مانای کردووە، بۆیە ئەوانەی شەرحی ئەم دەقەیان کردووە بەکۆیلەش‌و کەنیزەکیش مانایان کردووە[٩] . گەرمەبەستی تەنها کەنیزەك بوایە ووشەی (إماء)ی بەکاردەهێنا، لەلایەکی دیکەوە لەبری (منهم) وشەی (منهنّ)ی بەکار دەهێنا، بەڵام چونکە

مەریوان‌و یاریدەدەرانی لەعەرەبیدا کۆڵن جیاوازی نێرو مێ ناکەن توشی ئەم هەڵانەش دەبن.

٣/ ووشەی (أحصن)ی بەوانە لێکداوەتەوە کەداوێن پاکێیان هەڵبژاردووە، ئەم مانایەش ناگونجێت‌و گەربگەڕایاتەوە بۆئەو زانایانەی شەرحی دەقەکەیان کردووە لە ماناکەی تێدەگەشت [١٠]، هەروەها گەرداوێن پاکیان هەڵبژاردبێ چۆن زینا دەکەن ؟!! ، وشەی (أحصن) لێرەدا بەمانای ژن هێنان‌و شوکردنە، ئەو کاتەش حەدیسەکە ئەوە دەگەیەنێت کەکۆیلە ژنی هێنابێ یان نا، کەنیزەك شووی کردبێ یان نا، گەر زینایان کرد ئەبێت حەددیان لێبدرێت.

٥ :- لە ل(٢٣٣)دا ئەم فەرمودەیە دێنێت :( من قذف مملوكة بالزنى يقام عليه الحد يوم القيامة)، بەم شێوەیەش وەری‌دەگێڕێت (گەر خاوەندارێك کۆیلەی خۆی لەسەر زینا سزاداو دوایش دەرکەوت کەکۆیلەکە بێتاوان بوو ئەوە خوا لەودنیا داری حەد لەخاوەنەکەی دەدات )، ئەم وەرگێڕانەش وەك ئەوانەی پێشوو بەلگەیەکی ئاشکراو ڕوونە لەسەر نەخوێنەواری‌و ناشارەزایی مەریوان‌و هاوەلانی لەزمانی عەرەبیدا، بەلام پێش ئەوەی هەڵەی برادەران ئاشکرابکەم ئەمەوێت ئەوە ڕابگەیەنم مەریوان دەقەکەی بەتەواوی نەهێناوەو لەکۆتایی دەقەکەدا برگەی (إلاّ ان يكون كما قال)ی بڕیوە، ئەم جۆرە دەستکاری‌کردنی دەقە تەنها تایبەت نیە بەم دەقەوە، بەلکو لەزۆر جێگادا نمونە گەلێکی وامان بەرچاودەکەوێت، بەلکو لەدەرفەتێکدا بیانخەینە ڕوو.

هەڵەی مەریوان لەوەرگێڕانی ئەم دەقەدا ئەوەیە ووشەی (قذف)ی بەسزادان لێکداوەتەوە، ئەمەش جگە لەناشارەزایی نوسەر لەزمانی عەرەبیدا ناشارەزایشی لەشەرعدا پیشان دەدا، چونکە گەر کەمێك شارەزایی هەبوایە دەیزانی کە (قذف) بابێکی گەورەیە لەشەرعداو بەمانای تۆمەتبارکردنە بەزینا نەك سزادان لەسەر زینا، بەمەش دەردەکەوێت کەمانای فەرمودەکە ئەوەیە

(هـەر خاوەنــدارێك كۆیلــەی خــۆی بــەزیناكردن تۆمــەتباربكا، ئــەوە لــەڕۆژی قیامەتدا داری حەد لەخاوەنەكەی دەدرێت، بـەڵام ئەگـەر كۆیلەكـە وەك ئـەوەی خاوەنەكەی وتبوی وابوو ئەوە حەددی لێ نادرێت.

٦ :- لــە ل(١١٥)دا دەقێــك دێنێــت كــەباس لــەوەدەكات ژنێــك پرســیاری لــە پێغەمبەر(د.خ) كردووە : ئەی پێغەمیەری‌خوا ، ژن لەئێمە شوو بەدوان‌و سیان‌و چوار  دەكات لەپاشان دەمرێت‌و دەچێتە بەهەشتەوەو مێردەكانیشی دەچێتە بەهەشتەوە، كامیان دەبێتە مێردی ؟ فەرمووی: ئەی دایكی سەلەمە ( إنها تخير فتختار أحسنهم خلقاً) .

مـەریوان لێـرەدا ئـەم بڕگەیـە بـەم شـێوەیە وەردەگێڕێت :( ژنەكـە بـەئارەزووی خۆی جوانترین كەسیان هەڵدەبژێرێت‌و لەگەل ئەو دەبێت ).

ئەمـەش هەڵەیـەو ڕاسـتی‌یەكەی ئەمەیـە ( ژنەكـە بـەئارەزووی خـۆی كامـەیان ڕەوشتی جوانترە ئەوەیان هەڵدەبژێرێت ) ، جوانترین لەكوێ‌و كامەیان ڕەوشتی جـوانترە لـەكوێ ؟ بەڕاسـتی كاتێـك ئــەم نمونــە وەرگێڕانــە دەبیــنم بــەزەییم بەوڕۆشـنبیرو دامودەزگـا ڕۆشـنبیری‌یانە دێتـەوە كەپشـت بـەم نمونـە وەرگێڕانـە دەبەستن.

لەكۆتایی‌ـدا دەڵـێم :- گەربمانــەوێ هــەموو ئـەو هەڵانــەی نووســەر بخەینــەڕوو كەلەوەرگێڕانــدا كردوونــی كــاتێكی زۆرمــان دەوێــت‌و بەمەقالەیــەك‌و دوان تەواونابن، بۆیە لێرەدا دەست لەقەڵەم هەڵدەگرین.

پەراوێزەكان:-

١- الأعمال الكاملة للشيخ معروف النودهي – القسم الثاني – المجموعة اللغوية – الأحمدية : ص ٣٧.

٢- الفروق اللغوية لأبي هلال العسكري – مؤسسة النشر الإسلامي – قم – سنة ١٤١٢هـ - ص ١٢.

٣- الإسراء / ٣١.

٤/ القصص / ٤٠.

٥/ يوسف / ١٩.

٦/ مختار الصحاح لمحمد بن أبي بكر الرازي – دار الكتب العلمية – بيروت – ط ١ سنة ١٤١٥هـ ص ١٦٦.

٧- النهاية في غريب الحديث لإبن الأثير – مطبعة مؤسسة إسماعيليان – قم – الطبعة الرابعة – سنة ١٣٦٤ش – ج١ – ص ٣٥٢.

٨/ البهجة المرضية في شرح الألفية لجلال الدين السيوطي – دار الهجرة رقم : ج١ / ٢٩٨.

٩- تحفة الأحوذي في شرح الترمذي للمباركفوري محمد بن عبدالرحمن – دار الكتب العلمية – بيروت – ط١ – سنة ١٤١٠ هـ - ج٢ / ٥٩٤ – ٥٩٥.

١٠- سەرچاوەی پێشوو : ج٤ / ٥٩٥.

kharpani@yehoo.com

تێبینی/ نوسەری ئەم بابەتە

سەرۆکی بەشی خوێندنی ئایینیە لە زانکۆی کۆیە

# ئیشکالیەتەکانی خوێندنەوەی دەق و مێژوو لە کتێبی: ( سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا )

## هێمن خورشید

نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەیە، لەمەیش خراپتر ئەوەیە ، ئەم نەخوێندەوارییە بوغزوکینەی لە گەڵدا بێت... لەم دووانەیش خراپتر ئەوەیە، ئەو دووانەی سەرەوە لەگەڵ بوونی بڕیاری پێش وەختدا ئامادەبن..

لەڕاستیدا کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) کە کەسێك بەناوی (مەریوان هەڵەبجەیی) نوسیوێتی، یەکەم کتێب نیە کە بە شێوازێکی ساویلکانەو هەستێکی نەفریناوی بەرامبەر بە ئایین و خوێندنەوەیەکی دیماگۆجیانەی پڕ لە هەڵە و کەموکورتی ... نووسراوە بەڵام قەدەری ئەم کتێبە

ئـەوەبوو کـە نـاوی بکەوێتـە نـاو ناوانـەوە و ببێتـە هـۆی ئـەوەی پـەردە لەسـەر دزێوییەکانی خۆی و هاوشێوەکانیشی هەڵبدرێتەوە ...

لـەم کورتـە باسـەدا هەوڵمانـداوە بـەخێرایی و سـەرپێیانە چـاوێك بخشـێنین بـە هـەموو بابەتـەکانی ئـەو کتێبـەدا و لەسـەر هەنـدێك ئیشـکالیەت بووەسـتین، ئیشکالیەت نەك هەڵە.. چونکە ئیشـکالیەت بنەمایـە بـۆ دەیـان و ڕەنگـە بڵـێین سەدان هەڵەیش ... وشەی (إشكال يان الاشكال) ووشەیەکی عەرەبییەو لە (المعجم الوسيط) دا هاتووە الاشكال : الامر يوجب التباساً في الفهـم ، واشـكال التنفيـذ (في قـانون المرافعـات): منازعـة تتعلـق بـاجراءات تنفيـذ الحكـم)[١] لـە (فەرهـەنگی شیرین)ی مامۆستا (فاضل نظام الدين)دا هاتووە: (شكل . شـكّل . إستشكل الامـر: التبس / ئاڵۆزبوو)[٢].

لە زمانی کوردیدا (ئیشکال – ئیشکالیەت) بۆ واتایەکی فراوانتر بەکار هاتووە، تـا ئێستایش لە نووسیندا دەبینرێت و بگرە ئێستا زیاتر بەکاردێت.

ئەم ووشەیە لە نووسینی تازەی کوردیـدا بـەو واتایـە دێـت: لـە بنـەماوە هەڵـە و جێگەی پرسیارو گومانەو، شتێك کە قابیلی ڕەخنەگرتن بێت ، بۆ نمونە دەڵێن: ئیشکالیەتی ئەم کارەی من لـە چیدایە؟ ئەمـە بـەو واتایـە نیـە کـە ئـاڵۆزی ئـەم کارەی من لە چیدایە، بەڵکو بەو واتایەیە: (خلل)ی ئەم کارەی من لە چییدایە؟ بەهەر حاڵ لەم نووسینەدا ئیشکالیەت وا بەکار هاتووە..

ئەوئیشـکالیەتانەی لێـرەدا خراونەتـە ڕوو پەیوەنـدیان تـەنها بـەم کتێبـەو نوسەرەکەیەوە نیە، بەڵکو هـەموو ئـەو کتێبانـەی لەسـەر ئـەو شـێوازە نوسـراون دەگرێتەوە، بەڵام کتێبی (سێکس و شـەرع ژن لـە مێـژووی ئیسلامدا) کـراوە بـە نمونە، و ئەوەی لەم کتێبەدا هەیە هەمان ئەو شتانە لە کتێبە هاوشێوەکانیشیدا هەیە، ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین ئەگەر بڵێین ئەم کتێبە زۆرێك لـە بابەتـەکانی لـە کتێبـەکانی پـێش خـۆی وەرگرتـوە و بۆیەیـەکی کـردوەو کردویـەتی بـە مـوڵکی

خۆی، بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین کە ئەم کتێبە هەڵەی وای تێدایە (هەر لە هەڵەی لۆژیکیەوە تا دەگات بە هەڵەی زمانەوانی) کە نوسەرەکانی پێش خۆی هەر بیریشیان بەلای دا نەڕۆیشتوە!! لێرەدا ئێمە ئاماژەمان بە ١٢ ئیشکالیەت کردووە ، بۆ هەر یەکێکیشیان چەند نمونەیەکمان هێناوەتەوە، هێنانەوەی یەك یان دوو بەڵگە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستە، نەك بەو مانایەی کە ئەمە هەموو هەڵەکان بێت، چونکە کتێبێکی سێ سەدو ئەوەندە لاپەڕەیی، ناکرێت لە خوێندنەوەیەکی خێرادا هەموو هەڵەکانی دەست نیشان بکرێت و لە وتارێکی چەند پەڕەییدا جێ بکرێتەوە ، چ جای نوسینێکی وا کە ڕەنگە پێویست بکات بەدوای راستیەکانیدا بگەڕێیت، تا بەمەقاش دەریان بهێنیت!.

## ئیشکالیەتەکان:

### ١- بێ ئاگایی لە زمانی عەرەبی و بەهەڵە وەرگێڕانی دەقەکان:

ئاشکرایە سەرچاوەی سەرەکی ئیسلام، قورئان و سونەتە، قورئان : قسەی خودایە، و سونەتیش بریتیە لە گوفتارو کرداری پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، ئەم دوانەیش هەردوکیان بە زمانی عەرەبین ئەگەر کەسێك بیەوێت یەك لاپەڕەیش لەسەر ئیسلام، یان لەبارەی ئیسلامەوە بنوسێت، ئەوا دەبێت زۆر بەباشی شارەزایی زمانی عەرەبی بێت، تێگەیشتنی دەقی قورئانی جیاوازە لە فەرمودە، ئەمەی دوایش جیاوازی هەیە لەگەڵ نوسینی تردا.. واتە ڕەنگە کەسێك عەرەبییەکی باشیش بزانێت، بەڵام لەشی کردنەوەی ئایەتێك، یان فەرمودەیەکدا بچەقێت! فەرموون با چەند نمونەیەك لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن..) وەربگرین و بەویژدانەوە لێی بڕوانین دوایش بڕیار بدەین، بزانین ئایا شایانە کەسێکی وا دەم لە باسی دەق و شی کردنەوە و ڕەخنەکردنی دەق بکوتێت؟!..

**نمونەکان:**

أ – لەشـەرحی فەرمودەیەکدا کـە ووشـەی (الحِـرّ)ی تێـدا هـاتوە، کـە بـاس لـەوە دەکات یەکێك لە نیشانەکانی قیامـەت، هـاتنی کۆمەڵەخەڵکێکە (یسـتحلون الحـر والحرير والخمرة والمعازف .....) مەبەستمان لێردا ووشەی (الحِرّ)ە ، بابزانین ئـەم بلیمەتە چۆنی تەرجەمە کردوە و هەر بەمەشـەوە نەوەسـتاوە بـەڵکو دونیایـەك لە خەیاڵاتیشی لەسـەر بنیـات نـاوە، لـە لاپـەڕە (٢٠٣) ی کتێبەکەیـدا دەنوسـێت: (یستحلون الحر) : واتە ژنانی ئازاد بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکـەن: پـێش ئـەوەیش بـە چەند دێڕێك، دوای هێنانی دەقـی عـەرەبی فەرمودەکـە، دەنوسـێت: (یـەکێك لـە نیشانەکانی ترسناکی سێکس لای پەیامبەر بۆ ڕودانی رۆژی قیامەت ئەوەیـە کـە وتوویەتی : بەشێك لەنەتەوەکەم عەورەتی ژنـە ئازادەکـان و ... حـەڵاڵ دەکـەن) ئەم کلۆڵە پێمان نالێـت لـە کوێ و لـە چ فەرهـەنگێگ وە یـان لـە چـی کتێبێکـی شەرحی فەرمودەدا مانای ووشـەی (الحـر)ی دەرهێنـاوە، کـە بـەواتای (ژنـی ئـازاد هاتبێ) ! جارێك ئەو بـە (الحُرّ) (الضمة علی الحـاء) لـە ووشـەکە تێگەیشتوە، کـە لەڕاستیدا وانیە، بەڵکو لە هەر کتێبێکی شەرحی فەرموودەدا کە ئەم فەرمودەیە باس کرابێت شتی وا باس نەکراوە، بەڵکو (الحِرّ) (الحاء المكسورة).

عەلامە(ابن القیم) دەڵێت: (فإن كان بالحاء والراء المهملتين، فهو استحلال الفـروج الحرام، وإن كان بالخاء والزاي المعجمتين فهو نوع من الحرير)[٣] واتـە : ئەگـەر بـە (حِرّ) هاتبێ ئەوا بە مانـای حـەڵاڵ کردنـی دامێنـی حـەرام دێـت (واتـە زینـا) وە ئەگەر بە (خز) هاتبێ ئەوا حەڵاڵ کردنی جۆرێکی حەریرە....)

ئەگـەر وا دانـێین (الحُـرّ) بێـت، لـە کـوێی ئـەم وشـەیەدا مانـای (داوێنـی ژنـە ئازادەکان) ی دەرهێناوە ، (الحُرّ) : واتە پیاوی ئـازاد، ئەگـەر ژنـی ئـازادیش بوایـە دەیووت (الحُرّة)، بەڵام باسی داوێن ئەوکاتیش لە ئارادا نەدەبوو!..

ب- له لاپەڕە( ١١٦)دا دوای هێنـانی ئـەم فەرمودەیـە :( .... فیـدخلوا رجـل مـنهم على ثنيتن وسبعين زوجة مما ينشئ الله، وثنتين من ولد آدم، لها فضل على مـن أنشأ الله لعبادتهمـا الله في الـدنيا يـدخل على الاولى منهمـا، ...... وعليهـا ...... ثـم يضـع يـده على كتفيهـا .. ثـم ينظـر .... مـن صـدرها مـن وارء ثيابهـا وجلـدها ولحمها....) فەرموون لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم دەقە لەلایەن ئـەو کەڵـە نوسـەرەوە: (هـەر پیاوێـك دەچـێتە لای (٧٢) ژن لەوانـەی کـە خـوا بـە تایبـەتی دروسـتی کـردوون، هـەروەها دوو کـوڕی جـوان و لوسـیش لـە کـوڕانی ئـادەم زۆر لەوانـە جـوانترو باشـترن کـە لـەم دونیایـەدا دروسـت کـراون، ...) لێـرەدا دەسـتەواژەی (واثنتین من ولد آدم) بە (دوو کوڕی جوان و لوس) تێگەیشتوە، زۆر لێـی نـاگرم ڕەنگە بۆ ئەو گران بێت بزانێ (ثنتین) بۆ (مؤنث) بەکار دێت و ئەگەر (مـذکر) بوایە دەبوایە بیگوتبا (إثـنین)، بەمـەش دەردەکـەوێت مەبەسـت لـە (ثـنـتين مـن ولد آدم) دووئافرەتە نەك دوو کوڕ، بەڵام نازانم کوا جێگەی (جوان و لـوس) لـە دەقـە عەرەبیەکـەدا؟! . ئەمـەش قـەینا .. دەقـی (لهمـا فضـل علـى مـن انشـاء الله لعبدتهما الله في الدنيا)ی وا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی (زۆر لەوانە جوانترو باشترن کە لەم دونیایەدا دروست کراون)!

لەکاتێکدا مانای دەقەکە ئەمەیە (ئەو دوانە ـ مەبەست لـەو دوو ئافرەتەیـە ـ لـە دروستکراوەکانی تری خودا پلەیان بەرز ترە، یان باشترن، بە هۆی پەرستنیان بۆ خودا لە دونیـادا) ئەمـە وەرگێڕانـی دەقێکـی وا سـادە بێـت، دەبێـت بـۆ لەمـەودوا چـاوەڕێی چـی بکـەین؟.. ئەگـەر چـاو لەوانـەی سـەرەوەیش هـەموو بپۆشـین، نـاتوانین لـەوە خـۆش بـین کـە ئـەم پیـاوە تـا ئێسـتاش جیـاوازی نێـوان جێنـاو (ضمیر)ی (ها) و (ە) ناکات، و نازانێت (ها) بۆ (مؤنث ـ مێینە) بەکار دێت، دەنـا ئەو هەموو (ها)یانەی کە دێت لە فەرمودکەدا لە نمونەی (علیها، کتفها، صـدرها،

ثیابهـا، جلـدها، لحمهـا) ... هـەروەها (یـدخل علـی الاولی منهمـا)، (الاولی): بـۆ (مؤنث)ە، و ئەگەر بۆ (مذکر) بووایە، دەبوایە بیگوتبا (الاول)!

ج – بڕوانە وەرگێڕانی ئەم فەرموودەیە: لاپەڕە (٢٣٣ - ٢٣٤) ... ابو هریـرة قـال: قال ابو القاسمﷺ ثـم مـن قـذف مملوکـه بـالزنی یقـام علیـه الحـد یـوم القیامـة. وەرگێڕانەکـەی: (گـەر خاوەنـدارێك کۆیلـەی خـۆی لەسـەر زینـا سـزادا و وایـش دەرکەوت، کە کۆیلەکە بێتاوانە، ئەوە خوا لەو دونیـا داری حـەد لـە خاوەنەکـەی دەدات).

بڕوانە رستەی (قـذف مموکـه بـالزنی)ی بـە (کۆیلـەی خـۆی لەسـەر زینـا سـزادا) وەرگێڕاوە، ( القذف بالزنی) بە واتـای ( بـەبێ بەڵگـە تۆمـەتبار کـردن بـە زینـا) دێت لە ( المعجم الوسیط) هاتووە: (وقـذف المحصنـة: رماهـا بـالزنی)[٤]، هـەروەها (یقام علیـه الحـد) ی بـە (داری حـەد لـە خاوەنەکـەی دەدات) وەرگێـڕاوە، نـازانم بگریم یان پێبکەنم، بگریم بۆ حاڵی ئیسلام کە لەدوای (غەزالی) و (ابـن تیمیـە) مەریوان هەڵەبجەیی پەیـدا بـووە، یـان پێبکـەنم بـە حـاڵی ئـەو قەڵـەم بەدەسـتە ساویلکانەی کە ئەم نووسینەی مەریوان بە شاکار ناو دەبەن؟!..

کەچـی لەسـەر ئـەم بنـەما پووچـە، دونیایـك خـەیاڵاتی هەڵچـنیوە و بەگاڵتـە پێکردنەوە دەنووسێت: (بەڵام ئەگەر خاوەن کۆیلەیەك، کۆیلەیەکی بێتاوان سـزا بدات، یان بیکوژێت، ئـەوە لـەم دونیـا وازی لێـدەهێنرێت لـەنازو نیعمـەتی ... و تەنها لەو دونیا حسابی لەگەڵ دەکرێت، حسابەکەش داری حەددە....!!

من نازانم چی ڕاستبکەمەوە، لە کاتێکدا ووشەی ڕاستی تێدا نییـە، کلۆڵی بگـات بەو رادەیەی (إقامة الحد) بە (داری حەد) تێبگات، ئیتر من چی پێ بڵێم؟!..

کەچی (إقامە الحد) بـەواتای (سـزادان بـە پێـی یاسـا) دێـت. ئەگـەر ئـەم کابرایـە (١٠٧) سەرچاوەی عەرەبی – بەقسەی خۆی – بەکار هێناوە، کە زۆریـان عـەرەب

زانێکی زۆر باش نەبێت لێیان تێناگات، نازانم ئەم کە عەرەبیەکەی دوکەڵ دەکات، و (قل) لە (فل) ناکاتەوە، چۆن بەکاریانی هێناوە؟!

د – لە لاپەڕە (٣٠٧) دا دەنووسێت (... ئەوەی شایەنی باسە لە هەموو ساڵەکانی خەلافەتیدا (مەبەستی لە عومەرە) تەنها ڕێگەی لە دوو ژنی پەیامبەر نەگرتبوو حەج و عەمرە و سەفەر بکەن، ئەو دووانەش (زەینەب) ی خۆشەویست بووە لەگەڵ (سەودە)ی پیرو پەککەوتەدا، بەدوایشیدا دەقە عەرەبیەکەی هێناوە (فکان کلهن یسافرن الا زینب وسودة فإنهما قالتا لا تحرکنا دابة)

ئایا ئەو کەسەی تەنها بزانێت (الا) مانای چییە، لای ئاشکرا نابێت کە ئەم دەقە ڕێك بە پێچەوانە وەرگێڕدراوە؟!..

هـ – لە لاپەرە (٢٦١) دا باس لەوە دەکات سێ هاوەڵی پێغەمبەر (جریر بن عبداللە) و (مروان) و (عبداللە بن عمر)، عومەری کوڕی خەتتاب دەنێرنە داوای ژنێك، ئەویش دەڕواتە لای ژنەکەو پێی دەڵێت: (جَریر بن عبداللە) داوات دەکات و ئەهلی خواردنەوەیە (أهل المشرب)، ئەی هاوار لە دەست بێئاگایی ئەم مەخلوقە ، (أهل المشرب) بە ئەهلی خواردنەوە تێگەیشتووە!!

هیچ نەبێت خۆ دەیتوانی لاپەڕە (٣٤٠)ی (فەرهەنگی شیرین) بکاتەوە، تا بزانێت (مَشرب : - میل، ذوق: ئارەزوو)ە ، واتە کەیف خۆشە، یان بە زەوقە، نەك ئەهلی خواردنەوەیە..

و – لە لاپەڕە (٧٤)دا ئەم ئایەتەی سورەتی (مریم) ی هێناوە: (فأتخذت من دونهم حجابا فأرسلنا الیها روحنا فتمثل لها بشرا سویاً) مریم / ١٧

ئینجا هاتووە بەم شێوەیە تەفسیری کردووە: (جا لە نێوان خۆی (پەیامبەر) و ئەواندا پەردەپۆشێکمان (حجاباً) ڕایەڵ کرد و جوبرەئیلیشمان وەك بەشەرێکی تەواو ناردەلای).

لــه تەفســیری ئــەم راڤــەکارەدا بکــەر (فاعــل) (نحــن) — واتــە : ئێمــە یــە : (پەردەپۆشـێکمان ڕایـەڵ کـرد ....) لـە کاتێکـدا لـە دەقـی ئایەتەکـەدا بـاس لـە (مـریم) دەکـات و (فاعـل)ی رسـتەکە جێنـاوێکی نادیـار (ضـمیر مسـتتر)ە کـە تەقدیرەکەی (هي) یە، و (ت) کەیش (تاء تأنیث الساكنة) یە کە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی (فاعل)ی ڕستەکە (مؤنث - مێینە)یە.

ئەو دەڵێت ... (لە نێوان خۆی (پەیامبەر)و ئەواندا ...) نازانم ئەمانەی لە کوێ هێناوە ... دەستەواژەی ( لەنێوان) بەرامبەرەکەی لە عەرەبیدا (من بین ....)یە، کە لە دەقەکەدا شتی وا بەرچاو ناکەوێ!

لەراستیدا واتای ئایەتەکە ئەوەیە ( مەریەم لە قەومەکەی خۆی دوورخستەوە بە پەردەیەك خۆی لەوان جیا کردەوە ....)

ز — هەر لە هەمان لاپەڕەدا (لاپەڕە ٧٤)، ئایەتی (٣٢)ی سورەتی (ص)ی هێنـاوەو دوایش راڤەی کردووە. (فقالا راستیەکەی فقالَ) إني أحببت حُب الخير عـن ذكـر ربي حتى توارت بالحجاب) ئاوەهای راڤەکردووە: (وتی : مـن هەمیشـە حـەزم لـە کـاری چـاکەیە، بـەڵام نـەك ببنـە بەربەسـتێك (بالحجـاب) پـەروەردگارم غـافڵ بکەم).

ئەو (أحببت حب الخير)ی بە (حـەزم لـە کـاری چاکەیە) وەرگێـڕاوە، لـە کاتێکـدا (الخير) لـەم ئایەتـەدا بـەواتای (الخيـل) واتـە : ئەسـپ هـاتووە: (إنـي اثـرت حـب الخيل على صلاتي العصر لله تعالى)[5] واتە (من خۆشویستنی ئەسـپ (یـان ئەسـپ سواری)م دابەسەر نوێژەکەی عەسرمدا ....)

(حتـى تـوارت بالحجـاب) : (غربـت الشـمس أو غابـت الخيـل عـن بصـره لظلمـة الليل)[6]، واتە : خۆرئاوابوو، یـان ئەسـپکەی لەبەرچـاو ون بـوو بـە هـۆی تـاریکی شەوەوە...)، کەچی ئەم ڕاڤەکاری ئاخر زەمانـە، دەنووسـێت : (بـەڵام نـەك ببنـە

بەربەستێك (بالحجاب) پەروەردگارم غافڵ بکەم) نازانم ئەمەی لە کوێ هێناوە؟!
پێشمان ناڵێت پەروەردگار چۆن غافڵ دەکرێت؟!..

ح – لە لاپەرە (٦٦)دا ڕاڤەی ئەم ئایەتە (.... ولا یلتفت منکم أحد الا أمرأتك إنه مصیبها ما أصابهم إن وعدهم الصبح الیس الصبح بقریب) ئاوا دەکات : ( ... ژنەکەت نەبێت، چونکە ژنەکەت وەك ئەوان تووشی هەمان شێوە جنس (... دان لە کونی دواوە) بووە و ڕستەی (مصیبها ما أصابهم ) بەو مانایە دێت : (تووشی هەمان سزای ئەوان دەبێت)، کەچی ئەو بەوە لێکی داوەتەوە: تووشی هەمان شێوە جنس بووە...، (مصیبها ) هەواڵدانە لە داهاتوو، بەڵام هەیهو ئەو چووزانێت داهاتوو چییەو ڕابردوو چییە؟!.

٢- بێئاگایی لە زانستی شەرعی:

هەرکەسێك بیەوێت لەبارەی ئیسلامەوە بدوێت دەبێت لانی کەم لە زانستەکانی قورئان (علوم القران) و زانستەکانی فەرموودە (علوم الحدیث) و .... شتێك بزانێت ، کەچی ئەم کابرایە لەمەیشدا کۆڵەو تەپە ناپێکێت..

دەبێت ئەوە بیری خوێنەر بخەمەوە کە ئەم کابرایە هەمان نووسەری کتێبی (خوێننامە)یە کە بەناوی (زەردەشتی)یەوە بڵاوی کردبووەوە- خۆی بەشارەزایەکی تەواو دەزانێت لە (علوم القران)دا و بەتایبەت عیلمی (ناسخ و منسوخ)، کەچی لە لاپەرە ٢٨٠ - ٢٨١ ی کتێبەکەیدا دوو ئایەتی سورەتی (البقرة)ی هێناوە کە یەکەمیان (الحج اشهر معلومات فمن فرض فیهن الحج فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج) البقرة ١٩٧ و ئایەتەکەی تریشیان : (واتموا الحج والعمرة لله ... فمن تمتع بالعمرة الی الحج فا استیسر من الهدي ....) البقرة ١٩٦ هەر لە خۆیەوە نووسیوێتی : دوایی ئەمەی (مەبەستی لە ئایەتی : الحج اشهر معلومات ....)ە نەسخ کردەوە، ئەو ئایەتەی بە راشکاوانە باس لە عەمرە

و موتعەی حەج دەکات ئەمەیە: (واتموا الحج و ....) بـە پێـی عیلمـی ئـەم پیـاوە ئایەتی (١٩٦) ی سورەتی (البقرة) ئایەتی (١٩٧) ی نەسخ کردووەتەوە، لە کاتێکدا نابێت ئایەتی پێشتر ئایەتی دوای خۆی نەسخ بکات، ئەگەر وابێت، ئایەتی دواتـر بۆ دادەبەزێت کە پێشتر نەسخ کرابێتەوە[٧]؟!..

ئـەو وا دەزانێـت هـەر لـە خۆتـەوە دەکرێـت بڵێیـت ئەمـە (ناسـخ)ە ئـەوە (منسوخ)ە!..

لەکاتێکدا هەندێك زانای ئیسلامی هەن بڕوایان بە هیچ شێوەیەك بـە (ناسـخ و منسوخ) نییە، چەندین بۆچوونی جیاواز لەم بارەوە هەیە.[٨].

ئەم کابرا داماوە هەر بە زانستی قورئانەوە ناوەستێت، بەڵکو لە (فـەرمووده)یش دەم دەکوتێت، بە بێ ئەوەی هیچی لێبزانێت، ئەو لە لاپەڕە (٣٠١)دا دەنووسێت : (لە صحیحەکەی بوخاری و موسلیمدا تەنها یەك ڕیوایەت هەیە .. کـە (متعـە)ی بەیەکجاری حەرام کردووە: الربیع بـن سـبرة الجهـني أن اباه حدثـه أنـه کـان مـع رسول الله ﷺ ... وإن الله قد حرم ذلـك الى يـوم القيامـة) کەچی ئـەم فـەرمووده ناسە، ئەم ڕیوایەتەی (موسـلیم)ی بـەدڵ نییـە، و دێـت بـە چـەند (بەڵگەیـەك!!) (تضعیف)ی دەکـات: ( ... لـەم ڕیوایەتـەدا یەکـەم بـاوکی ڕاوی بـۆ ئـەم گوتەیـەی محمـد دیارنییـەو ئێمـەش نـاتوانین بیکەینـە دەسـتەواژەیەکی ڕەسمـی، دووهـەم راوییـە کـە دەڵـێ بـاوکم بـۆی باسـکردوم، ئـەم جـۆرە ریوایەتانـەش بـە هەنـد وەرناگیرێ، سێهەم ئەم ریوایەتە وتراوە ئینجا ئایەتەکە دەرکەوتووە .)

بەڵگەی یەکەمی خۆی لە خۆیدا پووچە، چونکە باوکی ڕاوی (سبرة الجهنـی) یـە، ئیتر نازانم بۆ دیار نییە؟! دووهەم بەڵگەی (هەڵبـەت بـە گوتـەی خـۆی بەڵگەیـە دەنا مەڵگەیش نییە!) نازانم بە پێی گوتەی چی زانایەك ڕیوایەت لە باوکەوە بە هەند وەرناگیرێت؟! با ئـەو و هاوپیشـەکانی فێـربن لـە خۆیانـەوە قسـە نەکـەن، یەکێك لە راسترین (سند)ەکانی (حدیث) ئەوانەن کە (عن ابیـە)ن ، هەنـدێ لـە

پێشەوایانی بواری فەرموودە، چەند (سَنَد)ێکیان بە (اصح الاسانید) ناوبردووە، لەوانە (١- الزهري عن سالم عن أبيه (هو عبدالله بن عمر) . ٢- الزهري عن علي بن الحسين عن أبيه عن علي(٩).

ئینجا دەڵێت : ( ئەم ڕیوایەتە وتراوە دوای ئەوە ئایەتەکە دەرکەوتووە)، نازانم کامە ئایەت باس لە (متعة) دەکات؟! دەزانن کام ئایەتە دەکاتە بەڵگەی دەستی بۆ (متعة)؟ : (فمن تمتع بالعمره الى الحج فما استیسر من الهدى)!

مەهزە لەوەدایە (هەشت) لاپەڕەی بۆ بابەتێك داناوە بەناوی (موتعەی حەج)، ئەو بەستە زمانە وا دەزانێت لە هەر کوێ ووشەی (متعە) هات، ئەوا واتای ژن دەدات.. لە (المعجم الوسيط)دا هاتووە: (تمتع بالعمرة الى الحج : أقام معتمرا في الحرم حتى أدى الحج فضَمّ العمرة الى الحج . واتە: لەوەرزی حەجدا عەمرە دەکات و دوایش عەمرەکەی دەدات بەدەم حەجەوە ...)، ئیتر نازانم کەسێك (سەدویانزە) سەرچاوەی بەکارهێنابێت کە دەکاتە نزیکەی (٤٠٠)بەرگ کتێب، چۆن هەڵەی وای لێدەوەشێتەوە؟!.. یان هەر ناو کتێبی ڕیزکردووە ، وەك ئەوەی باسی ڕیوایەتی (فەرموودە) و (سیرة الخلفاء) ی داوەتە پاڵ کتێبی (جمع الجوامع)(١٠)!.

دەتوانیت بۆ باسی (متعة الحج) و پێناسەی (المتمتع) بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (تفسیر ایات الاحکام فی القران)(١١) .

### ٣ – چەواشەکاری:

أ – لە لاپەڕە ٢٨٤ دا فەرموودەیەکی هێناوە، ئەمە دەقەکەیەتی : (كان أبن عباس يأمر بالمتعة وكان ابن الزبير ينهى عنها قال فذكرت ذلك لجابر بن عبدالله فقال تمتعنا مع رسول الله ﷺ فلما قام عمر قال ان الله كان يحل لرسوله ماشاء ...

فأتموا الحج و العمرة كما أمركم الله وأبتوا نكاح هذه النساء فلن أوتى برجل نكح إمرأة الى أجل الا رجمته بالحجارة) .

له پەراوێزی لاپەرە (٢٨٥)دا ڕیوایەتی ئەم حەدیسەی گەڕاندۆتەوە بۆ (صحيح مسلم : باب / في المتعة بالحج و العمرة).

له (باب / في المتعة بالحج والعمرة) ی (صحيح مسلم) فەرمووده بەفەرمووده گەڕام، نەك جارێك و نەدوو، بەڵام شتی وام دەستنەکەوت .. دوایی بیرم کردەوه خۆ ئەو خۆی دەڵێت له (باب : في المتعة بالحج والعمرة)دا ئەم فەرموودەیە هاتووه، ئەی بۆ باسی نیکاحی ئافرەت دەکات؟! دوایی بۆمدەرکەوت ئەمە دوو (حديث)ی جیاوازەو (لەحیم) کراون بەیەکەوه گەڕام تا بەشی کۆتایی ئەم فەرموودەیەم دۆزیەوە ، بەڵام نەك بەو دەقە، (... حتى قال ابن عمر – فيما اخرجه عنه ابن ماجة بإسناد صحيح، (أن رسول الله: (أذن لنا في المتعة ثلاث ثم حرمها، والله لا أعلم أحداً تمتع وهو محصن الا رجمته بالحجارة)(١٢).

کەچی بەشی یەکەمی فەرموودەکەم دەستنەکەوت، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە دەستمان کەوت، ئەو دەڵێت له (صحيح مسلم) دەرم هێناوه، کەچی نەله (صحيح مسلم) دا و نەش له هیچ جێگەیەکی تردا فەرموودەی ئاوها پەیدا نابێت.

ب – له لاپەڕە (١١٦)دا فەرموودەی (... وتدخل على ثنتين من ولد آدم )ی هێناوه (پێشتر به درێژی باسی ئەم فەرموودەمان کرد)، له پەراوێزدا دەنووسێت (صحيح البخاری: وعن محمد بن كعب القرضي عن رجل من الانصار).

عەللامە (ابن القيم) دەڵێت : (فإن قيل : فما تصنعون بالحديث الذي رواه أبو يعلى الموصلى، حدثنا عمرو بن الضحاك ابن مخلد، عن ... ، حدثنا أبو رافع إسماعيل بن رافع عن ....عن محمد بن كعب القرضى عن رجل من الانصار ... (فيدخل الرجل منهم ...) فذكر الحديث

قيل .... ولايعرف الا من حديث إسماعيل بن رافع، وقد ضعفه أحمد و يحيى وجماعة، وقال الدار قطني وغيره : متروك الحديث، وقال أبن عدى : أحاديثه كلها مما فيه نظر)(١٣) أ . هـ، كلام ابن القيم.

کەواتە ئەم فەرموودەیە تەنها (أبو یعلى الموصلى) ڕیوایەتی کردووە، و (تضعیف)یش کراوە، ئیتر نازانم ئەم کابرایە ئەم درۆ گەورەیەی لە کوێوە هێناو دایە پاڵ (بخاري)؟!..

٤- هێنانی دەق و بەئارەزوو ڕاڤەکردنی (بوونی بڕیاری پێشوەختـ) :

أ- لاپەڕە (٢٦١) ، لەو فەموودەی پێشتر باسمان کرد، کە عومەری کوڕی خەتتاب دەچێت بۆ داوای ژن بۆ سێ هاوەڵ (صحابە)ی تر، بەژنەکە دەڵێت: (مروان) قورەیشىیە (واتە تووڕە و بەهەڵپەیە) !.

لێرەدا ئەم کابرایە بە مەیلی خۆی لە نێوان دوو کەوانەدا ناخی دڵی عومەر دەخوێنێتەوەو دەڵێت قورەیشی : واتە تووڕەو بە هەڵپە! واتە ئیمامی عومەر (مروان)ی لەبەرچاو ئەو ژنە ناشرین کردووە، تا شووی پێنەکات و شوو بکات بە خۆی، ئەم کلۆڵە بیری چووە یان هەر لە بنەماوە نازانێت (قورەیشی) هێمای کەسی گەورەو خاوەن ناوو بەڕێز بوون لەناو عەرەبدا، لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا، تەنانەت یەکێك لە مەرجەکانی (خلیفە) دەبوایە قورەیشی بووایە(١٤)! ئینجا ئەگەر قورەیشی خراپ بێت، خۆ عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) خۆیشی قورەیشی بوو، لەوەش بەولاوە ئەی خۆ پێغەمبەری خودایش(د.خ) قورەیشی بوو!! پیرەمێردی شاعیر دەڵێت: (مێروولە کەخوا غەزەبی لێگرت کاتێکت زانی لە پڕ باڵی گرت).

ب – لە لاپەڕە (٣٠٧ )دا : (فکان کلهن یسافرن الا زینب وسودة قالتا لا تحرکنا دابة) دێنێت، و ڕاڤەی دەکات: (سوێندیان خوارد بوو زەینەب و سەودە- لەدوای پەیامبەر هیچ حەیوانێك نەیانجولێنێت (واتە لە دوای محمد کەس جوتیان

نەبێت)! توخوا لە چی فەرهەنگێکدا (لا تحركنا دابة) مانای (کەس جوتیان نەبێت) دەدات، یان ئەو پێشتر بڕیاری داوە و دەیەوێت ئەگەر بیشفڕێت هەر بزن بێت.

ج – لاپەڕەکانی( ٦٧ - ٦٨ )، (يطوف عليهم ولدان مخلدون جزاء بما كانوا يعلمون) ئاوا ڕاڤە دەکات: (ئەم بەخشین و ڕابواردنە خۆشەی لوسکەلانە لە پاداشتی کارو کردەوەی ئەم پیاوانەوەیە ... (جزاء بما كانوا يعلمون) بە (بەخشین و ... لوسکەلانە) ڕاڤە دەکات، لە کاتێکدا ئەمە ڕاڤەی زمانەوانی نیە، بەڵکو ڕاڤەی مەیل و ئارەزووە..

د – لە لاپەڕە( ٢٣٧ )دا دەنووسێت : خاوەندار ... دەیتوانی لەگەڵ کەنیزەکە کچۆڵەکانیشدا ڕابوێرێ و ئەجریشیان نەداتێ، چونکە ئەجری کۆیلە بە هەموو شێوەیەکییەوە تەنها جلوبەرگی کۆن و خواردنی ئاردو خورما و مەسکەنیەتی کە بۆگەوڕیش نەدەشیا) بۆ سەلماندنی قسەکەی لە پەراوێزدا ئەم فەرموودەیەی هێناوە : (عن ابي هريرة عن رسول الله ﷺ أنه قال ثم للمملوك طعامة وكسوته و لا يكلف من العمل الا ما يطيق) نازانم بۆ ئەم کابرایە هێندە دەبەنگە و یەکسەر خۆی خۆی دەخات بەدرۆوە؟! خۆ دەیتوانی دەقی فەرموودەکە نەهێنێت، تا خەڵکی بڕوای پێبکەن، بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە لە واتای ئەو (حديث)ە تێگەیشتبێت؟! سەیر لە وەدایە لە هەمان پەراوێزدا نووسیوێتی (صحيح مسلم : باب / سنان المملوك مما ياكل و الباسه مما يلبس و لا يكلفه ما يغلبه) واتە: (لەبارەی ئەوەی هەرچی خۆی دەیخوات لەوە دەرخواردی بەندەکەی بدات و چیش دەپۆشێت لەهەمان پۆشاك بۆ بەندەکەی بکات) کە ئەمە ڕێك پێچەوانەی قسەکەی خۆیەتی.

**٥- حاڵی نەبوون لە واتاو مەبەستی ئایەت و فەرموودەکان:**

أ – لاپەڕە(١٣٥)، (زين للناس حب الشهوات من النساء والبنين ....)

بڕوانە چۆن ڕاڤەی دەکات: (ئارەزووی سێکس و منداڵی نێرینە ...) ( .... لەم ئایەتەشدا باس لە سێکسی نێر دەکات و زۆر بەڕاستگۆیانە و بێ هیچ شەرمێك خوا پێمان دەڵێت: ژن و کوڕ لەگەڵ ... بۆ ڕابواردنی پیاو دروستم کردوون)!! ئەم پیاوە هێندە ناحاڵیە لە ووشەی (البنين)، کە بەواتای (منداڵ) دێت (واتە : کوڕو کچی) کەسێك، واتە لە ناخی مرۆڤدا خۆشویستنی ئافرەت و هەروەها منداڵ (بوونی منداڵی خۆت) ڕازێنراوەتەوە، یان هەیە! ئیتر نازانم چۆن و بەچی شێوەیەك ڕێی لەم هەڵە گەورەیە کەوتووە؟!

ب – لاپەڕەکانی( ٦٧ –٦٩ )، دەنووسێت : لە قورئاندا چەند ئایەتێك هەیە مژدەی هەبوونی کۆمەڵێك مێردمنداڵ و لوسکەلە لەبەهەشتدا دەدەن.. ئینجا چەند ئایەتێك بە نمونە دێنێتەوە، لەوانە : (يطوف عليهم ولدان مخلدون باكواب ..) ... ،(ويطوف عليهم غلمان لهم...).

ئینجا دەنووسێت : بێگومان دیاردەی نێربازی بەشێکی گرنگە لە سێکس، هەر بۆیە ئایەت و فەرموودەی لەسەر هەیە... لە ئیسلامیشدا چەندین دیاردەی نێریازی هەبووە و پەیامبەریش لە کاریگەی ئەم ڕەوشتەیان خرۆش و لەزەتی نێربازی باس دەکات و چەند مژدەیەکی خرۆشاویش دەربارەی کوڕی لوسکەڵە و جوان بە صەحابەکانی دەدات ...).

لە لاپەڕە (٦٩ ) یشدا دەنووسێت : (مێرد منداڵ و لاوانی لوسکەڵە خزمەتکاری پیاوانی بەهەشتین، هەیشە لە خزمەتدان... باسکردنی لاوێك مێردمنداڵ و لوسکەڵە هیچ شتێکی دیکە نییە، جگە لە نیشاندانی جوانییەکان و سیناریۆیەك بۆ خرۆشاندنی سێکس . سێکسی کێ؟!! سێکسی پیاو. نەك ژن!!)، بڕوانە ئەم سەیرو سەمەرەیە، مردنی هەستی جوانناسی چی لە مرۆڤ دەکات، ڕێك دەیکات

بە ئاژەڵ، هەرچەند ئەم خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئاژەڵە و حەز بە ژیانی ئاژەڵی دەکات، لەمەشدا من جنێو و قسەی پێنالێم، بۆ ڕاستی ئەم قسەیەم بڕوانە لاپەڕە (١٥ - ١٦)ی کتێبەکەی مەریوان.
هەستی خۆش ویستنی منداڵ لای هەموو کەس، جگە لەم برادەرەو هاوپیشەکانی، بوونی هەیەو منداڵی جوان و پاك ناخی مرۆڤ دەکاتەوە، کەچی لای ئەم منداڵیش هەر بۆ سێکسە و هیچی تر!! بڕوا ناکەم بە بیری هیچ زانایەکدا ئەمە هاتبێت وا ئەم بیری لێدەکاتەوە، بەڕاستی مەهزەلەیە... ئەو دەڵێت : لە ئیسلامیشدا دیاردەی نێربازی هەبووە!! لەمەیشدا هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەکات، چونکە پێش ئیسلامیش لەناو عەربدا نێربازی باو نەبووە و هەر بۆیە فەرموودەی زۆریشی لەبارەوە نەهاتووە، (ابن القیم) دەڵێت : (ولم يثبت عنه ﷺ أنه قضى في اللواط بشئ ، لان هذا لم تكن تعرفه العرب ، ولم يرفع اليه ﷺ ، ولكن ثبت عنه أن قال : (اقتلو الفاعل ، والمفعول به) رواه السنن الاربعة)(١٥)، لەگەڵ ئەوەیشدا پێغەمبەر(د.خ) فەرمان دەدات، ئەگەر شتێکی وا بینرا دەبێت (بکەرو لێکراو) هەردووکیان بکوژرێن ، ئیتر نازانم ئەم دەروون نەخۆشە ئەمانەی لە کوێوە هێناوە؟!..

## ٦- درۆ کردنی ئاشکرا بە بێ بەڵگە :

أ- (ل ٢٣٧) لە باسی (عبد و أمة)دا دەڵێت: (دەشیتوانی، واتە: خاوەندار) لەگەڵ ئەو کەنیزەکانەیشدا ڕابوێرێ کە مێردیان هەبووە، لێیان بدات، کاریان پێبکات، وەچەیان پێبخاتەوە، نێربازی لەگەڵ غولامەکانی (غیلمان) بکات، ئینجا بیانخەسێنێت . ئەمانە کولتوری عەرەبی ئیسلامن .!) بەڕاستی نازانم کەسێکی واچۆن شەرم نایگرێت ئەم هەموو درۆیە بەسەریەکەوە ڕیز دەکات، ئەو دەبەنگە، بێئاگایە لەو یاسایانەی کە بۆ(زواج الامة) هەبووە ، نێربازی کردن

لەگەڵ غولامـدا!! دەك خـوا لـەوە ڕووڕەش تـرت بكـات، ئێمـە پێشـتر باسمـان لـە حوكمی نێربازی كرد، دووبارەی ناكەینەوە، ڕەنگە ئـەم قسانە هـیچ پێویستیان بە وەڵامدانەوە نەبێت، من تەنها لـەو دەبەنگە دەپرسـم ئـەی كێ تـۆی فێركـرد بڵێیت نێربازی حەرامەو خراپە، جگە لە ئیسلام؟!

ب – لە(ل ٢٥)دا نووسیوێتی (ژن لە ئیسلامدا مرۆڤ نیە، بەڵكو ... پیاو دەیكڕێ، دەیفرۆشێ، سواری دەبێت ..، كە سواری دەبێت لە پێشەوە، یان لـە دەمـەوە، یـان لەدواوە ... تاد، ئەمانە هەمووی حەڵاڵن، چونكە ئایین بە پێی دەق بـۆی حـەڵاڵ كردوون).

(عن ابي هريرة أن رسول الله ﷺ قال : (ملعـون مـن اتـى امـرأة في دبرهـا)(١٦) رواه احمد واصحاب السنن.

ج – (ل ٣١٥)دا (پیـاوی ئیمانـداری موسـڵمان، جگـە لـە چـوار ژن و جگـە لـە كەنیزەك و جگە لە منداڵی لوسكەڵە، هەركاتێك كارەزووی سێكسی جوڵا، ئـەوە زۆر بە ئاسایی دەچێتە شوێنە گشتیەكان، یان دەچێتە مزگەوتەكانیش ... بـەبێ شەرم پرسیار دەكا و ژنێك دەدۆزێتەوە تا لەگەڵیدا ڕابوێرێ!!).

لـەوەی زیـاتر بڵێم : ئـەك لـەم درۆ هـیچ وەڵامـێكم نیـە، و خوێنـەر دەكـەم بـە شایەدی درۆ و ڕاستی ئەم قسەیە!!

د- (ل٣١٥)دا (ئەو موتعەیەی لای شافیعی حەرامە، لـەلای حەنـەفی حەڵاڵـە!! لای مالكی حەرامە، لای ئەوزاعی حەڵاڵـە ...!! لـە كاتێكـدا هـەموویان لەسـەر سوننە دەژمێردرێن) .ئەم قسـەیە مەگـەر هـەر خـۆی و ئەوانـەی هاوڕێی كـە لـەو گێـل ترن، بڕوای پێبكەن ...!

لەهەموو مەزهەبەكانی ئەهلی سوننەدا (متعـە – هاوسـەرگیری كـاتی) حەرامـە، بە دەقی ئەم فەرموودەیە حەرامكراوە : (عن الربيع بن سبرة الجهني، عن أبيـه :

(نهى ﷺ عن المتعة (زمان الفتح متعة النساء) وقال: ألا انها حرام من يومكم هذا الى يوم القيامة)[١٧]

## ٧- تەوزیفکردنی گوتاری ئەفسانەیی لە تەورات و ئینجیل و قسەی پیرێژنانەو داب و نەریتی سواو بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام:

أ – لەسەرەتاوە ئەم کابرایە دێت پێمان دەڵێت: (پەیامبەریش .... خودی خۆی سوودێکی زۆری لە کتێبی تەورات بینیوە، (بەم پێیەش پەیامبەر دەستکاری تەوراتی کردووە و ئەم هەڵیگێڕاوەتەوە نەك یەهوود) !! (بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٥ – ٣٦)ی کتێبەکەی مەریوان.

ئینجا دێت و پێغەمبەرانی خودا(عليهم الصلاة والسلام) ئیهانە دەکات، نازانم بەمە دەیەوێت چی بسەلمێنێت؟! ئەی خۆ ئەو پێغەمبەرانە لەسەر ئایینی (محمد) نەبوون، ئەی ئیتر بۆ وا ڕقی لەوانیشە؟!..

+ ئیبراهیم دووجار سارای خێزانی دەکات بە خوشکی خۆی ... بۆ بەدەستهێنانی پارەو سامان ل ٣٧ – ٣٨.

+ دووکچەکەی لووت ... مەشروبیان دەرخوارد داو کچە گەورەکەی لە گەڵیدا جووت بوو ....ل ٣٩.

+ پەیامبەرێکی تر داودە ...!! داود پاشایەکی تا بڵێی سێکسباز بووە .. ل٤٠ .

+ دێڕێك لە تەوراتدا نووسراوە گومانی ئەوە لە داود دەکرێ هەتیوبازیش بوبێت ل ٤١

+ سلێمان عاشق بووە و شیعری وتووە ... ل ٤٢-٤٤.

ئایا چی بەم کابرایە بڵێین، لە کاتێکدا منداڵیش بڕوا بەوە ناکات کەسێك کە لەلای خوداوە نێردرا بێت، لە خەڵکی ناوبازاڕ خراپتر بێت ... ئەگەر ئەوان وابوون، ئیتر چۆن بە پێغەمبەر ناویان دەرکرد؟!.. بەڕاستی دووبارەکردنەوەی

قسەی (تەورات)، لە کاتێکدا ئەو ئایین هەموو بە ئەفسانە دەزانێت، هیچ نییە جگە لە هیچ!.. چۆن دەبێت کەڵك لە ئەفسانە وەربگریت بۆ قسەکانت زانای پایەبەرز؟!.

ب – داب و نەریتی سواو: لەلاپەڕە (٢٥٠)دا باس لەمارە بەجاش دەکات و دەیخاتە ئەستۆی ئیسلام و ئەم ئایەتە دەکاتە بەڵگە بۆ قسەکانی (فان طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره فان طلقها فلا جناح عليهما ان يتراجعا ....) البقرة – ٢٣٠.

ئینجا دەڵێت ل ٢٥١: (ئەم ئاکارە لە کلتوری کوردیدا پێی گوتراوە (مارە بەجاش). هەر موسڵمانێك سێ جار ژنەکەی تەڵاق بدایە و دواتر بیویستایە بگەڕێتەوە بۆلای، بە پێی حوکمی ئەم ئایەتە دەچوو ژنەکەی لە کەسێکی دی مارە دەبڕی و ژنەکە بۆ شەوێك لە لای مێردە تازەکەی دەمایەوە و بۆ بەیانی تەڵاقی دەدا و مێردە کۆنەکەی لە خۆی مارەی دەکردەوە).

بڕوانە ئەم بێئاگاییە! چەندین فەرموودە لە بارەی ئەم جۆرەکەسانەوە هاتووە کە کاری وا دەکەن و بە (المحلِل و المحلَل لە) ناویان براوە و پێغەمبەر(د.خ) لەعنەتی لێکردوون، کەچی ئەو دێت ئەمەیش دەکات بە تاوانی ئیسلام.

لە تەفسیری (ابن كثير)دا هاتووە: (والمقصود من الزوج الثاني أن يكون راغبا في المرأة، قاصدً لدوام عشرتها ...) واتە: مەبەست لە پیاوی دووەم ئەوەیە: دەبێت بە حەزو ئارەزووی خۆی ژنەکە بخوازێت، و مەبەستی ئەوە بێت لەگەڵیدا بمێنێتەوە)(١٨)....

هەروەها هاتووە: (الا إن العسيلة الجماع – حديث ) فأما إذا كان الثاني انما قصد أن يحلها للاول، فهذا هو المحلل الذي وردت الاحاديث بذمه ولعنه ومتى صرح بمقصوده فیالعقد بطل النكاح عن جمهور الأئمة)(١٩)

حەوت فەرمووده لە چەند ڕێگایەکەوە لەم بارەیەوە هاتووە، هەمووی زەمی ئەم کردارە دەکات، لەوانە عن أبي هريرة قال : (لعن رسول الله ﷺ المحلل والمحلل له)(٢٠) رواه الامام أحمد. واتە پێغەمبەری خودا (د.خ) لەعنەتی کردووە لە (حەڵاڵکەرو حەڵاڵ بۆ کراو) حەڵاڵکەر: ئەو پیاوەیە کە لەبەرخاتری پیاوێکی تر ژنەکەی بۆ ماوەیەك مارە دەکات و دوایی تەڵاقی دەداتەوە تا کەسی یەکەم جارێکی تر بیخوازێتەوە، حەڵاڵ بۆ کراویش پیاوی راستەقینەی ژنە تەڵاقدراوەکەیە!.

**٨ – لابردن یان زیاد کردن بە پێی مەیل و ئارەزوو لە تەرجومەی دەقی ئایەت و فەرموودەکاندا:**

أ – لەلاپەڕە ١٩٠ دا دەنووسێت: (پەیامبەر هێزی سێکسی زۆر بووە و بەم هۆیەوە خەڵکی دڵیان لە پەیامبەر پی بووە ..!!) ئینجا فەرموودەیەك دەهێنێتەوە وەك بەڵگە بۆ قسەکانی: (ڕۆژێك ژنێکی صەحابی بە ناوی (صفية) کە هێشتا نەبوو بوو بە ژنی زیارەتی دەکاو ...)

هەر لەلاپەڕەی دوای ئەوەدا و لە پەراوێزدا دەقی عەرەبی فەرموودەکەی هێناوە : (أن صفية زوج النبي ﷺ اخبرته ثم انها جاء رسول الله ﷺ تزورة في اعتكافة...)

پیاو کە درۆی کرد دەبێت بزانێت چۆنی دەکات، دەنا تێدەکەوێت و وەك ئەم کابرایەی لێ بەسەر دێت، دەقی عەرەبیەکە، کە هەر خۆی هێناویەتی نووسراوە (صفية زوج النبي ...) کەچی لە ڕاڤەکەیدا نووسیویەتی (ژنێکی صەحابی کە هێشتا نەبوو بوو بە ژنی) ! خۆتان حەکەم بن خوێنەران!!..

ب – لەهەمان لاپەڕەدا (١٩١) دەنوسێت : (هەروەها (اسماء بنت ابي بكر الصديق) خوشکی عائیشە و ژنخوشکی پەیامبەر دەگێڕێتەوە: (.... ڕۆژێك بەرچێ

خورمای بەسەرەوە بووە و بەهیلاکی دەڕۆی بەڕێوە، پەیامبەر دەیبنێ و بانگی دەکا کە لەگەڵیدا سواری وشترەکەی بێت، ئەسمائیش ژنێکی مێرداری دنیا دیدە دەبێ و دیارە پەیامبەریش باش دەناسێ ، بۆیە ئەسما .... لەگەڵی سوار نابێت)!!
هەر خۆی دەقی عەربی فەرموودەکەی لە پەراوێزدا نووسیوە (... والنوى على رأسي فلقيت رسول الله ﷺ ومعه نفر من الانصار، فدعاني ثم قال إخ إخ ليحملني على خلفه، فاستحييت أن اسير مع الرجال و ... فعرف رسول الله ﷺ اني قد استحييت فمضى ...)
ئەو کاتێك تەرجومەی فەرموودەکە دەنوسێت ، خوێنەر وا دەزانێت پێغەمبەر ﷺ بە تەنها بووە و لە شوێنێکی چۆڵدا بانگی (اسماء) ی کردووە، لە کاتێکدا دەقی عەرەبی فەرموودەکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵێك پیاوی (أنصار) ی لەگەڵدا بووە، و (أسماء) یش لەبەر شەرمکردنی لە پیاوان لەگەڵیدا سوار نەبووە، دەنا (أسماء) بە پێی شەرعیش بە نیسبەت پێغەمبەرەوە (مەحرەم)ە وەك کورد دەڵێت: (دەستوێژی لێ ناشکێت)!.

### ٩- بەکارهێنانی ووشەی بێئەدەب و بێناوەڕۆک کە ناخی ئەم کابرایەمان پیشان دەدەن:

بەکارهێنای دەستەواژەی بێئابڕوانە بەلگەن لەسەر دووشت:
یەکەم: ناخێکی گەنیو کەسڵ لە هیچ قسەیەك ناکاتەوە، دووەم: تووڕەیی و کینە دۆزی ئەم مەخلوقە، کە ناکرێت وەك نووسەرێکی ڕاستەقینە و لێکۆڵیارێك تەماشای بکەین، چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی نابێت بە (حقد) ەوە ئەنجام بدرێت.
بڕوانە لاپەڕەکانی (٢١، ٢٢، ٤١، ٥٠، ٥٥، ٥٦، ٦٧، ٧٠، ٧١، ١٢٠، ١٢١، ٢٧٠، ٣٥) بە نموونە. بۆ روونکردنەوەی قسەکانم، فەرموون لەگەڵ ئەم قسەیەی کە لە لاپەڕە (٢٢) دا نووسیوێتی: (ئەم جۆرە پەرستگایانەش، ئەو ڕەخنەگرانەمان بیر

دەخەنــەوە کـە مزگەوتــەکانی ئیسلامی بێدەشـوبهێنن و دەڵـێن: ئیسـلامیەکان (دەبوایــە بیگوتبــا موســڵمانەکان)! بەوێنــەی عــەورەتێك و جوتیــك گــون منارەیــەکیان بــەرز کردووەتــەوە و لــەملاو ئــەو لایــەوە دوو قوببەشــیان بــۆ داچەقاندووە و دەنگ و بانگی (الله اکبر) یان لێوە دەبیستین)!..

دەڵێـت (ئـەو ڕەخنەگرانـە)، کەچـی ناڵێـت ئـەو ڕەخنەگرانـە کـێن؟.. لـە چـی سەرچاوەیەکدا ئەم قسە گرنگەیان کردووە و ئـەم شـەکرەیان شـکاندووە؟!.. پـێم وا بێت ئەمە هەر قسەی خۆیەتی و لە خەیاڵدانی گەنیوی دڵی پڕ لـە کینەیـەوە هەڵقوڵاوە..

**١٠ – تــەعمیم کردنــی هەنــدێک حاڵــەتی تایبــەت و کــەم بایــەخکردنی کارەکانی پێغەمبەر و پیشاندانی ئەوەی پێغەمبەر هەر خەریکی سێکس بووە:**

ئەم نموونانەی کە لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن) وەرگیراون بخوێننەوە، ئینجا لە چەواشەکاری نووسەرەکەی و دەبەنگی ئەو سەرتان بسوڕمێ!.

+ (... پەیامبەر نۆرەی سێکس بۆ ئەم ژنانەی دانـابوو، .... زۆرجاریش عەسـران نوڕەبڕەی لێدەکردن) ،(پەیامبەر هێزی سێکسی زۆر بووە و دەتوانین لـەم ڕووەوە بیشوبهێنین بە ڕاسپوتین کـە هەمیشـە لـە هـەڕەتی خرۆشـاندا بـووە) ل (١٨٨ – ١٨٩) .

+ ئـەو شـەریعەتانەی کـە لـە قورئـان و سـوننەدا هـەبوون، پەیامبـەر نـەیتوانیوە پەیڕەوی لێبکات) ل ١٨٩

+ ( پەیامبەر هێزی سێکسی زۆر بووەو، بەم هۆیەوە خەڵکی دڵیان لـە پەیامبـەر پیس بووە .. خودی خۆیشی دڵی لە ژنەکانی پیس بووە)!! ل ١٩٣.

+ (دیـاردەی سێکسـبازی گـوڕوتینی خـۆی هەیـە و خـودی خـۆی وەك مرۆڤێـك نەیتوانیوە لەبەردەم غەریزەکانیدا خۆی بگرێت). ل ١٩٣.

+ تەنانەت نەیتوانیوە ئەوە بشارێتەوە کە حەزی لە سێکسی کچە ...)!.
ئەگەر یەکێك چاوی بەم قسانە بکەوێت، و پێغەمبەر(د.خ) نەناسێت ، و ناوی نەبیستبێت، دەڵێ: تۆ بڵێی: ئەم پیاوە هیچ کارێکی تری لە دەست هاتبێت جگە لە سێکس کردن؟!.. بێئاگا لەوەی گەورەترین مرۆڤی سەر زەوی و گەورەترین چاکسازبووە بە شایەدی دووژمنان پێش دۆستان (٢١).

## ١١ – هەندێک بابەت لە قورئان و فەرموودەدا وەک هەواڵدان لە سروشتی مرۆڤ باسکراوە، کەچی ئەم وەک فرمانی ئایینی لێی حاڵی بووە :

أ- لاپەڕە( ١٩٥ ): (زين للناس حب الشهوات من النساء والنين و ....) آل عمران . نووسیوێتی : لای ئیسلام ژن وەك ئەسپ و ئاڵتون و شتی تر بۆ خۆشییەکانی پیاو دروست بووە٧.
ب – لاپەڕە( ٢٤١): (... لە ئیسلامدا یاسایەکی نەگۆڕی خوایە و بە شێوەیەکی بنەڕەتیش بەرگری لە بنەماکانی کۆیلایەتی دەکات و پێمان دەڵێت: (أهم يقسمون رحمت ربك نحن قسمنا بينهم معيشتهم في الحياة الدنيا و رفعنا بعضهم فوق بعض درجات ليتخذ بعضهم بعضا سخريا ...)
ج – لاپەڕە (٢٠٤ ): لەلای ئیسلام کاتێك پیاو زەواج لەگەڵ ژن دەکات لەبەر خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی دوو بوونەوەری هاوڕەگەز و یەکسان نییە ... بەڵکو ژن وەك کاڵایەك دەیکڕێ. پەیامبەر ئەو چوار بنەمایەی بۆ دیاری کردووین نێری موسڵمان لە سەر چ بنەمایەك ژن بهێنێت :(لما لها ولحسبها وجمالها و دينها ...).

لە نموونەی یەکەمدا خودا هەواڵ ئەدات لە بارەی حەزەکانی مرۆڤەوە، کەچی ئەم وا دەزانێت، دەڵێت ئەمانە بکەن.
لە نمونەی دووەمدا خوای گەورە باس لەوە دەکات مرۆڤەکان جیاوازن لە دونیادا، هەیانە هەژارەو هەیانە دەوڵەمەند، هەیانە زانایەو هەیانە نەزان... هەروایش ژیان دەڕوات بە ڕێوە، چونکە ئەگەر هەموو کەسێك خاوەن کاربێت، ئەی کێ کرێکار بێت؟!.. کەچی ئەم بابا نەزانە وا دەزانێت باس لە کۆیلایەتی دەکات!.
لە نمونەی سێیەمدا/ پێغەمبەر(د.خ) باس لەو بنەمایانە دەکات کە هەموو خەڵکی ژنی لە سەر دێنن(نەك نێری موسڵمان وەك ئەم حاڵی بووە!) ئینجا دەفەرموێت(خاوەن دینەکە هەڵبژێرن زەرەر ناکەن)! کەچی ئەم واتێگەیشتووە، پێغەمبەر فرمانی داوە ژن بۆ ئەم چوار شتە بهێنین! هەی لە گێلێتیت خواتەوە!

## ١٢ – دادگاییکردنی رابردوو بە یاساکانی ئێستا، هەروەها هەوڵدان بۆ کەمبایەخکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام :

***دادگاییکردنی رابردوو بە یاساکانی ئێستا:** بۆ نموونە باس لە زەواجی (عائشة) زۆر دەکرێت، ئەمە بێئاگاییە، ئەو کات ئەم جۆرە زەواجە بوونی هەبووە و کەسیش لاری لێنەبووە، دەیان و سەدان زەواجی تری وا ڕوویانداوە، ئەگەر خراپ بووایە، دەبوایە (أبو جهل) پێش هەموو کەس ڕەخنەی بگرتایە!.
زۆرجار زانا موسڵمانەکان تەئویل بۆ ئەم جۆرە کارانە دەهێننەوە، یان خۆیانی لێ بێدەنگ دەکەن، لە کاتێکدا پێویست بەو کارە ناکات، کێ دەڵێت زەواجی پیاوی تەمەن گەورە و ئافرەتی تەمەن بچوك خراپە یان عەیبە؟! ئەمە داب و نەرتی ئێستا و عەقڵی مرۆڤی ئێستایە، ئەوکات خەڵکی بە جۆرێکی تر بیریان

کردووەتەوە. گەورەترین هەڵە ئەوەیە بە یاسای ئێستا ڕابردوو بپێوین، یان دادگایی بکەین !.. خۆ فرمان نییە، و داوا نەکراوە هەموو موسڵمانێك ئەم کارە بکات، بە پێی داب و نەریت ئەوکات ئەمە ڕەوابووە، گرنگ دەرەنجامی ئەو زەواجەیە بڕوانە کتێبی (سیرة) و (فەرموودە) ، بزانە پەیوەندی نێوان پێغەمبەر(د.خ) و عائیشە چەند بەتین بووە، لە فەرموودەدا هاتوو عائیشە ویستویتی خەڵکی بزانن چەند پێغەمبەر(د.خ) ئەمی خۆشدەوێت !..

+ هەروەها لە بارەی (سبایا) و (جاریة) و .... هەموو داب ونەریت بووە، و ئیسلام هەنگاو بەهەنگاو حەرامی کردووە، ئەوەتا (بلال) لە کۆیلەیەکەوە دەبێت بە بانگدەری پێغەمبەر(د.خ) ،وە (سەلمانی فارسی) لە کۆیلەیەکەوە دەچێتە جێگەکەی (کسری)!.

## * هەوڵدان بۆ کەم بایەخکردنی پیرۆزییەکانی ئیسلام:

+ (حەجکردن یەکێکە لە نەریتە هەر کۆنەکانی نەك تەنها نیوە دوورگە، بەڵکو هەموو ناوچەکە ... لە هندستان هەزاران پەرستگا کرابوونە کەعبەو هەر ناوچەو کەعبەی خۆی هەبوو ...) ل (٢٧٧).

+ ئاکاری حەجکردن و دروستکردنی کەعبە لە عێراقەوە بەرەو مەککە چووە.

+ نیوە دوورگەی عەرەبیش بە پێی سەرچاوەکان (٢٣) کەعبەی تێدا بووە و تەنها کەعبەی (شامیە) لە مەککە ماوەتەوە ... ناڵێت بۆ تەنها ئەو ماوەتەوە؟!..

+ هەروەها لە بارەی بەردە ڕەشەکەوە (الحجر الاسود) دەنوسێت : (لە ڕاستیدا ئەوە نەزانراوە ئەو بەردە ڕەشەی کە لەناو کەعبەدا هەیە لە کوێوە گەیشتۆتە ئەو شوێنە بیاباناوییە، بەڵام ڕاڤەی زانستی دەڵێت پارچەیەکە لە نەیزەك و لە زۆر شوێنی دونیادا هەیە بەشاری هەولێری کوردستانی عێراقیشەوە). نازانم ئەم عیلمەی لە کوێ بەدەستهێناوە؟! ل (٢٧٩).

+ لەبارەی تەوراتەوە دەڵێت: (محمد لەتەوراتەوە قورئانی بەدیهێناوە ...) نازانم ئەی تەورات سەرچاوەکەی چییە؟!.
بەڕاستی هەوڵدان بۆ کەمبایەخکردنی (مقدسات)ی ئایینی ئیسلام، لێدانە لەتەوەرێکی گرنگ، نەك تەنها ئەم کتێبە، بەڵکو زۆر کتێبی تر پێش ئەمەیش ئەم کارەیان کردووە، رەنگە بەهەڵەدا نەچین ، ئەگەر بڵێین ئەم کارە سەرەتا لە هەندێ (مستشرق ــ orientalast) ەوە ، دەستی پێکردووە، پاشان هەندێك کینەلە دڵ وەکو تووتی تا ئێستایش دووبارەی دەکەنەوە، کە دەڵێم هەندێ (مستشرق) مەبەستم لەوەیە بڵێم: هەموو (مستشرق)ەکان، خراپ نەبوون و هەیانبووە بەویژدان بووە، بەڵام هەندێکیان کینەدۆز و درۆزن بوون ، و دەیان جۆر درۆ و قسەی پووچیان داوەتە پاڵ ئیسلام، و هەروەها سوودیان لە ڕیوایەتی لاوازو ئیسرائیلیات وەرگرتووە، کە بەداخەوە لە زۆرێك لە کتێبە ئیسلامیە کۆنەکاندا دەبینرێت ... کە ناوی (مستشرق) دەبەم و ناڵێم رۆژهەڵاتناس، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڕوانەبوونم بەووشەی (ڕۆژهەڵاتناس) ..
ڕۆژهەڵاتناس ، یا رۆژهەڵاتناسی مانای ئەوەیەی: کەسانێك هەن ڕۆژهەڵات دەناسن و لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە دەکەن، لە کاتێکدا نە لەزمانی ئینگلیزیدا ، و نەیش لە زمانی عەرەبیدا، وای پێ ناڵێن ، وە ئەگەر ئێمە ئیقرارمان کرد ئەوانە رۆژهەڵاتناسن، کەواتە هەموو قسەکانیان تەواو و بێخەوشە، و خۆشیان لێکۆڵیاری ڕاستگۆ و کەسانی دەست پاکن ، لە کاتێکدا (إستشراق) هەنگاوێك بوو بۆ(١) داگیرکاری ئیستعماری وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ سەر وڵاتانی رۆژهەڵات، (٢)هەروەها بزوتنە تەبشیریەکان کە ئامانجیان بەگاورکردنی موسڵمانان و بێ دین کردنیان بوو.
+ لە زمانی کوردیشدا زۆر کتێبی لەم جۆرە دەرچوون تا ئێستا، و کەس وەڵامی نەداونەتەوە بەڵام زۆر جار وا هەست دەکرێت کە وەڵامی ئەم جۆرە کتێبانە

نادرێتەوە، نیشانەی نەتوانینـە، لـە کاتێکـدا وەڵامدانـەوەی ئـەو نوسـینانە، جگـە لەوەی کاتکوشتنە ، گرنگکردن و ڕیکلام بۆ کردنیشە بۆیـان، لـە کاتێکـدا زۆبـەی زۆریان بای سەرێك پیاز نابن، و نوسەرەکانیشیان هەڕ لە بڕ ناکەنەوە!.
بەندە لەدوای ئەوەی هەستم کرد ئەم کتێبە (سێکس و شەرع و ژن لـە مێـژووی ئیسـلامدا) بوەتـە جێگـەی قسـە، ناچـار چـەند ڕۆژێکـی تەمـەنم بـە فـیڕۆ داو بەخێرایی خوێندمەوە، داوادەکەم خودای گەورە لە قیامەتدا لێم نەپرسێت: ئەو چـەند ڕۆژەی تەمـەنت کـە بـۆ بەدەسـت هێنـانی زانیـاری پێـت درابـوو، بـۆ لـە خوێندنـەوەی جنێونامەیـەکی وادا بەزایـەدا؛ چـونکە مەبەسـتم بـوو، هەنـدێك ڕاستی بەرچاوی ئەو خوێنەرانە بخـەم کـە شـارەزایی تـەواویان دەربـارەی زمـانی عەرەبی نیە، و بەڕیزکردنی (١١١) سەرچاوە لە پشتی کتێبەکەوە سەرسام دەبـن، و وا دەزانـن عەللامـەی عەصـر نوسـیویێتی، بێئاگـا لـەوەی نوسـەری ئـەم کتێبـە زمانی عەرەبی ئاسایش نازانێت چ جای بتوانێـت ئـەو سەرچـاوانە بخوێنێتـەوەو لێیان حاڵی بێت و زانیاریان لێ دەر بهێنێت؟!..

## دەرەنجام:

**لە کۆتایی ئم بابەتەدا دەگەین بە چەند دەرەنجامێک**

١ — نوسـەری ئـەم کتێبـە، ( ١١١ ) سەرچـاوەی بـەکار هێنـاوە، کـە( ١٠٧ ) تیـان عـەرەبین، لـە کاتێکـدا ئـەو عـەرەبی نازانێـت، و لـەدەیان شـوێندا هەڵـەی زەقـی لەوەرگێڕاندا کردووە .
٢- ئەم نووسەرە، لەسەر ئاینێك قسەی کردوە، کـە لـەبارەی سەرچـاوەی سـەرەکی ئەو ئاینە ( کە قورئان وسوننەتە) هیچ نازانێت .

٣- ئەم کابرایە، بە درۆ ڕیوایەتی فەرموودەی داوەتە پاڵ کەسانی وەك (بخاری) و (مسلم) ، لە کاتێکدا وانیە بەم پێیەش خوێنەر لەئاست ڕاستیەکاندا چەواشە دەکات.

٤- نوسەر لەهەر کوێدا دەقێك مەبەستی ئەو نەپێکێت، خۆی دێت و بەمەیل و ئارەزووی خۆی ڕاڤەی دەکات، ئەمەیش لەگەڵ بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دا ناگونجێت.

٥- نوسەر بۆ سەرلێشێواندانی خوێنەری زمانی کوردی، ئەوانەی کە عەرەبی نازانن، یا عەربی باش نازانن، دەقی فەرمووده یان ئایەتەکان بە عەرەبی دەنوسێت و کەچی وەرگێڕانە کوردیەکەی باس لە شتێکی تر دەکات، کە ئەمەیش هەڵخەڵەتاندنی خوێنەرو خیانەت لێکردنێتی.

٦- لەواتاو مەبەستی ئایەتەکان حاڵی نەبووە .

٧- تەشهیر کردنی نوسەری ئەم کتێبە، و بێئەدەبی کردن بەرانبەر بە دەیان پەیامبەر، و پیاوچاك و هەروەها بەرانبەربە حاجی و ئافرەت وپیاوی موسڵمان، کە بەم پێیە سوکایەتی بە یەك ملیارو دوسەد و پەنجا ملیۆن موسڵمانی سەرگۆی زەوی دەکات، بۆیە دەکرێت لە دادگای عێراقی دا دەعوای لەسەر بنوسرێت، دوای ئەوەی پوختەیەك لەو نوسینە دەکرێت بە (عەرەبی) ، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی یاسایی خۆیان هەڵنەسان .

پەراوێزەکان

١- المعجم الوسيط ، اعداد / لجنة من الاستاذة – دار الدعوة/ (مادة: شَکَلَ).

٢- فەرهەنگی شیرین – (عەرەبی – کوردی) / فاضل نظام الدین – چاپی سێیەم ٢٠٠٣ ، ل ٣٥٤.

٣- إغاثة اللهفان في مصائد الشيطان/ ابن القيم الجوزية- دار ابن رجب- الطبعة الاولى ٢٠٠٢ ل ـ٢٩٧.
٤- المعجم الوسيط / مادة (قذف).
٥- تفسير وبيان مع اسباب النزول للسيوطى / د . محمد حسن الحمصي/ دار رشيد ل ـ٤٥٥.
٦- هەمان سەچاوە ل ـ ٤٥٥.
٧- بڕوانە كتێبى علوم القرآن الكريم، د. غانم قدوري حمد – مطبعة الميناء ، الطبعة الرابعة ٢٠٠٢ ل ـ ٩٧.
٨- بۆ شارەزا بوون لەم بابەتە بڕوانە لاپەڕەكانى ٢٦ – ٣٤ ى كتێبى (كيف نتعامل مع القران العظيم) د . يوسف القرضاوى / دار الشروق – الطبعة الاولى ١٤١٩ ە – ١٩٩٩ م .
٩- تيسير مصطلح الحديث / د .محمود الطحان ٢٠٠٥ ل ٣٧.
١٠- حەز دەكەم خوێنەر خۆى سەيرى پەراوێزى ١٤١ لاپەڕە ٢٦٢ ى كتێبى جمع الجوامع ى السيوطي ، لە كاتێكدا جمع الجوامع كتێبى نحوى زمانى عەرەبيە! بەهەڵەش نوسيوێتى جميع الجوامع لە جياتى جمع الجوامع!.
١١- تفسير آيات الاحكام في القران / محمد علي الصابوني – الجزء الاول دار الاحياء للتراث الاسلامي الطبعة الاولى ٢٠٠٤ ل ١٩٢ الحاشية.
١٢- فقه السنة – مجلد الثاني – سيد سابق، المنار للنشر والتوزيع ١٩٩٧ ل ١٧٤.
١٣- حادى الارواح الى بلاد الافراح / ابن القيم الجوزية- دارالحديث ٢٠٠٤ / ل ١١٦ – ١١٧.
١٤- المقدمة/ابن خلدون – دار ارقم ابن ابي ارقم لاپەڕەكانى ٢٢٥ – ٢٢٨.
١٥- زاد المعاد في هدى خير العباد – ابن القيم الجوزية/دار ابن حزم ١٩٩٩ ل ٨٣٧.
١٦- فقه السنه سيد سابق – المجلد الثاني ل ٣٣٢.
١٧- سلسلة الاحاديث الصحيحة / محمد ناصر الدين الالباني الطبعة الاولى ٢٠٠٤ ل ٣٦٠ ژمارەى فەرمودە ٢٠٠٤.
١٨- تفسير القران العظيم ابي الفداء ابن كثير- دار الفيحاء ، الطبعة الثانية ١٩٩٨، ج ١ ل ٣٧٥.
١٩- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .
٢٠ ـ هەمان سەرچاوە ل ٣٧٧.
٢١- لەو نوسەرانەى كە موسڵمان نەبوون د. مايكل هارد كتێبێكى هەيە بەناوى سەد كەسى ناودار وە تيايدا پێغەمبەرﷺ محمدى بەيەكەم كەسى ليستى ئەو سەد كەسە داناوە.

تێبینی .

حەز دەكەم خوێنەر لەوە ئاگادار بكەمەوە كە كتێبى (سێكس و شەرع و ژن لە مێژووى ئيسلامدا) نوسينى مەريوان هەڵەبجەيى چەند جارێك چاپ كراوە من بۆ نوسينى ئەم بابەتە چاپى يەكەمى كتێبەكەم لەبەردەستدا بووە، جا ڕەنگە جياوازى لاپەڕەكان لە نێوان چاپەكاندا هەبێت.

** ئەم بابەتە لە ئێوارە کۆڕێکدا لەسەنتەری هەڵبجە لە کەلار لە مێژووی ٢٨ / ٢ / ٢٠٠٦ پێشکەش کرا.

# خنکانی مەعریفە لەنێو شەهوەتدا


**توانا مەندی**

**توێژەری کۆمەڵایەتی**


یەکێك لە دیارترین تایبەتمەکانی مرۆڤ لەمێژوودا ئەوە بووە کە هەردەم گەشتیارێکی ماندوو نەناس بووە بەدوای حەقیقەتدا، بەو مانایەی گەڕان و پشکنینی بزاوتن بەدوای ڕاستیدا بەرئەنجامێك بووە بۆ ئەو نادیاری و مەجهولیەتەی کەخودا لەمرۆڤ و ژیانی دەورو بەریدا دروستی کردووە، نهێنی مرۆڤ و ژیان و مێژوو ئێستاو ئایندەش هێندە زۆرو بێشومارن کە تادواین زەمان و تادوا هەناسەی کۆتا مرۆڤ لەسەر زەویدا تەواو نابن، لێرەوە مرۆڤ لەم نێوەندەدا یەکەمین مەخلوقە کەزۆرترین ووزە بەخەرج دەدات بۆئەوەی کەمێك لەو نامۆ بونە گەردونی و مێژوویەی خۆی کەم بکاتەوە کەسات لەدوای سات ژیان و شوناس و کەسێتی خاوەن ئیرادەی ئەو لەم بونەدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە، هەڵبەتە ئەو مرۆڤەی زۆرترین مەعریفەی بەبوون و ژیان هەبێت ئەوە دیارە تاڵی و سوێری ژیان زۆر وانەو ئەزمونی نوێی فێر کردووە و دوا جار

ئەم مەخلوقە ئاشنا دەبێت بە خۆیو دەورو بەری و بارگرانی سەراسیمە بوون و پەشۆکاویی تێڕامانی لە هەمبەر هەبوون و ژیان کەم دەبێتەوە .

ئینجا مرۆڤ بەدەر لەخواو ئاین و پەیامبەرانیش دەست داخراو نەبووە لە تێگەشتن لە(بوون) بەڵکو ئاوەز(عقل) گەورەترین سەرمایەی زاتی ئەون بۆ هەڵکردنی ڕۆشناییەك لەو کۆچ و ڕەوە تاریکەی بووندا کەبێ ئەو(عقل) هیچ مانایەك نە بۆئەمی مرۆڤ نە بۆ کۆچ و ڕەوەکە رنەبوو ڕێگاکەش نامێنێتەوە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت هاوڕێ لەگەڵ ئاوەزو مەنتیقدا مرۆڤی دروست دارایی سەرچاوەیەکی مەعریفەتی ترە کە ئەویش هەستەوەرەکان (الاحاسیس) وە ڕەمەکەکان (الغرائز) وە دەتوانین بڵێین ئەمانیش پاشخانێکی باشی وەدەست خستنی زانیاری و هۆشیاری و تێگەشتنن لە ڕاستیە ویستراوەکان، بەڵام بەو مەرجەی عەقڵ پشکی شێری بەر بکەوێت لەجۆری حوکم و بڕیاردانەکانی مەملەکەتی جەستەیی هەرمرۆڤێکدا، بەڕاستی کێشەی هەرەگەورەی مرۆڤ لەمێژوودا کە نەیتوانیوە بەمانای ووشە مرۆڤ بێت و چێژی مادی و نامادی لەمرۆڤ بوونی ببات ئەوە بووە کە کەم جار توانیویەتی لەبەردەم شاڵاویی بێبەزەیی هەوەس و شەهوەتەکاندا بەرگە بگرێت ماڵی پڕ حیکمەت و ئاسوودەیی ئاوەز تەسلیم بە هەیمەنەی ئاژەڵی غەریزەکان نەکات .

بەمانایەکی تر هەکاتێك ئاوەز (عقل) ملکەچی پێکرا بۆدەست خستنی چێژو خۆشیە ساتیە جەستەییەکان ئەوە ئیدی ئاوەز (عقل) ڕاستەوخۆ دەبێتە ئالیەتێکی بەرگەڕخراویی تر بۆهەوڵدان و زانینی چۆنێتی دەستخستن ە کۆکردنەوەی زۆرترین چێژو لەزەت ،واتە مەملەکەتێك بەرقەراردەبێت کەکۆیلەو شێتو نەخۆشو منداڵەکان دەبنە حاکمی وولاتو خاوەن هۆشو حەکیمو، مرۆڤە ئەزمونگەراکان دەبنە تاوانبارو لە زیندانی هەمیشەیی ناخی هەوەسی مرۆڤە بەدخوەکاندا چرکەکانی ڕۆژگار دەبژێرنو ئیدی دواتر هیچ

مانایەك بۆ مرۆڤو غەریزەو ئـەخلاقو بـەهاو نـۆرمی ئاسـایی‌و سیسـتمی ژیـانی کۆمەلایەتیانـەی خـەڵك نامێنێـت، هەڵبـەت ئـەوەی ئێمـە لـەو چـەند دێـڕەدا ویستومانە شرۆڤەی بکەین دەرخستنی ئەو جیـاوازی‌و لێکنەچوونە گەورەیەیـە کـە لـەنێوان چـەمکی ''مـەنتیق،،و ''نامـەنتیق،،دا هەیـە، بەمانایـەکی دی گـەر گوتارێك هەڵگری شوناسێکی مەنتیقی بووئەوا هـەرگیز ناتوانێـت بـەراوردی پـێ بکەیت. یاخود بیخەیتە گۆڕەپـانی ئـارگومێنتی فەلسـەفی‌و عەقڵانیـەوە، لەگـەڵ گوتارێکی تردا کە هەڵگری شوناس‌و ناسنامەیەکی نامەنیقی بێت.

لێرەوە دەمەوێت بێمە سەر هەوەس نامەکەی مەریوان هەڵەبجەیی کە لەمساڵدا، لـە دووتـوێی بـەناو کتێبێکـی(٣٦٠) لاپەڕەییـدا کەوتـە گۆڕەپـانی بێخـاوەنی ڕۆشـنبیری‌و هۆشـیاری خـەڵك‌و خوێنـەری کـوردەوە. مـن پـاش تـاوتوێکردنی (کتێبەکەی!) بێئـەوەی هـەوڵ بـدەم وەکـو مـەریوان هێڵـی ڕاسـت‌و چـەپ لەهـەر شتێك بدەم‌و ڕەتی کۆی پرۆژەیەك، کلتورێك، مێژوویەك، ئاینێك بکەم، بەوردی کتێبەکەم خوێندۆتەوە، بەلام بەهیچ جۆرێك نەمتوانی دێڕێك، دەستەواژەیەك، پەرەگرافێك بدۆزمەوە کەلەسەر بونیـادێکی مـەنتیقی‌و زانستیانە نووسـرابێت، بەڵکو تێکڕا هەڵڕشتنی غـەزەب‌و تـوڕەیی‌و شـالاوێکی سێکسیانەی خـودی بـەناو نووسـەرە کـە دەیـەوێت لەڕێگـەی ناوزڕانـدن‌و تەشـهیرکردن بـەخوداو ئیسلام‌و قورئـان‌و پێغەمبـەر (د.خ) بەرجەسـتەی بکات، واتـە ئێمـە هـەوڵنادەین گفتوگـۆ لەگـەڵ مەریوانـدا بکـەین، چـونکە لـەو نووسـینەدا هـیچ دەروازەو ئەگـەرێکی لۆجیکی نابینیتەوەو لەڕێگەیەوە بکەویتە گفتوگۆ لەگەڵیدا بەڵکو ئـەم هـەوەس نامەیە بەتێکڕا هەڵبڕینی پەردەیە لەسەر ئەو سایکۆلۆجیەتەی کـە ئـەو کابرایـە پێی دواوە.

کەواتـە ئێمـە لـەم مـاوە کورتـەدا هەوڵـدەدەین خوێندنەوەیـەکی ئاساییانە بـۆ چۆنێتی ئەو سایکۆلۆجیا فۆرمەڵە بـووە بکـەین کـە ڕۆژانـە هەوەسـی مـەریوانی

پێهەڵدەسێتو پێی دەجوڵێتو قسە دەکات، بۆیە ئێمە هەوڵنادەین بەدوای سەرچاوەو چۆنێتی سود لێوەرگرتنیان بڕۆین، چونکە ئەم کابرایە هەوەسی تەحەکومی کردووە بەسەر سەرلەبەری بزاوتەکانو بیرکردنەوەکانیدا بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر بیەوێت بمان خەڵەتێنێتو بەهەڵەماندا بباتو بەدڵنیاییشەوە هەردەم هەوەس هاوسێیە لەگەڵ فێڵو تەڵەکەدا تابتوانێت بگاتە پلەی گەیشتن بەڕەهابوونو ئۆرگازم.

مەریوان لەلاپەڕە(١٤)ی کتێبەکەیدا دەڵێت"...لەکاتێکدا سێکس بۆ خاڵیکردنەوەی هەوەسەکانی ئینسانە، کەچی کراوەتە مادەیەك بۆکوشتنی خەیاڵە دروستکراوەکانی ئاین کەلە خزمەتی ئینسانیەتدا نەبێت"دیقەت بدە لەبەشی یەکەمی دەستەواژەکەدا ئەو پێیوایە سێکس تەنها بۆ خاڵیکردنەوەو دامرکاندنەوەی خرۆشاندنێکی ناوەکی مرۆڤە، ئەم سایکۆلۆجیەتە ناتوانێت لەوەبگات کەسێکس دامەزراندنو بالاَکردنی ژیانو کەسێتی مرۆڤەکانە، بەردەوامیدانە بەوەچەو ژیانی مرۆڤ، دواتر تێگەیشتنی هەردوو ڕەگەزەکە لە یەکتر...هتد. ئەو هەروەکو تەنەکەی زبڵ لە ڕەحمی مێ دەڕوانێتو جەستەشی دەکاتە مەزەی پێش لەهۆش خۆچوونێك، ئیدی هیچ ڕەوابتو پەیوەندییەکی مرۆییانەو دۆستانەو عاشقانە لەنێو ئەم دوومەخلوقەدا درك پێناکات.

یاخود دەڵێت"ئێمەی مرۆڤ دەبێت دان بەوڕاستیەدا بنێین کە جیاکردنەوەی ڕەوشتی مرۆڤانەی خۆمان لە ئاژەڵ بەومانایە دێت کە سروشتیانە مامەڵە لەگەڵ دیاردە سروشتیەکاندا ناکەین"ل١٥مەریوان زۆر بێباکانە هەوڵدەدات تێکڕای شوناسی مرۆڤو پێناسی ئاژەڵ لەژێر یەك چەتری دیاریکراودا کە هەوەسو شەهوەتە کۆبکاتەوە، بەهیچ شێوەیەك نایەوێتو ناچێتە ژێرباری جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤ وئاژەڵ، بەتایبەتی لەهەمبەر بابەتە غەریزیەکان بەهەموو مانایەکی ڕوون بێنرخیو بێئەرزشی دەداتە پاڵ ڕەهەندی لۆجیكو

عەقلانیبوونی مرۆڤ لەکاتی گرگرتنی دەروونو زەوق هەستانیدا، ئەم گوتارەی مەریوان هێندەی لە شوناسی ئاژەڵەوە نزیکە، ئەوەندە لەهەیمەنەی لۆجیكو شوناسی مرۆڤ بوون نزیك نیە.بەڕاستی من نامەوێت شوناسی مرۆڤ بونی مەریوان بخەمە ژێر پرسیارەوە وەکو مەخلوقێکی خواکرد، بەڵام زۆرم پێ سەیرە ڕادەی سروشتی بوون لەژیاندا بۆ مرۆڤ و بۆ ئاژەڵ وەك یەك دەبینێت، ئەو دەیەوێت ئێمە کتومت پەیڕەوی هەمان ژیانی غەریزییانەی ئاژەڵی بکەین بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی دەروونی نەبینو شتەکانی چوار دەورمان لانامۆ نەبێت.

مەریوان پاساوو بەڵگە بۆ ئەو ڕەهابوونە سێکسیەی دەهێنێتەوەو لەمەشدا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی سروشتی مرۆڤ کە دەڵێت"مرۆڤ جیاوازتر لە ئاژەڵ، بەوەی کەبەبێ برسێتی نان بخواو بەبێ تینوێتی ئاو بخواو لەهەمو وەرزەکانیشدا مومارەسەی سێکس بکات، لەکاتێکدا ئاژەڵ وەهانیەوتەنها ڕووە سێکسەکەی وەربگرین ئەوا ئاژەڵ لەچەند وەرزێکدا بەدەرە لەو سروشتە"ل١٦ هەڵبەتە مەریوان ئەم کتێبەی لەپێناو بەرگریکردن لە ئافرەتو مافەکانی نووسیوە بەخەیاڵی خۆی، بەڵام سەیرکە ئەو دەڵێت خوا ستەمی لە مرۆڤ کردووە کاتێ ئاژەڵ تەنها لەیەك وەرزی ساڵدا لەیەکتری نزیك دەبنەوەوکەچی خوا هیچ یاساو بەربەستێکی بۆ دانەناون لەکاتی جولانی هەوەسیاندا، بەڵام مرۆڤ کەلەهەمان کاتدا دەتوانێت هەر دوانزە مانگەکەی ساڵ سێکس کات کەچی خوا یاساو دەستوری قورسی بۆ داناوە!ئالێرەدا دەردەکەوێت کە مەریوان دەیەوێت ئافرەت بکاتە سێکسی ڕووتو هیچی کە، واتە ئەگەر مەریوان ڕابەرمان بوایە ئەوا ئەو ئافرەتەی نەك جل گەر شۆرتێکشی لەپێدا بوایە ئەوا مەریوان سەری دەبڕی چونکە دەبێت هەمیشە ئەوانی مێ لەئامادەسازیدابن بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسی مەریوانو هاوشێوەکانی، مەریوان هیچ بەهاو ڕێزێکی

بۆ هەستو دەروونـی ئـافرەت دانـەناوە کەئـەوان هەمیشـە نـاتوانن ئامـادەبن بـۆ سێکس. کلۆڵی بـۆ ژنـانو ئافرەتـانی کوردسـتان کەمـەریوان بوەتـە بانگەشـەکارو بەرگریکار لەمافەکانیان.

هـەروەها دەڵێت"کاتێـك مـرۆڤ لـەم کاریگەرییـە سروشتیانە(هەوەسـی سـێکس) هاتـە دەرەوەو ژیـانی سروشـتی ئاسایی قبـوڵ نـەکردو لـەدەرەوەی ژیـانی دوور لەئاژەڵیانـە بەرنامـەی ژیـانی پێکهێنـا ئـەوا ژیـانێکی (خـۆکردی) تایبـەتی بـۆ دروسـت دەبێـتو مومارەسـەی ژیـانی خـۆی لەگـەڵ دیـاردە سروشـتیەکاندا بەشێوەیەك دەگونجێنێت کە مرۆڤانە نەبێت، باشتر بڵێین ئاژەڵیانە نـەبێت"ل١٦ خوێنـەری بـەڕێز بەویـژدانت دەتـدوێنم ئـەو پەرەگرافـە چیمان پێـدەڵێت..؟! هەرلەژێر ڕەشماڵی درۆینەو شەهوەتبازانەی بەرگریکردن لە ژنانـدا لێکچونێكو بەراوردێکی نالۆژیکیانە لەنێوان دوانەی ژنو ئاژەڵدا دەکاتو دەڵێت"خوا ئاژەڵو ژنی لەدروستکردندا وا دروستکردووە لەیەکەوە نـزیکن بـەوەی ئـاژەڵ لەساڵێکدا تەنها یەك وەرز سێکس دەکاتو ژنیش چەند ڕۆژێك مانگانە (حیچ) ی دەبێـتو ناتوانێت سێکس بکات" مەریوان حەزی دەکرد ژن مانگانەی نەبوایـە بـۆ ئـەوەی هـەرکات هەوەسـی جـولا خێـرا خـۆی بـدات بەسـەریدا، خـۆی دورخاتـەوە لەنەخۆشـیە دەروونیەکـەی. ئیـدی لـەم سـەروبەندەدا ئـەوەی بـەهای نیـە لای مــەریوان ئاوەزولۆجیکـە، بەڕاسـتی ئـەوەی بێلایەنانــە ئــەو بــەناو کتێبــە بخوێنێتەوە بێ دوودڵـی حـوکمی نەخۆشـی دەروونـی سێکسیەکان دەدات بەسـەر مەریواندا.

لەسەرەتاوە تاکۆتایی ئەو بەناو کتێە دوو بابەت زۆر زاڵن تیایدا: یەکەمیان:درۆو تەشهیرە. دووەمیان:زاڵبونی زمانی غەریزەیە کە بێگومان ئـەم دووشـتە دەتـوانن لەبەهاو ئاستی زانستی هەر نووسینێك کەم بکەنەوەو ڕادەی ئیعتیبار بۆ کردنی بێتە ژێر سفرەوە.

ئەو دەڵێت "هەردوو پەرتوك ـ قورئانو تەورات ـ لەسەر ئەوە هاوڕاو كۆكن كە ئیسماعیل بەناپاسایی لەدایك بووە"ل٤٧ گرفت نیە ڕەنگە تەورات بەهۆی دەستكاریكردنی هەوەسبازێكی وەكو مەریوانەوە تێكدرابێتو بۆ خراپ وەسفكردنی ئەو دوو پەیامبەرە بەڕێزە ئەوەی تێدا نووسرابێت. بەڵام ئەو درۆیەی مەریوانی نابەرپرس هەڵیدەبەستێت لەكوێی قورئاندا هاتووە؟بۆچی دیاری ناكات؟ئەو دەڵێت "هاجەرە ژنی ئیبراهیم نەبووە، كەنیزەكی بووە"ل٤٧ بەبێئەوەی بزانین ئەمەی لەكوێوە هێنا؟! هەر لەو كتێبەدا كۆمەڵێك قسەی بێبنەمای تێدایە بەبێ ئاماژەكردن بۆ پەراوێزو ناوی سەرچاوەكەی ـ ئەوەی سەرەوە یەكێكە لەو نمونانە، بەڵكو خەیاڵی درۆ ئامێزو سێكسیانەی خۆی سەرەكیترین سەرچاوەی ئیلهام بەخشی وڕێنەكانێتی. وەكو ئەوە وایە ئێستا ئێمە بڵێین ئەفلاتون ٥٠٠ژنو ٧٠٠كەنیزەكی هەبووە، ئایا كێ باوەڕ بەم قسەیە دەكات بێ ئاماژەدان بەهیچ سەرچاوەیەك؟!ئەویش بەهەوەسی خۆی ڕمڵی لێداوەو باكی نەبووە چی بەخەیاڵی تێر نەبوویدا دێت؟!

لەشوێنێكی تردا(ل٥٨)مەریوان پێی وایە ئیسلام ستەمی لە ئافرەت كردووە، بەبەڵگەی ئایەتی (١٨٩ الاعراف)كە خوای گەورە دەفەرموێت(هو الذی خلقكم من نفس واحده وجعل منها زوجهالیسكن الیها...)ئەو پێیوایەبەپێی ئەم ئایەتە خوا ئافرەتی تەنها بۆ ڕەحەتبوونو لابردنی ناڕەحەتیەكانی پیاو دروستكردووە (لیسكن الیها)ش دەكاتە بەڵگە .

مەریوان نازانێت(لیسكن الیها)یانی چی، ئەو گوزارشتە بەمانای دامەزراندنو ئارام بوونی پیاودێت واتە هیچ پیاوێك بێ ژن نایكرێو نازێو لەڕووی كەسایەتیو عەقڵو باری كۆمەڵایەتیەوە بەتەواوەتی دانامەزرێت، ئەمەش بەپێودانگی عەقڵو مەعریفە گرنگیو پایەبەرزی ئافرەت دەردەخات، خوای گەورە بە جوانترینو باشترین شێوە ئادەمی خولقاند بەڵام نائاسودەبوو تا

حـەوای بـۆ خولقانـد بەومانایـەی ژنـی کـردە ئـەو جەوهـەرەی کـە بتوانێـت جوانیـەکانی ئـادەم هـەڵماڵێتو نمایشـی بکـات بـەڵام مـەریوان چـونکە خـۆی نەخۆشە هەست بەم ماناو مەدلولانەی پشتی وێنەکان ناکات.

مەریوان چیرۆکی وەدەرنانی ئادەمو حەوا(سـەلامی خوایـان لێ بێت)بـەلۆژیکێکی ناتەواو وەسفدەکاتو لەوەش نالۆجیکیتر بەلای ئەوەوە ئەوەیە کە هەموو ژنـانی دونیا بەهۆی هەڵەی حەوای ژن دەکەونە بەر سزای خـوا، کـە ئـەویش مانگانـەی ژنە، داخۆ مەریوان لەچ سەرچاوەیەکی مێژوویی دا ئەوەی دەست خستبێت کـە حەوا هانی ئادەمی دابێت بێفەرمانی بکات، ئەگەر ئادەم خۆی ئیرادەو ئـارەزووی خواردنی ئـەو دارەی نەکردایـە، حـەوا دەیتـوانی بـەزۆر دەرخـواردی بکات؟ئەمـە لۆجیـك نیـە کـە مـەریوان پێـی دەدوێـت، هـەروەها حاڵـەتی مانگانـەی ئـافرەت شـتێکی سروشـتیو ئاسـایی هـەر ئافرەتێکـە، کـەمن پێموایـە ئەمـەش بۆخـۆی جارێکی دی ڕێزێکەلەلایەن خواوە لە ئافرەت گیراوە بـەوەی لـە مانگێکدا چـەند ڕۆژێك دوری دەخاتەوە لە کۆبوونەوە لەگەڵ مێردەکەیدا تا هەمیشە لەلای پیـاو ئەوە نەچەسپێت کە ژن هەموو کات دەرگای ئاوەڵایە بۆ خاڵیکردنەوەی هەوەسی پیاو کە مەریوان وای دەبینێت.

هەڵەیەکی دیکەی مەریوان ئەوەیە لە کاتێکدا ئەگەر ژنێك یەك مێرد نـەیتوانی تێری بکات ئـەوا بابتوانێـت لەگـەڵ مێردەکەیـدا چـەند مێردێکـی تـری هـەبێت، ئەمە ترۆپکی فەلسەفە داهێنانکارییەکەی مەریوانەو تـۆ نازانیـت یـاخود بـوارت نیە  لەکوێوە لەگەڵیدا بدوێیت، چونکە ئەو لە چوارچێوەی مەنتیق ترازاوەو لە دەرەوەی لۆژیك بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، دەتـوانین مـەریوانو تێزەکـەی بەسـەر سـەخترین دوژمنـی مرۆڤایـەتی وەسـف بکـەین بـەوەی دەیـەوێت مـرۆڤ خـاڵی بکاتەوە لەهەموو بەهایەك کە چوارچێوەیەکی مانادار بە مرۆڤ بدەن، باشە گەر

مـەریوان لەگـەڵ سـێ پیـاوی تـر چـوونە لای ژنێـكو لـەم نێوەنـدەدا منـداڵێك دروست بوو بیدەین بەكامیان؟ لەو بڕوایەدام مەریوان شەڕی لەسەر بكات؟؟!
ئەو باوەڕەی كە مەریوان هەیەتی سەقەتەو ئیعتیباری كۆمەڵایەتیانەی نیـە، لـە شوێنێكی تردا باس لـەوەدەكات كـە كۆمـەڵگای نیـوە دوورگـەی عـەرەبی خـاوەنی عەقڵیەتێكی دەمارگیرنو ئەوان غەرقی شەهوەتو سێكسن لەگـەڵ ژنو تەنانـەت ڕەگەزی بەرامبەریشدا، بۆیە ئیسلام نـەیتوانیوە كاریگـەری هـەبێت لەسـەر ئـەم شـێوازە چەقبەسـتووە، بـەڵكو فاكتـەرێكیش بـووە بـۆ زیـاتر بەرجەسـتە كـردنو بەربلاوبونەوەی سێكس بە نهێنی لەناو نیوە دوورگەی عەرەبدا.
سەقەتی بیری مەریوان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كەدەیـەوێت ئیسلام لەیەكـەم چـركە سـاتی دابەزاندنیـەوە هـەموو ڕێو ڕەسـمو دابونـەریتی ئـەو ناوچـانە بەڕەهایی بگۆڕێت (بەتایبـەتی نـەریتی نێگـەتیف) ، ئـەم تێـزو بـیرە لـە فیكـری كۆمەڵناسیدا فلسێكی قەڵب ناكات، چونكە مامەڵـەكردن لەگـەڵ مرۆڤـدا جیـاوازە لـە مامەڵـەكردن لەگـەڵ هەرشـتێكی مادیـدا، مـرۆڤ كـائینێكی كۆمەڵایەتیـە كـە خاوەنی ئیرادەو هەستو كەلتورێكی سازو ئامادەیەو كـاتێ دەتـەوێت كـار لەسـەر گۆڕانی ئەو واقعە بكەیت دەبێت ڕەچاوی ئەوە بكەیت كەلە سەرەتاوە گۆڕانـەكان سەرەتاییوبەشـەكی بـنو دواتـریش فاكتـەری زەمـەن گـەورەترین پرسـیاردەرە لەسەر چۆنێتی چارەنووسی ئـەو گۆڕانـە، بـەلام مـەریوان مـادام كـوڕی مەیـدانی مەعریفەی حەقیقی نیەو هەوەسو شەهوەت توغیـانی كـردووە بەسـەر عـەقڵو هۆشیدا ئیتر دونیا بەڕەشوسپی دەبینێت.
هیچ گۆڕانێك لەكۆمەڵگادا موتڵەق نیەو بەس خودا لەگەردوندا رەهایەو جێگـای پرسـیار نیـە، دەنـا هـەموو شـتێك شـیاوی گـۆڕانو باشـتربوونو نوێبوونەوەیـە، هەرچـەندە مـەریوان لـەبێڕێزیكردن بەهەسـتی موسـڵمانان بێـدەنگ نـەبووەو

ڕەخنەش لە خوا دەگرێت!ئەمە هێندەی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی مەریوان ناوی بێتە ناوناوان، نیو هێندە ئاماژەنیە بۆ مەعریفە.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بۆ باسی کەنیزەك دەکەین کە مەریوان بووەتە یەکەم هەڵگری مەشخەڵی بەرگریکار لێیان، بەبێئەوەی ئێستا وجودێکی ئەو دیاردەیە هەبێت، هەڵبەت ئەوکاتە بەهۆی ئەوەی کەنیزەك هەبوەو وەکو کاڵا کرین و فرۆشتنی پێوەکراوەو ئیسلام ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و لەنێو ئاماژەی ئایەتەکاندا بەئاشکرا باس لەڕزگارکردن و ئازادکردنیان کراوە، بەڵام نەتوانراوە یەکسەر هەموویان ئازاد بکرێن، لێرەدا یاسا ئاینیەکان لەسەر ئەم چینە هەمیشە سوك و ئاسانتر بووە وەك لەژنە ئازادەکان، ئەو دەیەوێت ئەگەر کەنیزەکێك و ژنێکی ئازاد زینایان کرد ئەوا بایەك سزایان هەبووایە، بەڵام ئیسلام سزای کەنیزەکەکەی سوکترکردوە ئەمە جارێکی تر ستەمە لە کەنیزەکەکان و بەپلە چوار سەیرکردنیانە، بەڵام مەریوان ئەوەی لێتێکچووە کە ئیسلام ڕەچاوی ئەوەی کردووە وەك چۆن کەنیزەك لە مافدا نیوەی ژنە ئازادەکانیان بووە، هەرئاواش لە سزادا دەبێت نیوەی سزاکە وەربگرن، هەروەها باسی کەنیزەك و بەرگریکردن لێیان هەوڵێکی نەزۆك و شکستخواردووەو لەهەمانکاتدا لە ئێستادا کێشەیەك نیە بەناوی کێشەی کەنیزەکەوە، ئیدی ئەم بەرگریکردنە بێبناغەیە لەنەبوونی وجودێك لەدەست بەتاڵی زیاتر چیتر دەردەخات.

### بینینێکی دی لەگۆشە نیگایەکی جیاوازترەوە

هەر چەندە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، گۆڕەپانێکی ئاوەڵایە بەڕووی هەر جۆرە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودا، گەر دروست بڵێین بەهۆی ئەو فەوزایەی کە ڕەهەندی هەستیاری عەقیدەیی و مەبدەئی خەڵکی پێدا دەگوزەرێت خەڵکی بەجۆرێك لە جۆرەکان تووشی سەرلێشێواویی ئینتیمای

عەقیــدەیی‌و بیروبــاوەڕی بــوون. هەڵبــەت بێخــاوەنی ئــەم میللەتــە لــەو ڕەهەندەوە(ڕەهەندی بیروباوەڕی) وایکردووە جۆرێك پەرش‌و بلاّوی‌و بێڕایەڵی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەست پێبکرێت، کەلانی کەم توانیویەتی یەکێتی‌و یەکگرتووی ئەم میللەتە بترازێنێت‌و لەئاست مەسەلە نەتەوەیی‌و ئاینی‌و بەرژەوندیە چارەنووس سازەکاندا یەکڕیزییان پەرت بکات.

دواجار ئەم نایەکڕیزییە زۆر بەرئەنجام و ئاکامی نەخوازراو و نێگەتیڤی لێکەوتۆتەوە و ڕەنگە دەستبردن بۆ هەر شتێکی لەو بابەتە تووشی کێشەیەکی قورسمان بکات بەوەی کە لە سەر ئاستی هەموو خواستەنیشتیمانی‌و نەتوەیی‌و ئاینی‌و مێژوویەکانیش هێلی سورو دیواری بەرزی پۆلاّینن لەنێوان ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا بە ئاشکرا هەست بەوجودی دەکرێت، لە کاتێکدا هەر یەکێك لەو هێزانە پاڵپشت بەو مێژوەی کە هەیەتی و ئەو ئایدۆلۆژیایەش کە ئێستا تەبەنی کردووە بانگەشەی هێنانی ئاسودەیی‌و ئارامی‌و خۆشبەختی‌و مژدە دەکەن بۆ هاونیشتیمانیانی ولاّت ڕەگی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی دروست بوونی دەوڵەت لە عێراقدا کاتێك خاکی کوردستان بەبێ پرسکردن بە میلەتەکەی لکێنراوە بەخاکی عەرەبەکانەوە ئەمەش خۆبەخۆ هێما بووە بۆ توانەوەی هەمو ئەو پاشخانە کەلتوری‌و مێژوییەی کە ئێمەی کورد وەکو میلەتێکی جیاواز هەمانبوە لەنێو مێژوو کەلتوری تایبەتمەندی عەرەبدا، ئەم حەقیقەتە بە ئاشکرا لەسەردەمی پایەداربوونی ڕژێمی بەعسی ڕوخاودا بەرجەستەبووە وە ڕۆژانە لەمس دەکرا بەوەی کە بە هیچ شێوەیەك ئامادەی سازشکردن نەبوە لەبەردەم هەر خواستێکی نەتەوەی کوردا، دواتر لەناوبردنی شۆڕشەکانی شاخی کوردو جێبەجێکردنی پرۆسەی بەناو ئەنفال‌و کیمیابارانکردن‌و لەسێدارەدانی گەنج‌و

لاوی كورد دیارترین وێنەی مەرامە سیاسیە گلاَوەكانی ئەو ڕژێمە بووە كە جاربەجاریش بۆ شەرعیەتدان بەو كارە نامرۆییە دڕندانەیە ئاینی ئیسلامو قورئانی كردۆتە ئالیەتی ڕایكردنی پرۆسە نەگریسەكانی، هەڵبەتە بەكارهێنانی ئایین بۆ ئەو كارە دڕندانەیە هێندەی ناوزڕاندنی ئایینو ڕیشەكەنكردنی پایەكانی ئیسلام بووە لەنێو خەیاڵدانو ویژدانی تاكی كوردیو عێراقیدا نیو هێندە هێمای وابەستەبوونی ئەو ڕژێمە وەحشیە نەبووە بە ڕێوڕەسمو یاساكانی ئیسلامەوە، ئەم دۆخە دەروازەكانی هەڵسانو دروست بوونی هێزی عەلمانیو نائاینیو نەتەوەیی خۆشكرد لەنێو بۆشایی گۆڕەپانە سیاسیە كوردییەكەداو لەهەمانكاتدا دەروازەو فرسەتەكانی لەبەردەم دروستبوونی هێزی چەكداری سیاسی ئاینی تەسكردەوەو لاوازی كردو هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لەسەر دراوە دیارەكان بەتەواوی دەچەسپێت، بەلاَم لەناخدا هەموو لایەك ئەوەیان درككردبوو كە ڕژێمی بەعس بەرگریكار نیە لە ئایینو ئیسلام.

ئەم وێنەیەی پێش ڕاپەڕینی گەلی كورد بەتەواوەتی دوای ڕاپەڕین پێچەوانە دەبێتەوە بەوەی هێزە عەلمانیەكانی كوردستان پاش سوود وەرگرتن لە كۆمەڵێك هاوكێشەی ناهاوسەنگ بە یاوەری میلەت توانرا ڕاپەڕین بەرپابكەنو جڵەوی دەسەلاَتو حوكم بگرنە دەست، لێرەدا خاڵێك زۆر گرنگە، كاتێك بزوتنەوەو حیزبە سیاسیە عەلمانیەكان لە شەڕێكی نیوسەدەیی دا بوون لەگەڵ ڕژێمێكی بەناوئاینیو دواتر ڕشتنی خوێنێكی زۆر لەو پێناوەدا لەكۆنەستی ئەو هێزە سیاسیە عەلمانیانەدا ڕقێكی ئەستور لەبەرامبەر ئایندا دروست بوو، لەلایەكەوە ئەو ڕژێمە لە ژێر پەردەی ئیسلامدا ڕەشەكوژی دەكاتولەلایەكی ترەوە سەرجەم جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەتایبەتیو كۆی ولاَتانی تری دونیا بەگشتی لە ئاست ئەو كێشە ڕەواییەی كوردا بێدەنگ دەبن، ئەمە وایكرد ڕقی بزوتنەوە عەلمانیەكان زیاتر ڕەقترو ئەستورتربێت لەبەرامبەر ئاینی (٪٩٥)ی

دانیشتووانی کوردستاندا، ئەتوانین بڵێین هێزە عەلمانیەکان هەر لەسەرەتاوە هەوڵی تەرجەمە کردنی ئەم بیرۆکەیەیان داوە کە هێندە ئایین بە شتێکی گرنگ وەسف نەکرێت لە ژیانی تاکی کوردیدا؟چونکە ئێمەی کورد زەمەنێکی درێژە ئەو ئاینە مافمان پێشێل دەکات؟

بەلآم پاش وەدەرنانی بەعس لە کوردستان بۆشایی ئیداریو جەماوەری دروست بوو کەئەم دۆخە داخوازی سەپاندنی هەیمەنەی ئایدۆلۆژیو حیزبی خولقاندو هێزە عەلمانیەکانی ڕوبەڕوی شەڕی براکوژی کردەوە و بەهۆی سەرقاڵبونی شوناسو پێگەی حیزبی خۆیانەوە کە لەبەردەم خەتەری لەناوچوندا بوو جێبەجێکردنی ئەو خواستەیان لەیادچوو یاخود پاشخست، هەڵبەتە پڕۆژەی عەلمانیەت لە کاتێکدا کە خاوەنی خەباتێکی مێژوویی تا ڕادەیەك پرشنگدارە بەو شەڕی خۆکوژیە بەشێکی لە پەیکەری شانازی ئەو مێژووە داتاشیو لەم نێوەندەشدا بوار بۆ بەدیلێکی تر ئاوەڵابوو کە دروستبونی هێزی ئیسلامیە، هەڵبەتە بوونی ئەم هێزانە پێش ڕاپەڕینیش شان بە شانی هێزە عەلمانیەکان سەلمێنراوە بەلآم لەبەر ئەو حەقیقەتەی لە پێشەوە باسمانکرد بواری جەماوەری بوونیان لاوازتر بوو، لێرەداو پاش تێپەڕینی چەند ساڵێك دوای ڕاپەڕین توانرا ئەو هەستە ئاینیە حەقیقیە لەلای جەماوەری کوردستان زیندوو بکرێتەوە چونکە لەو زەمەنەدا بوار بۆ نمایشکردنی ئیسمی حەقیقی ڕەخسا بۆیە دەبینین پێگەی جەماوەری هێزە ئیسلامیەکان ڕۆژبە ڕۆژ لەترۆقیدابوو ئەمە عەلمانیەکانی وە ئاگا هێنایەوە، لێرەوە هاوکێشەیەکی نیمچە هاوسەنگی کێبڕکێی فیکریو ئایدۆلۆژی لەکوردستاندا هاتە ئاراوە، لایەکی هاوکێشەکە هێزە ئیسلامیە متەوازعەکانە بە یاوەری بەشێکی زۆری میلەت و لاکەی تری هێزەی عەلمانیەکانە بە پاڵپشتی دەسەلآت.

ڕەنگە ئەم درێژەدانە بەوبابەتە تۆزێك بێزارکەر بێت بەلاَم لێرەوە دەمانەوێت ئاماژە بەو شەڕە ئایدۆلۆژیو فیکریە بکەین لە کوردستانداو بەنهێنی بەڕێوە دەچێتو تەنها ڕۆشنبیرانو کەسە هۆشیارەکان ئاگاداری ئەم مونافەسەیەن، لێرەوەو پاش ئەوەی تەوژمی عەلمانی لە کوردستاندا بەهەموو باڵە جیاوازەکانیەوە نەیانتوانی وێنەیەکی جوانو مۆدێرنی ئەو چەمکە نمایش بکەن بۆ خەڵکی کوردستانو هەندێك جاریش لەوە خواپتر ئەو هێزانە نەیانتوانی مۆدێلێکی سەرکەوتو و پێشکەوتوو لەشێوازو سیستمی ئیداری و سیاسی بەڕێوەببەنو کەم تازۆرێك دەوڵەتی یاساو کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەوان بانگەشەیان بۆ دەکرد لەبەردەم خەتەری هەڵدێرو لەناوچوون بووە.

بەبڕوای من هێزە عەلمانیەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون یەکەم لەفەرزکردنی هەیمەنەی فیکری خۆیان دووەم لە پێشکەشکردنی نمونەیەکی جوانی وا کە لە ئاست خەونو داخوازی میلەتدابێت، ئەم هەمو ناسازییانە فاکتەرێك بوون بۆ فراوانبونو زیادبوونی دەروازەکان بەڕوی هێزە ئیسلامیەکاندا، هەڵبەتە لەبەرئەوەی عەلمانیەت خۆبەخۆ پێویستی بەکلتورێکی کراوەو نەرمە بۆ قبوڵکردنیو ئەو نەریتو کلتورەش هێشتا لەکوردستاندا گەلاَڵەنەبووە، بەمانایەکیدی خودی پڕۆژەی عەلمانیەت بەمانا کوردییەکەی پڕۆژەیەکی زیادەو سەربار بووە واتە میللەتی کورد هەرچەندە وەکو پێویست هەزمی چەمكو مەفهومە ئیسلامیەکانی نەکردووە بەلاَم لانی کەم لە پاڵ ئەو بەهاو یاساو خواستە ئاینیانەدا دەمێ ساڵە دەستو پەنجەی نەرمکردووەو تاڕادەیەك هەزمیکردووە (ئەمە لەگەڵ کەموکورتی زۆردا) بۆیە هێزە عەلمانیەکان لە سەپاندنی بیرێکی تاڕادەیەك نامۆ هێزو وزەیەکی زۆریان بەخەرجداو بەهیلاکیشدا چوون بەلاَم دواجار نەتوانرا وەکو ئەوەی پێویستە قبوڵ بکرێت، ئەمە ئەوانی ڕاکێشایە ناو شەڕێکی ترەوە کە ئەوانی بە هەڵەدا

بـرد، ئـەویش هێرشـکردنە بۆسـەر ئـەو سـاحەیەی کـە هێـزە ئیسـلامیەکان بـۆ سەپاندنی خۆیان تەبـەنیان کـردووە کـە ئیسلام‌و بـەها مرۆیـی‌و ئینسـانیەکانە، ئەم حاڵەتەش جۆرێك لە مونافەسەی ناشەریفانەی کردە سیمای کێبڕکێکەو لـەم نێوەندەدا ئیش لەسەر ئـەوە دەکـرا کـە پایـەکانی ئایـدۆلۆژیاو بنـەماکانی ئـاینی ئیسلام لەق‌و لەکـەدار بکـەن. لێـرەوە لەکـەدارکردنی هێـزە ئیسـلامیەکان سـەری هەڵـدا. ناوبـانگ‌و مێـژوویان خـراپ وەسـفکراو دواجـار نوسـەرو ڕۆشـنبیرانی تەوژمـــە عەلمانیـــەکان بەوەشـــەوە نەوەســـتان‌و دەســـتیانبرد بـــۆ پیرۆزتـــرین‌و بەبـەهاترین سـەرمایەی ڕەمـزی‌و مـادی موسـڵمانانی کـورد کـە خـواو قورئـان‌و ئیسلام‌و پەیامبەرە.

لێرەوە ئاماژە بۆ بەناو کتێبەکەی مەریوان دەکـەین کـە ئێمـە وای وەسفدەکەین کـە ئـەو هەوڵـە نەزۆکـە یـەکێك بێـت لەوهەوڵانـەو جـارێکیتر ڕاوەشـاندنەوەی هەیمەنـەی خۆیـان‌و شـڵەژانی بـاوەڕی ئـاینی کـوردو جـەماوەری هێـزە سیاسـیە ئیسلامیەکان بێت.

گومانی تێدانیە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و دورو نزیك هێزە ئیسلامیەکان بە ئاشکرا خەریکە دەبنـە بـەدیلی هێـزە نەتـەوەیی‌و عەلمانیـەکان کـە چـەندین ساڵە لەشوێنی بڕیارو دەسەلاتدان. بەلام بەهۆی ئەو گەندەڵی‌و خەلەلە ئیداری‌و فەراغە سیاسیەی کە تێیکەوتون‌و مێژوەکەشیان دەبێت ڕاپسکێنن‌و جارێکیتر تەسـفیەی حیسـابی خۆیـان بکەنـەوەو چیتر دورنەکەونـەوە لەهەسـت‌و نەسـتی حـــەقیقی جەماوەرەکـــەیان، بـــەلام مـــەخابن ئـــەوان لـــەبری ئـــەوەی خۆیـــان‌و بیروبـاوەڕە نامۆکـەیان ئاشـنابکەنەوە بەخـەڵکی، کەچـی دێـن وەرەقـەی گومـان‌و لەرزین فڕێدەدەنە نێو دەرونی ئـارامش‌و دامـەزراوەی چـەندین سـەدەی مرۆڤـی کوردی موسڵمانەوەو جارێکیتر دەیانەوێت نامۆی بکەنەوە.

ڕەنگـە بپرسـرێت ئـەم کـارە چـۆن وا دەبینرێـت؟ بـەڵام بـەرگری پێشـوەختو پێدانی دەستخۆشیو بەخشش بەو کەڵە "نوسەرە؟" (مەریوان) لەلایـەن ئـەوانی عەلمانیەوە ئاماژەیەکە بۆ پێدانی هێمای سەوز بـۆ ئـەوەی مـەریوان کـارێکی لـەو جۆرە بکاتو ئیهانەو بێحورمەتی بکات بەهەستو شعوری چوار ملیۆن مرۆڤـی کوردی موسڵمان، دواجارو لەم سەروبەندەدا ئاماژە بـۆ ئـەو هەڵچوونە عاتفیـەی هەندێ گەنجی موسڵمان دەکەم کـە لـە پەرچـەکرداری ئـەو نوسـینەدا مەشخەڵی لەناوبردنو کوشتنی مەریوانیان هەڵگرتووە کە بە بڕوای من ئـەوەش بڕیـارێکی نالۆژیکیەو هـیچ خزمـەتێك بـەدۆزی ئیسلامو باوەڕەکەشـی ناکات و، ڕەنگـە لـە چرکەساتی ڕودانی شتێکی وادا مەریوان ببێتە قارەمـانی مێـژوو چونکە لەسـەر باوەڕەکـەی خوێنیـان ڕشـتووە، ئـەم سـایکۆلۆژیەتە کـە موسـڵمان بەگشـتی پێیـدەدوێت نەخۆشـیەکی زۆر کوشـندەیە هـەردەم بـەزیانی خـۆی شـکاوەتەوەو خزمەتی بەلایـەنی دژو بەرامبـەر کـردووە، ئـەبێت خـەڵکی موسڵمان ئـەو بیرو باوەڕە ڕەفزبکات کە مەریوانی هەڵناوە بـۆ نووسـینی شـتێکی لـەو جۆرەو داخـۆ گەر مەریوان پاڵپشتێکی مادیو مەعنەوی تەوژمە عەلمانیەکانی نەبایە دەیتوانی شتێکی لەو شێوەیە بنووسێت؟ شەڕێکی نهێنی لەبن دەستماندا بـەڕێوە دەچێت و بنکەکەی زۆر لەوە گەورەترو فراوانترە کەبیسوین بەسەرکەسێکی دیاریکراودا، ئەمەش شەڕی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە هەر لەسەرەتای شۆڕشی کوردیـەوە بەڵام هەر سەردەمەو قۆناغێك فـۆرمێکی تایبـەتی خـۆی وەرگرتـووەو زەمـەنێك بەچـەك کوشـتاری یـەکتریان کـردوەو ئێسـتاش بەنووسـین بیروبـاوەڕی یـەکتری دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

لەکۆتایدا هیوادارم سەرتانم قورس نەکردبێت هەرچەندە ئـەو نووسـینە وەڵامـە حەقی تەواوی نەداوە بۆ هەڵماڵینی پەردەی سەر وڕێنەکانی شەوانی مەریوان .

# موتعەی حەج
# بەڵگەی نەخوێندەواری و رق لە دڵی

**قانع خـورشید**

ئەگەر بڵێ ی وەڵام نادەمەوە، دەڵێن: هیچی پێنەبوو، بۆیە نەیزانی لەوڵامدا چی بڵـێ؟! چـەند سـاڵە شـت دەربـارەی ئیسـلام و پێغەمبـەر دەنوسـرێ و وەڵامـی بەرامبەر دیارنیە، جگە لـەو (هەڵەنامە)یـەی لـە زانکۆی بێئاگای سلێمانیدا لـە چاپدرا بوو لەسەر هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان. هۆکاری ئـەم بـێ دەنگیـەش لای جەماوەرو خەڵکی ئاشکرانەبوو، ناشکرێ هەر لەسەر بێدەنگی بەردەوام بی ...
ئەوەی ڕاستی بێ هەندێ جار مـرۆڤ ئەوەنـدە تۆمـەتی بەرامبـەر بـە پـوچ و بـێ بـەها دادەنـێ و متمانـەی بـە خـۆی هەیـە، کـە ناتوانـێ بەڵگـە لەسـەر ڕاسـتی قسەکانی خۆی و نەفامی و پوچی بەرامبەرەکەی بێنێتەوە... ئـاخر زۆر قورسـە تۆ دووچاوی ساغت هەبێ و لەپڕ کەڵلەپوتێکی ناحاڵیت لێ پەیـدابێ و بـەکوێرە

کوێره شوێنت کەوێ، حەوسەڵەی ڕاوەستان و ڕاڤەکردنت نابێ و هەرچەند زۆر لەخۆت بکەیت ناتوانیت خۆت قایل کەیت کە بوەستی و بۆی روونکەیتەوە کە کاکە گیان! کوێرنیم و ڕەنگەکان دەناسم و بەردەمی خۆم دەبینم و ئەوەتا بێ هیچ گرفتێك ڕێگە دەبڕم و ناکەومە هیچ چاڵ و کەنێکەوە!! ئەگەر ئەوتۆزێك مێشکی هەبێ، خۆی نابێ ئەم ڕێك رۆشتنەی تۆ ببینێ؟! کە نەیبینی واتە مێشکی نیەو، کەمێشکیشی نەبوو ڕوونکردنەوە سوودی چیە؟ ئەمەیە هۆکاری سەرەکی بێ دەنگی ئیسلامێکان،و وەڵام نەدانەوەی ڕوناکبیرە ئاینپەروەرەکان....

لەگەڵ ئەمەشدا هۆکارێکی تری دیار هەیە بۆ وەڵام نەدانەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو نووسینانەو ئەو کتێبانەی دژ بە ئیسلام دەنووسرێن نەك زانستی نین، بەڵکو بەشەڕەجنێوی دوو منداڵی سەرجادە دەچن کە یەکێکیان دیار نەبێ و ئەمی تریان هەرلەخۆیەوە جنێوبدا و هەرچی وشەی قێزەون و گەنە بەکاری بێنێ... یان بە تووڕەیی مرۆڤێکی بیمار ئەکا کە لەگەڵ دەردەکانی جەستەیدا بەشەڕدێ و قسەی ناقۆڵایان پێ ئەڵێ، چونکە ئەم نەخۆشیانە لە زۆر حەزی جەستەیی بێبەشیان کردووە... یان قیژە قیژو نەفرین کردنی ژنان کە لەگەڵ باوباراندا هەندێ جار قاڵەیان دەبێ و دەڵێن: ئەمە کەی وەختی بارانە ومن ئێستا ناومالم پاککردەوەو ئەم هەمووی تێکدا.. ئاخر مرۆڤێکی ژیر ناتوانێ لە پێکەنین زیاتر هیچی تر دەربڕێ کاتێك کە ئەم دیمەنانە دەبینێ و پەی بە نەفامی ئەو جنێو دەرانە دەبا، ئیتر زۆر قورسە دانیشێ و بەشێوەیەکی زانستیانە وەڵامی ئەو هەموو قسە بێزراوانە بداتەوە...

هەر قسەیەك یا نوسینێك دەرهاوێشتەی ناخ و فیکری بێژەر یا نووسەرەکەیەتی، من وانازانم هیچ موسڵمانێك بتوانێ وەڵامی ئەو نووسینانە بداتەوە، وەلامێك کە وەکو دەقە وەڵام دراوەکە بێت، چونکە موسڵمان خۆی زۆر لەوە بەگەورەتر و بەرزتر دەزانێ، کە دابەزێتە ئەو ئاستە لە هەرزەگۆیی و بێ

شـەرمی و دەمشـڕی ... (جــاحظ) لـە کتێبـی (الحیـوان) دا باسـی دێوانەیــەکی ژیردەکا کـە لـە کۆنـدا لـە یۆنـان ژیاوە و نزیکـەی (٧٠) وتـەی بـەنرخ و پەنـدی جوانی لـێ دەگێڕنـەوە ... یـەکێك لـەو قسـە شـیرینانەی ئەوەیـە کـە کابرایـەکی زەمـانی خـۆی دەڵـێ: لـێم پرسـی: تـۆ کاتێـك بـەبازاڕدا دەڕۆی خـەڵکی جنێـوت پێدەدەن و بە شێتە.. شێتە بانگت دەکەن، بۆچی تۆ هیچ وەڵامیـان نادەیتـەوە؟! ئـەوکابرا دێوانـە و ژیـرە لـە وەڵامـدا دەڵـێ : (باشـە ئەگـەر تـۆ بـەلای کەرێکـدا تێپــەڕیت و لەپڕجووتەیــەکی تێهەڵــدای، تــۆش دەیدەیتەوەبەرجووتــە؟) وتم: نەخێر! وتی : (ئەی ئەگـەردات بـەلای سـەگێکدا و پێـت وەڕی، تـۆ چـی ئەکـەی؟ ئایـا دەسـت ئەکـەی بـە وەڕیـن؟!) وتم بێگومـان نـەخێر! وتـی :(دەی کاکـە! ئـەو خەڵکەی جنێو بەمن ئەدەن یان کەرن، یا سەگن، یـان هـەردوك، خـۆ نـاکرێ مـن وەکو ئەوان بم)!؟ بەڵێ ! ناکرێ بەهەمان ئوسلوب و شێوە وەڵام بدرێنەوە، بەڵام خـۆدەکرێ بــە حەپەحەچــەیەك دوورخرێنــەوە! واتــە: تــۆ بەنــەرمی و ڕێکـی وەڵامێکی شایەن بدەیتەوە، کە گونجاو بـێ لەگـەڵ ڕەوشـت بـەرزی و ژیربێژیـدا، وەك شاعیر دەڵێ:

قالوا فلان لك في الورى يشتم

وانت له دون الخلائقِ تمدَح

فقلتُ ذروهُ ما بهِ وطباعه

فكلُّ إناء بما فيه ينضحُ

وإن لم يضُرك من الكلبِ إلاّنباحهُ

فذرهُ الى يوم القيامةِ ينبحُ

واته پێیان وتم: فلاَنەکەس لەناوخەڵکیدا جنێوت پێ دەدا، کەچی تۆ بەجیا لەخەڵکی پێیدا هەڵدەدەی و خراپەی باس ناکەیت، پێم وتن: لێ ی گەڕێن، لەخۆی و هەرچی لەدەروون و ناخیدا هەیە گەڕێن، چونکە هەموو دەفرێ چی تێدا بێ هەر ئەوەی لێدەڕژێ... ئەگەر سەگێکیش لە حەپەو وەڕە زیاتر زیانێکی تری بۆت نەبێ، لێ ی گەڕێ و وازی لێبێنە با تاڕۆژی قیامەت هەربوەڕێ!.

ئەوەی من ئەمەوێ لەم چەند لاپەرەیەدا باسی بکەم بەشی شەشەمی کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)ە و جۆری یەکەمە لە جۆرەکانی موتعە، کە موتعەی حەجە، کاکەی هەڵبجەیی هەشت لاپەڕەی لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە (لاپەڕە ٢٧٧ تا ٢٨٥)[(١)]... ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بابەتە – موتعەی حەج – نەك هەر خۆماندووکردنی ناوێ بۆ وەڵامدانەوە، بەڵکو شایەنی تاوێك پێکەنینە بە دەنگی بەرز!!

ئەم بابەتە و چەندین بابەتی تر، بەڵکو سەرتاسەری کتێبەکە ئەگەر بەڵگەبن لەسەر شتێك، ئەوە بەڵگەن لەسەر: ١ – نەخوێندنەواری نووسەرەکەی. ٢- دڵکرمینی وکینەدۆزی جەنابیان.

من لێرەدا تەنیا بابەتی (موتعەی حەج) دەکەمە بەڵگە لەسەر ئەم قسەیەم، سەرەتا بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ کە ئەم برادەرە نەخوێندەوارە ئەوە باتەماشای قسەکانی بکەین لە مانای (موتعە)دا: دوای ئەوەی باسی ئایەتی (إن الصفا والمروة من شعائر الله فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه...) دەکات، دێتە سەر ڕاڤەی ئایەتی (الحج اشهر معلومات فمن فرض فيهن الحج فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج)، تا ئێرەو ڕاڤەی ئەم ئایەتەش هیچ کێشەیەکی وا نیە، بەڵام پێکەنین لەمەبەدوا دەست پێئەکا! هەر لە خۆیەوە لافێکی گەورەو بێ مانا لێئەدا و بەبێ شەرم و بێ زانیاری ئەڵێ: (بەڵام دوایی ئەم ئایەتەی نەسخ کردەوە)[(٢)]... ئەم کاکە بێ خەبەرە لەهەرلا گیر بکا بەدەستی ئایەتێك یان

فەرموودەیەکەوە یەکسەر لاڤی ئەوە لێئەدا کە (منسوخ)ە و پەنا دەباتە بەر باسی (ناسخ و منسوخ)[٣] سەیر لەوەدایە ئەم ئایەتە – بەلای جەنابیانەوە- بە ئایەتی پێشەوەی سڕاوەتەوەو نەسخ بووەتەوە! نازانم لە چ شوێنێکدا هاتووە کە ئایەتێك بە ئایەتێکی پێشەوەی نەسخ بێت؟! ئەم ئایەتە ژمارەکەی (١٩٧) ە لەسوورەتی (البقرة) و بەقسەی نووسەری پسپۆڕ بە ئایەتی ژمارە (١٩٦) ی هەمان سوورەت (نسخ) بووەتەوە!!

ئەم کاکەداماوە ئایەتی (١٩٦) ی (البقرة)[٤] دەنوسێ و دوایی بەو هەموو زانستەیەوە – کە چەند ساڵە بە خۆماندووکردن فێری بووە و بەدەستی هێناوە! وەکو موفەسیرێکی گەورە خۆیمان پیشان ئەدات و ئەڵێ : (حەج و عەمرە بە چاکی و تەواوی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ئەنجام بدەن....) تا (.. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ئاسوودەیی و ئاساییدا بوون، ئەگەر .. نا، لە جیاتی ئەوە بابیکات بە عەمرە و موتعە بکات[٥]، دوایی حەج بکات ...)[٦].. ئەگەر هەرچی خوا هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی پێداوی بەکاری بهێنی و یەکسەر بیر بکەیتەوە ناتوانی ئەم واتا و ڕاڤەیە لەو ئایەتە هەڵنجنی، چونکە وانیە و زمان و وەرگێڕانیش ڕێسای خۆی هەیە، بڕوانە واتای دروستی ئایەتەکە: (... جا هەرکاتێك لە ئاسودەیی و ئاساییدا بوون، ئەوەی کەدەیەوێت نێوان حەج و عەمرە (ئیحرام بشکێنێت و پۆشاکی ئاسایی لەبەر بکات) دەبێت بە گوێرەی توانای خۆی قوربانیەك بکات...)[٧] ، ئەگەر خوێنەر بەوردی بەراوردێك بکات لە نێوان ڕاڤەکەی ئەم و تەفسیری ئاساندا ئەوە بە ئاشکرا دزیەکی زەق و دیار دەبینێ تا دەگاتە مانای (فإذا أمنتم فمن تمتع بالعمرة الى الحج) لێرەوە کاکی ئیسلامناس لە ڕەوتی دروستی وەرگێڕانی ئایەتەکە لادەدات و شەلم کوێرم ناپارێزم خۆی دەخاتە نەکبەتیەوە و بە ئارەزووی خۆی دەست دەکاتە وەرگێڕان.

ئایەتەکە دەفەرمویێت : (فإذا أمنتم فمن تمتع بالعمرة الی الحج ...) واتە ئەگەر ئارام و ئاسوودەبوون و ئەمان و دڵنیاییتان بۆ فەراهەم بوو ....، کەچی ئەو ڕێك پێچەواننەی ئەمە تێگەیشتوە! ئەگەر لێی بپرسین ئایا ئەم قسەیەت (ئەگەر.. نا، لە جیاتی ئەوە بابیکات..) مانای کام وشەو ڕستی ئایەتەکەیە؟! بڕواناکەم بیپەرژێتە سەر وەڵامدانەوەو بیرکردنەوە، لەشەرمەزاریدا... چونکە هیچ دەستەواژەیەکی وا لە ئایەتەکەدا نابینی کە ئەمە ماناکەی بێت.
ئەوەی ڕابورد شتێکی وانەبوو بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەین! نەزانی ئابڕووبەرانە لەوەدایە کەوا لەوشەی (تمتع) لە ئایەتەکەدا تێگەیشتووە کە مانای ژنهێنانی کاتی دەگەیەنێ! بڕوانە ئەم دێڕانە: (شوێنی وشەی موتعە لە ئایەتەکەدا (فمن تمتع بالعمرة الی الحج). موسڵمانان کاتێك دەچوون بۆ حەج لە نێوان عەمرە کردن و حەجدا لەگەڵ ژناندا بۆ ماوەیەکی کەم ڕایان دەبوارد و خۆیان لە هەوەسی ئارەزوووەکانی سێکس خاڵی دەکردەوە)[٨]. خۆزگە لە جیاتی ئەو (١١١)سەرچاوەی کە بە درۆ ریزی کردوون تەنها فەرهەنگی عەرەبی – عەرەبی (المعجم الوسیط)ی بخوێندایەتەوە، تا وەکو ئەم هەڵە شەرماویەی نەکردایە و بیزانیایە کە (تمتع بالعمرة الی الحج) واتە: (أقام معتمرا في الحرم حتی أدی الحج فضم العمرة الی الحج)[٩] هەروەها : (المتعة: أن تضم عمرة الی حجك)[١٠] واتە: کاتێك دەچی بۆماڵی خوا سەرەتا نییەتی عومرە بێنی و پاش ئەوەی ئیحرامی عومرەت شکاند و ماوەیەك مایتەوە، نییەتی حەج بێنی و بەم نییەتەوە ئیحرام ببەستی ... بەم کارەو بەگرێدانی عومرەکە بە حەجەکەتەوە دەوترێت (متعة)... لێرەدا باس لە ڕابوردن و سێکس و ...نییە، مەگەر ئەوەی کە لەکاتی (تحلل)دا واتە لەکاتی ئیحرام شکاندندا هەموو حەڵاڵەکانت بۆ ئاسایی دەبێت کە بیانکەیت وەکو مووولادان و سوعبەتکردن و ... لەوانەش چوونەلای ژن و خێزانی خۆت، نەك وەکو ئەو

بابایه واتێبگەیت ئیتر سەرپشکی لەگەڵ هەموو ئافرەتێکدا ڕابوێری!! (ابن كثیر) لـه تەفسیری ئـەم ئایەتـەدا دەڵێـت : (تمتـع ئەوکەسـە دەگرێتـەوە کـە ئیحرامـی بەنییەتی عومرە و حەج — پێکەوە- بەستبێ، یان ئیحرامی بـۆ عـومرە بەسـتبێ و دوای بەجێهێنانی و لێ بوونەوەی، ئیحرامی بۆ حەج بەستبێ) پاشـان دەڵێـت: (وهذا هو التمتع الخاص، وهـو المعـروف في كلام الفقهـاء) واتـە ئەمـەش (تمتـع)ی تایبەتەو، هەر ئەمەش لەقسەی فەقیە و شەرعزانەکانەوە زانراوە[11] (ابن كثیر)ی فەقیە چوزانێت لە ئاخر زەماندا بلیمەتێکی شەرعزان پەیـدا دەبـێ و (موتعـەی حەج) بە سێکسبازی حاڵی ئەبێ؟!.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مانای (موتعەی حەج ) با پێکەوە سەیری پێناسەی (سـید سابق) بکەین، دەفەرموێ: (التمتع: هو الاعتمار في أشهر الحج، ثم يحج من عامه الـذي اعتمـر فيـه)[12] واتـە: ماناکـەی ئەوەیـە کـە لەمانگـەکانی حەجـدا عـومرە بکەیت و لە هەمان ساڵیشدا کە عومرەت کردووە حەج بکەیت... ئـیتر نـازانم لـە کوێـدا باسـی ژن و سـێکس کـراوە؟ بڵێـی ئـەم کـوردە عـەرەبی نەزانـە پـەی بـە مانایەك بردبێ کە نە (ابن كثیر) ی گەورە ڕاڤیار و نەئەو هەموو فەقیهانـەو نـە سـەیید سـابقی گـەورە زانـاو شـەرعزان پـەییان پـێ نـەبردبێ؟! بۆئـەوەی باشـتر نەخوێندەواری ئەم زانایـەت بـۆ دەرکـەوێ ئـەم دێڕانـە بخوێنـەوە : (ابـن عبـاس دەڵێ: لە کاتی حەجدا کە دەگەیشـتینە مەککە پەیامبـەر یەکسـەر فـەرمانی دەر دەکرد کە: تەوافی کەعبە بکەین، صـەفاو مـەڕوە بکـەین، موتعـەی ژنـان بکـەین، دوایـی سـەرو ریشـمان بتاشـین یـان کورتیـان بکەینـەوە. لێـرەدا زۆر بـە روونـی دەبیـنین سـێکس بەشـێکی هـەرەگرنگی حـەج بـووە و ئیسـلامیش وەك خـۆی هێشـتوویەتیەوە)[13]. ئـەوەی بـەدەمی (ابـن عبـاس)ەوە گێڕایـەوە واتـای ئـەم فەرموودەیە: (... وامر أصحابه أن يطوفوا بالبيت وبين الصفا والمروة ثم يقصروا مـن رؤوسـهم ثـم يحلـوا) دەبیـنین بـە هـەموو عەقڵیـەوە لەوشـەی (یحلـوا) بـە

رابواردنی کاتی لەگەڵ ژناندا تێگەیشتوە! کەچی هەرکەس ئەلف و بێی شەرع بزانێت حاڵی دەبێ کە ماناکەی کۆتایی هێنان و شکاندنی (احرام)ە و هیچی تر... ئەگەر یەك دێڕی دوای ئەم دێڕەی سەیر کردایە پێدەچو تۆزێك لێی حاڵی بوایە، کە دەفەرموێ: (ومن کانت معه امرأته فهي له حلال والطیب والثیاب)[١٤] واتە – دوای ئیحرام شکاندن - : هەرکەس خێزانی خۆی لەگەڵە ئەوە بۆی حەڵاڵە، هەروەها بۆنی خۆش و جل و بەرگیش) باشە ئەگەر هەمووژنان حەڵاڵن و دەبێ موتعەیان لەگەڵ بکرێ- وەکو نووسەری (سێکس و شەرع و ژن) تێگەیشتووە- ئەی ئیتر (امراتە) خێزانی خۆی بۆچی باسکراو؟ چونکە ئەگەر رابواردن لەگەڵ هەموو ژناندا رێگە پێدراو بێت ئەوکات پێویست بە باسکردنی خێزان هەر ناکات، چونکە هەموو کەس دەزانێت ئەویش حەڵاڵە، مەگەر ناحاڵیەکی وەکو ئەم بێ ئاگایەی لای خۆمان! راستی لەکاتی ئاوەها رەخنەیەکی زانستیدا بۆ نووسینێکی ئاوا بێ نرخ زۆر خەمبار ئەبم، چونکە پێویست ناکات ئاوا بەجیددی وەڵام بدرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمەوێ بیسەلمێنم بۆ خوێنەران، کە ئێمە ئەگەر ویستی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە نووسینانەمان هەبێ ئەوە یەك لێکدانەوەو وشەو رستەی ناهێڵین کە بێ عەیب بمێنێتەوە و ئەتوانین بیسەلمێنین کە هیچی ڕاست و ساغ نیە.

تاوەکو لەگەڵی بڕۆیت و زیاتر دێڕەکان بخوێنیتەوە زیاتر پێکەنینت دێ و بۆت دەردەکەوێت کە چەندە بێ ئاگا و ناشارەزایە و چەند کۆڵە لە زمانی عەرەبیدا، بڕوانە ئەم فەرودەیە و وەرگێڕانە سەقەتەکەی کاکەی ئیسلامناس! (سألنا ابن عمر رضي الله عنهما عن رجل طاف بالبیت في عمرة ولم یطف بین الصفا والمروة أیأتی امرأته فقال : وقد کان لکم في رسول الله أسوة حسنة، لا یقربنها حتی یطوف بین الصفا والمروة). واتە (لە عەبدوڵلای کوڕی عومەری کوڕی خەتابیان پرسیوە: ئەگەر پیاوێك لە عەمرەدا تەواف ماڵی کرد و پێش ئەوەی تەواف

صەفاو و مەڕوە بكات ئایا دەبێت بچێت بەلای ژنەوە..؟؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: پەیامبەر بۆ ئێوە نمونەیەكی جوان و چاك بووە، كەس نەچێت بەلا ی ژنەوە تا تەواف صەفا و مەڕوە دەكات)[١٥].

پێش ئەوەی رەخنە سەرەكیەكەی لێ بگرم لەوەرگێڕانی فەرمودەكەدا یەك دوو وردە رەخنەی تری لێ دەگرم، كە ئەوانیش بەلگەن لەسەر نەخوێندەواری برێزیان: (سألنا) كردارێكی بكەردیارە و بكەرەكەیشی (فاعل) ئاشكرایە، كە جێناوی (نا) یە كە لە نەحوی عەرەبیدا پێ ی دەوترێت (نا المتكلمین)، كەوابوو مانای (سألنا) (پرسیمان)ە یە نەك (پرسیوە)، واتە : دەبووایە وەرگێڕانەكە ئاوا بووایە: لە عەبدوڵلای كوڕی عومەرمان پرسی، كەچی ئەو دەڵێ: لە عەبدوڵلا ...یان پرسیوە! شتێكی تر ئەو دێڕە زیادەیە كە لە كۆتایی مانای فەرمودەكەدا باسی كردووە، ئەمەش تەنیا لێرەدا نەیكردووە، بەڵكو لە زۆر شوێنی تردا بە كەیفی خۆی دەخاتەسەری و لە گیرفانی خۆیەوە رستە بۆ مانای فەرمودەكان زیاد دەكات، بەبێ ئەوەی شەرم بكا، سەیر لەوەدایە كە دەقە عەرەبێكە دێنێ و زۆرجار بێ عەیبە و ئەگەر بەراورد لە نێوان عەرەبی و كوردیكەیدا بكەین، هیچ عەیب لە عەرەبیەكەیدا نابینی، بەڵام پێدەچێ وای زانیبێ هەموو خوێنەران وەكو خۆی نەخوێندەوارن! هەندێ جاریش بەئاشكراو بەبێ حەیا چەندین وشەو رِستە لەدەقە عەرەبیەكەش دەقرتێنێ و لێ ی دەبڕێ وبەم كارەش دەیەوێ بگاتە مەبەستی گلاوی خۆی و نیازە پیسەكەی بسەلمێنێ، كە ئەمەیان لە خاڵی دووەمدا باس ئەكەین انشاء الله ... بگەڕێینەوە سەر ئەو دێڕەی لێرەدا زیادی كردووە: (كەس نەچێت بەلای ژنەوە تا تەواف صەفا و مەڕوە دەكا)) ئەگەر سەیرێكی دەقی فەرمودەكە بكەیت بە عەرەبی – وەك لای (بخاری)و لە (اللؤلؤ والمرجان) دا هاتوە هیچ رستەیەك لەبەرامبەری ئەم مانا

کوردیە بەرچاوت ناکەوێت! کەچی ئەم رستەی (لا یقربنها حتی ...) ی زیاد کردووە.

بێینە سەر رەخنەی سەرەکیمان بۆ راڤەی ئەم فەرموودەیە کە لەدوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم / فەرمودەکەدرێژترە و ئەم لەدەقە عەرەبیەکەیشی قرتاندووە، ئەمە دەقی فەرموودەکەیە : (عن عَمروبن دینار، قال : سألنا ابن عُمر عن رجلٍ طاف بالبیت العُمرة، ولم یطف بین الصفا والمروة، أیاتی امرأتهُ؟ فقال: قَدِمَ النبي ﷺ فطاف بالبیت سبعاً، وصلی خلف المقامِ رکعتین، وطاف بین الصفا والمروة (لقد کان لکم في رسول الله اسوة حسنة) )[١٦] خۆ ئەگەر ئەو دوو دێڕەی نەبڕیایە زیاتر سوودی ئەوی تێدابوو، بەڵام پیاو کە نەزان و نەخوێندەوار بوو....!!

دووەم / تەنها ئەم قسەی ئێستا ئەیکەین بەسە بۆ وەڵامدانەوە، ئەم فەرمودەیە راست و دروستە و نەك هەر بوخاری بەڵکو موسلیمیش گێڕاویەتیەوە و بەفەرموودەیەکی (متفق علیە) دەژمێردرێ، بەڵام نازانم چ شتێکی تێدایە کە ببێتە بەڵگە لەسەر ژنهێنانی کاتی و سێکسبازی، کە کاکەی هەڵەبجەیی زۆری حەز لێیە؟! ئەگەر بەرێزیان ئەوەندەی قوتابیەکانی منی لەعەرەبی بزانیایە کەپۆلی دووەمی ناوەندین – هیچ گرفتێکی تووش نەدەبوو لە تێگەیشتن لەم فەرمودەیە!! لەم فەرمایشتەی (ابن عمر) دا بەروونی دیارە کە ئەو کابرایەی پرسیاری کردووە مەبەستی چی بووە (عەمری کوڕی دینار) دەپرسێ (أیاتی امرأتهُ) واتە: ئایا ڕەوایە بچێتە لای خێزانی و لەگەڵ ژنەکەیدا بچێتە سەرجێگە ....(امرأتهُ) زۆر بە زەقی جێ ناو (ضمیر)ی لکاوی (هێ)ی پێوەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پیاوەکە، واتە: پیاوێك بچێتە لای ژنەکەی خۆی ... ئیتر نازانم ئەم چاوی کزە یان خوا کوێری کردووە کە ئەو (ضمیر)ەی نەبینیوە؟! یان هەر بە عەمدی خۆی کوێر کردووە؟! سەیری مانای گشتی فەرمودەکە بکە، وەك ئەو

لیژنەیەی کە (صحیح مسلم) یان وەرگێڕاوە مانایان کردووە: (عمر و کوڕی دینار) دەڵێ: پرسیارمان لە (ابن عمر) کرد دەربارەی پیاوێك دێت بۆ عەمرە و تەواف کەعبە دەکات و هێشتا هاتوچۆی نێوان سەفاو مەڕوەی نەکردووە، ئایا دەکرێت سەرجێیی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات؟ ئەویش وتی: پێغەمبەری خواﷺ هات و حەوت جار تەواف کەعبەری کرد، لە پشتی شوێنی ئیبراهیمەوە دوو رکات نوێژی کرد، حەوت جاریش هاتوچۆی کرد لە نێوان سەفاو مەڕوەدا بێگومان لە پێغەمبەری خوادا چاکترین پێشەوایەتی و رابەری هەیە)[١٧] سەیری ئەم ناحاڵیە بکەن چۆن مانای ئەم فەرموودەی شێواندوەو ئایەتی (امراتهُ) بچێت بەلای ژنەوە؟! بەلادانی (کەیە) تەواو ماناکەی تێکداوە، لە جیاتی ئەوەی بڵێ : بچێت بەلای ژنەکەیەوە، دەڵێت بچێت بەلای ژنەوە ... ئایا ئەمە بە قەستی و مەبەستدار یان جەهل و نەزانیە؟! خوا دەزانێ ... بەڵام ئێمە بە نەخوێندەواری حیسابی دەکەین.

ئێستا با بچینە سەر چەند بەڵگەیەکی تر کە کینە دۆزی و دڵکرمینی ئەم کاکەیە دەسەلمێنین و دەری دەخەن کە چەندە رق لەدڵە بەرانبەر بە ئیسلام و پێغەمبەرە مەزنەکەی و چۆن ئەیەوێ بە لێخن کردنی مانای دەقەکان سەر لە خەڵکی بشێوێنێ و ئەم ئایینە پیرۆزە وەکو دڵ و یژدانی خۆی رەش و چڵکن و پیس کات... وەرن لەگەڵمدا با چاوێك بخشێنین بەم فەروده قرتێندراوە و راڤە تێکدراوەیدا (عن أبي موسى الاشعري رضي الله عنه قال: ثم قدمتُ على النبي ﷺ فقال: أحججت؟ قلت: نعم . قال: أحسنت، طُف بالبيت و بالصفا و المروة، ثم أحل فطفت بالبيت وبالصفا والمروة ثم أتيت أمرأة من قيس، فكنتُ افتي به حتى كان في خلافة عمر)[١٨] ئەمە ئەو فەرمودەیە کە ئەو نووسیویەتی، بە پشتیوانی خوا دوای ئەوەی وەرگێڕانە شێواوە کەیشی دەنوسم دەقی تەواوی فەرمودەکە دەهێنم، تا بزانین چەند جیاوازە و ئەم چەند وشەی لێ بڕیوە تا دەستی بگاتە

ئـەو نیـازە پیسـەی کـە لـە پێشـدا بڕیـاری داوە و هـەوڵی سـەلماندنی دەدات... لـە ڕاڤەیئەم فەرموودەدا دەڵێت: (الاشعری دەڵێت: هاتم بۆ لای پەیامبەر پێـی وتم: حـەجت کـرد؟؟ وتم: بـەڵێ: وتـی : چاکت کـرد، بـڕۆ تـەوافی مـاڵی خـواو صـەفاو مەڕوە بکە و شتیش بۆخۆت حەڵاڵبکە. منیش چووم تەوافی ماڵی خـواو صـەفاو مەڕوەم کرد و ژنێکیشم لە هۆزی (قیس) هێناو بۆ خۆم حەڵاڵم کرد، هەر واشم دەکرد و تا خەلافەتی عومەریش فەتوام لەسەر دەدا)[١٩].

بۆ ئەوەی گەندەڵی و دەقشێوێنی ئەم برادەرەتـان باشـتر بـۆ دەرکـەوێت بڕواننـە دەقی فەرموودەکە لای پێشەوا (مسلم) و پاشان ڕاڤەکەیشی دەنووسین: ( عن أبي موسى رضي الله عنه قال: قدمت على رسول الله ﷺ وهو مُنيخ بالبطحـاء فقـال: (بم أهللت؟) قال : قلت: أهللت بإهلال النبى ﷺ قال: (هل سُقتَ من هدي؟) قلت: لا. قال: (فطف بالبيتِ و بالصفا والمروة، ثم حلّ) . فطفتُ بالبيت و بالصفا والمروة، ثـم أتيتُ امرأة من قومي فمشطتني وغسلت رأسي، فكنتُ أفتي الناسَ بذلك في إمارة أبـي بكر و إمارة عُمَر (رضيه الله عنهما)، فإني لقائم بالموسم إذ جاءني رجل فقال: إنك لا تدري ما أحدث أمير المؤمنين في شأن النسك، فقلت: أيها النـاس مـن كنـا أفتيناه بشيء فليتئدِ، فهذا أمير المؤمنين قادم عليكم، فبه فأتموا. فلما قـدم قلت: يا أمير المؤمنين ما هذا الـذي أحـدثت في شـأن النسُك؟ قـال : إن نأخـذ بكتـاب الله، فإنَ الله عزوجل قـال: (وأتمـوا الحـج والعمـرة لله) البقـرة: ١٩٦. وإن نأخـذ بسـنةِ نبينا عليه الصلاة والسلام فإن النبيَّ ﷺ لم يحل حتى نحر الهدي)[٢٠]

(أبـو موسـی) دەڵـێ: چـوومە خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە کاتێکـدا کـە لـە (بطحـاء) بـاری خسـتبوو فـەرمووی: (بەچـی ئیحرامـت بەسـتووە) منـیش وتم: پێغەمبــەر ﷺ بــە چــی ئیحرامــی بەســتووە منــیش بــەوە، فــەرمووی : (ئایــا قوربانیت هێناوە)؟ وتم نەخێر. فەرمووی: دەبچۆ تەوافی بەیت و صەفا و مەڕوە بکە، پاشان ئیحرام بشکێنە) منیش چووم و تەوافی صەفا و مـەروەم کـرد، پاشـان

چوومه لای ئافرەتێك (مەحرەم)ی خزمم سەری بۆ شۆردم و بۆشی داهێنام... بۆیە من فەتوام دەدا بۆ خەڵكی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (أبوبكر و عمر)دا.. جا رۆژێك لە حەج بووم پیاوێك هات بۆ لام ووتی: تۆ نازانی كە ئەمیری ئیمانداران (عمر) لە بارەی ئەركەكانی حەجەوە چی داهێناوە؟ منیش وتم: خەڵكینە! ئەوەی پێشتر فەتوامان بۆ دابوو، با ڕایبگرێ، ئەوەتە ئەمیری ئیمانداران دێت بۆ لاتان و بیكەنە پێشەواتان و (فەتوای ئەو وەربگرن)[٢١] كاتێ كە هات پێموت: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەو شتانە چییە كە لەبارەی ئەركەكانی حەجەوە بڕیارت لەسەر داوە؟ ئەویش وتی: ئەگەر بە قسەی قورئان بكەن، ئەوەتە دەفەرموێت (وأتموا الحج والعمرة لله)، ئەگەر لەسەر سوننەتی پێغەمبەریشمان محمد ﷺ بڕۆیت، پێغەمبەر ئیحرامی نەشكان هەتا قوربانیەكەی سەربڕی.[٢٢]

ئەگەر تەماشای ئەو دەقە عەرەبیە بكەی كە ئەو هێناویەتی لە چاوخشانێكدا و بەبەراورد لەگەڵ دەقی تەواوی فەرموودەكەدا، یەكسەر درۆزنی و ناپاكی نووسەرت بۆ دەرئەكەوێت و دەزانی كە لەبەر بێ ناوی پێی ئەڵێن نووسەر، دەنا فڕی بە پیشەی بەرزی نووسەریەوە نیە. دەبینین ئەبو موسا ئەڵێت: (.... فمشطتني وغسلت رأسي ...) واتە: سەری بۆ شانەكردم و شۆردی، كوێر بە كوێری خۆی ئەم رستە دەبینێ و لێی تێدەگا، بەڵام ئەم چاوی دڵی كوێرەو زەحمەتە هیچ راستیەك ببینێ (ولكن تعمى القلوب التي في الصدور)، ئەگەر وایشی دانێین كە ئەو دەقەی ئەو باسی كردووە تەواوە و هیچ كەمی نیە، باشە لە كوێدا باسی ژنهێنان و موتعە و ڕابواردن كراوە، مەگەر لە مێشك و دڵی خودی خۆیدا كە پێدەچێ جگە لە سێكس و رابواردن هیچی تریان تێدا نەبێ، لەو فەرموودەی كە هەڵەبجەیی ڕیوایەتی كردووە! هاتووە: (..ثم أتيت امرأة من قيس) هەر كەس بچوكترین زانیاری هەبێ لە زمانی عەرەبیدا دەزانێ كە ئەمە

ڕستەیەکی تەواو نیە و گرێیەو پێویستی بە تەواوکردن و (تکملە) هەیە.. ئەمەش قەینا، بەڵام وەرگێڕانەکەی زۆر سەیرە: (... و ژنێکیشم لە هۆزی (قیس) هێناو بۆ خۆم حەڵاڵم کرد...) نازانم لە کوێوە ئەم مانایەی هێناوە؟! گریمان وایشی وت، ئەی باسی موتعەو ژنهێنانی کاتی کوا؟! کابرا بۆ خۆی ژنی هێناوە و بەمارە بڕینێکی شەرعی بووەتە حەڵاڵی و خێزانی، ئەمە چی تێدایە؟! بەمەرجێك ئەمانە هیچی وانین، ئەو ئافرەتە وەك لە ڕیوایەتکەی موسلیمدا دیارە مەحرەمی بووە و مارەی لێ نەهاتووە، جا بزانە پووری بووە، نەنکی بووە.... هەرچی بووبێ باسی خواستن و ڕابواردن نەکراوە، بەڵکو ئەوە سەدای ناخی ئەم کاکەیەیە کە پڕە لە سێکس و ژن و رابورادن....

ئەوەی شتێکی دەربارەی ئەحکامی حەج و عومرە خوێندبێتەوە دەزانێ کە خیلاف و جیاوازی لە نێوان زانایاندا هەیە دەربارەی پێکەوە گرێدان و ئەنجادانی حەج و عومرە یا شکاندنی (احرام) لە نێوانیاندا ... واتە : سێ جۆر (حج) مان هەیە، جۆرێکیان لەگەڵ عومرەدا بەیەك (ئیحرام بەستن) ئەنجام ئەدەی کە پێی دەوترێت (قران) و لەسەرەتای ئیحرامدا دەڵێ: (لبیك بحج و عمرە) . جۆری دووەم (تمتع)ە ، کە باسمان کردو سەرەتا نییەتی عومرە دێنێ و دەڵێ: (لبیك بعمرە) و پاش تەواوکردنی ئەرکەکان، ئیحرام دەشکێنێ و پاشماوەیەك ئیحرام بۆ حەج دەبەستێ، جۆری سێیەم (إفراد)ە کە تەنیا بۆ حەج ئیحرام دەبەستێ و دەڵێ: (لبیك بحج). هەندێ لە زانایان دەڵێن : ئەگەر (تمتع) بەگشتی بوترێت (قران) یش دەگرێتەوە. ئەوەی پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) نەهی لێکرد و بەخەڵکی وت ئیتر مەیکەن، جۆری دووەمە، واتە (التمتع الخاص) یان شکاندنی ئیحرامی عومرە و دووبارە بەستنی ئیحرامی حەج ... لە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە: قال عمران بن حصين: نزلت آية المتعة في كتاب الله وفعلناها مع رسول الله ﷺ، ثم لم ينزل قران يحرمها ولم ينه عنها، حتى مات، قال

رجل برأيه ماشاء. (بوخاری) دەڵێت: دەوترێت مەبەستی (عومەر)ە[٢٣]. (عمران کوڕی حصین) ڕەزای خوای لێبێ دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بووین، نیەتی حەجمان گۆڕی بە عەمرە (ئیحرامەمان شکاند) لەو بارەوە قورئان نازڵ نەبوو، ئتر هەر کەس بەڕای خۆی چی دەڵێ با بڵێ)[٢٤]. هەروەك لە فەرموودەیەکی تری (عمران بن حصین)دا هاتووە، کە ( تمتع نبي الله ﷺ وتمتعنا معه) واتە پێغەمبەر ﷺ ئیحرای حەجی شکان و کردی بە عەمرە، ئێمەش وامان کرد لە خزمەتیدا[٢٥].

ئەم برادەرە ناحاڵی و دڵ پڕ لە کینە و سەرپڕ لە نیازی پیسە، ئەم بابەتە فیقهیەی لە باسی حەج و عومرە دەرکردووە و خەیاڵی لە کوێیە بۆ ئەوێی بردووە، بڕوا ناکەم سێکس ئارامی بۆ هێلابێ، وا پێدەچێ ئەو بە چاوی سێکس بڕوانێتە شاخ و کانی و باران و قەبرو چێشت و تەنانەت منداڵەکانی خۆیشی! تۆ بڕوانە چۆن ئەیەوێ سەر لەو خوێنەرە بەستەزمانانە بشێوێنێ کە هیچ شارەزاییان بە زمانی عەرەبی نیە، دەنووسێ: (ئەم ڕابواردنە سێکسیە کە بە موتعەی حەج ناسرا هەر بەو شێوەیە نەمایەوە و حەرام کرا). لەسەر ئەم وڕێنانە دەڕوات و دەڵێ: (لە حەلاڵ و حەرامکردنی موتعەی حەجدا دوو ڕیوایەت هەیە، یەکێکیان حەلاڵی دەکات کە ڕیوایەتی پەیامبەرەو ئەوی دی حەرامی دەکات کە ریوایەتی عومەری کوڕی خەتتاب)ە[٢٦]. چ شەرمەزاری و بێ ئاگاییەکە یان چ کوێری و دڵڕەشیەکە، کە جۆرێك لە جۆرەکانی حەج بەرابواردنی سێکسی حاڵی بی لە حەجدا، یان بتەوێ وای پیشان دەیت و چەواشەکاری بکەی.

کێشەی هەرە گەورە لەوەدایە ئەو هەر لەسەرەتاوە لە (تمتع) بە هەڵە حاڵی بووە، چونکە ئەو بڕیاری خۆی لە پێشدا داوە و بە هەڵپەیەکی کوێرانەوە بە دوای بەڵگەدا گەڕاوە بۆی، بۆیە چاوی نەیبینیوە کە ئەم وشەیە لێرەدا یانی

چی؟ گرنگ ئەوەیە ئەم چۆنی لێکداتەوە! ئاخر زەحمەتە تۆ ڕەخنە لە دیوارو دەرگاو سەربانی خانوویەك بگری کە بنەماو بنتەمەڵەکەی لەسەر کەندەڵان بنیات نرابێ .... ئەم هەر لە مەسەلەکە حاڵی نەبووە و پاشان ڕق و کینەکەشی ئەوەندەی تر کوێر و کەڕیان کردووە و بە زۆر فەرمودەیەکی لکاندوە بە نیوەی فەرموودەیەکی ترەوە و لەحیمیانی کردووە، تەنیا بۆ ئەوەی مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێ، وەك باسی ئەکەین – إن شاء الله.

ناچارم جارێکی تر پێناسەی زانایەك لە زانایانی فەرمودەو فیقە بێنمەوە، تاوەکو دووبارە بزانن چەندێ نەفام و گەندەڵە ئەم کاکەیە، (ابن حجر) لە (فتح الباری)دا دەڵێت: (والذي ذهب اليه الجمهور: أن التمتع أن يجمع الشخص الواحد بين الحج و العمرة في سفر واحد في أشهر الحج، في عام واحد، وأن يقدم العمرة وأن لايكون مكياً)، واتە ئەوەی جومهوری زانایان بۆی دەچن ئەوەیە: کە (تمتع) واتە : کەسێك لەیەك سەفەرداو لە مانگەکانی حەجدا (شوال و ذي القعدة و ذي الحجة) حەج و عومرە پێکەوە بکات، عومرەکە بخاتە پێشەوە و خەڵکی مەککەش نەبێ.

تەنیا هۆکاریش کە ناویان ناوە تەمەتوع ئەوەیە کە ئەم کەسە – کەعومرە دەکا و پاشان ئیحرام دەشکێنێ و دووبارە ئیحرام بۆ حەج دەبەستێ- ئەتوانێ لەو ماوەیەی نێوان عومرە و حەجەکەیدا هەموو ئەو شتانە بکات کە بە هۆی ئیحرامەوە لەسەری قەدەغە کرابوون، وەکو بۆنخۆشکردن و جل و بەرگ پۆشین و سەروریش چاککردن و چوونەلای خێزان و ...هتد، هەر لەبەر ئەم مۆڵەتەی کە خوای گەورە پێی کەرەم کردووە دەبێ بە گوێرەی توانا قوربانیەك بکات (فما استيسر من الهدي) ...

بگەرێنەوە سەر ریوایەتەکانی جەنابیان و تاوێکی تر بۆ پێکەنین بە نەفامیەکانی و تووڕەبوون لە کینەکانی، چاوبخشێنین بە نووسینەکانیدا (لە

حەڵاڵ و حەرامکردنی موتعەی حەجدا دووڕیوایەت هەیە .... ڕیوایەتی یەکەم ... و .... و .... حدثني جابر بن عبدالله رضي الله عنهما أنه حج مع النبي ﷺ يوم ساق البدن معه وقد أهلوا بالحج مفرداً فقال لهم أحلّوا من احرامكم بطواف البيت و بين الصفا والمروة وقصروا ثم أقيموا حلالا حتى اذا كان يوم التروية فأهلوا بالحج واجعلوا التي قدمتم بها متعة فقالوا كيف نجعلها متعة وقد سمينا الحج فقال افعلوا ما أمرتكم فلولا أني سُقت الهدي لفعلت مثل الذي أمرتكم ولكن لا يحل مني حرام حتى يبلغ الهدي محلة ففعلوا ... و .... و ...)[٢٧] خۆشی لەوەدایەکە لە پەراوێزی ئەم فەرموودەیەدا نوسیویەتی: (صحيح البخاري : باب / التمتع و الاقران والافراد بالحج وفسخ الحج لمن لم يكن معه هدي ...) هەر ئەبوایە بەم ناونیشانە بیزانیبایە کە (تمتع) جۆرێکە لە جۆرەکانی (ئیحرام بەستن) نەك ڕابواردنی کاتی لەگەڵ ژنان، هەروەها وشەی (الإقران) هەڵەیە و واش نەنووسراوە لە کتێبەکەی بۆخاریدا بەڵکو نووسراوە : (.... القران ....)!!
دەقی فەرموودەکەی بە شێوەیەکی شپڕێوە و تێکەڵ هێناوە، کە خاڵبەندی نیە و کەس نازانێ کامە قسەی (جابر)ە و کامە فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ، لە کۆتایشدا سێ واوی ریز کردووە، کە لە دەقەکەی (البخاری) و (مسلم) دا نیە و ناشزانم مانای چی دەگەیەنێ؟!! هەر هەموو ئەمانە کێشە نیە ! بڕوانە وەرگێڕانە نازدارەکەی!.
( جابر بن عبد الله) ی صەحابی دەگێڕێتەوە: (ڕیوایەتەکە دوورو درێژە و ئێمە کەمێکمان هێناوە) کاتێك پەیامبەر و صەحابەکان چوونە حەج، پەیامبەر و تەڵحە نەبێت کەس قۆچی قوربانی پێنەبوو،
عەلی کوڕی ئەبی تالیبیش لەو کاتەدا لەیەمەنەوە دەگەڕایەوە، لەگەڵ خۆی قوربانی هێنابوو.. پەیامبەر فەرمانیدا حەجەکەیان بکەن بە عەمرە. واتە تەوافی ماڵی خوا و صەفاو مەڕوە بکەن، ریش و سەریان بتاشن و ژن و بەخۆیان

حەڵاڵ بکەن، جگە لەوانەی کە قۆچی قوربانیان پێیە. وتیان چۆن شتی وا دەبێت کە ئێمە بەناوی حەجەوە هاتوین، داوامان لە پەیامبەر کرد خۆیشی وەك ئێمە بکات لەوەڵامدا وتی ئەگەر قۆچی قوربانیم پێنەبوایە دەهاتم و ئێوە چیتان دەکرد منیش دەمکرد، ئێمەش کردمان .. حەراممان حەڵاڵ کرد و چووینە لای ژنەکان، هەندێك لە صەحابەکان ئەم کارەیان بەباش نەزانی کە تێکەڵی ژنان بین وتیان: چۆن دەبێ بچین بۆ (مینا) و ناوچەوانمان ئاوی لێ بتکێ (واتە عارەقەی گەرمای رابواردن بە ناوچەوان و ڕوومەتماندا بێتە خوارەوە) پەیامبەر کە ئەم قسەیەی بیست وتی: (گەر بمزانیبایە ئاوهایە و صەحابەکان گومانیان هەیە، قۆچی قوربانیم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا و وەك ئەوانم دەکرد. ئەم ریوایەتە بەروونی باس لە حەڵاڵ بوونی موتعە دەکات)[٢٨].

من پێش ئەوەی مانا کوردیەکەی فەرموودەکە بنوسم، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم دوو رستە رادەکێشم: (ژن بەخۆیان حەڵاڵ کەن) (حەراممان حەڵاڵ کرد و چوینە لای ژنەکان) ئەگەر بڕوانینە دەقە عەرەبیەکە هیچ بەرامبەرێك بۆ ئەم دوو رستەیە نابینینەوە، ئیتر نازانم ئەو لە کوێی هێناوە؟! لە یەکێك لە ریوایەتەکانی بوخاریدا هاتووە: (أمرنا أن نحل الى نسائنا)[٢٩] هەر کەسیش بۆنی عەرەبی چووبێ بە لوتیدا تێدەگا کە مانای ئەم قسەیە ئاوایە: (فەرمانی پێ کردین کە ئیحرام بشکێنین و بچینە لای خێزانەکانمانەوە) واتە بچنە لای ژنی خۆیانەوە. نازانم ئەم برادەرە ئەیەوێ ژنهێنانیش حەرام کات و نەهێڵێ کەس بچێ بەلای خێزانی خۆیدا یان چی دەوێ ...؟!

بڕوانە واتای دروست و تەوای فەرموودەکە، جابزانە هیچ عەیبی تێدایە؟ (.... جابری کوڕی عبداللە ی ئەنصاری بۆی گێڕامەوە، کە لەخزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) حەجی کردووە ئەو ساڵەی کە قوربانیەکەی بە دیاری هێناوە، ئیحرامیشیان تەنها بۆ حەج بەستبوو پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو:

(ئیحرامەکانتان بشکێنن دوای ئـەوەی تـەوافی کەعبـە و صـەفاو مـەڕوە دەکـەن و موی سەرتان کورت بکەنەوە ئیحرام داکەنن تا رۆژی (ترویـە) ئـەو کاتـە ئیحـرام ببەسنەوە بۆ حەج، ئەوەی بۆی هاتبوون (کە حەج)ە بیگۆڕن (بۆ عەمرە) وتیان : چۆن ئیحرام بشکێنین، خۆ ئێمە نـاوی حـەجمان بـردووە؟ فـەرمووی: (ئـەوەی من فەرمانتان پێدەکەم، بیکەن، منیش ئەگەر قوربانیم نەهێنایە ئـەوەم دەکـرد کە فەرمانم پێداون، بەڵام حەرام بۆمن حەڵاڵ نابێ[٣٠] تـا ئـەم قوربانیـە نەگاتـە کات و شوێنی خۆی) ئەوانیش بە قسەیان کـرد)[٣١]. دەقـاودەق ئەمـە وەرگێڕانـی فەرموودەکەیە بۆ زمانی کوردی، ئیتر خوێنەر خۆی سەرپشکە لە بەراوردکردنی هەردوو وەرگێڕانەکەو دەقی عەرەبی فەرموودەکە ... هەر لە خۆیەوە هـاتووە و سێ چـوار دێـڕی بـۆ زیـاد کـردوە: ( ... هەنـدێك لـە سـەحابەکان ئـەم...تا..وەك ئەوانم دەکرد)! پێدەچێ ئەم مانایە بـە شـێوەیەکی سـاغ نـەك بـە شـێواویەکەی وەرگێـڕی ناپـاك – لـە فەرموودەیـەکی تـردا هـەبێ، بـەڵام لێـرەدا هـیچ دێـڕو دەسـتەواژەیەکی وای نـەهێناوە بـە عـەرەبی، کـە ئەمـە مانـا کوردیەکـەی بـێ، ئەمەیە ناپاکی و درۆزنی و دڵڕەشی، زەلامێك ئەمە ئـەخلاق و رەوشـتی بـێ، ئـە بێ بەرهەم و جێ دەستی چەندە رەش و چڵکن بێ؟!.

لـە کۆتـایی وەرگێڕانەکەشـدا نووسـیویەتی : (ئـەم ریوایەتـە بـە روونـی بـاس لـە حەڵاڵی موتعە دەکات) من ئەڵێم: ئەگەر موتعە ئەوە بێ کـە مانامـان کـرد، واتـە کردنی عومرە لە مانگەکانی حەجدا و پاشان حـەج کـردن ، ئـەوە ئێسـتاش هـەر حەڵاڵە، ئەگـەر دڵیشی بـەوە خۆشـە کـە (متعـە) واتـە: ژن هێنـانی کـاتی، ئـەوە خراپ خەوتووە، با بڕوات، دوێنێ بێتەوە!!

ئێستاش وەرن با پێکـەوە تەماشـای کـەین، بـزان چۆن فەرموودەیـەکی هێنـاوە و بـــەدرۆ داویەتیـــە پـــاڵ (مســـلم) و لـــە نیوەشـــدا قرتاندوویـــەتی و لەگـــەڵ فەرموودەیەکی تـردا تێهەڵکێشی کـردووە: (ڕیوایـەتی دووهـەم: کـان ابـن عبـاس

يأمر بالمتعة وكان بن الزبير ينهى عنها قال فذكرت ذلك لجابر بن عبدالله فقال تمتعنا مع رسول ﷺ فلما قام عمر قال ان الله كان يحل لرسوله ما شاء بما شاء وان القران قد نزل منازله فأتموا الحج والعمرة لله كما امركم الله وابتوا نكاح هذه النساء فلن أوتي برجل نكح امرأة الى أجل الارجمته بالحجارة).

(ئەمەش ريوايەتى حەرامكردنەكەيەتى كە سەردەمەكەى دەگەڕێتەوە بۆ خەلافەتى عومەر . ابن عباس فتواى موتعەى حەجى دەدا و ابن زوبێريش بە پێچەوانەوە، منيش پرسيارم لە (جابر بن عبدالله) كرد وتى: موتعەى حەج لەگەڵ پەيامبەردا دەمانكرد و حەلاڵ بوو، بەلاّم كە عومەر هات و بوو بە خەليفە وتى : خوا هەرشتێك بۆ پەيامبەر حەلاڵ دەكات لە سەرويستى پەيامبەر ئەوە ئارەزووى خۆيەتى، قورئان لە كاتى خۆيدا بۆ شتى خۆى دابەزيوە، عەمرە و حەجى خۆتان بە جيا .. جيا بكەن ئەو ژنانەى كە موتعەيان دەكەن با مارەبڕينەكە هەتا سەر بێت نەك بۆ كاتى، هەر پياوێك بزانم موتعەى كردووە بە بەرد رەجمى دەكەم)[٣٢]

با پێكەوە گەشتێك بەناو فەرمودەكەو وەرگێڕانەكەيشيدا بكەين، تا بۆمان دەركەوێت ئەم كابرايە چەند حاقد ورق لە دڵەبەرانبەر بە ئيسلام و پێغەمبەرە پايەبەرزەكەى ... سەرەتا حەز ئەكەم ئەوە بڵێم كە خوا شاهيدە كۆڵنجم كرد ئەوەندە بەدواى ئەو حەديسەدا بگەڕێم لە موسليم و بوخارى و (اللؤلؤ والمرجان)يشدا — كە هەموو فەرمودە (متفق عليه) يەكانى تێدايە- بەلاّم ئێستا و ئەوجا نەمدۆزيەوەو نەمدۆزيەوە!! شتێكى تر: كەس نازانێ ئەم فەرمودەيە كێ باسى دەكات؟ بەوەدەچێ كەسێك لە پشتى ديوارێكەوە باسى بكا! چونكە دەڵێت: (قال : فذكرت ذلك ...) واتە : منيش ئەمەم بۆ جابر باس كرد. كەس نازانێ ئەم قسەكەرە كێيە كە دەڵێت : (فذكرت)؟ ئەگەر ديقەتى پەراوێزى ئەم فەرمودەيە بدەن لە كتێبى (سێكس وشەرع ..) پێكەنين

دەتانگرێ، چونکە نوسراوە(صحيح مسلم: باب / في المتعة بالحج الى العمرة) ئەم فەرمودەیە ئەگەر راستیش بێت وەکو باسمان کرد، خۆ ناکرێت هەموو جار بگەڕێینەوە سەر پێناسەی (المتعة بالعمرة الى الحج)؟! ئاشکراشە کە راوبۆچوونی جیاواز هەبووە لە نێوانیاندا لە بارەی ئەم پێکەوە کردنەوەی عومرەو حەج، زۆرینەی هەرە زۆری زانایانیش تاوەکو ئێستاش هەر لەسەر ڕەوا بوونی فەتوا دەدەن ، تەنها پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) قسەیەکی کردووە کە ئەویش کەمەبەستی حەرامکردنی نەبوو، ان شاء الله پاش چەند دێڕێکی تر زیاتر باسی دەکەین.

ئێستا بڕواننە ئەم وەرگێڕانە سەیرو سەمەرەیە، کە حەیای پیاو دەبات: (ان القران قد نزل منازله: قورئان لەکاتی خۆیدا بۆ شتی خۆی دابەزیوە)!! وتە عەرەبیەکە هیچ کێشەی تێدانیە و زۆر وتەیەکی جوانە و هەر بە قسەی (عومەر) دەچێ، بەڵام کوردیەکە – کە گوایە مانای وتەکەی پێشەوا عومەرە-سوێند بخۆ قسەی یەکێکە لە علمانیە سەقەتەکانی کوردستانی خۆمان!! توخوا ئەچێتە عەقڵەوە پیاوێکی وەکو عومەری کوڕی خەتتاب- کە زۆر جار علمانیەکانمان بە توندڕەو وەسفی ئەکەن- قسەیەکی ئاوا قۆڕو بێ مانا بکا؟!! واتای تەواوی (ان القران قد نزل منازله) ئەوەیە: کە قورئان و ئایەتەکان شوێنی تەواوی خۆیان گرتووە واتە تازە پێغەمبەر نەماوە کە بڵێین ئایەتی نوێ دادەبەزێ و حوکمەکان دەگۆڕێن.. هەر قسەکەی دوای ئەمە وەرگێڕانەکەی جەنابیشیان دەری دەخات کە پێشەوا (عومەر) مەبەستی چی بووە: (فاتموا الحج والعمرةلله ... عەمرەو حەجی خۆتان بە جیا .. جیا بکەن) عومەر بەڵگە بە ئایەتی قورئان دەهێنێتەوە و ئەم ناحاڵیەش وا تێگەیشتووە کە ئەو حەوسەڵەی جێ بەجێکردنی قورئانی نەماوە و دەڵێ بۆ کات و شوێنی خۆی دابەزیوە!! ئەمەیە لێکۆڵینەوەی زانستی و رەخنەی مەزن لە شارستانییەت و ئاینی

ئیسلام؟ کە بەلای هەندێ لە خۆی ناحاڵیترەوە شایستەی پەیکەر بۆ دروستکردنەو کارەکەشی شاکارە؟!!.

عومەری کوڕی خەتتاب هەرچەند شتی وایشی نەوتووە کە مانای حەرام کردنی (گۆڕینی حەج بۆ عومرە) بێ، بەڵام هاوەڵەکان هەر بەرهەڵستکاری بوون، لەو کەمە گۆڕانکاریەی کە عومەر ویستی ئەنجامی بدات ... ئەوەی پێشەوا عومەر مەبەستی بوو- وەك ابن كثير باسی دەکات –تەنها ئەوە بووکە خەڵکی زۆرتر هاتوو چۆی ماڵی خوا بکەن، چونکە ئەگەر هەرکەسێك بە تەمای حەج و عەمرەیەك بێت و پێکەوە بیانکات، ئەوە لە تەمەنیدا یەکجار دەچێتە ماڵی خوا، بەڵام ئەگەر حەج و عومرەکەی بە جیا کرد، ئەوە پێویست دەکات لە تەمەنیدا دووجار سەردانی کەعبە بکات، بەمەش هاتووچۆکەرانی ماڵی خوا زۆرتر دەبێ... ابن كثير دەڵێت : (.... أن عمر كان ينهى الناس عن التمتع ويقول: ان نأخذ بكتاب الله يأمر بالتمام، يعني قوله (واتموا الحج والعمرة لله) وفي نفس الامر لم يكن عمر رضي الله عنه ينهى عنها محرما لها، انما كان ينهى عنها ليكثر قصد الناس للبيت حاجين و معتمرين، كما قد صرح به رضي الله عنه)[٣٣] واتە: عومەر نەهی نەدەکرد لە خەڵکی وەکو حەرامکەر و قەدەغەکەرێك بۆ (گۆڕنی حەج بە عومرە) بەڵکو تەنیا مەبەستی لە نەهی کردنەکەی ئەوە بوو خەڵکی زۆرتر بێن بۆ ماڵی خوا ، بە نییەتی حەج و عومرە، هەروەك خۆی – لەشوێنێکی تردا – بە ئاشکرا ئەمەی درکاندووە) هەر بۆیەش هاوەڵانی تر ئەم ڕاوبۆچوونەیان ڕەت کردووەتەوە، ئەوەبوو فەرموودەکەی (عمران بن حصين) مان باسکرد، کە ئەڵێ: (لە خزمەت پێغەمبەردا بووین، نییەتی حەجمان گۆڕی بۆ عەمرە، لەو بارەوە قورئان نازڵ نەبوو، ئیتر هەرکەس بەڕای خۆی چی دەڵێ با بڵێ)،وەکو بوخاریش دەڵێ مەبەستی عومەر بووە، کەواتە هەر لە زەمانی خەلافەتی خۆیشیدا و پاش ئەوە وتائێستاش ڕاکەی زۆرکاری پێنەکراوە ... بۆ

زیاتر شارەزا بوونیش ئەتوانن سەیری (زاد المعاد)ی (ابن القیم) و هەموو کتێبە فیقهیەکان بکەن.

لە هەمووی خەجاڵەت تر، کە بەتەواوی چەواشەکاری ئەم ویژدان مردووە دەردەخات، ئەو لەحیمەیە کە فەرموودەیەکی (ابن ماجة) ی هێناوە و لکاندوویەتییە نیوەی ئەو فەرموودەوە، کە بە قسەی خۆی دەڵێ هی (مسلم) ە واش نیە ، (... فلن أوتي برجل نكح امرأة الى أجل الارجمته بالحجارة).

ئەم فەرموودەیە پریشکێکیشی لە (مسلم) دا نیە و (ابن ماجة) گێڕاویەتیەوە و هیچ پەیوەندیشی بە بەشی یەکەمی فەرمودەکەوە نیە، ئەمە باس لە ژنهێنانی کاتی دەکات و بەشی سەرەتای فەرمودەکەش باس لە گۆڕینی حەج دەکات بۆ عەمرە، ئیتر چۆنی پێکەوە لکاندووە؟ نازانم ! بەڵام کەویژدان بۆ گەنی کرد و دڵ رەش بوو، هەموو شتێك ئەگەری کردنی ئاسایی دەبێت!!

لەپەراوێزی ئەم فەرموودەیەدا درۆیەکی شاخداریشی کردووە و دەڵێ : (کاریگەری ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش ماوەو هەندێك لەو حاجیانەی بەناوی عەمرەوە دەڕۆن بۆ حەج هەر لەوێ ژن دەهێنن)[٣٤] ئەمەش تەنیا ئەوەندەی پێویستە سەیری نەنك و ماموژن و دایکمان کەین، ئایا کامیان باپیرو مامەو باوکەحاجیەکانمان لە مەککەوە هێناویانن؟! بە چواردەورماندا ساڵانە سەدان کەس دەچن بۆ حەج و نابینین پیاوێك بە ژنێکی کاتیەوە بێتەوە، یان ئافرەتێك بۆ ماوەیەك لای پیاوێك بۆ رابواردنی کاتی لە مەککە بە جێ بمێنێ، ئیتر نازانم ئەو حاجیانە کێن کە تا ئێستا کاتی چوون بۆ عەمرە ژن دەهێنن؟!

کۆتایی ئەم بابەتە بە تێبینیەك دەهێنم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم سەرلێشێواوە لە بابەتی موتعەی ژندا پەنای بردووەتە بەر چەندین فەرموودە کە لە (موتعەی حەج)یشدا باسی کردوون، ئەو فەرمودانەی پەنای پێ بردوون، کە (عمران بن حصین) و (جابر بن عبدالله) دەیانگێڕنەوە، هەمووی باسی گۆڕانی

حەج بە عـەمرە دەكـات و فـڕی بـە ژنهێنـانی كاتیـەوە نیـە، تكایـە ئاگـادار‌بن ...
هەندێ فەرموودەی هەڵبەستراو یا وەرگێڕانـی تێكدراویشی هێنـاوە، وەك بـاوی
هەمیشەیی خۆی، كە پێویستی بە وەڵامدانەوە نیە ... لـە هەمووشـی ئابڕووبـەر
تر ئەوەیە: كەوایزانیوە ئەم نووسینە بـۆ وڵاتێكی ناموسـڵمانی وەكـو كەنـەدا یـا
ئۆرگوای نووسیوە!! چونكە هەنـدێ قسـە دەكـا كـە منـداڵێكی موسـڵمانی سـوننی
دەزانــێ كــە درۆیــە، دەڵێــت: (ئومــەتی ئیســلام بــە فەقیــە و زانایــان و
مەزهەبەكانەوە لەسەر ئەوە هاوڕان كە ئەمجۆرە زەواجە بۆ رابواردنێكی (كـاتی)
بــووە، خواشــەرعیەتی پێـداوە ئــەم زەواجـە شـەرعیەو یەكێكـە لـە حوكمـە
چەسپیوەكانی قورئان)(٣٥) چی بڵێم كـە زەلام دانـاڕزێ كاتـێ درۆیـەكی وا گـەورە
ئەكا... هەی هاوار ئەمە وەڵامدانەوە و خۆخەریك كردنی ئـەوێ؟ لاف لێـدانێكی
ئەوەندە گەورەو بێ بنەمایە هەر وەكو ئەوەیە كە عەرەبێكی بەعسی لاف لێدەدا
كە تێكڕای كوردەكان ماركسین و هاوڕان لەسەر دژایەتی خواو پێغەمبەر!!.
هــەر ئەوەنــدە دەنووســم كــە (مسـلم) دوو فــەرموودەی گێڕاوەتــەوە لەســەر
حــەرامكردنی زەواجـی موتعــە، كــە بەسـن بـۆ بەدەماكێشـانی ئــەم دەمشـڕەو
هاوبیرەكانی، عن الربیع بن سبرة بن معبد الجهني، عن أبیـە، أنـە غـزا مـع رسـول
اللە ﷺ یوم فتح مكة، فقال ( یا أیها الناس إني كنـت اذنـت لكـم في الاسـتمتاع مـن
النساء، وان اللە قد حرم ذلك الی یوم القیامة، فمن كان عنده مـنهن شـي ء فلیخـل
سبیله، ولا تأخـذوا ممـا اتیتمـوهن شیئا) ئـەم فەرموودەیـە بـە چـەند ریوایـەتی
صەحیحی تریش هاتووە، واتای فەرموودەكە: (الربیع بن سبرة بن معبـد الجهـني
لـە باوكیــەوە دەگێڕێتــەوە: لــە خزمــەت پێغەمیــەردا بــووم ﷺ كــە فــەرمووی
خەڵكینە، من پێشتر رێگەی ژنهێنانی كاتیم بە ئێوە دابوو، لەڕاستیدا ( لە ئێستا
بـەدواوە) خـوای گـەورە تـا رۆژی قیامـەت حـەرامی كـردووە، هەركەسـێ ژنـێ

لەوانـــەی لایـــە بـــا دەســـت بـــەرداری ببێـــت و هەرچـــیتان پـــێ داون لێیـــان مەسێننەوە)[٣٦].

دووەم / عن علي بن ابي طالب (رضي الله عنه): ان رسول الله ﷺ نهى عـن متعـة النسـاء يـوم خيـبرَ، وعـن أكـل لحـوم الحمـر الانسـية. ئـەم فەرموودەیـە (متفـق عليه)[٣٧]. (على كوڕی ابو طالب) رضى الله عنه دەڵێ: پێغەمبەری خـوا ﷺ رۆژی غـەزای (خەیبـەر) ژنهێنـانی کـاتی و خـواردنی گۆشـتی گوێدرێـژی مـاڵی حـەرام کرد. ئەم فەرموودەیە بە چەند شێوە هاتووە، ڕاست وایە کە گۆشـتی گوێدرێـژی لە (خەیبـەر)دا حـەرام کـردووە و ژنهێنـانی کـاتی لـە رۆژی (فـەتح) ی مەککـەدا حەرام کرد، وەك لە زۆر ڕیوایەتدا هاتووە. کێشە ئەوەیە ئەو لە تێگەیشتنی ئەم فەرموودانەشدا ئیشکالییەتی هەیە و هەڕی بە بڕەوە نیە[٣٨]!!

ماوە بڵێم : خوای گەورە بە زەیی بەم مرۆڤە دا ماوو ساویلکانەدا دێـت و پێمـان دەفەرموێ: (ان الذين كفروا ينفقون أموالهم ليصدوا عـن سـبيل الله، فسـينفقونها ثم تكون عليهم حسرة ثم يغلبـون...) الانفـال : ٣٦ . واتـە بەڕاسـتی بـێ بـاوەڕان ماڵ و سـامانی خۆیـان بـۆ رێگـری لـە ئـاینی خـوا بـەکاردێنن و خـەرجی دەکـەن تابېنە هۆی ئەوەی خەڵکی لە ئیسلام و ڕێگای خوا پاشـگەز ببنـەوە، ئـەو ماڵـەی خۆیان دەبەخشن و بەفیڕۆی دەدەن، کەچی لەدوایی دا دەبێتە ئاخ و ئۆف بۆیـان و دەبێتـە مایـەی پەشـیمانیان و پاشـان دەشـدۆڕێن و هـیچ بـەهیچ ناکـەن. دوای ئایەتێکی تر دەفەرموێت : (قل للذين كفروا ان ينتهوا يغفر لهم ما قد سلف وان يعودوا فقد مضت سنة الاولين) الانفال : ٣٨. بلێ بەوانـەی بـێ بـاوەڕن و بڕوایـان نەهێناوە: ئەگەر کۆتایی بێنن بەکارەکانیان و وازبێنن ئەوە لێیان خۆشـدەبین و چاوپۆشـی لـەو کارانـەیان دەکـەین کـە ڕابـردووە بـەلام ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ کارەکانیان، ئەوە با بزانن وەکو بێ باوەڕانی پێش خۆیان بە هەلاکیان دەبەین.

**کەواتە پێویست ناکات موسڵمانان خۆیان تێکبدەن و هەڕەشە بکەن، تەنها ئەرکی ئێمە وەڵامدانەوەیە و هیچی تر، خوا خۆی دەزانێ چۆن تۆڵە دەکاتەوە، ئەوە کاری موسڵمانان نیە و هیچ توڕەبوون و شەڕ و هەرای ناوێ..**

**پەراوێزەکان**

١. من چاپی یەکەمی کتێبەکەم لەلابوو، بۆیە نازانم لە چاپی دووەمدا لەلاپەڕە چەندەوە ئەم باسە دەست پێ دەکات و لەلاپەڕەی چەندیش کۆتایی دێ. بە تێبینی ئەوەی من وەڵامی ئەو سەرەتا گەن و پیسەیم نەداوەتەوە کە لەسەر مێژووی حەج و (صفا و مروە) نووووسیویەتی.

٢. سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا : ٢٨١

٣. مەسەلەی (ناسخ و منسوخ) بەشێکی گەورەیە لە زانستی قورئان (علوم القران) و هەروەها (اصول الفقه) کەسێکی زۆر پسپۆڕی ئەوێ و دونیایەکی گەورەیە بۆ خۆی، جیاوازیەکی زۆریش لە نێوان زانایاندا هەیە لەسەر بوونی (نسخ) لە قورئاندا، هەندێ لەزانایان – وەکو محمد عبدة و الخضري و مصطفى زەلمی – هەر بڕوایان بە (نسخ) نیە .. نەسخ ڕێسای خۆی هەیە و پێویستە کە مرۆڤێك لەو بوارەدا قسەی کرد، ئاگاداری زۆر زانستی تر بێت، وەکو مێژووی دابەزینی ئایەتەکان و ڕەوانبێژی و (نحو) و (صرف) و (أسباب النزول) و (العام والخاص) و (المطلق و المقيد).... و چی وچی تر، کەچی ئەم – نووسەری (سێکس و شەرع ...) – کە زۆرباسی ناسخ و مەنسوخ) دەکات – بە تایبەت لە (خوێننامە)دا – هیچ لە زمانی عەرەبی نازانێ، چ جای زانستە ئیسلامییەکان!

٤. ئایەتەکە ئەمەیە: (وأتموا الحج والعمرة لله فمن احصرتم فما استيسر من الهدي ولا تحلقوا رؤوسكم حتى يبلغ الهدي محلة فمن كان منكم مريضا أو به أذى من رأسه ففدية من صيام أو صدقة أو نسك فاذا أمنتم فمن تمتع بالعمرة الى الحج فما استيسر من الهدي فمن لم يجد فصيام ثلاثة أيام في الحج وسبعة اذا رجعتم تلك عشرة كاملة ذلك لمن لم يكن أهله حاضري المسجد الحرام و اتقوا الله واعلموا أن الله شديد العقاب) البقرة: ١٩٦. خۆزگە تەنیا سەیرێکی (تەفسیری ئاسان)ی بکردایە، ئیتر بڕوا ناکەم یەکجار وا کوێرانە بکەوتایەتە ناو ئەو هەموو هەڵە سەیرەوە!.

٥. لە کتێبی (سێکس وشەرع و ....)دا هێڵ دراوەتە ژێر ئەم وشەیەدا، وەك ئەوەی بڵێی شتێکی زۆر گرنگە، کەچی (مهزلە)یە!.

٦. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨١.

٧. تەفسیری ئاسان ، تەفسیری ئایەتی (١٩٦)ی (البقرە)
٨. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨١- ٢٨٢.
٩. المعجم الوسيط، ماده (متع).
١٠. المعجم الوسيط، ماده (متع).
١١. تفسير القران العظيم، ابن كثير. بڕوانە تەفسیری ئایەتی (١٩٦) ی (البقرة)
١٢. فقه السنة، السيد سابق: (١/ ٦٦٦، طبعة خاصة بشركة منار الدولية، ١٤١٦هـ– ١٩٩٥ م .
١٣. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨٢، هەمان درۆی بەدەمی (ابن عباس)ەوە لە لاپەڕە ٢٨٣دا دووبارە کردوتەوە.
١٤. مختصر صحيح البخاري، الحسين بن المبارك/ فەرموودەی ژمارە (٧٦٢)، لە (الجامع الصحيح)یشدا ژمارەی فەرموودەکە (١٥٤٥)ە.
١٥. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨٢
١٦. اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان، محمد فؤاد عبد الباقي، فەرموودەی ژمارە (٧٧٤). لە (الجامع الصحيح)ی بوخاریشدا لە (كتاب الصلاة، باب قوله الله تعالى: (واتخذوا من مقام ابراهيم مصلى) البقره ١٢٥ دا هاتووە. بڕوانە (مختصر صحيح البخاري) فەرمودەی ژمارە (٢٥٦).
١٧. پوختەی صەحیح موسلیم: وەرگێڕانی لیژنەیەك، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، فەرموودەی ژمارە (٦٩٧)، لاپەرە: ٣٤٦.
١٨. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨٢ - ٢٨٣.
١٩. (سێکس و شەرع و ژن ): ٢٨٣.
٢٠. اللؤلؤ والمرجان، فەرمودەی ژمارە(٧٦٦)، بڕوانە پوختەی صەحیح موسلیم، فەرمودەی (٦٦٤).
٢١. ئەو ڕستانەی لە نێوان [ ] دایە نیشانەی ئەوەیە وەرگێڕ وەکو ڕونکردنەوەیەك نووسیویەتی، دەبێ وەرگێڕ ئاوەها دەست پاك بێت، نەك وەکو خاوەنی (سێکس وشەرع وژن) دزودرۆزن!
٢٢. پوختەی صەحیح موسلیم: ٣٣٢ واتای فەرموودەی ژمارە (٦٦٤).
٢٣. اللؤلؤ والمرجان، فەرموودەی (٧٦٧). بوخاریش لە (كتاب التفسير: سورة البقرة، باب (وأتموا الحج ...).
٢٤. پوختەی صەحیح موسلیم: ٣٣٠، واتای فەرموودەی (٦٦٠).
٢٥. هەمان سەرچاوە، فەرموودەی (٦٦١).
٢٦. سێکس و شەرع ....: ٢٨٣.
٢٧. هەمان سەرچاوە : ٢٨٣ - ٢٨٤. ئەم فەرمودەیە دەقاو دەق لە پوختەی صەحیح موسلیم دا هاتووە، ژمارە (٦٦٣).
٢٨. هەمان سەرچاوە: ٢٨٤.
٢٩. اللؤلؤ والمرجان، فەرمودەی (٧٦١).
٣٠. واتە: ئەو شتانەی کە بەهۆی ئیحرام بەستنەوە حەرام بوون.
٣١. پوختەی صەحیح موسلیم: ٣٣١، واتای فەرمودەی (٦٦٣).
٣٢. سێکس و .....: ٣٨٥.
٣٣. تفسير القران العظيم، تەفسیری ئایەتی (١٩٦) ی (البقرة).
٣٤. بڕوانە پەراوێزی (٢١)ی لاپەڕە (٢٨٥)ی چاپی یەکەمی کتێبی (سێکس و شەرع وژن ...).

٣٥. سێکس و..... ٣٠٣ ، لە ژێر ناونیشانی (کۆڕای دەنگ بۆ موتعە).
٣٦. پوختەی صحیح موسلیم، فەرمودەی (٧٩٧).
٣٧. اللؤلؤ والمرجان، فەرموودەی (٨٨٩).
٣٨. بڕوانە بابەتی (ئیشکالییەتەکانی خوێندنەوەی دەق و مێژوو لە کتێبی (سێکس و شەرع وژن ...) لە نووسینی هێمن خورشید).

# نەخوێندەوارێك تەفسیری قورئان دەكات

بورهان محەمەد ئەمین*

دارشتنەوەی بارام صبحي

لە ماوەی پێشودا كەسێك بەناوی مەریوان هەڵەبجەیی كتێبێكی بلاّو كردەوە بە ناونیشانی(سێكس و شەرع و ژن لەمێژووی ئیسلامدا) ،لەو كتێبەدا ژمارەیەكی لەرادەبەدەر هەڵەو نەزانینی زەق بەدیار دەكەوێت، بێگومان هەركەسێكی خوێندەوار بە خوێندنەوەیەكی خێرا هەست بەو هەلاّنە دەكات، لەو كتێبەدا كۆمەڵێك شت بەناوی تەفسیری ئایەتەوە نوسراوە كە تەنها مانای ئەو ئایەتانە نیە، لێرەدا منیش هەوڵم داوە بە پێی توانا مانای ژمارەیەك لەو ئایەتانە بەسود وەرگرتن لەچەند تەفسیرێك ڕاست بكەمەوە، لەهەندێكی دا درێژەم بە مانای ئایەتەكە داوە بۆزیاتر ڕوونكردنەوە، بەلاّم بۆ چەند ئایەتێكی دیكە تەنها یەك مانام نوسیوە، چونكە بە پێویستم نەزانیوە زۆر درێژەی پێبدەم و لەوێشدا زۆر بەڕوونی هەڵەكانی ئەو بەناونوسەرە دەركەوتوە، بێگومان بۆ تەفسیری تەواوی ئایەتەكان پێویستمان بە دەرفەتێكی زۆر دەبێت، كورد گوتەنی(مشتێك نمونەی خەرwarێكە) .

١ـ(الاحزاب :٥٠): ئەم ئایەتە باس لەوە دەكات كە هەندێك ئافرەت هەبوون كە خۆیان پێشكەش بە پێغەمبەر كردووە ببنە خێزانی، پێغەمبەریش(د.خ) بۆی هەبووە قبوڵیان بكات هەر بەوەش ئەوان داوایان كردووەو ئەمیش ڕازی بووە(نكاح) یان تەواو دەبێت. دیارە ئەمەش لە چەند ڕوویەكەوە

ئەو شێوازە تایبەت کراوە بە پێغەمبەر(د.خ) چونکە هەر ئەو شایانی ئەوەیە کە ژنان خۆیانی پێببەخشن، ئەگینا بۆ ڕێزی ئافرەت لە ئیسلامدا دەبێت ئافرەت داوا بکرێت و پاشان ڕەزامەندی دەربڕێت و مارەیشی بدرێتێ و ...هتد.

٢ ــ (فوسوس اليه الشيطان قال يا ادم هل ادلك على شجرة الخلد ) بەلاّم کەتاوانیان کرد هەردوکیان بە ئەندازەی جۆراوجۆر بەرپرسیارن (فاكلا منها)واتە هەردوکیان، (فبدت لهما سواتهما) واتەی عەیب و نەنگی هەردوکیان دەرکەوت وەك تۆڵەو دەرەنجامی ئەو گوناهە.

کە خوای گەورەش گلەیی لێکردن پاشتر فەرمووی: (الم انهكما عن تلكما الشجرة واقل لكما ) واتە لە گوتارەکە ئاڕاستەی ئادەم پێغەمبەرو حەوا کراوەو گازندەش بۆ هەردووکیانە. بەرپرسیارێتی (حەوا)ئەفسانەیەکی (ئیسرائیلیات)و کتێبە دەسکاری کراوەکانی پێشوەو هیچ ڕاستیەکی نیە لە ئیسلامدا

٣ـ(المائدة ٣٠:) باسی ئەوە دەکات یەکێك لە کوڕەکانی ئادەم ئەوی تریانی کوشت، باسی هۆکاری کوشتنەکەی تێدانیە، ئەوەش درۆیەکی دیکەیە بەدەم ئەو ئایەتەوە دەکرێت، چونکە ئەو برادەرەش هەر بیروفیکری سێکسی تێدایە بێگومان هەرئاوا لەشت تێدەگات، بەهەرحاڵ کردنی کاری سێکس لەو سەردەمەدا لەنێوان خوشكو براشدا دروست بوە بۆ ئەوەی نەوەی تازە دروست بێت، وەگەرنا ئەی چۆن دوای ئادەمو حەوا منداڵی تر پەیداببن، هەرکارێکیش ڕەزامەندی خوای لەسەربێتو تەنها ڕێگە چارەش بێت کەس گرفتی لەسەرنیە

٤.( یوسف٢٣- ٢٤):جولاّنی ئارەزوی سێکسی یوسف مەسەلەیەکە پێچەوانەی ڕای زۆربەی زانایانی (تفسیر)ە ، بەڵکو لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، بەهەرحاڵ ئەگەر ڕاستیش بێت پێغەمبەران مرۆڤن هەروەك مرۆڤیش دەژین بەلاّم خوای گەورە ناهێڵێت گوناهو هەڵەبکەنو دەیانپارێزێت، سەرنجڕاکێشانی یوسف لەلایەن

زڵێخاوە لەو سنورە دەرنەچووەو (بە بورهانی خوایی پارێزراو بووە)، زۆریش هەڵەیە پێغەمبەران وەك خوا یان مەلائیکەی بێ ئارەزوو سەیر بکەین.

٥.(هود ٧٧- ٨١ ) باسی ژنەکەی حەزرەتی لوط دەکاتو دەفەرموێت: کاتێك گەلەکەی لوط (ع.س) هاتن بۆدەستدرێژی کردنە سەر مەلائیکەکان لوط پێیانی وت: ئەوە کچەکانم مارەیان کەنو ئەمەی ئێوە دەیکەن کارێکی زۆرناشایستەو پیسەو، ئێوە لەبەرچاو میوانەکانم سەرشۆڕم مەکەن ، دواتر میوانەکان وتیان: ئێمە مەلائیکەی خواینو ئەوانە ناتوانن بگەن بە ئێمە، تۆ سبەینێ خۆت دەربازبکەو بڕۆ، هەربەشەو دەرچۆ، منداڵەکانیشت جگە لە ژنەکەت ببە، چونکە ئەویش توشی هەمان سزای ئەوان بوە.

ئەمە مانای ئەوەناگەیەنێ کە ژنەکەی (لوط) جنس بازبوە ئەگینا هەر ژنێك وابێت شوو بەپیاو ناکات، ئەو کاتەش ئەو عادەتە پیسە هەر لای پیاوان بووە، بەلاَم ژنی حەزرەتی (لوط) کافرو بێ باوەڕبوەو هەروەك قورئان دەفەرموێت:(ضرب اللة مثلا للذين كفروا امرات نوح وامرات لوط كانتا تحت عبدين من عبادنا صالحين) تحريم ١٠ کەواتە کافر بووە، بۆیە تووشی هەمان سزای ئەوان بووە. ئایەتەکانی (٥٤- ٥٨ نحل)یش، بە ناڕاستی ڕاڤە کراوەو بەهیچ جۆرێك باسی لوگو خێزانەکەی تێدانیە .

٦.(مخلد، خلود): واتە نەمر، دیارە ئەو دەروون نەخۆشە هیچ عەرەبی نازانێت بۆیە (ولدان مخلدون)ی بەلاوانی لوسکە تەفسیرکردووە. ئایەتەکانی (١٧- ٢٤ الواقعة) ماناکەی بەم جۆرەیە: لاوانی نەمر بەدەوریاندا دێنو خزمەتیان دەکەن، بەگێڕانی کوپو دۆلکەو سوراحی جوانو ڕازاوە کە پڕە لە شەرابی تایبەتو شەربەتی بەتامو خواردنەوەی تام خۆشو بۆن خۆش، کەبەو شەرابانە نەسەریان دێتە ئیشو نەسەرخۆش دەبن، میوەشیان لەهەمووجۆر بۆ دە گێڕن کە بە ئارەزوی خۆیان لێی هەڵدەبژێرن، لەگەڵ گۆشتی هەر باڵندەیەك کە

حەزی لێ بکەن، هاوڕێ لەگەڵ حۆری چاوڕەشو چاوگەشدا، کە وەك مرواری شاراوە پاكو بێگەردن، لەپاداشتی کاروکردەدەی چاكو پاکیاندا کە جاران ئەنجامیان دەدا.

٧. مەریوان دەڵێت ئایەتەکانی (الاحزاب ٥٩و نور٣١) بۆ سەپاندنی حیجاب هاتۆتە خوارەوە، بەڵام ڕاستیەکەی بەم جۆرەیە: حیجاب نەسەپێنراوە بەڵکو بالاپۆشی هاندراوە بۆ ئافرەتانی خواناسو دیندار، دیارە پەروەردگار خۆی دەزانێت کێی دروستکردوەو چی لە بەرژەوەندی هەردوو ڕەگەزدایەو کەسیش بۆی نیە بەکوتەكو بەزۆر بالاپۆشی بسەپێنێ.

٨. ئایەتی ٣ لەسورەتی (النساء)ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ کچە بێ باوکەکاندا (ئەگەر بیانکەنە هاوسەرتان، ئەوە واز لەوان بهێنن)، ئەوە لە ئافرەتانی تر کە حەلاڵن بۆ تان ژن مارەبکەن دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوارچوار،(ئەڵبەتە لەیەك هاوسەر زیاتر مەرجو بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە) خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەربن (لەنێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەك ژن مارەبکەن، یان ئەو کەنیزەکانەی کەهەتانن (کە دیاردەیەکی کاتی بوو ئیسلام بنەبڕی کرد)، ئەوەی کە باسکرا نزیکترە لەوەی کە ستەم نەکەن (ئەگەر پەیڕەوی بکەن). (ئاسان:٧٧)

٩. (النساء :١٥): ئەو ئافرەتانەی کە زینا دەکەن لە ژنانتان ئەوە چوار شایەتیان لەخۆتان لەسەر بگرن، جا ئەگەر شایەتیان دا، ئێوە لەماڵدا بەندیان بکەن، تا مردن یەخەیان پێدەگرێت یا خوا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە.

١٠. (النساء١٦): ئەو ژنو پیاوەتان، یان ئەو کوڕو کچەتان کە زینایان لەدەست دەقەومێت، ئەوە ئێوە لێیان بدەنو ئازاریان بدەن، خۆ ئەگەر تەوەبەیان کردو خۆیان پەروەردەو چاك کرد، ئەوە ئێوە وازیان لێ بهێنن (تەعنەیان لێ مەدەن،

بەچاوی سوك تەماشایان مەكەن)چونكە بەڕاستی خوا هەمیشە تەوبە وەرگرەو بەڕەحم‌ومیهرەبانیشە. (ئاسان ٨٠)

١١. (النساء :٢٥): ئەوەش كە نەیتوانی لە ئیوە لەبەر دەس كورتی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدار مارەبكات، ئەوە با لە كچە كەنیزەكە ئیماندارەكانتان بخوازێت، خوایش زانایە كە ڕادەی ئیمانتان چەندەو چۆنە، ئێوە هەندێكتان لەهەندێكتانن (هەموی لە ئادەم‌و حەوایە، ئەم جیاوازییە چینایەتیە شتێكی كاتیە)، لەبەر ئەوە ئەو كەنیزەكانە مارەبكەن لەسەر ڕەزامەندی كەس‌وكاروخاوەنەكانیان‌و مارەییان بەچاكی پێ بدەن، لەكاتێكد لەسەر ئەو كەنیزەكانەش پێویستە پاك داوێن بن‌و دووربن لەداوێن پیسی‌و دۆست گرتنەوەو، خۆ ئەگەر شوویان كردو لەوەو دوا داوێن پیسیەكەیان ئەنجامدا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتانی سەربەست دەدرێن(چونكە ئازادی تەواویان نەبووە لەو سەردەمەدا)، لەبەرئەوە مارەكردنیان بۆ ئەوانەتانە كە دەترسێت تووشی هەڵەو گوناه بێت، خۆڕاگریتان(تاخوا دەروویەكتان لێدەكاتەوە) چاكترە بۆتان، خوایش لێخۆشبوو میهرەبانە. ﴿ئاسان: ٨٢﴾

خوای میهرەبان لەو هەموو حوكم‌و بڕیارانەدا لێ بوردن‌و میهرەبانی بەكارهێناوە. وەك ئەفەرموێ (والله غفور رحیم) هەروەها خوای میهرەبان ئەیەوێ ڕێگای ڕاست نیشانی بەندەكانی بداتو ئەیەوێ ڕێنمونی بەندەكانی بكات بۆ ڕێگەو ڕەوشتی چاكان‌و خودا ناسان كە هاتن‌و لەسەر ئەو ڕێگە ڕاستە ژیانیان بردە سەر وەك ئەفەرموێ (یریداللة لیبین لكم ویهدیكم سنن الذین من قبلكم ویتوب علیكم والله علیم حكیم*والله یرید ان یتوب علیكم) خوا ئەیەوێ گەڕانەوەتان بۆلای خۆی لێ وەرگرێ وئەوانەی كە گومڕان ئەیانەوێ كە ئێوە بەتەواوی لادەن لەڕێگە ڕاستەكەی خوا وەك ئەفەرموێ (ویرید الذین یتبعون الشهوات ان تمیلوا میلا عظیما) ئەوانەی كە شوێنی ئارەزووی نەفسی خۆیان

کـەوتوون ئەيانـەوێ ئێـوە لادەن لـە ڕێنمونيەکـەی خـوا، بـەلادانێکی گـەورەو بەتەواوی، خولاسە ئەم بەرنامەیەی کەخوا دایناوە بەرنامەی هـەموو بڕوادارانـە لە یەکەم جارەوە تا ئێستاو لەهەموو چەرخێکدا شوێنکەوتوەکانی شەیتان کە لە دوا ڕۆژدا ئەبن بە سووتەمەنی دۆزەخ، وەك خۆیان گومڕان ئەیانـەوێ خـەڵکیش بکەن بە هاوڕێی خۆیان، کەواتە با هەموو ژیرێك ئاگای لـەخۆی بێـتو بـەگوێی دوژمن نەکات. ئینجا دواترین دەستکاری دڵ دەکات بـەوەی لەویاساو بڕیارانـەدا میهرەبـانی بەکارئـەهێنێ لەگـەڵ بەندەکانیـداو خـۆی دەزانـێ بەنـدەکانی لاوازن لەبەرئــەوە بــاری شــانیان قــورس ناکــاتو ئــەرکی گــران ناخاتــە سەرشــانیان. (تەفسیرەکەی م. عوسمان/ل١٠/ب. ٥و٦).

١٢. (نساء:٣٤) پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسـەرەکانیانەوە، ئەمـەش بـەهۆی ڕێــزو زیــادە ئەرکێکــەوە کــە خــودا داویــەتی بەهەنــدێك بەســەر هەنــدێکی تردا(سـەرەڕای ئـەوەی کـە) پیـاوان لـەماڵو سـامانیان خـەرج دەکـەن (لـەپێناوی ئاسـودەیی‌و خۆشـگوزەرانی ئافرەتانـدا)، لـەو لاشـەوە ئافرەتـانی دینـدارو ژیـرو گونجاو هەمیشە گوێڕایـەڵی مێردەکانیـانن، نهێنـی نێـوان خۆیـانو مێردەکانیـان دەپارێزن(بەتایبەت ئەو نهێنیانەی خودا دەیـەوێت پـارێزراوبن) بـەهۆی ئـەوەی کەخوا مافەکانی ئەوانی پاراستووە، ئەو ئافرەتانەش ئێـوە دەترسـن سەرکەشـی‌و سەرپێچـی بکـەن سـەرەتا ئامۆژگاریـان بکەن،(ئەگـەر سـودی نەبوو)لـەناو جێـدا پشـتیان تـێ بکـەن، (ئەگـەر ئـەوەش سـوودی نـەبوو) لێیـان بـدەن (بەمـەرجێك لێدانەکە لەدەمو چاو نـەبێتو ئاسەوار بەجێ نەهێڵێت)، ئەگەر بـەم هۆیانـە لـە لادانو یـاخی بـوون وازیـان هێنـا، ئـەوە ئـیتر سـتەمیان لێ مەکـەنو ڕێگـەی تـر مەگرنەبەر (بۆ ئازاردانیان)بێگومان خوابەرزو بڵندو گەورەیە، (ئەگەر ستەمیان لێ بکەن تۆڵەتان لێدەسێنێت). ﴿ئاسان ٨٤﴾

(وان خفتم شقاق بينهما) ئەگەر لەدژایەتی یەك نەكەوتن‌و بەربەرەكانێی نێوانیان بەردەوام بوو، ئیتر هەركام یان هەردووكیان (فابعثواحكما من اهلة وحكما من اهلها)ئەو كاتە حەكەمێك لە كەس‌و كاری پیاوەكەو حەكەمێك لەكەس‌و كاری‌ئافرەتەكە دیاری بكەن‌و بیان نێرن بۆ سولْح‌و یەك خستنیان ئیمامی شافیعی دەفەرمێت: (حاكم دوو پیاوی عادل دیاری دەكات ئیتر با بێگانەش بن بەلاّم باش وایە لەخزم‌و كەس‌و كاریان بن ئەوان باشتر حالْیان دەزانن‌و دلْسۆزتریشن)، ئینجا ئەو دوو حەكەمە بە جیا لەگەلْ ژن‌و مێردەكەدا كۆببنەوە، ئینجا (ان یریدا اصلاحا یوفق اللة بینهما) ئەگەر ئەو دوو حەكەمە سولْح‌و چارەسەریان بویَ لە نێوان ئەو ژن‌و مێردەدا خوا یەك كەوتن‌و یەك قسەیی ئەخاتە نێوانیان‌و مەبەستەكەیان پێكدێت، یان مەبەست ئەوەیە ئەگەر ئەو دوو حەكەمە بەڕاستی لەبەر خوا بیانەویَ ئەو پیاو و ئافرەتە یەك بخەن خوا ئەو پیاو و ئافرەتە یەك دەخات‌و دلْیان بۆ یەكتر نەرم ئەكات (ان اللّه كان علیما خبیرا) بێگومان خوا زاناو بەخەبەرە بەهەموو شتیَ‌و هەموو فەرمان‌و بڕیارەكانی لە زانینەوە دێت، ئا بەو جۆرو شێوەیە خوای میهرەبان ڕێنمونی بەندەكانی ئەكات بۆ ڕێی ڕاست. بەو جۆرە دامەزراندنی مالْ‌و خێزانی بە گرنگ گرتووە. پەیوەندی ئایەتەكانی داهاتوو بەمەبەستە ئەساسیەكانی ئەم سورەتەوە بە تێكڕایی، ئایەتەكانی داهاتوو  گەردش ئەكات بەدلْ‌و دەروون لە بارەی هۆنینەوەو ڕێك‌و پێككردنی ژیانی گەل‌و كۆمەلْی بڕواداران، ڕزگاركردنی لە بیروباوەڕو بۆچونی چەرخی نەفامی كە دەقی پیوە گیرا بووە، ڕازاندنەوەی بە نیشانەو دروشمەكانی ئاینی پاكی ئیسلام. (تەفسیرەكەی م.عوسمان عەبدولعەزیز/ل١٧و١٨).

١٣. (نساء:٢٢) مەریوان دەلْێت "ئەتوانن ئەو ژنانە مارەبكەنەوە كە باوكتان مارەی كردبوو، ئەوەش تائێستا لە دەست چووە قەیناكە". مانای ئایەتەكەش

بەم جۆرەیە: نەکەن ئەو ئافرەتانە مارەبکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوو، مەگەر ئەوەی کە ڕابورد (لەسەردەمی نەفامیدا پێش حەرام کردنی) بەڕاستی ئەو کارە گوناهێکی گەورەو ناشیرینو ناپەسەندەو ڕێبازێکی خراپە. ﴿ئاسان/٨١﴾

١٤.(النساء:١٢٩) مەریوان دەڵێت" پەیامبەر نەیتوانیوە دادپەروەربێت لەنێوان خێزانەکانیدا". ئەمەش مانای ئایەتەکەیە: هەرگیز ئێوە ناتوانن لە نێوان هاوسەرەکانتاندا دادپەروەرانە ڕەفتاربکەن، لە کاتێکدا ئەگەر زۆریش سوربن لەسەری، جاکەوابوو نەکەن هەر ڕوو لە یەکێکیان بکەن بە تەواویی ئەوی تر واز لێ بهێنن وەك هەڵپەسێردراو، نەئەوەیە مێرد دار بێت، نە ئەوەش بێ مێردبێت، خۆ ئەگەر چاکسازی بکەنو ڕێك بکەونو خۆتان بپارێزن لە ستەم، ئەوە بە ڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە. (ئاسان/٩٩)

١٥.(ال عمران:١٤) مەریوان دەڵێت "ئەم ئایەتە ژنی وەکو ئەسپ حیسابکردووە". ئەمەش تەفسیری ئایەتەکەیە: ئارەزوی ئافرەتو بوونی نەوەی نێرینەوخاوەنێتی ئاڵتونو زێڕو زیوی زۆرو زەبەندەو ئەسپی چاكو ڕەسەنو (هۆکانی هاتوچۆ)هەروەها ماڵاتو زەویو زاری کشتوکاڵی بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەموو نازو نیعمەتی ژیانی دونیان، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوەو خۆشی لای خۆی ئامادەکردووە (کەبەهەشتە). ﴿ئاسان/٥١﴾.

(زین للناس حب الشهوات)ڕازێنراوەتەوە بۆ ئادەمیو شیرین کراوە لەبەرچاوی خۆشویستنی ئارەزواتی نەفس، واتە بەسروشت وادروستکراوە ئارەزووە کانی خۆش ئەویێ کە بریتین لە ئافرەتانو کوڕانو دارایی ڕو فراوانی کەڵەکەکراو لە زێڕو زیو، ئەسپو ماینی دابەستراو، یان شیرینی نیشانەدارکراو بە سپێتی یەك لەناو چاودا، یا بەرەڵاکراو لە لەوەڕگادا، چوارپێکان لە مەڕوحوشترو بزنو

ڕەشەولاغو کشتوکاڵ، ئـەوەی کـە بـاس کـرا خۆشـیو بـەهرەی ژیـانو زینـدەگانی جیهانــە، ئەمانــەی کــە بــاس کــران نمونــەی ئــارەزوو کراوەکــانن، ســەرەکین، بەتایبەتی لەو چەرخەداو لەناو ئەو چینو گەلەدا کە یەکەم جار ئەم قورئانـەی چـوو بـە گوێچکەدا، هێنـدێکیان پێویسـتن لـە هـەموو چـەرخو کاتێکدا، قورئـان ئەوانەی کۆکردەوەو نـرخی خۆی بۆ دیاریکردن، بەوەی کە خۆشیو بەهرەی ئەم ژیانــە کــەمو کورتــەن بــۆ ئــەوەی لــەجێو ســنوری خۆیانــدا ڕاگیربکــرێنو زیادەڕەوییان تیادانەکرێت، چاو ببڕێتە بەرزترو گەورەتر کە دەست نیشانی بـۆ ئـەکاتو ئەفـەرموێ (واللّٰه عنـده حسـن المـاب)لای خـوا هەیـە شـوێنی گەڕانـەوەی خۆشی لەڕۆژی دوایدا کە ئەوەش بەهەشتە.

خوای گەورە خۆشویستنی ئـەو شـتە ئارەزووکراوانـەی خسـتە دواوە بـەپێی ئـەو بەرنامـە ڕێـكو پێکـەی کـە بـۆی دانـاوە بـەلاّم لەهەمانکاتـدا تـەمێو ئامۆژگـاری ئەکات کە مەردوم خۆی نەکات بەبەندەی ئەڵقە لەگوێی ئـەو ئارەزووانـە، بـەڵکو بـەگوێرەی پێویسـت بـەکاریان بهێنـێ، سـەرنج ڕائەکێشـێ بـۆ چـاکتر لەوانـەو بـەرزترو پـاكو خـاوێن تـر لەوانـە، بـانگ ئـەکات بـۆ هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بـە ئارەزوواتی لەشـیو دەرونـی نـەبڕاوە لـە جیهـانێکی تـردا. (تەفسیری م.عوسمان عەبدولعەزیز/ل١٠٦/ج ٣و٤).

١٦. (الانفـال:٤) ئـەی ئیمانـداران ئاگـاداربنو بـزانن کـە: بەڕاسـتی هەرچـیەکتان دەسـتکەوت (لـە جـەنگی بـێ باوەڕانـدا) ئـەوە بێگومـان پێـنج یـەکی بـۆ خـواو پێغەمبـەرو خزمـانی نزیکی پێغەمبـەرو هـەتیوانو هـەژارانو ڕێبوارانـە، چـوار بەشەکەی تریشی بۆ موجاهیدانە کە لەو غەزایـەدا بەشـدارییان کـردووە ئەگـەر ئێـوە باوەڕتـان هەیـە بـەخواو بـەوەی کـە دامـان بەزانـدووە بـۆ سـەر بەنـدەمان محەمـەد (د.خ) لـە ڕۆژی جیاکردنـەوەدا (کـە غـەزای بـەدرە) ئـەو ڕۆژەی کـە

هــەردوو لەشــکر بــەرەنگاری یــەك بــوون، خــوایش بەســەر هەمووشــتێکدا دەسەڵاتدارە. ﴿ئاسان/١٨٢﴾.

١٧. (الاحزاب:٢٨) ئـەی پێغەمبـەر (د.خ) بەهاوسـەرانت بڵێ: ئەگـەر ئێـوە تـەنها ژیـانی دونیـاو ڕازاوەیەکـەیتان دەوێـت، وەرن بـا هەنـدێك شـتومەكو پـارەو سامانتان پێ ببەخشم، لـەوەو دواش بـەجوانترین شێوە دەست بـەردارتان دەبم. ﴿ئاسان/٤٢١﴾

١٨. (الاحــزاب:٤٩) ئــەی ئــەو کەســانەی باوەڕتــان هێنــاوە کاتێــك ئافرەتــانی ئیماندارتان مارەکرد، لەوەو دوا جیابونـەوەو تـەڵاقتان دان پێش ئـەوەی بچـنـە لایـان، ئـەوە هـیچ (عـدة)و ماوەیـەکیان ناوێـت تـا حیسابی بـۆ بکـەن (مـاوەی چاوەڕوانی ناوێت بۆ ئەوەی شوو بکات بەکەسێکی تر)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دیاریان پێشکەش بکەنو بەجوانی دەست بەرداریان ببن . ﴿ئاسان/٤٢٤﴾

١٩. (المائدة:٨٧)ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەو نازو نیعمەتە چاکانەی کـە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەرام مەکەنو لەسنور دەرمەچـنو دەسـت درێـژی مەکـەن، چـونکە بەڕاسـتی خـوا دەسـت درێـژکارانی خـۆش ناوێـت. ﴿ئاسان/١٢٢﴾.

٢٠. (النساء:٤) مارەیی ئافرەتان بـدەن بەوپـەڕی دڵفراوانـیو ئاسوودەییەوە، خۆ ئەگـەر بـە ئـارەزوو و یسـتی خۆیـان دەسـتیان هـەڵگرت لەهەنـدێك مـارەییو بەخشیان بە ئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆنو بەکاری بێنن بـەبێ دوودڵـی نۆشـی بکەن (سودی لێ بینن). ﴿ئاسان/٧٧﴾

٢١. (البقرة:١٩٦)حەجو عەمرە بەچاکیو تەواوی بۆ بەدەست هێنـانی ڕەزامەنـدی خوا ئەنجام بدەن، جا ئەگەر ڕێتان لێگیراو ئەرکەکانتان بۆ ئـەنجام نەدرا(بـەهۆی نەخۆشـی یـان هـەر هۆیـەکی تـر) ئـەوە دەتـوانن ماڵاتێـك بکـەن بـە قوربـانی بەگوێرەی توانا، ،سەرتان مەتاشـنو (ئیحـرام مەشـکێنن) تـا قوربانیەکـە ئـەنجام

نـەدرێتو بـەجێی خـۆی نـەگات، جا هـەر کەسێکتان نـەخۆش بـوو یـان بـرینو ئازارێك لەسەریدا هەبوو(پێویست بـوو مـوی سـەری یان هەنـدێکی لا ببات) بـا فیدیە بدات (کە بریتیە لەوەی) بـەڕۆژوو بێـت، یـان خێرێـك یـان قوربانیـەك بکات، جا هـەرکاتێك لـە ئاسودەییو ئاسایدا بـوون، ئـەوەی کـە دەیـەوێت نێـوان حەجو عەمرە(ئیحرام بشکێنێتو پۆشاکی ئاسایی لەبەربکات) دەبێت بـەگوێرەی تواناى خۆی قوربانیەك بکات، ئەوەش کە نـەیبوو قوربـانی بکـات، باسێ ڕۆژ لـە حەج بە ڕۆژوو بێتو حەوت ڕۆژیـش کـە گەڕانـەوە (نـاو مـاڵو حـاڵی خۆیـان) ئـەوە دەکاتـە دەڕۆژی تـەواو، جـا ئەمـە بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە خـەڵکی مەککـەو دەوروبـەری نـین، لـە خوابترسـنو پارێزگـاربنو بـزانن کـە بەڕاسـتی خـوا سـزاو تۆڵەی زۆر سەختە(لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن). ﴿ئاسان/٣٠﴾.

حەج عیبادەتێکە چوونە نـاوو لێ دەرچـوونی هەیـە تـەنها بـە نیـەت جێبـەجێ نابێـت، کـەوابێ لەگـەڵ نیەتەکـەی دا دەبـێ کردەوەیـەك لـەو کردارانـەی لەگـەڵ دابێ. جا کەدەستی بەکردارەکانی حەج کرد (فلارفث) نابێ لەگەڵ خێزانی خۆی جـووت بـبێ (ولا فسـوق) نـابێ قسـەو نـاوو نـاتۆرەی ناشـیرین بـە خـەڵك بڵـێ، هەروەها نابێ لەو سنورە دەرچێ کە شەرع بۆ ئیحرام بەستوی داناوە. واتە: نابێ ڕاوبکا، پۆشاکی دوراو لەبەربکا، بۆنی خۆش لەخۆی بدا، (ولاجدال فی الحج)نابێ کێشەو دەمەدەمێو شەڕو تێك گیران لەگەڵ هاوەڵو خـزمو خزمـەتکارو خـەڵکی تردا بکا دەبێ واز لەم جۆرە کردارانە بێنـێ، چونکە ڕوی کردۆتـە پـەروەردگارو بەڕواڵەت میوانی خودایە ودەیەوێت ڕەزامەنـدی ئـەو بەدەسـت بێنـێ. دەبـێ واز لەدابو نەریتی ڕابردوی لەزەتو خۆش ڕابواردنی دنیایی بێنێ، خۆی لەو شتانە دووربخاتەوە کە هۆی خۆ هەڵنانەوەو لەخۆبایی بونن، بـەجۆرێك کـە شـاو گـەدا، هـەژارو دەوڵەمەنـدو پیروجـوان یـەك پۆشـاك لەبەربکـەن، ئـەویش پۆشـاکی

ئیحرامـه، بەمـەش دڵو دەروون خـاوێن دەبنـەوە، نیشانەی بەندایـەتی بـۆ خـوا ڕادەگەیەنن.
ئیمامی موسلیمو بوخاری لە ئەبو هـورەیرەوە فەرمودەیـەکیان ڕیوایـەت کـردوە کە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت (من حج فلم یرفپ ولم یفسق خرج من ژنوبـه کیوم ولدته امه) زیاد لەوەش ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە ڕێزگرتنـی مـاڵی خـودای پێوە دیارەو تاوانکردن تێیـدا گونـاهی گـەورەترە. چـونکە ئـادەمی لەوکاتـەدا کـە عیبادەت دەکاو لەخودا دەپاڕێتـەوە دەبـێ لەوپـەڕی ئـەدەبو حیشمەتدابێو لـە ئامادەباشـیدابێ چـونکە ئـادەمیزاد دەبـێ لـە نـاو کـۆڕو کۆبونـەوەدا ئـەدەبو حیشمەتێك نیشان بـدا کـە لـە کاتی تـەنهایيو پەناگیریـدا پێویست ناکـات ئـەو ئەدەبو هەڵسو کەوتەی کە لە کۆڕی پاشادا دەینوێنێ لەگەڵ برادەرو هـاوەڵانی دا زۆر پێویسـت نیـیـە(وما تفعلـوا فـی خـیر یعلـم الله)واز لـە کێشـەو جنێـودانو لەخۆبایی بوونو ڕاوکردنوخۆبـۆن خۆشـکردن بێـنن، بـۆ ئـەوەی دڵو دەرونتـان لەهەڵـەو پەڵـەی دونیـایی پـاك بێتـەوە، ئامـادەبن بـۆ کردنـی کـاری خێـرو چاکەوگەردن کەچ بن بۆ پابەندبوون بە فەرمانی شەرع، خودا بۆ خۆی ئاگـادارە لە کردەوەو گوفتارتانو پاداشتی چاکەو سزای خراپەتان دەداتەوە (وتـزودوا فـان خیر الزاد التقوی) خوداپەرستی بکەن بـە تێشووی قیامـەتتان چـونکە چاکترین تێشوو خوداپەرستیە(واتقون یاأولی الالبـاب) ڕاسـتانە بەندایـەتیم بکـەن، ئـەوەی لەسـەرم پێویسـت کـردوون بـەرێكو پێکـی ئـەنجامی بـدەن، ئـەوەی لـێم قەدەغـەکردوون تـوخنی مەکـەون، بـەوە ڕزگارتـان دەبـێ لـەڕقو غـەزەبی مـنو تووشی سزای من نابن ، ڕەزامەندیو ڕەحمەتی منتان دەست دەکەوێ. (تەفسیری ڕەوان/لا٩٥) .
٢٢. (البقرة:٢٣٦) هیچ گوناهتان لەسەرنیە ئەگەر ژنانێك تەلاق بدەن کـە هێشـتا نەچووبنە لایـان، یـاخود مارەیتـان بـۆ دیـاری نـەکردبوون، پێویسـتە لەسـەرتان

هەندێك سامانیان بدەنێ، جا ئەوەی کە دەوڵەمەنـدەو زۆری هەیـەو ئـەوەی کـە هەژارو کـەم دەسـتە (هەرکـەس) بـەپێی توانـای خـۆی، ئـەم دیـاریو یارمەتیانـە بەشێوەیەك بێـت کـە بـاوو پەسـەندی شـەرع بێـت، ئەمـەش ئـەرکێکی پێویسـتە لەسەر چاکە کاران. ﴿ئاسان/٣٨﴾.

(لاجناح علیکم) هیچ مەرجو ئـەرکێکتان لەسـەرنیە، واتـە گونـاه نیـەو هیـچ مارەیشـتان لەسـەرنیە(ان طلقـتم النسـاء)ئەگـەر تـەڵاقی ژنـەکانتان بـدەن (مـالم تمسوهن او تفرضوا لهن فریضة) لەکاتێکدا لێیان نەکـەوتبنو نەچووبونـە لایـان، یان مارەیتـان پێویسـت نـەکردبێ لەسـەر خۆتـان بۆیـان. بـۆ تەڵاقـدراوی وا هـەر بەخششـێك هەیـە بـەپێی توانـاو حاڵـەتی تەڵاقـدەر، وەبـونی ئـەم بەخششـە زۆر بەجێو پێویستە، چونکە پچڕانی ئەو پەیوەندیـەو دوورکەوتنـەوە بێـزاریو دڵ ئازارییەك فەراهەم ئەهێنێ، وەبێگومان ئەو بەخششەش ئەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو ناخۆشیە، یان سـوك کردنـی لەبەرئـەوە ئەفـەرموێ (ومتعـوهن) وەشـتێکیان بـدەنێ لـەماڵی خۆتـان کەسـودی لێ وەردەگـرنو دڵـی پـێ خـۆش بکـەن، ئەمـەش لەشەرع دا پێی ئەگوترێ (موتعة)، ئەو ئەندازە کەمەی کە ئـەدرێ بـەو ئافرەتـە (وعلی الموسع قدره) لەسەر ئەو کەسەی کە هەیەتیو سامانداره ئەنـدازەی خـۆی کە شایستەیە بـۆی (وعلـی المقـتر قـدره)وە لەسـەر بـێ دەسـتو دەسـت تـەنگیش ئەنـدازی خـۆی، هـەر کـەس بـەگوێرەی خـۆی ئـەو ئەندازەیـەیان بـدەنێ (متاعـا بـالمعروف) پێـدانێك هەقـەو هەیـەو پێویسـتە لەسـەر ئەوانـەی کـە چـاکە کـارن لەگەڵ ئەو تەڵاقدراوانەدا، یان ئەوانەی کە چاکە ئەکـەن لەگـەڵ خۆیـان بـەوەی کە چەسپی ئەکەن لەگەڵ گوێڕایەڵی خوادا. (تەفسیری م.عوسمان/ل٤١٥/ج١و٢).

٢٣. (البقرة:٢٤١) بۆ ژنانی تەڵاقدراو بڕێك سامانو پارە پێویستە لەسەر پیـاوانی لـەخواترسو پارێزگـار(وللمطلقـات متـاع بـالمعروف) بـۆ تەڵاقـدراوەکان هەیـە ئەندازەیەك پارەو ماڵ کە سودی لێ وەردەگرنو دڵخۆش بن پێی، ئەوەش بـەپێی

شەرعو عورف(حقا على المتقين)كە ئەوە شتێكە ڕاستەو هەیەو دامەزراوە لەسەر خۆپارێزو لەخوا ترسەكان. (ئیبنو زەید)ئەفەرموێ: مەبەست لەم ئایەتەو ئەوەی پێشتری یەك شتەو بۆ ئەو ئافرەتانەیە كە مێردەكانیان نەچوبوونە لایان، لە ئایەتی پێشوودا فەرموی پێویست كراوە لەسەر چاكە كاران، ئینجا پیاوێك گوتی: ئەگەر چاكەم كرد ئەوا ئەیكەم و ئەو (موتعة)یە ئەدەم، وە ئەگەر چاكەم نەویست نایدەم، بەو هۆیەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو پێویستی كرد لەسەر هەموو لەخواترسێك، ئینجا بێجگە لەم ڕایەی (ئیبنو زەید)چەند ڕایەكی تری هەیە لەم مەسەلەیەدا هەر كەس ئەیەوێ با تەماشای كتێبە باوەڕپێكراوەكان بكات. (تەفسیری م.عوسمان /ل٤٢٠و٤٢١/ج١و٢).

(وللمطلقات...) هەیە بۆ ئەو ئافرەتانەی گواسترابنەوە یان نەگواسترابنەوە كە تەڵاق دەدرێن موتعەیەكی ڕێكو پێك... موتعە، بریتیە لەو ماڵو داراییەی كە ژنو مێرد لەسەری ڕێكدەكەون یان قازی دیاری دەكا، پێدانی ئەم موتعەیە مافێكی چەسپاو و سەلمێنراوە ئەوانەی لە خودا ترسو خوداپەرستن نكۆڵی تێداناكەن دەیان دەنێ. دیارە ئایەتەكە فەرمان دەكا بە پێدانی موتعە بە ژنی تەڵاقدراو، ئەم جار بابزانین ئاخۆ ئەم فەرمانە بۆ وجوبە یان نەدب سونەتە؟ڕای جەماوەری زانایانی شەرع لەسەر ئەوەیە كە فەرمانەكە بۆ نەدبو سونەتە.

ئیمامی شافیعی بەلایەوە فەرمانەكە بۆ (وجوبە)ئیبن و عەباسو عەبدوڵای كوڕی عومەرو سەعیدی كوڕی جوبەیرو حەسەنی بەسریو تابیعینی تریش هەرهەمان ڕایان بەلاوە پەسەندە. فوقەهای مالیكی دەڵێن: فەرمانەكە بۆ هەموو تەڵاقدراوێك سونەت دەگەیەنێ جگە لە ئافرەتێك نەگواسترابێتەوەو مارەیشی بۆ دیاری كرابێ. شافیعیەكان دەڵێن: فەرمانەكە بۆ وجوبەو موتعە پێویستە ئافرەتەكە گواسترابێتەوە یان نەگواسترابێتەوە، بەڵام ئافرەتێك پێش گواستنەوە

تـەلاق درابێو مارەیشی بۆ دیاری کرابێ ئەوە واجب نیە موتعەی بدرێتێ، فوقەهای حەنەفیو حەنبەلی ڕایەکی مام ناوەندیان هەیە دەڵێن موتعە واجبە بۆ تەلاقدراوی تریش سونەتە بەڵام بۆ مێرد مردوونابێ چونکە ئایەتەکە تایبەتە بەتەلاقدراوەوە.

مامۆستا (وەهبە ئەلزوحەیلی) لە تەفسیرەکەیدا ڕای شافیعیو هەوادرانی پەسەند دەکات، دەڵێ: چونکە ئایەتەکە بە ئاشکراو بەڕوونی موتعەی چەسپاندووە بۆ هەموو تەلاقدراوێك گواستراوەبێت یان نەگواسترابێتەوە، لێرەدا گشتی کردووە بۆ هەموو تەلاقدراوێك موتعەی دیاریکرد کەوابێ ئەمە تەعمیمی دوا تەخصیصە. ﴿تەفسیری ڕەوان/ل٢١٧و٢١٨﴾

٢٤. (٢٣٤: البقرة) ئەو پیاوانەتان کە دەمرنو هاوسەریان بەجێ دەهێڵن، پێویستە ئەو هاوسەرانە چوار مانگو دەشەو خۆیان بگرنو چاوەڕێ بکەن (شوونەکەنەوە)، جا کەگە یشتنە کۆتایی ماوەی عیددەکەیان، ئەوە ئیتر هیچ گوناهیان لەسەر نیە، ئەبێ کەسوکاری ژن ڕێ بدەن ئەو ئافرەتانە بچنەوە دۆخی جارانیان لەوەی کەشەرع حەڵاڵی کردووە بۆیان پێش عیددە، خوای پەروەردگاریش زۆر ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن. ﴿ئاسان:٣٨﴾

(والذین یتوفون منکم) واتە ئەو کەسانەتان کە ئەمرن (ویذرون ازواجا)وە ژنەکانیان بەجێ ئەهێڵن (یتربصن بانفسهن اربعة اشهروعشرا) لەپاش مێردەکانیان چاوەڕوانی ئەکەنو خۆیان ئەگرن چوار مانگو دەشەو، واتە با چاوەڕوان بکەنو خۆیان بگرن، بەڵام لەبەر بەهێزکردنی فەرمانەکەو دڵنیاکردن لەسەر بەجێهێنانی بەشێوەی فەرمان نەهات، بەڵکو هەواڵی پێدا، وە هەر شتێ کە خوا هەواڵ بدابە پەیدابوونی ئەبێ بەدی بێت (فاذا بلغن اجلهن) ئینجا کاتێ گەیشتنە ماوەکەیانو عیددەیان بەسەر چوو (فلا جناح علیکم)هیچ گوناهێك

لەسەر ئێوە نىیە ئەی کەسانێ کە دەسەلأتتان هەیە بەسەریاندا(فیما فعلن فی انفسهن بالمعروف) لەهەر کارێك کەئەوان ئەیکەن دەربارەی خۆیان، لەو شتانەی کە قەدەغەبوو لێیان لەکاتو ماوەی عیددەکەیاندا، بەمەرجێ ئەوەی کە ئەیکەن بەجۆرێ بێت کەویستراوەو بێزراو نەبێت لای شەرع، کەواتە ئەگەر کارێکی ناڕەواو بێزراویان کرد ئەبێ ئەو دەسەلأتدارانە بەرگریان بکەن (وەخوا زاناو ئاگایە بەهەرشتێك ئێوە ئەیکەن، کەواتە وریای خۆتان بن پێچەوانەی ڕەفتاری خوا فەرمان مەکەن. ﴿تەفسیری م.عوسمان /ل٤١٠و٤١١/ج١و٢﴾

ئەم حوکمەی کە باس کرا هی ئافرەتێکی مێرد مردووە؛کە سکی پڕنەبێت ئەگەر ئافرەتەکە سکی هەبوو مێردەکەی مرد، کەمنداڵەکەی لێ بوو عیددەکەی تەواودەبێ، تەنانەت ئەگەر دوای مردنی مێردەکەی بە ساتێك منداڵی بوو ئیتر عیددەکەی تەواو دەبێت وەکو قورئان دەفەرموێت (واولات الاحمال اجلهن ان یضعن حملهن) ئافرەتی دووگیانو سك پڕ مێردی مرد یان تەلأق بدرێ کە منداڵەکەی بوو عیددەکەی تەواودەبێ.

ئەبو داود فەرمودەیەکی گێڕاوەتەوەودەڵێت" سوبەیعیەی ئەلئەسلەمی گوتی: پێغەمبەر (د.خ) فتوای بۆ دام دوای منداڵ بوونەکەم کە شووبکەمەوە پانزە ڕۆژبوو مێردەکەم مردبوو کە منداڵەکەم بوو. ﴿تەفسیری ڕەوان/لا١٩٨﴾.

٢٥. (البقرة:٢٨١) خەڵکینە لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێتو ستەمیان لێ ناکرێت ﴿ئاسان/ل٤٧﴾. بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە مەریوان باسی مو تعە دەکات، بەڕاستی بلیمەتێکی عەرەبی زانە؟!! بێگومان هەر کەسێك ترسی ئەو ڕۆژە لە دڵیدا جێگیر ببێ هەرگیز ناتوانێت سەربکاتە گوناه وتاوان، وە ئەگەر خراپەی کرد پەشیمان ئەبێتەوەو ڕوو ئەکاتە خوای خۆی، بەتایبەتی لێرەدا ئەو فەرمانو جڵەو گیریانەی کە لەئایەتی پێش ئەمەدا هەن، ئەم

ئایەتـەش ئـەو فـەرمانو جڵەوگیریانـە فـەرامۆش ناکات، وەزۆر ئاسـانە لەسـەری مۆڵەت دانی قەرزار یان گەردن ئازادکردنی. ﴿تەفسیری م.عوسمان /ل٧١/ج٣و٤﴾.
⋆ ئـەم بابەتـە چـەند پرسـیارێك بـوو ئاراسـتەی مامۆسـتا کرابـوو ، دەربـارەی تەفسیرکردنی چەند ئایەتێك ، بەڕێزیشی زۆر بەکورتی ڕاڤەیانی کردبوو .

**سەرچاوەکان :**


١.تەفسیری ئاسان:بورهان محەمەد ئەمین: چاپی سێیەم

٢. تەفسیری قورئانی پیرۆز: عوسمان عەبدولعەزیز محەمەد: جوزئی (١_٦)

٣. تەفسیری ڕەوان :مەلا مەحمودی گەلاڵی

# مشتێك لە خەرواری
# نەخۆشی و نەفامیەکانی مەریوان

سەردار کەریم

لە هاتنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ نەیاران ڕەخنەیان لێگرتوە و خوێندنەوەیان لەسەر دەق و پیرۆزییەکانی کردووە، بەڵام بە هۆی بەرزی ئاستی پەیامی ئیسلامەوە، ڕەخنەگران خەڵکانێکی زاناو پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەی ئاست بەرز بوون و زۆریش خۆیان لەو مەیدانەدا ماندوو کردوە. تاکو تەراش ڕێکەوتوە قسەی هەلەقو مەلەقیان ڕێکخستوە و بەڕەخنەیان ناو زەد کردوە، لە دێرینترینیان (موسەیلەمە)بوو، کەشەیدای ناوبانگ و پیاهەڵدانبوو، بەو ئاواتەی وەك پێغەمبەر بەناو بانگ و بەرزو بەرێز بێت لاف پێغەمبەرایەتی لێدەدا ،گەزافەکەی ئەوەندە ناقۆڵا بوو بووبە مایەی گاڵتە جاڕی تەنانەت خزم و خوێشە شوێنکەوتوەکانیشی.

ئەم پێغەمبەرە درۆزنە کە ویستی سروش لەسەر دابەزینی خۆی بسەلمێنێت، ئەم ئایەتە داتاشراوەی بۆ پێڕی خزمانی خوێندەوە: (الضفدع ، مالضفدع ،وما ادراك ماالضفدع، نصفه في الماء، ونصفه في البر).

ئەوانیش بەتەریقیەوە دایانە قاقای پێکەنین، کەچی دەمارگیرێکیان دەیوت : دەزانم محمد ڕاستەو موسەیلەمە درۆزنە، بەڵام درۆزنێکی تیرەکەی خۆمم لە ڕاستگۆیەکی بێگانە لا باشترە.

ئەم دەمارگیرەی هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەو پێشەم لا بەویژدانترە تا ئەو دەمارگیرەی ئەمڕۆ کە پێی وایە (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) نوسراوێکی زانستی یە، چونکە هیچ نەبێت (موسەیلەمە) عەرەبی زانیوە و

کەباسێکی داتاشیوە لەمڕۆوە سەلامەت دەرچوە، بریا ئەوانەی ئەمڕۆ چاویان بە ئیسلامدا هەڵنایە کەسێکیان ڕاسپاردبا بۆ مەرامەکەیان کەمێك شارەزاو زمانپاکبا، تا نەبوایەتە جێگای کاڵتەجاری دۆستەکانی بەر لە نەیارانی.
دەرخستنی کەلێنەکانی (سێکس و شەرع و ژن...) لەو بابەتە نیە کتێبەکە هەمووی بخوێنیتەوە و پاشان بەدوای سەرچاوەکاندا بگەڕێی بۆ وەڵام نوسینەوە، باوەڕ بکەن: لە وەڵامدانەوەی (الضفدع والضفدع)ە کە ئاسانترە.
چونکە خاوەنەکەی ئەوەندە نەزان و زمانپیسانە لەملاولاوە هێناونی و دایڕشتوون، هەر دەڵێی دۆستێکی ئیسلامەو ئەم هەڵە ناقۆڵانە دەکات، تا بە ئاسانی دەمکوت بکرێت بەمەش نەیارانی سەربەرزو دۆستانی نوسەر شەرمەزار بکات، ئاخر ڕەخنەکانی مەگەر هەر ئەوەندە بەڕەخنە بزانین، کە پیرەژنەکە بە چەند گلۆڵە بەنێکەوە ڕۆشت بۆ کڕینی یوسف پێغەمبەر کەوتیان ئەمە کەی یوسفی پێدەکڕێت ئەوەتا سەدان بازرگان بە زێڕو زیوێکی زۆرەوە پێشبڕکێی کڕینیانە لەوەڵامدا وتی قەیدی چیە، هیچ نەبێت ئەوەم پێدەبڕێت بڵێم منیش چوم بۆ کڕینی یوسف(١)
مەریوانیش مەگەر بە پێچەوانەی پیرەژنەکەوە بڵێ :ڕاستە نەزانانە کتێبەکەم نوسیوە، بەڵام خۆ هیچ نەبێت منیش دژایەتی ئیسلامم ڕاگەیاندو، بەوەندەش شایستەی خەڵاتکردنم.
من کە بەخێرایی چاوێکم بە کتێبەکەیدا خشاند، تێبینیم زۆر لاگەڵاڵە بوو ناچارم ئەوەندە لێرەدا جێگەی بێتەوە یاداشتیان بکەم، کەسەرجەمیان نەزانی و زامانپیسی نوسەر دەردەخەن و هیچی دی:-
١- لە لاپەرەی ١٦و ١٩ فەرمودەیەکی هێناوە کە ئاوهایە (الشوم في المرأة والدار والفرس) دەڵێت : نەگبەتی لە سێ شتدایە: ژن ، خانوو، ئەسپ. مەریوان ئەگەر

یەك كەم خوێندەوار بوایە دەیزانی مەبەست : ژنێکە لەگەڵ مێردەکەی خراپ بێت و خانویەکی نەسازو ئەسپێکی چەموشە.
گەر دەڵێ ئەمە چۆن بزانم خۆ دەقە عەرەبیەکەی وانالێت؟ دەڵێم: ئەوەی ئەلف و بایەك لە ئیسلام شارەزابێت، دەزانێت کە باسێك دەکرێت بۆ ئەوەی لە هەموو رووپەکەوە لێی تێبگەی دەبێت هەموو دەقەکان لەسەر ئەو باسە کۆبکەیتەوە، تا بڕیاری هەڵە لەسەر دەقێك نەدەیت و پاشان دەقێکی دیکە هەر لەو بابەتەدا بە پێچەوانەوە هەبێت.
بە تەنیشت ئەو فەرمودەوە، فەرمودەیەکی دی هەیە، کەڕاستی ڕایەکەی من دەسەلێنێت و مانای فەرمودەکە ڕونتر دەکاتەوە (من سعادة ابن ادم ثلاث: المرأة الصالحة، والمسكن الصالح، والمركب الصالح)[٢] واتە: سێ شت لەبەختەوەربوونی پیاوە: ژنی باش، ماڵی باش، چارەوێی باش).
بەڵام مەریوان هەقیەتی سەر لەمە دەرنەکات، چونکە ئەلفباکەش نازانێت.
٢- لەلاپەڕە (٤٧)دا دەڵێت (ئەگەرچی جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان تەورات و قورئاندا لەهەندێك شوێنی لاوەکیدا هەیە، بەڵام هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕاو کۆکن کە ئیسماعیل بە نایاسایی لەدایك بووە...)
دڵنیام ئەم ڕستەیەی خواستوە و هی خۆی نیە، چونکە بەراوردکردنی نێوان قورئان و تەورات کەسێکی خوێندەواری دەوێت، بەڵام دەبوو مەریوان ئاماژەی بۆ دەقێکی قورئان کردبا لەسەر نایاسایی لەدایکبونی ئیسماعیل (سەلامی خوای لێبێت) کە بە دڵنیاییەوە قورئان شتی وای تێدانیە، بەڵکو قورئان دەفەرموێت: (واذكر في الكتاب اسماعيل انه كان صادق الوعد وكان رسولاً نبياً)
٣- سەرنجی نەخوێندەواریەکەی بدە کە لەلاپەڕە(٥٠)دا تەواو روندەبێتەوە: ( ابي جحيفة وهب السوائي) باسی ڕوخساری پەیامبەر دەکاو دەڵێ: کە پەیامبەرم بینی مووی سەری لێی سپی ببوو، لەچەناگەشیدا سپێتیم بینی، ئەوەی گوێ

بیستی ئەم قسەیە بوو گومانی لەڕاستیەکەی هەبوو چونکە لەو تەمەنەدا نەبوو، بۆیە پرسیاری لێکرد: ئەو رۆژە تەمەنت چەندبوو؟ ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێت: تیرم ئەتاشی و ئەمکرد بە پەردا . واتا: (سەری کێرم ڕەق و تیژ دەکردو دەمکرد بە قوزدا)

با سەرنجی دەقە عەرەبیەکەی بدەین کە خۆی لە پەراوێزدا نوسیویەتی، بزانین تەنها نەخۆشینەکەی خۆی هۆکارەکە ئەم مانا ناشایستانە داتاشێت.

ئەبی جحیفە دەڵێت: (رأيت رسول الله ﷺ هذه منه بيضاء، ووضع زهير اصابعه على عنفقته قيل له مثل من أنت يومئذ؟ قال: (أبدي النبل واريشها)[٣]

واتە: پێغەبەرم بینی ئائەمەی لێی سپی بوبوو (زوهەیر) کە یەکێکە لە گێڕەرەوەکان پەنجەکانی خستە ژێرلێوی خوارەوەی، بە (أبی جحیفە)وترا: تۆ ئەو رۆژە وەك کێ دەبووی؟ ئەویش وتی: تیرم چاك دەکرد و بۆ ئەم سەر و سەری تیرەکان (پەڕ)م دا دەنا.

گەر بەراوردی دەقە عەرەبی و کوردیەکە بکەین دەردەکەوێت چ کینە لە دڵانە لاڕێی گرتوە، جارێ رستەی (ئەوەی گوێ بیستی ئەم قسەیە بوو گومانی لە ڕاستیەکەی هەبوە، چونکە لەو تەمەنەدا نەبوو)

مەریوان خۆی هەڵیبەستوە و تەنها دەیەوێت گومان لەسەر راستگۆیی صەحابەکە دروست بکات، ئەو مانا بەشەرمانەیەی کە بۆ: (ابري النبل واريشها) زیادیکردوە!، تەنها زمانپیسی و سەرهەڵدانەوەی نەخۆشیەکەی خۆیەتی، ئەگەر نا لە کوێوە ئەمەی زیاد کرد؟ هەرچەندە مانای ئەو بڕگەیە ئاشکرایە، بەڵام بابچینە خزمەت زانایان و پسپۆڕانی فەرمودە بزانین ئەوان چی دەڵێن؟

پێشەوا نەوەوی دەفەرموێت (أبري النبل واريشها) واتە: پەڕم بۆ تیرەکان دادەنا[٤]

ابن اثير دەفەرموێت: أي : انحتها وأعمل لها ريشا واتە: تیرم دەتاشی و پەڕم بۆ دەکردن[٥] (النبل) أى : السهام العربية واتە: تیری عەرەبی لام دوورنیە

(مەریوان) بڵێ: جا (نـەوەوی) و (ابن اثیر) بـا هـەر بڵێن، مـن وایلێتێگەشـتوم، چونکە نەخوێنەوارێك لە کوێ گەورەیی و زانایی ئەوانە دەزانێت؟

خۆتا قۆناغی سێ ی ناوەنـدیش باسـی ئەوزانایانـە نـەکراوە[٦]!!، بـەڵام ئەگـەر تـا ئەو ڕادەیەی ڕاستکات کەوتبوی: مەریوان بۆ مانای ئەو عەرەبیانە کوڕەکـەی بـۆ لای مەلاکان دەنێرێت، تا بەناوی خۆیەوە داوای مانا کردنیان بکـات بـە بیـانووی ئـەوەی گوایـە لـە قوتابخانـە مامۆسـتاکەیان داوای لێکـردوون. دەڵـێم گـەر ئەمـە ڕاستبێت پێدەچێت بۆ گاڵتەجاڕی بەو شێوە فەرمودەکەیان بۆ مانا کردبێت.

هەر لەماناکوردیەکەیدا مەریوان دەیەوێت بەزمانپیسی بەڵام ناشایستانە لاسایی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکاتەوە، کە خوێنەر بە بینینی شەرم دایـدەگرێت ئەوەنـدە بێ لزوم زامانپیسی بەخەرج داوە.

٤- لەسەر ئایەتی ٨١ لە سورەتی (هود) (.... انه مصیبها ما أصابهم.....) مـەریوان دەڵێت: ژنەکەت نەبێت چونکە ژنەکەت وەك ئەوان توشی هـەمان شـێوە جنسـی بـووە ( گانـدان لـە کـونی دواوە) گـەر خـۆم لـە ئاسـتیدا بزانیایـە، پـڕ بـە پێسـت وەڵامی ئەم زمانپیسیەم لابوو، کە ئەو نەخۆشە بە خـەرجی دەدات. بـەڵام خـۆم لەوە دەبوێرم و دەپرسم کام لە زمانزان و ڕاڤەکاران بەڵکو کۆلکە عەرەبی زانێك هەیە بەو شێوە لەو ئایەتە گەشتبێت؟ مـن قسـەی شـێخی ڕاڤـەکاران (قورتـوبی) دەهێنمەوە گـە دەڵێـت: (انـە مصـیبها) أی : مـن (العـذاب) واتـە : تـەنها ژنەکـەت نەبێت، چونکە ئەویش ئەو سـزایەی کـە خـوا بـۆ نەتەوەکـەتی دەنێـرێ ئـەویش دەگرێتەوە. جا نازانم قورتـوبی و مـەریوان کامیـان ئاشـناتری زمـانی عـەرەبی و قورئانن؟

٥- لە لاپەرە ١١٥-١١٦ نوسیویەتی : ژنانیش پرسیاریان لێکردوە: ئەی پەیامبەر ژن لەناو ئێمەدا شوویەك و دوان و سیان و چوار دەکات و دوایـی هـەموویان دەچـنە

بەهەشتەوە، لەگەل کام مێرددا دەبێت؟ دەڵێت: ژنەکە بە ئارەزووی خۆی جوانترین کەسیان هەڵدەبژێرێت و لەگەل ئەو دەبێت.

ئەم عەرەبی نەزانە (أحسنهم خُلقا) واتە : رەوشت جوانترینیان بە (احسنهم خَلقا) تێگەشتوە.

جا ئەمەیان یان نەخوێندەواری (مەریوان)ە، یان خەتای عەرەبە کە بەگۆڕینی سەروبۆرێك مانای وشەیەك دەگورن!

٦- لەلاپەرە (١١٦) برگەی فەرمودەیەك (.... وثنتين من ولد أدم ...) بە (دوو کوڕی لوس) مانا دەکات، کە نەخوێندەواریش دەزانێت (ثنتين) دوو ئافرەت دەگەیەنێت نەك دوو کوڕ، واتە : دوو ئافرەت لەنەوەی ئادەم.

٧- لەلاپەرە (١٤٠) باسی (اسماء بنت النعمان) کە خێزانی پێغەمبەر ﷺ بووە، پاشان باسی (أميمة بنت شراحيل) دەکات، ئەویش هەر بە خێزانێکی دیکەی پێغەمبەر ﷺ دادەنێت.

بێئاگایە لەوەی هەر دوو ناوەکە یەك ئافرەتە نەك دوو، (أسماء) کچی نعمان شراحيل) بوە و (أميمە)ش نازناوەکەیەتی[٧] جا مەریوان چۆن سەری لەبەندو باوی ناوو نازناوی عەرەبی یە درچێت؟

٨- لەلاپەڕە (٢٢) دەڵێت (ئەم جۆرە پەرستگایانەش ئەو رەخنەگرانەمان بیر دەخەنەوە کە مزگەوتەکانی ئیسلامی پێدەشوبهێنن و دەڵێن: ئیسلامیەکان بەوێنەی عەورەتێك و جوتێك گون منارەیەکیان بەرزکردوەتەوە).

ئیدی نازانم خوێنەری بەرێز پێویست دەکات، پاش ئەم ڕستەیە باسی کەسایەتی (مەریوان)ت بۆ بکەم، کە دەڵێم نەخۆشە لەو ڕوانگەوە دەڵێم هەر بەزۆر دەبێت حەزەکانی خۆی هەڵڕێژێت گونجاو بێت یان نا، ئەگەر نا کامانەن ئەو ڕەخنە گرانەی وا دەڵێن، مەگەر منارە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و چوار جێنشینەکەی هەبوە؟

وێنەکانی بەرگی کۆتایی کتێبەکەش گەواهی دیکەن لەسەر مەریوان، کە ئەم خاڵەی حەوتەمی تیادا وێنە کێشاوە.

دەترسم جێگای نەبێت، ئەگەر نا دەیان نەفامی دیکەی لەو شێوانە لە کتێبەکە دیارە بۆیە بەم مشتە لەو خەرواره نەخۆشی نەفامیانەی مەریوان کۆتایی پێ دێنم و دەشڵێم: ئەوانەی مەریوانیان بەو ئەرکە هەڵبژاردوە سەرکەوتوو نەبوون لە هەڵبژاردنەکەیاندا، بزانین سیناریۆی داهاتویان کێ دەبێت.

پەراوێزەکان

١. ئەم نمونە لە کوردەواریدا باوە، ئەگەر نا لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئەسڵێکی نەدیوە.
٢. رواه احمد وصححه ابن حبان والحاكم. فتح البارى ج٦ ص٧٣ج ٩ ص ١٥٨.
٣. رواه مسلم ٦٠٣٣ والبخارى ٣٥٤٥.
٤. شرح صحيح المسلم للنووى.
٥. النهاية في غريب الحديث والاثر ص ٢٨٩ مادة ريش.
٦. النهاية في غريب الحديث والاثر ج ٥ ص١٠.
٧. فتح البارى ج ٩ ص ٤١٠ الحديث ٥٢٥٥.

# مەریوان هەڵەبجەیی بۆ زبڵدانی پیاو خراپانی مێژوو

سۆما عبدالله

بێگومان ڕاستیەك بۆ واتاكانی ژیان لەم بونەوەرەدا هەیە، مرۆڤەكان لەسەرەتای مێژووەوە تائێستا لەگۆڕاندان، گۆڕانی ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی كلتوری دەڤگرتن بەهەندێك لەو سیستەمە ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و نەریت و باوانەوە بۆ زەمەنیكی درێژخایەن، لەمێژووەوە تائێستا بەردەوام لەبەر ڕاستی و دروستی ئەو سیستەمانە نەبوە، بەڵكو هەندێك جار بەرژەوەندیەكانی ڕەگەزێك لەمرۆڤەكان كەپیاوە ئیدامەی پێداوە .بۆیە لەماوەی مێژووی مرۆڤایەتی تائێستا ئەگەر تەداخولی خوای گەورە نەبوایە بەناردنی پەیامبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت ئەوا ئەو سیستەم و نەریتە فرە ڕەهەندەی پیاو بونیادی ناوە مرۆڤایەتی تا هەنوكە نەدەهێلاًیەوە، و بەوە زوو لەبەین دەچوو، خۆپێناساندنی خوای گەورە بە مرۆڤ وناردنی پەیام و هەڵبژاردنی پێغەمبەران لە ناو كۆمەڵگەی مرۆڤەكاندا كاروانی مرۆڤایەتی دوو كەرت كرد، بەشێكیان ڕێگایان گۆڕی دژ بەخواو پێغەمبەران و ڕێگر لەبەردەم گۆڕانكارییە كلتوری و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و لایەنەكانی دیكەی ژیان (وەك وترا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی زاتی

یان گشتیەكانی وەك بەرژەوەندی سیاسی، ئابووری، خێلایەتی..هتد)

گرۆیەكیش لە بڕواداران وتامەزرۆیان بەگۆران بەرەو ژیاری داد و یەكسانی و ماف و ئازادیە ڕاستەقینەكانی مرۆڤ بە هەموو تویژەكانیانەوە ئەمانەش هەموو كات هاوپشت و پەناو لایەنگرانی پێغەمبەران وپەیامەكانی خوای گەورەن،

مێژووش وەك ئاوێنەیەكی ڕون هیچ كات ڕاستی وهەڵەكان تێكەڵ ناكات وباش وخراپەكان لەیەك جیادەكاتەوە، ئیجابی وسلبیەكان هەریەك لەئەرشیفی خۆیدا دەپارێزێ.

هابیلی بڕوادار بەرامبەرەكەی قابیلی پیاو كوژو تاوانبار، موساو بەنی ئیسرائیل لەبەرامبەریدا فیرعەون ودارو دەستەكەی، حەزرەتی عیساو حەواریەكان لەبەرامبەری كۆمەڵەی گوێرەكە پەرست وپیاو كوژەكان، هەروا حەزرەتی ئیبراهیم وخێزانەكانی باوك و پاشاو دانیشتوانەكەی بەجێ هێشت لەبەركوفرو بێباوەڕی بەم شێوەیە تادێتە سەر دواین پێغەمبەر حەزرەتی محەمەد(د.خ)خۆی وژن وكچەكانی ولاوانی قورەیش لەبەرامبەر هەندێك لەمام وخزم وكافرە سەرۆك عەشیرەتەكانی مەكە.

هەموو ئەم پێغەمبەرانە سەرەتا تەنها خۆیان بوون وبەس، لەبەرامبەر سوپایەك لەدوژمن وشالاوی بەرەنگاربونەوە، بەلاّم هەر سەركەوتن و گرۆی بڕوادار زیادی كردو نەفرەتی ژیان ومێژووش بۆنەیاران و بێباوەڕان مایەوە ئەمە ڕاستیەكە .ئیسلام كەدوا ئاینە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر ڕوی تێدەكرێت كەچی دەبینین ئەمڕۆ كەسانی نامەسئولی وەك(مەریوان)نمایشی ماسولكەكانی داوێنی خۆی دەكات ولەڕێگای ئیدمانە سێكسیەكانەوە ژەهری خۆی دەكاتە ناو دەریای پاكی ئیسلام وژیننامەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت (لێرەدا هیچ مەترسییەك لەسەر كێشەكەی مەریوان نییە لەڕووی كاریگەریەوە لەسەر ئیسلام چونكە وەك وتمان پێغەمەر (د.خ) وپێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت كاتێك دوژمنایەتی دەكران كە تەنها یەك نەفەر واتە هەر خۆیان بوون بەلاّم دوژمنان هەزار، عاقیبەت و سەركەوتن بۆ پێغەمبەرو پێغەمبەران و مردن و ڕوو ڕەشی و خەجاڵەت باری بۆ فیرعەون ونەمرودو ئەبوجەهل و مەریوانەكانە)، مەریوان شەڕی ئەوە بە ئیسلام و ئاین

دەفرۆشێ کە دەزانێ دایك و باوکی کێن و بە شەرع و دین مارە بڕاون؟ .دەبوایە وەك ویستی خۆی(٠ڕێزم بۆ خانەوادەکەی)دۆزراوە بوایە!٦ ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر مرۆڤەکان ڕوو لەئاین دەکەن بەتایبەت ئیسلام بەتایبەتی تر ئافرەتان، ئەم زیادبوونەش ئەمڕۆ لەناوجەرگەی ژیاری سەردەمی ڕۆژئاوادایە، ناوجەرگەی زانست وتەکنۆلۆژیاو داهێنان، واتە ئیسلام بووە بەلۆژیکی عەقڵ ومەعریفە وهۆشیاری وڕۆشنبیریەك کە بەپێناسەی حەقیقەتی مرۆڤ وژیان وماهیەتی دەزانن تەنها پەسەندکردنی بەرگی دەرەوەی کتێبەکەی مەریوان هەڵبجەیی باگراوندی ناخێکی ڕەش ودیکۆمێنتێکی ژیانی سیکس لە مەریوان وله لیژنەی ئامادەکار بەدی دەکرێت کە بەرگەکەی دەلیلە لەسەر هەڵچونێکی نائاسایی وڕۆچونێکی سێکسی، کورد وتەنی(جام چی تیابوو ئەوەی لێدەڕژێت) ناوەڕۆکەکەشی بەو شێوەیەیە کە سوقرات دەیڵێ(تکلم حتی اراك) بێرە گۆو قسە بکە تابتبینم، قسە گەلێکی عەوامانە، زاراوە گەلێکی ژن ئازاردەر، کە پێویستە(ژنان داوای لەسەر بەرز بکەنەوە چونکە ڕێ لە کەمکردنەوەی ئەو کەرامەتەیان دەگرێ کە قورئان و فەرموودە داکۆکی لەسەر دەکەن) مەریوان لەکتێبەکەیدا شەڕی ئیسرائیلیەکان بەئاینی ئیسلام دەکات،لەتەوراتدا هیچ پێغەمبەرێك مافی وەسفی شیاوی پێ نەدراوە جگە لەناوهێنانیان "پەنا بەخوا" بەداوێن پیس وسێکس بازوهەوەس باز بە پێچەوانەی قورئانەوە کە وەسفی دروستی ئەو پێغەمبەرانەی کردووە کە(تەنویری ژیانی خەڵکیان کردووە)مرۆڤیان وەك جوانی خەڵقیان بەکردەوە جوانکردووە، بۆیە زۆربەی باسەکانی لەتەوراتەوە هێناوەتەوە، تەورات هەزاران ساڵ پێش قورئان بووە، حەقیقەتی تەورات لەقورئاندا نزیکترە لەڕاستیەوە وەك لە ئەو تەوراتەی کە ئێستاش گەلی ئیسرائیل بەگەلی هەڵبژاردەی خوا دەزانێ لەسەر زەوی و تەواوی گەلانی دیکە بە مەریوانەکانیەوە بەپلە دو و ژێر دەستەو ئاژەڵ دادەنێ بۆ ئەم

مەبەستەش بەئارەزوی تێـزی بەرژەوەندیـە نەتـەوەیی و سیاسـی و ئابوریـەکانی خۆیان دەستکاری دەکەن، ئیتر نازانم ئەقڵیەتی مەریوان بەکامەی ئەم نـاوەڕۆکی ئـەو وڵاتـە هەماهەنگـە کـە دەقـاو دەق بوختـان و درۆو دەلەسـەکانی تـەورات دەکاتە سەرچاوە بۆلێدانی ئاینەکان و پێغەمبەران و ئیسلام

یان دەڵێت ( تەیری گول عاشق بەداری زەقنەبوتە) یان ئەو ئایەت وفەرمودە پڕ لە مەتن ومانا جوان و پیرۆزانە دەداتەوە بەر ڕاڤەی حەزێکی سیکسیانەی خۆی بـەبێ شـەرمانە شـەرمی ئـەوە نـایگرێ کەهـەر داڕشـتنی ئایەتـەکان هـەزار جار دوورە لە ناعەدالەتی لەڕووی بەرامبەر کردنی بەنوسینێك کە هیچ ئەدەبیاتێکی ئەخلاقی و ویژدانی و مرۆڤی پێوە نیە جگە لەقسەی عەورەت بازێکی ناو بازاڕ. ئیسلام کەی بەر پرسیارە لەمێژوویەك ئەگەر هەموو خەلیفەو سوڵتانەکانیشی سـێکس بـازو هـەوەس بـازو خـراپ بـوو بێـت، بـەڵکو ئـەوان واتـە خەلیفـەو سوڵتانەکان بـەر پرسـیارن لەبـەردەم ئیسـلام وەك دەڵـێن (یقـاس الحق والانسـان بالاسـلام ولا یقـاس الاسـلام بـالحق والانسـان).مـن زۆربەشـەرم وقێزەونـەوە ،چەندلاپەڕیەکم لە کتێبەکەی مەریوان هەلەبجەیی خوێندەوە،لەگەڵ فرمێسك ڕشتنێکی زۆربۆخواو پێغەمبەروپێغەمبـەران (سـەلامی خـوای گـەورەیان لەسـەر بێت )ئەمە جگەلەوە هـیچ ئـاین وهـیچ پێغەمبـەرو هـیچ مزگـەوت وکلێسایەکی بەڕاست وچاك وباش نەزانیوە،کە ئێستا هەموو دونیا پەیڕەوی ئاینی (مەسیحی وئیسلام وجو)دەکەن، گوایـە ئـەم جیهانـە لەهەڵەدایـە تـەنها مـەریوان ولیژنـەی سەرپەرشـتی کتێبـە جنێوبازیـە بازاڕیـە پـڕ لـەدرۆ دەلەسـەکەی نـەبێ، لەگـەڵ ستایشـی سـەردەمی مەشـاعەی سـەرەتاکانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی ،کەئەمـەش بیردۆزێکە لەسـەدەکانی هەژدەهـەم وسەرخسـتنی فکـری علمانیـەت وڕێنسانسـی ڕۆشـنبیری نـوێ، ئـەم فکـری ڕەهـای سێکسـەی سـەردەمی دایـك سـالاری لەکۆنـدا ئاماژەی پێکرا، کە ئێستا زانستی نوێ وشارەزایانی ئەنترۆپۆلوجیای نـوێ هـەموو

ئەم بیردۆزانە ڕەت دەکاتەوە.ئەمە جگە لەوەی شێوازی دەربڕینی مەریوان جگە لەتەوەری داوین و بێشەرمانە باسکردنی کە هیچ سەقفی ڕۆشنبیری زانستی تیا نیە، بەڵکو دەلالەت لەوە دەکات کە ئەم کەسە کەسێکە کە لە تەمەنی چل ساڵی بەرەوژوور کە بە زانستی دەروونناسی ئاماژەیە بۆ بوژانەوەی هەرزەکارانەی هەستکارانەی نوێ بۆ پیاوان لەم تەمەنەدا واتە لە چل بۆ پەنجاو پێنج ساڵی وبەرەوژوور دەکات، مەریوان وەك کەسێکی نەخۆش و بێزار لەهاوسەرو ئیدامەی ژیان لە گەڵی‌و ناچار بەو ژیانە، دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ ڕەوا بەخۆدان بۆ ڕۆچوون لەناو( وەك خۆی دەڵێ خالیکردنەوە) هەرجارەی لەگەڵ ئافرەتیك ئیتر نازانم ناوی چی بۆ ئەوئافرەتە دادەنێ کەئەم لەپێناوی خۆ خالی کردنەوە، لەگەڵی دەبێ....هاوڕێ، ئازادی، ژن دۆستی، ژن سالاری..)؟ یان ئیهانە کردن بەژن، یاریکردن بەهەست وسۆزوکەرامەتی ئافرەت .تۆ بڵێی ئەمانەی بۆ ژن ودایك وخوشك وکچی خۆی پێڕەوابێ؟ سەیرە زۆریك لە علمانیە ڕادیکالیەکان ومەریوانیەکان دژبە واقعیك شەڕو قسەدەکەن کە حەقیقەتێکە، واقیعیش بەو حەقیقەتەوە جوانە کە ئەویش بوونی دوو ڕەگەزی نێرومێ یە لەمرۆڤدا ولەگیانلەبەرو لەڕووەك و تەنانەت لە زەڕەو کارەباو...)بۆیە دەڵێم ئەمانە بە مەبەستی شەرواڵ پیسی و ورابواردن وخودپەرستانە وسێکسیانە ئەم شەڕە دەکەن چونکە نایەن هەوڵیکی ڕاست وبابەتیانە بدەن بۆ چاککردنی شێوازی پێکەوە ژیان وبەرجەستەی ماف ویەکسانی وتەواوکاری وعەدالەت بکەن، کەئەمە هەوڵێکی مرۆڤانەو دادوەرانەو واقعیانەیە ،دەڵین بۆ ژن وابەدیهاتووە لەڕووی فسیولۆجی و سایکۆلۆجیەوە ژن مریشکە وپیاو کەڵەشێرە، ژن پنەیەو پیاو ترۆکە...هتد کەئەمەوایە، بەڵام ئەمە هۆی کەمی ژن ومریشك نیەو گەورەیی پیاووکەڵەشێرو...ژیان بەو جیاوازیەوە مانای هەیە، بەمەرجێك پیاوان هێزی جەستەو ناوشان پانی و کلتوری هەڵەی پەروەردەکردنی لە قۆرخ کردنی

قسەکردن وتێڕوانین ودانانی سستەمی بڕیاردان وپۆست گرتنەدەست وهەڵەی خراپ سوودوەرگرتن لەئیسلام، نەیانکاتە دێوەزمەیەك بەسەر ژنانەوە، ئێمەی ژن ڕقمان لەبوون بەژنی خۆمان نییە، دنیا بەتاریکە شەونابینین، ئەوە پیاوانن دنیا لەژن دەکەن بەتاریکە شەو، هەموو ستەمێکیش کەپیاوان دەیکەن بەرپرسیارن لای ئیسلام وخوایگەورە (یا عبادی انی حرمت الظلم علی نفسی فلاتظالموا)ئەمە فەرمودەیەکی قودسیە.ئەم ستەمەش بە تەنها لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا نییە، لەوانەیە لێرە بەجۆرێك بێت،بەڵام لەدنیای ڕۆژئاوادا هەر زۆر ئامارەکانی بەرزە،ئەمەش وای کردووە لەدنیای ئەمڕۆدا (شەڕێك ببێ لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرومێ دا) ئافرەتان ڕێکخراوێ(فیمینیستی) دروست کەن و گروپێکیان بگەنە ئاستێك نەفرەت لەپیاوان بکەن و ڕەحمی خۆیان دەربهێنن، بۆ ئەوەی هیچ مەشاعرێکیان بۆ پیاوان نەبێ لەبەرامبەر ئەو هەمووستەم وزوڵمەی ئافرەت دوچاری دەبێ لەلایەن پیاوانەوە، مەرکەزی سەرهەڵدانی ئەم فیمینزمەش وڵاتانی ڕۆژئاوایە ، پێم وایە ئەگەر شارەزای ئیسلام بونایە، ئاگایان لەئیسلام بوایە ئەم بیرۆکەیان دانەدەمەزراند . هەموو ڕاڤەی ئەو فەرموودەو ئایەتانەی مەریوان بەزەوقی سێکس و ئامێزی خۆی باس کردووە، تاوانێکە هەر خۆی بەخۆی بێت و دوورە لەهەموو ڕاستیەکەوە و کوشتنی ڕاستەقینەیە، کوشتنی زانستە ، کوشتنی پیاوی بەئەخلاق و بەویژدانە ، کوشتنی ئافرەتە، کوشتنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگایە، نزم بوونەوەی ئاستی مرۆیی مەریوانە بۆ (اسفل السافلین ).(ربنا اننا سمعنا منادیا ینادی للایمان ان امنوا بربکم فامننا ، ربنا فغفرلنا زنوبنا وکفرعنا سیئاتنا وتوفنا مع الابرار). هەزاران دروودو سەلامی خوای گەورە بۆ سەر ڕوحی پاکت ئەی پێغەمبەری پێشەوای مرۆڤایەتی، هەزاران درودو سەلام بۆ سەر گیانی پاکی خێزانەکانت

کچەکانت ، یارانت ، شوێن کەوتوانت ، هەزان درودو سەلامی خوای گەورە لەسەر پێغەمبەران.

لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەیش دەڵێم (ربنا اننا ظلمنا انفسنا فان لم تغفرلنا وترحمنا لنكونن من الخاسرين).

# تـوو خـوا مەریوان هەڵە بجەیی مەکوژن!

**هەژارحاتەم**

دوای بڵاوبوونـەوەی کتێبـی (سـێکس‌و شـەرع‌و ژن، لـە مێـژووی ئیسـلامدا) لـە "نووسین"ی مەریوان هەڵەبجەیی، نـاڕەزایی‌و تـووڕەیی لـە دژی ئـەو نووسـەرەو کتێبەکەی سەریهەڵدا. لەراستیدا ئەم کێشەیە لەمێژە هەیە، سەرەتاکەی بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتــەوە، کاتێـك کتێبـی (خوێننامــە)ی بـۆ یەکـەمجار لـە نووسـینی (زەردەشتی) بڵاوبوویـەوە، هـەر ئـەو کـاتیش گومـان بـۆ چـەند کـەس‌و لایـەنێك دەبرا، کە لە پشت ئەو کارەوە بن‌و هەر بە نەزانیش (یان زۆر لێزانانـە!) چـەند دەزگایــەکی بــاڵای پیشــەیی‌و رێکخراوەیــی حزبیــی کەوتنــە بــەرگریکردن لەلایەنێك‌و وەستانەوە دژ بە لایەنەکـەی تـر(١)، بـەڵام هـەر زوو لەلایـەن خـودی مەریوانــەوە، کــە لــە چــەند شــوێنێکدا (بــە قســەی ئەوانــەی لێــی نــزیکن) درکاندوویــەتی کــە هــەر خۆیشــی نووســەری کتێبــی (خوێننامە)یــە، وەکــو فەرمانبـەرێکی بەڕێوەبەرایـەتی رۆشـنبیری سلێمانی پێیڕاگەیانـدم:" ئەگـەر بـە هۆی فیستیڤاڵی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیرییەوە نەبوایـە، کـەهاوینی رابـردوو لـە سلێمانی سازکراو مەریوان بە هەمان کتێبی (سێکس‌و...) بەشداری کرد، ئەوا بە نــاوی خۆیــەوە کتێبەکــەی بڵاونــەدەکردەوە". هــەر لــەو بارەیــەوە کــەمال ئەحمەدیش دەڵێت:" زۆرینەی بڕگەکانی باسـەکە (کتێبـی سـێکس‌و شـەرع‌و ژن، لە مێژووی ئیسـلامدا) گواسـتنەوەیەکی تـەواوەتی کتێبـی (خوێننامـە) بـوو، کـە لەلایـەن خـودی (مــەریوان هەڵەبجــەیی)ەوە نووسـراوەو بــە نـاوی خــوازراوی (زەردەشتی) بڵاوکراوەتەوە".(٢)

هـەروەها دۆسـتێکی نزیکـی لـە وەزارەتـی رۆشـنبیری دەڵێـت:" کاتێـك کتێبـی (خوێننامە)ی نووسیی، دانەیەکی بە هەدیە بۆ هێنـام، پێمـوت بـە راسـتی ئەمـە کاری تۆ نییە، چونکە تۆ نە (هادی العلوی)، کە ئەوەندە شارەزا بێت لەو بوارەدا، تەنانەت عـەرەبیش بـاش نازانیـت، وە توێـژەریش نیـتو شێوازی توێژینـەوەش نازانیت".

لەو قسانەی ئاماژەمان بۆیان کردن، چەند راستییەکمان بۆ دەر دەکەوێت:

١ـ مەریوان هەڵەبجەیی هەر خۆی نووسەری کتێبـی (خوێننامە)شـە!، بـەدەر لـەو چەند قسەیەی وەکو بەڵگە هێنامانـەوە، هـەروەها شێوازی نووسـینو دارشـتنو چەند خاڵێکی تریش، کە هەموویان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە.

٢ـ لە سەر نووسینو رەخنە لێگرتنی مەریوان، سەرەتا لە لایـەن چـەند کەسـێکی نزیکی خۆیەوە دەستی پێکردووە!، ئەوانیش ئەوەندەی بزانم مەبەستییان ئـەوە نەبووە کە مەریوان نەنووسێت، بە هێنـدەی ئـەوەی مەبەسـتییان بـووە کـە ئـەو جۆرە نووسینانە وەکو دەڵێن خـواردنی ئـەو نییـە!. بـەڵام مـەریوان گوێی بـەو تێبینـیو سـەرنجانە نـەداو شـاکارە بەناوبانگەکـەی نووسـی!، هـەر ئەوەنـدەش شارەزایی لەو بوارەدا هەیە، کە لە ناوو ناوەڕۆکی سەرچاوەکاندا هەیەتی!.

پاش چەند ساڵێكو دەنگنەدانەوەی (خوێننامە) بەو شێوەیەی کـە مەبەسـتبوو، ئـەمجارەیان بـە رێگایـەکی ئاشـکراترو رەواتـرو تاڕادەیـەکیش "زانسـتیتر!"، کـە فیستیڤاڵی بەڕێوەبەرایەتی رۆشـنبیری سـلێمانی بـوو لـە کۆتـایی مـانگی ئـەیلولی ساڵی رابردوودا لە شاری سلێمانی سازکرا، مـەریوان هانـدرا کـە لێکۆڵینەوەیـەکی هاوشـێوەی (خوێننامـە) ئامـادە بکـات، ئـەویش بـەهۆی ئـەو سـیدییەوە کـە لـە سعودییەوە بۆیان هێناوە (هەر وەك خۆی لەو چاوپێکەوتنە، کە لەگـەڵ هـاوژین عومەر لە رادیۆی نـەوا لـە ئێـوارەی ٢٠٠٦/٢/٢٢ ئەنجامیانـدا، ئامـاژەی بـۆ کـرد)، هەستاوە بە وەرگێڕانێکی کاڵو کرچەوە بۆ سەر زمانی کوردی، کـۆپیو پـەیستی

چەندین بابەتو دەیان لاپەڕەی کردووە بۆ سەر ئەو "لێکۆڵینەوە"یەی کە پلەی دووەمی لە فیستیڤاڵەکەدا پێبەخشرا. ئەوەش تۆمەت نییە کە من بیخەمە پاڵ مەریوان، بەڵکو ئەگەر یەکێك تەنها ئەرکی کۆپیو پەیست نەبووبێت، بێگومان ناوو ناوەڕۆکی ئەو سەرچاوانە دەزانێت کە لە نووسین، یان لێکۆڵینەوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت، نەك وەك مەریوان، کاتێك هاوژین لێی پرسی: ناوەڕۆکی کتێبی (جمع الجوامع) کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارت هێناوە باس لە چی داکات؟، نەك هەر نەیزانی، بەڵکو بۆ داپۆشینی نەزانینەکەیشی دەیوت:" وەڵڵا دەیزانم، بەڵام پێت ناڵێم!".(٣)

جگە لەو رەخنانەش، رەخنەیەکی تر لە سەر مەریوان ئەوەیە، کە بە چەند رۆژێك دوای فیستیڤاڵەکە لە سەری نووسراوو تۆمەتبارکرا بەوەی کە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکەی گواستنەوەیەکی تەواوی کتێبی (خوێننامە)یە. با جارێکی تر ئەو چەند دێڕەی کە لە نووسینەکەی کەمال وەرمان گرت، بیخوێنینەوە کە دەڵێت:" زۆرینەی بڕگەکانی باسەکە (کتێبی سێکسو شەرعو ژن، لە مێژووی ئیسلامدا) گواستنەوەیەکی تەواوەتی کتێبی (خوێننامە) بوو، کە لەلایەن خودی (مەریوان هەڵەبجەیی)ەوە نووسراوەو بە ناوی خوازراوی (زەردەشتی) بلاوکراوەتەوە".(٤)

دەبێت ئەو راستییەش بزانین کە لێکۆڵینەوەکەی مەریوان لە فیستیڤاڵەکەدا لە سەر سێکس بووە!، لە کاتێکدا بەمەرج گیرابوو، کە ئەو لێکۆڵینەوانەی لە فیستیڤاڵدا بەشداردەبن، دەبێت لە سەر تیرۆر بن.!

لە هەموو ئەوانەش سەیرتر، مەریوان فێڵ لە فیستیڤاڵ دەکات، بەدەر لە "لێکۆڵێنەوە"کەی لە سەر سێکس، بە چیرۆکێکیش لە ژێر ناونیشانی: (جووتێك کلاش مەرگێکی نوسراو لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد) بە ناوی خوازراوی (هانای سەعیدی - مەهاباد) بەشداری دەکات، بەڵام دواتر هەر خۆی چیرۆکەکە

دەخوێنێتەوە، تەنها پاساویشی بۆ ئەوە گوایە نووسەری چیرۆکەکە نەیتوانیوە خۆی ئامادەبێت!. بەڵام زمانی چیرۆکەکە، کە شێوەزاری سلێمانی زاڵبووە بە سەریداو چەند هۆکارێك تر، دەبنە هۆی ئاشکرابوونی فرتو فێڵەکانی مەریوان. بۆ لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە لیژنەیەك پێکدەهێنرێت، لیژنەکە لە رێگای ئەو ژمارە تەلەفونەوە، کەلە سەر چیرۆکەکە ئاماژەی بۆ کراوەو گوایە ژمارەی (هانای سەعیدی)یە پەیوەندی دەگرن، بەڵام کەسێك وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:" ژمارەکە فرۆشراوە!". ئیتر لیژنەکە دەگەنە "یەقین"و کۆتایی (بەبێ ئەنجام) بە کارەکانیان دەهێنن. ئەمانە وتەی یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە. هەروەها خوێنەر دەشتوانێت بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو کێشەیە بگەڕێتەوە سەر ژمارەکانی: (١٤٧و١٥٣ی ٢و ٢٠/١٠/٢٠٠٥، رۆژنامەی ئاسۆ)، هەروەها چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەوانە:(٣٨٠٥ی ٢٠/١٠/٢٠٠٥ چاوپێکەوتنێکی خاتوو ئەرخەوان، ٣٨١١ی ٢٧/١٠/٢٠٠٥ بابەتێکی ئاوات موحەممەد، ٣٨١٩ی ١٠/١١/٢٠٠٥).

نووسینەکانی مەریوان، تەنها کاری ئیسلامییەکان نییە وەڵامی بدەنەوەو رەخنەی لێ بگرن، بەڵکو پێش ئەوان، ئەرکی رۆشنبیران و نووسەرانی جدییە، کە وەڵامی بدەنەوەو لەسەری بنووسن، چونکە نووسینەکانی مەریوان پێش ئەوەی بێحورمەتی و سووکایەتی بێت بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، بێحورمەتییە بە نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستیی، تەنانەت بێحورمەتییە بە وشەی پیرۆزی نووسین و نووسەرو رۆشنبیریش!. هەروەها دانەپاڵی پێشگرەکانی (نووسەرو رۆشنبیر) بۆ لای ناوی مەریوان، زوڵمکردنە لە هەموو رۆشنبیرو نووسەرێك. من حەقم نییە بە سەر ئەوەی مەریوان دیندارە یان بێ دین، ئازادیشە چۆن بیر دەکاتەوەو چی دەڵێت، بەڵام نەك بەو شێوازەی ئێستای، کە ئەم سەر تا ئەو سەری کتێبەکانی تەشهیرو ناوزڕاندن و بێڕێزیکردنە بە پیرۆزییەکانی زیاتر لە

٩٥٪ی دانیشتوانی کوردستان که گەردنگیرو ملکەچن بۆ ئایینی ئیسلامو خۆیان به مسوڵمان دەزانن.

مەریوان، بەدەر له هەموو ئەو کارانەی پێشتری، کارێکی زۆر ناشرینترو دوور له هەموو ئەخلاقێکی نووسەرانو رۆشنبیرانی ئەنجام داوه، ئەویش وەرگرتنی پارەی موکافەئەی چەندین نووسینو وەرگێڕانی (مەریوان جەلال هەڵەبجەیی)، که وەرگێڕێکی ناسراوه، ئەو کاتەی خۆی له تاران بووەو بابەتو وەرگێڕانی له گۆڤارەکانی (رامانو کاروان)دا بڵاوکردووەتەوه. تەنانەت هەر بەوەندەشەوه نەوەستاوه، بەڵکو هەر به ناوی (مەریوان جەلال هەڵەبجەیی - وەرگێڕ) موکافەئەی برادەرەکانیشی وەرگرتووه. با گوێ له (مەریوان جەلال هەڵەبجەیی - وەرگێڕ) بگرین، دەڵێت:" گرفتم لەگەڵ مەریواندا ئەوەندە زۆره، نازانم له کوێوه دەست پێبکەم، لەو پاداشتانەمەوه بیگره که له گۆڤاری (رامان)و (کاروان)دا به ناوی منەوه وەریگرتوون، له کاتێکدا که من له تاران بووم، .. لەوەش خراپتر له هەندێ شوێن رۆشتووه موکافەئەی کەسێکی تری وەرگرتووه که برادەری من بووه...."(٥).

له هەموو ئەوانەش سەیرتر، بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانی فیستیڤاڵه، که ئەو ئەرکه لەلایەن لیژنەیەکی سێ کەسییەوه ئەنجامدراوه، هەر سێکییان به خەڵکانی ئەکادیمیی ناسراون، تەنانەت یەکێکیان خاوەنی بڕوانامەی ماستەره له یاسای راگەیاندندا، کەچی "لێکۆڵینەوه"کەی مەریوان پلەی دووەم وەردەگرێت، لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکەی له سەر سێکس بووەو ئەوەش حاڵی لێکۆڵینەوەکەیەتی، که پڕه له تەشهیرو بێحورمەتیکردن به هەموو پیرۆزییەك، بەدەریشه له لێکۆڵینەوەی زانستیو ئەخلاقی نووسین!.

لێرەدا جێگای خۆیەتی له لیژنەی هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکانی فیستیڤاڵ بپرسین، ئایا بەراستی لێکۆڵینەوەیەك که له سەر سێکس بێت چ پەیوەندییەکی

بە تیرۆرەوە هەیە؟، (کەمال ئەحمەد لە نووسینە رەخنەییەکەیدا لە مەریوان و لیژنەکە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:"گەلێك هەوڵمدا لە ماوەی خوێندنەوەی باسەکەدا، چاوم بە پێناسێکی تیرۆر، یاخود جۆرەکانی بکەوێت، بەڵام قەیرانی باسکردن لە (تیرۆر) لەو باسەدا بە تەواوی رەنگی دابۆوە").(٦)

ئەوانەی باسکران راستە هەندێکیان پەیوەندییان بە شەخسییەتی مەریوانەوە هەیە، بەڵام بێگومان هەر ئەو شەخسییەتو تایبەتمەندییەکانیشییەتی، کەسەکان ئاراستە دەکات بەرەو ئەو شتانەی کە مەبەستیانە ئەنجامی بدەن، کورد واتەنی (جام چی تێدابوو ئەوەی لێدەرژێ). رەنگە کەسانێکیش گومانی ئەوەیان لەلا دروست ببێت، کە ئەمە خۆ دزینەوەیە لە نووسینەکانی مەریوان، نەك وەڵام، بەڵام پێموایە ناسینی کەسییەتی کەسەکان و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و تواناو لێهاتووییان...تاد، هەموو ئەوانە رادەی راستییەتی و نییەتی ئەو کەسەمان بۆ دەردەخەن!، ئایا بەراستی مەبەستییەتی خزمەت بکات، یان قەڵەمەکەی فرۆشتووەو بەمەبەستی تر دەنووسێت؟!.بەڵام بێگومان مەسەلە ئەوەش نییە کە خەڵکانێك (بە مەریوانیشەوە) پێیانوابێت ئیسلامییەکان ناتوانن وەڵامی نووسینەکانی مەریوان بدەنەوە!، بەڵکو ئەوەندەی ئاگاداربم وەڵامی دەدرێتەوەو زۆر بەباشیش.

پاشان ئەوەندەی نووسینەکانی مەریوانم خوێندبێتەوە، چ لە کتێبەکانیدا، چ لە رۆژنامەو کەناڵەکانیتر، سەرنجێکی ترم بۆ دروست بووە، ئەویش ئەو نەخۆشییە سایکۆلۆژییە کە مەریوان پێوەی گیرۆدەیە، نەخۆشی (دوژمن بۆخۆ دروستکردن)، بەمانایەکیتر مەریوان هەر لە خۆیەوەو یەك لایەنە، بێئەوەی هیچ کەس و لایەنێك کاردانەوەو وەڵامێکیان بۆ کتێبەکەی هەبێت، تەنانەت وەڵام بە نووسینیش، ئەو هاتووە لە چەندین شوێندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیسلامییەکان بە خوێنی سەری تینوون و بەدوایدا دەگەڕێن و چی و..چی و..،

تەنانەت لە وەڵامێکیدا بۆ نووسینە ئاماژە بۆکراوەکەی کەمال ئەحمەد، کە لە ژمارە (١٥٣)ی ٢٠/١٠/٢٠٠٥ی رۆژنامەی (ئاسۆ)دا بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:" چاوەڕێی ئەوەن بە بەڵگەوە دەرکەوێت کێ ئەو کتێبەی نوسیوە، لێرەدا کەسێك دێتو (مەبەستی کەماڵە) دەڵێت وەرن من دەزانم کێ نوسیوێتی، ئەمەتا، ئادەی تەکبیر لێدەنو جیهادی خۆتان بکەن".

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:" ئێستا برای رەخنەگر ملی باریکی منی خستۆتە بەر نوکی شمشێری تیژی تیرۆرستانەوە!!." ئەوە تەنها دوو نموونە بوون لەو نووسینەیدا، ئەگەر لەبەر درێژبوونەوەی بابەتەکە نەبوایە، ئاماژەم بۆ هەموو ئەو پەرەگرافانە دەکرد کە مەریوان لە مێژە ئەو دوژمنەی بۆ خۆی دروستکردووە!، بە بێئەوەی تەنانەت هیچ شتێك لە ئارادا بووبێت. ئەمەش یان جۆرێکە لە نەخۆشی سایکۆلۆژیو پێویستی بە چارەسەر هەیە، یان شتێکی تر لە پشت ئەو کارانەی مەریوانەوە هەیە، نەك رەخنەو لێکۆڵینەوەی زانستی!. هەروەها لەخۆڕاو بێ هیچ پاساوێك دوژمن بۆ خۆ دروستکردن نەبێت، هیچی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە!.

دواجار دەڵێم: مەریوان کەسێك نییە کە لە پێناوی مەبدەئێکدا بنووسێت، بەڵکو ئەو کەسێکە لە پێناو ئەو "شت"ەدا دەنووسێت کە نییەتی!. هەر وەکو بەرنادشۆ لە مێژە وتوویەتی. لەبەرئەوە من پێموایە واز لە مەریوانو هەموو هاوشێوەکانی بهێنرێت باشترە، تاکو چییان بووێتو چییان مەبەستە بینووسن، ئەمەش بەو مانایە نا کە لەگەڵ وەڵامی عەقڵیو زانستیدا نەبم، چونکە ئەوەی سەرەتاییترین ئەزموونی خوێندنەوەو نووسینی هەبێت دەزانێت تواناو ئاستی مەریوان چەندە!، شتێکیشی نییە، نە مەبدەئێك، نە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەهێز، نەرۆشنبیرییەکی قووڵ کە بیباتە ئاست ئەو لافو گەزافەی لێیدەدات....تاد، بەڵکو لە هەموو روویەکەوە هەژارو کەمدەستو کەم توانایە!،

تـەنها وەکـو مەقاشـێکیش بـەکار هـاتووەو مەبەسـتە ئامـانجێکی پـێ تـەحقیق بکرێـت، ئەوەشـی گرنگـە هۆشـیارییە لـە ئاسـت ئـەو دەسـتەی کـە مەقاشـەکەی بەدەستەوەیە.

## پەراوێزەکان

★(ئەگەر بگەڕێنەوە سەر ئەو نامەو وەڵامانەی کە بەشێکیان لە پێشەکی خوێننامە)دا بڵاوکراونەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت.

(١) کـەمال ئەحمـەد: فیسـتیڤاڵی رۆشـنبیریو خـەمی بەخشـینەوەی خـەڵات، رۆژنامـەی ئاسـۆ، ژ(١٤٧)ی٢/١٠/٢٠٠٥.

(٢) دەقی چاوپێکەوتنەکەی مەریوانو هاوژین بە تۆمارکراوی لامە.

(٣) کەمال ئەحمەد: هەمان بابەت لە رۆژنامەی ئاسۆ.

(٤) مەریوان جەلال هەڵەبجەیی: چاوپێکەوتن، رۆژنامەی کۆمەڵ، ژ(٢٠٩)ی ١١/٢/٢٠٠٦.

(٥) کەمال ئەحمەد: هەمان بابەت لە رۆژنامەی ئاسۆ.

hazharhatam@yahoo.com